# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٩) تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ زاینی - گەلاڕێزانی ٢٧٢٣ کوردی


## عەزیز گەردی

عەزیز گەردی، نووسەر و وەرگێڕ و کەسایەتییەکی تایبەت بوو، ژیانێکی تایبەت دەژیا، بە داخەوە من هەرگیز لە نزیکەوە نەمناسی و بە خزمەتی نەگەیشتم، بەڵام زۆرجار لێرە و لەوێ دەمبینی، ئێستەش ڕووخساری وەک خۆی دێتە بەرچاوم.

کەم دانیشتنی هاوڕێیان هەبووە ئاماژەیەک بە مامۆستا عەزیز گەردی نەکرێت، بەتایبەتی مەسەلەی تێکەڵبوون هاوڕێیەتیکردنی خەڵک و ئەو هەموو گومانەی لە خەڵکی پەیداکردبوو. بەشێوەیەک کەوتبووە گومان لەچی دۆست و خۆشەویستی هەبوو، لەم دوایە کەمترین هاوڕێی بەدەورەوە مابوو، توران زویربوونی لە هاوڕێ دێرین و نزیکەکانی یەکێک بوو لەو بابەتانەی ئەو هاوڕێیانەی زۆر نیگەران کردبوو، ئێستەش زۆریان هەر لەخەیاڵی ئەوەدان تێبگەن، مامۆستا گەردی بۆ پشتی تێکردن و جارێکی دی ئاوڕێکی هاوڕێیانەی لێ نەدانەوە، ئەو هاوڕێیانەی ڕۆژگارێک بەردەوام هەستان و دانیشتنیان بەیەکەوە بووە.

کتێب چاپ نەکردنەوە و نەکردنی هیچ جورە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریی یەکێک بوو لەو باسوخواسانەی، ئەگەر باسی عەزیز گەردی کرابوایە دەهاتەگۆڕێ.

لەنێو ئەو ژیان و دونیا تایبەتییەی مامۆستا گەردی و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی، کەسێک بە ناوی جووتیار قارەمان نامیلکەیەک بڵاودەکاتەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕاوبۆچوونی تایبەتیی مامۆستا عەزیز، کە پێدەچێت بەشی زۆری لە پەراوێزی پرسیار و وەڵامی نێوانیان هەڵێنجرابن.

لەو کتێبەدا بەهیچ جۆرێک ئاماژە بەوە نەکراوە، کە ئەم گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامانەی نێوانیان چۆن تۆمار کراوە، بە دزیی و بەبێ ئاگاداری ئەو تۆمار کراوە، یان ئەو ئاگاداربووە؟

هەرکەسێک عەزیز گەردی ناسی بێت و ئاگاری سرووشتی بووبێت، تێدەگات ئەم گەنگەشەیەی نێوانیان لە پەناوە، بێ ئەوەی گەردی پێی زانی بێت تۆمار کراوە.

ئایا پەنابردنە بەر وەها کارێک ڕەوایە؟ ڕەنگە لەم بارەیەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبن، ئەگەر بۆچوونی جیاواز نەبوایە، پێ نەدەچوو دەزگای سەردەم، کە دەزگایەکی حیساب بۆ کراوە ئەم کتێبەی چاپ بکردایە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، کە ئایا ناوڕۆکی ئەم کتێبە چی تێدایە؟ هەرکەسێک ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، زۆر زانیاریی و پلار و دەستەواژەی پەسند و ناپەسەندی دەکەونە بەرچاو.

باش خراپ، ئێستە ئەو کتێبە چاپ کراوە، زۆر لە نووسەران سەرزنشتی نووسەرەکەی دەکەن، کە چۆن دەبێ بەبێ ئاگادریی کەسی بەرانبەر قسەکانی تۆمار بکەیت و دوای مردنیشی بڵاویان بکەیتەوە؟ چونکە زۆربەی نووسەران گومانیان لەوە نییە، کە ئەوەی کراوە بێ ئاگاداریی خۆی بووە.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (خانزاد خاتوونی میرنشینی سۆران)**

١. خانزاد خاتوونی میرنشینی سۆران لە چوار بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ... / موحەممەد گەڵاڵەیی ........................ ٤

٢. خانزادە خاتوونی سۆران .. ڕاستکردنەوەی هەندێک هەڵەی مێژوویی / پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی ............. ٩

٣. ئایا خانزادی سۆران مێردی کردووە؟! ئەسعەد عەدۆ ........................ ٢٩

*** مێژوو:**

١. سەبارەت بەپرسی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد لەڕووسیا (ک.ک.کوردۆیەڤ) و: کەیوان سدیق موحەممەد ....... ٣٨

*** ئەدەب:**

١. گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە – بەشی پێنجەم و کۆتایی / گفتوگۆ: سمکۆ محەمەد ........................ ٥٤

٢. شیعر و مانایەکی دی بۆ چەمکی تەنیایی / ناڵە حەسەن ........................ ٦٠

٣. شوکرۆیا عەزێ و گرێیا پەرێ سۆر! / موحسین عەبدلرەحمان ........................ ٧٠

٤. گەڕانەوە / چیرۆکی: ئەحمەدی دێهقان – وەرگێڕانی: خالید فاتیحی ........................ ٧٥

٥. خۆشەویستێکم هەیە .. شیرینە وەک شیرین! / ئیبراهیم هەورامانی ........................ ٧٧

٦. چارلی چاپلن / داستان بەرزان ........................ ٧٩

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**

١. گەندەڵیی و گەندەڵی سیاسیی / موحەممەد فاتح ........................ ٨٢

٢. ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا (بەشی پێنجەم) د. راوية عبدالمنعم عباس و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........... ٨٨

*** دیدار:**

١. جان دۆست / دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ........................ ٩٢

*** هونەر:**

١. هونەرمەند تایەری خەلیلی و تیپی هونەری چەوساوەکان / جەمالی دەلاک ........................ ١٠٦

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی–ی و چەند سەرەقەڵەمێک / ڕابەر ڕەشید ........................ ١١٠

*** لەبری بیرەوەری:**

١. لەگەڵ ڕووداوەکان (بەشی دووەم) دکتور جەمیل عیسا ........................ ١١٨

٢. بیست و هەشت کاتژمێر لە شارەکەی حەمۆڕابی و نەبوخزنەسر / محەمەد گۆران ........................ ١٢٣

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (ئەیام ئەکرەم) ........................ ١٣٢

٢. دیوانی هەولێر (نوری کنێری هەولێری) نازم دڵبەند ........................ ١٣٣

٣. گۆشەی دیوان (یادی شەوێ لە شەوانی پیرە هەولێرێ) ........................ ١٣٥

٤. لە زمانی خۆیانەوە (عادل عەبدوڵڵا موحەممەد) ........................ ١٣٨

٥. بیگ بن، سیمبوولی مێژوویی لەندەن / خەلیل عەبدوڵڵا ........................ ١٤٠

٦. سالۆنی لاپەڕە (٩) ئا: ڕەوەست نەوزاد ........................ ١٤٢

*** لاپەڕە ١٤٤:**

١. پاییز بێ ژەنەڕاڵە / قەهار شێخانی ........................ ١٤٤


# دۆسیە

# خانزادە خاتوون

-

لەم دۆسیەیەدا زۆر لایەنی بزری خانزادە خاتوون خراونەتەڕوو، بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی هەندێک ڕاستی، کە تا ئێستە جێگەی مشتومڕی ئەو نووسەر و توێژەرانەن، کە بایەخ بە مێژوو دەدەن.

هەوڵدراوە بەپشتبەستن بە هەندێ سەرچاوە و بەڵگەنامەی نوێ ڕاستی بوونی خانزادە خاتوون بسەلمێندرێت.






# خانزادە خاتوونی میرنشینی سۆران

## لە چوار بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی

موحەممەد گەلاڵەیی *



**پێشەکی:**

میرنشینی سۆران لە ماوەی حوکمڕانیی عوسمانیی یەکان لە کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی بە سەر ڕووداوەکانی سەدەکانی شانزەهەم، تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەبوو، بەڵام لە ماوەی سەدەی شانزەهەم تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم چەندین کەسایەتیی لێهاتوو، زرنگ، ژیر و بە دەسەڵات لەنێو خێزانی فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆران دەرکەوتن، یەکێک لەم کەسایەتیانە (خانزادە خاتوون)ی میری میرنشینی سۆران بوو، کە لە کۆتایی سەدەی شانزەهەم و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمی زایینی دەرکەوت، دەرکەوتنی خاتوونێکی سەلار و دەسەڵاتدار لە قەڵەمڕەوی عوسمانیی زۆر ناوازەیش نەبوبێت، بەڵام لەنێو جڤاکی ئەوکاتی کوردستان، کە تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییدا هەبوو، بۆیە تا نووسینی ئەم بابەتە، ژیانی خانزادە خاتوون، ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی، کار و خزمەتەکانی، بەشداریکردنی لە شەڕەکانی سەفەوی و عوسمانیی، کوشتنی میر سلێمان بەگی برای و مێژووی مردنی هەر هەمووی تا ئێستەش لە توێژینەوە مێژووییەکان جێگەی مشتومڕن و بە تەواویی یەکلایی نەکراونەتەوە، ئەمەش بەهۆی بەردەست نەبوونی مێژووی تەواوی نووسراوی میرنشینی سۆران و بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی و لەنێوبردنی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی (دەفتەرخانەی سەفەوی=ئەرشیفی سەفەوی ١٥٠٢-١٧٢٢ز) لە کاتی داگیرکردنی پایتەختی سەفەوییەکان (ئەسفەهان) لەلایەن هۆزەکانی ئەفغانی لە ساڵی ١٧٢٢ز، سەبارەت بە ئەرشیفی عوسمانییش، تا ئەمڕۆ بە تەواویی بەڵگەنامە هەڵگیراوەکانی پۆلێن نەکراون و بۆ توێژەرانی مێژوو بەردەست نین، بەڵکو لە ٥٠٪ ئەرشیفی عوسمانیی لە داتابەیسی ئەرشیفخانەکەدا پۆلێنکراوە و خراوەتە بەردەستی توێژەران.

ئەم باسە؛ تیشک دەخاتە سەر چوار بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی سەبارەت بە ژیان، کەسایەتی، ڕۆڵ و دابینکردنی مووچە بۆ (خانزادە خاتوون)ی سۆران، هەروەها تێڕوانینی ئەرێنی عوسمانییەکان بۆ ناوبراو، کە زۆر بە ڕێز و شکۆوە ناویان هێناوە و لە ناواخنی ئەم چوار بەڵگەنامەیەدا خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییدا؛ دەقی ئۆرجیناڵی ئەم بەڵگەنامانە لە پڕۆژەیەکی زانستیی بەکارهێنراون، ئەگەر خوای گەورە تەمەن بدات لە ساڵی داهاتوو دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران، بۆیە لەم نووسینەدا تەنیا کۆدی بەڵگەنامەکان لە لیستی سەرچاوەکان دانراون، کە لە ئەرشیفی مۆزەی کۆشکی تۆپ قاپی لە ئیستانبۆڵ بۆ پڕۆژە زانستییەکە وەرگیراون.

**بەڵگەنامەی یەکەم:**

مێژووی بەڵگەنامەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ١٦٤٤ز، لە فەرمانێکی سوڵتانی عوسمانیی (ئیبراهیمی یەکەم ١٦٤٠-١٦٤٨ز)دا بۆ دەسەڵاتدارانی ئەیالەتی مووسڵ، فەرمانیکردووە، کە ڕۆژانە بڕی (٢٠) ئاقچە بۆ (خانزادە خاتوون) لە خەزێنەی ئەیالەتی مووسڵ و سوپای سوڵتانی عوسمانیی دابین بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی ئاماژە بە فەرمانەکانی سوڵتانی پێش خۆی کردووە، وەک: ( مورادی چوارەم ١٦٢٣-١٦٤٠ز) کە لە ساڵانی ١٠٣٦ک-١٦٢٦ز و ١٤ی حوزەیرانی ١٦٣٩ و هەروەها خۆیشی (سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم) کە چوار فەرمانیان وەک پاکانەی سوڵتانی بۆ دابینکردنی مووچە بۆ خانزادە خاتوون دەرکردووە، بە تێکڕایی مووچەی خانزاد بە شێوەی مانگانە گەیشتۆتە نزیکەی شەس سەد ئاقچە، هەروەها لە ساڵێکیشدا (٧٢٠٠) ئاقچە بووە (ئاقچە دراوێکی زیویی و لە سککەی عوسمانیی لە سەردەمی دووەمین سوڵتانی عوسمانیی (ئۆرخان ١٣٢٦-١٣٥٩ز) لێدراوە)

هەر بۆیە خەمڵاندنی دراوی ئاقچە بە لیرەی زێر بە تێکڕایی بۆ هەر (١٣٣٣) ئاقچەیەک بەرانبەر بە یەک لیرەی زێر بووە، کەواتە: خانزادە خاتوون بۆ هەر مانگێک کەمتر لە نیو لیرەی زێڕ

**"لەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بە ناوی ئەحمەد خانی کوڕی خانزادە خاتوون کراوە و بە فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆرانی ناساندووە"**



وەک مووچەکەی لە خەزێنەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی وەرگرتووە!

**بەڵگەنامەی دووەم:**

بەڵگەنامەی دووەم مێژووەکەی بۆ ماوەی نێوان ١٩ی تەشرینی یەکەم تا ١٧ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٦٤٨ز دەگەڕێتەوە، تێیدا ئەنجوومەنی شەرعی ئەیالەتی مووسڵ، کە لە پێنج ئەندام پێکهاتبوون، بڕیاری داوە بە تەرخانکردنی بڕی (٢٠) ئاقچە بۆ هەر ڕۆژێک بۆ (خانزادە خاتوون) ئەم بڕەش بۆ ماوەی سێ مانگ و بە تێکڕایی نزیکەی (١٨٠٠) ئاقچە بووە، دابینکردنی ئەم مووچەیە هەر لە سەر خەزێنەی تایبەتی سوڵتانی عوسمانیی و ئەیالەتی مووسڵ دابین کراوە، لە بەرئەوەش بۆ ماوەی سێ مانگ بڕی (١٨٠٠) ئاقچە بۆ (خانزادە خاتوون) خەرج کراوە، چونکە مووچەی سەربازان و بەخشینەکان لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی سێ مانگ جارێک دابەش دەکرا، کەواتە بەشێوەیەکی وەرزی مووچە دابەش کراوە، چونکە لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی ساڵانە بۆ چوار جار مووچە دابەش دەکرا، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی، کە دابەشکردنی مووچە تا ئەمڕۆ بە شێوەی وەرزی لە کوردستان بەردەوامی هەیە، وادیارە ئەم کێشەیە ڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی لە کوردستان هەیە. ئەم نەریتەش لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ ماوەتەوە!

**بەڵگەنامەی سێیەم:**

مێژووی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٦٥٨ز دەگەڕێتەوە، ئەمەش دوای بیرهێنانەوەی پاکانەی سوڵتانی عوسمانیی (موحەممەدی چوارەم ١٦٤٨-١٦٨٧ز) بۆ (خانزادە خاتوون) بەتایبەتی بۆ دابینکردنی مووچەیەکی مانگانە بە بڕی (٦٠٠) ئاقچە و بۆ هەر ڕۆژێکی (٢٠) ئاقچە بووە، ئەمەش دوای بیرهێنانەوەی پاکانەیەکی سوڵتانی بۆ ناوبراو لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٦٥٧ز، هەر لەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بە ناوی ئەحمەد خانی کوڕی خانزادە خاتوون کراوە و بە فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆرانی ناساندووە، لەم بەڵگەیەدا ناوی یەکێک لە کوڕەکانی (خانزادە خاتوون) بە دیاردەکەوێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە جیاتی دایکی (خانزادە خاتوون) ڕاسپێردراو بۆ وەرگرتنی ئەو یارمەتییەی وەرزانە لە خەزێنەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و ئەیالەتی مووسڵ بۆ دایکی ناوبراو خەرج کراوە، ئەویش وەریگرتووە.

**بەڵگەنامەی چوارەم:**

ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی لەم بەڵگەنامەیەدا زۆر بە ڕوونی باس لە کەسایەتی (خانزادە خاتوون) کردووە، بە خاتوونی شەرم و شکۆ ناوزەدی کردووە، ئەم گوزارشتە لە زمانی تورکی عوسمانیی بۆ ئەو ژنانە بەکارهێنراوە، کە باڵاپۆش، بە شەرەف و نامووس بوونە، کەواتە: خانزادە خاتوون لە وەسفی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی دا ژنێکی خاوەن شەرم و شکۆ، بە ڕوومەت و باڵاپۆش بووە، ئەم وەسفە لە بڕیارنامەیەکی ئەنجوومەنی شەرعی مووسڵ و والیی ئەیالەتی مووسڵ (ئیبراهیم پاشای وەزیر) دا هاتووە، کە تێیدا بڕیار دراوە بە دابینکردنی بڕی (٣١٠) قروش بۆ بریکاری (خانزادە خاتوون) بەناوی (بەکر چەلەبی کوڕی ئەحمەد) بۆ ماوەی نێوان ١٣ی شوبات تا ٥ی ئەیلوولی ١٦٦٠ز، کەواتە: تا ساڵی ١٦٦٠ز ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی مووچەی بۆ (خانزادە خاتوون) دابینکردووە، جا ئەم مووچەیە وەک بەخشینی ساڵانە، یان مووچەی خانەنشینی بووبێت، هەروەها لێکدانەوەی دیش هەن، کە ڕەنگە (خانزادە خاتوون) تا ساڵی ١٦٦٠ز لە ژیاندا بووبێت، بەڵام لە حوکمڕانی دوور کەوتبێتەوە و دەسەڵاتەکەی ڕادەستی کوڕ و نەوەکانی کردبێت، چونکە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیی تا ساڵی ١٦٦٠ز ناوی ناوبراو هاتووە و لەهیچ یەکێک لەو بەڵگەنامە ئاماژە بە مردنی نەکراوە، هەرچەندە بە تەواویی بەڵگەی سەلمێندراو نییە، کە (خانزادە خاتوون) لە چ ساڵێک کۆچی دوایی کردبێت؟ بەڵام دەتوانین بڵێین (خانزادە خاتوون) تا ساڵی ١٦٦٠ز لە خەزێنەی تایبەتی سوڵتانی عوسمانیی و ئەیالەتی مووسڵ مووچەی وەرگرتووە و ناوی بە مردوو نەهاتووە، چونکە ئەگەر مردووش بووایە وەک نەریتێکی کارگێڕیی


> **خانزادە خاتوون لە وەسفی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی دا ژنێکی خاوەن شەرم و شکۆ، بە ڕوومەت و باڵاپۆش بووە**

ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی کۆی مووچەکەی بەسەر میراتگرەکانی (هاوسەر و منداڵەکانی) دابەش دەکرا، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت میرە دەسەڵاتدارەکانی میرنشینی سۆران زۆر بە کەمی مووچە و ئیمتیازاتییان لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی وەرگرتووە، چونکە پەیوەندی و دۆستایەتیی نێوان میرەکانی میرنشینی سۆران و ئیمپراتۆریەتیی ناوبراو لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی زۆر لە هەڵبەز و دابەز دابووە.

## هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان:

بەڵگەنامەکان لە بنەڕەتدا لە ئەرشیفی مۆزەی کۆشکی تۆپ قاپی لە شاری ئیستانبوڵ پارێزراون، دواتر بۆ نێو داتابەیسی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی گوازراونەتەوە و بۆ توێژەران دانراون، ئەم چوار بەڵگەنامەیە و بەڵگەنامەکانی دیش، کە لە داهاتوودا بۆ توێژەران بەردەست دەبن، هۆکارێک دەبن بۆ ڕووناک کردنەوەی زیاتری مێژووی نەبینراو و نەنووسراوی کورد و کوردستان لە سەدەکانی شانزەهەم تا نۆزدەهەمی زاینی، چونکە لە ماوەی سەدەی شانزەهەم، تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم تەنیا چەند کتێبێک نووسراون، کە ناوازەترینیان (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بدلیسی)یە، بۆیە ئەم بەڵگەنامانە گرنگییەکی مێژووییان هەیە، بەتایبەتی لە دەرخستنی کۆمەڵێک ڕاستی و ڕووداوی نەنووسراو، بەتایبەتی لەسەر ژیانی کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو مێژووی کورد.

ئەم چوار بەڵگەنامەیە؛ سەنگ و قورسایی مێژوویی (خانزادە خاتوون) لە جڤاکی کوردیی و هەتا عوسمانیی بەدەردەخەن، بەتایبەتی تێڕوانینی بەرزیان بۆ ناوبراو هەبووە، بە خاتوونی شکۆ و شەرم ناوزەدییان کردووە، هەروەها کوڕ و نەوەکانی (خانزادە خاتوون) لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیی ناویان هاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی مووچەکەی لە خەزێنەی تایبەتی سوڵتانی عوسمانیی و ئەیالەتی مووسڵ خەرج کراوە، هەروەها بە بەردەوامی پاکانەی سوڵتانی بۆ (خانزادە خاتوون) لە ماوەی ساڵانی ١٦٢٦-١٦٦٠ز لە لایەن دیوانی سوڵتانەکانی عوسمانیی دەرچوێندراوە، ئەمەش کاریگەریی کەسایەتی (خانزادە خاتوون) لەباری ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئەوسای جیهان دەردەخات، هەربۆیە لە کۆشکی حوکمڕانی و شوێنی مانەوەی سوڵتانەکانی عوسمانیی (تۆپ قاپی) باسوخواسی (خانزادە خاتوون) کراوە، لای لە ژیان و بژێوی





وێنەیەکی خەیاڵی خانزادە خاتوون، کە بەدەست کێشراوە



کراوەتەوە، هەتا لە گریمانەی ئەو بۆچوونەش دا، کە تا ساڵی ١٦٦٠ز لە ژیان دابووبێت یان نا، ئەوا هەر کاریگەری ئەو کەسایەتییە ژنە کوردە لە بەرزترین دامەزراوەکانی عوسمانیی وەک خۆی ماوەتەوە و نەیانتوانیوە فەرامۆشی بکەن، هەروەها لە ماوەی حوکمڕانیەکەی، ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی نێوخۆی میرنشینی سۆران و ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و سەفەوی زۆر دیار بووە.

**دەرئەنجام:**

یەکەم: کەسایەتیی (خانزادە خاتوون)، بەدرێژایی (٣٤) ساڵ، لە دامەزراوەکانی دیوانی سوڵتانەکانی عوسمانیی، ناوەندی ئەیالەت و ئەنجوومەنەکانیان، باسوخواسێکی گەرمی هێناوەتەوە کایەوە، بۆ دابینکردنی بڕێک لە یارمەتیدانی دارایی، وەک: مووچەیەکی مانگانە بۆ ناوبراو، لەو ماوەیەی ئاماژەی پێکرا، جا لە ژیان دابووبێت، یان نا، بەڵام کاریگەریی و کەسایەتی ئەو ژنە کوردە دەری دەخات، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم هەبووە.

دووەم: ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی تا ساڵی ١٦٦٠ز مووچەی بۆ (خانزادە خاتوون) دابینکردووە، لە گریمانەی ئەوەی ناوبراو لە ژیان دابووبێت، یان نا، بەڵام ئەم زانیارییە بۆ مێژوونووسی کورد زۆر نوێیە، بۆیە دەتوانرێت بە دواداچوونی وردتری بۆ بکرێت، چونکە مێژووی (خانزادە خاتوون) زیاتر لەنێو بەیتی مەقام و حەیران و بە سەرهاتەکانی نێو فولکلۆری کوردی قەتیس ببوو، بۆیە زیاتر وەک ژنێکی ئەفسانە ئاسا لە ڕابردووی دەروانرا، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانە و لێکۆڵینەوەکانی پێش ئەم باسەش، کەسایەتییێکی ڕاستەقینەی نێو مێژووی کوردە.

سێیەم: دۆخی ژیانی کەسایەتییە کاریگەرەکانی کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی، بەتایبەتی بەلای دیوانی سوڵتانی عوسمانیی گرنگ بووە، چونکە ئەم کەسایەتیانە بزوێنەری کۆمەڵێک ڕووداوی نێو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری بوونە و پێگە و کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر کۆمەڵەکەیان هەبووە، بەتایبەتی کەسی یەکەمی میرنشینەکان، ئەڵقەی پەیوەندی ئاشتی و شەڕ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی و سەفەوی بوونە، بۆیە لە بەرزترین ئاستی دامەزراوەکانیان دا باس لە دۆخی ژیان و دابینکردنی یارمەتی دارایی کراوە.

چوارەم: جێگەی تێڕامانێکی قووڵە، سوڵتانەکانی عوسمانیی لە خەزێنەی تایبەتی سوڵتان یارمەتی دارایی وەک: مووچە بۆ (خانزادە خاتوون) دابین بکەن، چونکە لە مێژووی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیی و بەتایبەتی لە کوردستانی سەردەمی عوسمانیی دا نموونەی لەم جۆرە گرنگی پێدانە بە ژنانی سەلار و بەناو و دەنگ لە بەردەست نین، هەر چەندە دەیان و سەدان خاتوونی سەلار و سەنگینی وەک (خانزادە خاتوون) لەنێو کۆمەڵی کوردەواری هەبوونە، بەڵام گرنگییەکی زۆریان پێدراوە، ئەمەش سەلمێنەری توانا و لێهاتوویی ئەو خاتوونەیە، کە توانیوویەتی هەموو سنوورە ناوخۆییەکان تێپەڕێنێت و لە دەرباری عوسمانیی لە ئیستانبۆڵ بە خاتوونی شەرم و شکۆ باس بکرێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم:** ئەرشیفی موزەی کۆشکی تۆپ و قاپی لە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانیی لە ئیستانبۆڵ (Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı):

(BOA): TSMA.E. 10621-66/.

(BOA): TSMA.E. 10622-66/.


(BOA): TSMA.E. 10791-56/.

(BOA): TSMA.E. 10792-56/.

**دووەم: فەرهەنگ:**

دوقتور حسين رمزی، لغت رمزی، الجلد الثاني، مطبعه حسين رمزی، استانبول، ١٣٠٥ [١٨٨٧]، ص ٤٤٤.

*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**



# خانزادە خاتوونی سۆران

## ڕاستکردنەوەی هەندێک هەڵەی مێژوویی





**پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی**

**پێشەکی:**

هەندێ لەکەسایەتییە گرنگ و کاریگەرەکانی ڕابردوومان ئەگەرچی لە کۆیادەوەری نەتەوەدا هێشتە ناویان ماوە و چیرۆک و سەربردەیان لە ئەدەبی زارەکی دەگوترێتەوە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە ڕۆڵ و کەسایەتییان بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە.

دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە (خانزادی سۆران)ە، کە بووەتە سیمبولی ئافرەتی ئازا و لێهاتووی کورد و هەمیشە ناوی دەهێنرێت. بەڵام لەڕووی مێژووییەوە مافی خۆی نەدراوەتێ و هێشتە کەسایەتییەکی تەمومژاوییە. بۆیە پێشتر لەتوێژینەوەیەکی ئەکادیمی هەوڵماندا تەمومژی سەر کەسایەتی خانزادی سۆران لابدەین و لەڕووی مێژووییەوە ساغی بکەینەوە. دواتریش ئەو توێژینەوەمان لە کتێبێکدا بڵاوکردەوە بەناونیشانی: (خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی لەدوو توێژینەوەی مێژووییدا) ئەم کتێبە لەساڵی ٢٠١٨دا لەلایەن ئەکادیمیای کوردیی بڵاوکرایەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا زیاتر لە (٢٥٠) دانە چاپ بکرێ، بۆیە بەشێوەی پێویست لەنێو خوێندەواران بڵاونەبۆوە و لەنێوەندە ڕۆشنبیرییەکان شوێنی شایستەی خۆی نەگرت. بۆیە کاتێک لەلایەن بەڕێزانی گۆڤاری دیوان داوام لێکرا بەشداریم هەبێ لەو دۆسییەی لەبارەی خانزاد بڵاوی دەکەنەوە، پێم



باش بوو کە کاکڵەی توێژینەوەکەی پێشووم لێرەدا بخەمەڕوو. بەو هیوایەی هەموو لایەک ئەم کەسایەتییە مێژووییە گرنگە بەڕاستی بناسن و چیدی هەڵەکانی پێشوو دووبارە نەکەنەوە.

بێگومان بۆ هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و بەتایبەتی بۆ بابەتێکی لەمجۆرە، بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێ پشت بە یەکەم سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان ببەسترێ. بەڵام ژێدەرە نوێ و هاوچەرخەکان و هەروەها دەقە زارەکی و بەیتە فۆلکلۆرییەکانیش، نابێ فەرامۆش بکرێن. ئەوەی لەم بارەیەوە جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە، کە لەم دواییانەدا چەند دەقێکمان لەسەرچاوە ڕەسەنەکان دۆزییەوە، کە باسی خانزاد دەکەن. لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا دەیانخەینەڕوو، زانیاریی گرنگ و تێڕوانینی ووردتر و زانستیانەترمان لەبارەی ئەم کەسایەتییە مێژووییە دەدەنێ و زۆر لایەنی شاردراوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن. ئەمە لەکاتێکدایە، کە تا ئێستە هەر لەڕێی بەیتە فۆلکلۆرییەکان و نووسینی مێژوونووسە نوێیەکان زانیاریمان لەبارەی ئەم خاتوونە وەرگرتووە، بۆیە ئەو زانیارییانە بەدەرنین لە هەڵە و کەموکوڕی.

**پوختەیەک لەبارەی میرنشینی سۆران**

تا ئەم ساڵانەی دواییش زانیارییە مێژووییەکانمان لەبارەی میرنشینی سۆران لەسەدەی شازدەم بەرەو خوارتر نەدەچوو. چونکە کۆنترین سەرچاوەمان (شەرەفنامە) بوو، کە بەزۆری باسی ڕووداوەکانی ئەم سەدەیە دەکات.[١] بەڵام دواتر زانیمان، کە ناوی (سۆران) بەلایەنی کەم لەسەرچاوە مێژووییەکانی سەدەکانی چواردەم و پازدەمی زایینیدا هاتووە.[٢] بۆیە نوێترین توێژینەوە، کە پشت ئەستوورە بەم زانیارییە نوێیانە و هەندێک بەڵگەی مێژوویی دی، سەلماندی کە میرنشینێک بەناوی (سۆران) لە هەردوو سەدەی چواردەم و پازدەمدا لەئارادابووە و دەسەڵاتی بەزۆری لە (شەقڵاوە)وە تا (هاودیان) و ناوچەی (باڵەکان) بڕی کردووە.

(سۆران)یش سەرەتا ناوی هۆزێک بووە و دواتر بووەتە ناوی قەوارەیەکی سیاسی و ئینجا بەسەر

> ❝ بۆ هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و بەتایبەتی بۆ بابەتێکی لەمجۆرە، بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێ پشت بە یەکەم سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان ببەسترێ ❞


دەڤەرەکەدا براوە.[٣]

لەسەدەی شازدە میرنشینی سۆران ببووە یەکێک لەمیرنشینە دیار و کاریگەرەکانی کوردستان، بۆیە میرەکانیشی ڕۆڵیان لە پێشهاتەکانی ناوچەکە هەبوو. هەر لەم ماوەیە ململانێی عوسمانیی-سەفەوی لەناوچەکە بەرپابوو. لەمیانەی ئەو ململانێیە میری سۆران (سەیدی بەگی کوڕی شاعەلی) تەبای زۆربەی میر و سەردارانی کورد، بووە لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانیی.[٤] کاتێکیش شەڕی چاڵدێران لە (٢٣ی ئابی ١٥١٤) بەسەرکەوتنی عوسمانیی تەواو بوو، میرنشینی سۆران چووە نێو بازنەی دەسەڵاتی عوسمانیی. بەڵام میرانی سۆران سەربەخۆیی ناوەخۆیی و مافی حوکمڕانی پشتاوپشتیان لەمیرنشینەکەیان پاراستبوو.[٥]

لەدوای ئەو هەلومەرجە نوێیە سۆران چەندین هەوراز و نشێوی بەخۆوەبینی، سەردەمانێک میرانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار لەمیرنشینەکەیان بێبەشکران.[٦] تا دواجار (قولی بەگی سۆران) لەسەر تکای (سوڵتان حوسێن بەگ)ی میری بادینان (١٥٣٣- ١٥٧٣) هێنراوەتەوە هەریر و میرنشینی سۆرانی پێدراوەتەوە. لەدوای ئەویش (بۆداق بەگ)ی کوری، لە حوکمڕانی جێگەی دەگرێتەوە.[٧] ئەمەی دواییش لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانیی ساڵی ١٥٤٥دا وەکو میر لیوای (هەریر ودوین) ناوی دێت.[٨] بەم پێیە دەتوانین بڵێین دەڤەری هەریر بووەتە مەڵبەندی سەرەکی سۆران و لێرەبەدوا دەسەڵاتی میرنشینەکە لەناوچە شاخاوییەکانی خۆرهەڵاتی هەولێر بەرقەرار بوو.

هەرچەندە نازانرێ، کە ماوەی حوکمڕانی میر (بۆداق بەگ) لە میرنشینی سۆران چەند بەردەوام بووە، بەڵام (شەرەفخان) باس لەوە دەکات، کە دوای چەند ساڵێک لەلایەن (سلێمان بەگ)ی برای لێدەخرێ، ئەمەی دوایی بە تەنیا حوکمڕانی میرنشینەکە دەکات.[٩]

لەسەردەمی (سلێمان بەگی کوڕی قولی بەگ) هێز و دەسەڵاتی سۆران لە پەرەسەندن دابوو. دەوڵەتی عوسمانییش هەندێک جار ئەمەی بۆ



سوودی خۆی بەگەڕخست، بۆیە خودی سوڵتان مورادی سێیەم (١٥٧٤– ١٥٩٥) چەندین کاری بەم میرە دەسپارد. بێجگە لە ئەرکە سەربازییەکان[١٠] هەندێک جار (سلێمان بەگ) هەژمون و کەسایەتی خۆشی لە بەرژەوەندی دەوڵەت بەکاردەهێنا. بۆ نموونە لەساڵی ١٥٩٠ سوڵتان داوای لێدەکات بە کاریگەری خۆی یارمەتی والی بەغدا بدات، بۆ زامنکردنی کۆکردنەوەی باج و پیتاک لە کوردانی بابان.

میرنشینی سۆران لەم ماوەیەدا لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەویلایەتی شارەزوور بوو، بەڵام سوڵتانی عوسمانیی داوای لە (سلێمان بەگ)ی سۆران کردبوو، کە هاوکات بەرفەرمانی والی بەغدا بێ لەجێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.[١١]

دەوڵەتی عوسمانیی لەسەر ئاستی دەرەکیش سوودی لە تواناکانی سۆران دەبینی، تەنانەت لەلایەنی ئابووریشەوە. ئەمە سەرباری بەشداریکردن لەشەڕی دەوڵەتی سەفەوی. کە میر (سلێمان بەگ) بەشداری کارای لەم شەڕەدا هەبوو، بۆیە لەساڵی ١٥٧٧دا لەسەر ڕاسپاردەی والی شارەزوور نووسراوێکی تایبەتی و خەڵاتی گرانبەهای لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە بۆ نێردراوە.[١٢]

لە ئەنجامی هەموو ئەمانە، پێگەی میری ناوبراو لە دەرباری عوسمانییدا بەهێزتر بوو. هەر ئەمەش بووە هاندەری بۆ پەلهاویشتن بەرەو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی سۆران. بەتایبەتی بۆ چوونەسەر هۆزی زەرزا لەناوچەی (لاجان) کە دوژمنداری پێشینەی لەگەڵیان هەبووە.[١٣] لەدوای ئەم سەرکەوتنە (سلێمان بەگ) هەژمونی زیاتری لەناوچەکە پەیداکرد، تەنانەت دەستکاری کاروباری میرنشینەکانی دەوروبەریشی دەکرد. بەتایبەتی میرنشینی بادینان، کە لەم سەروبەندەدا بەدەست کێبڕکێی ناوەخۆییەوە دەینااڵند. سەرەنجام بە پاڵپشتی ئەو (سەیدی خان) بووە میری بادینان، کە خوارزای خۆی بوو، دیارە ویستی سوڵتانی عوسمانییش لەگەڵ ئەو بوو.[١٤]

(سلێمان بەگ) تاکە میری دەسەڵاتداری میرنشینی سۆران بوو[١٥] هەروەکو پێشتر بینیمان. بەڵام لەم ماوەیەدا هەندێک لە میرانی بنەماڵەی سۆران لە ناوچەی دیکەش حوکمڕانییان کردووە. چونکە لە بەڵگەنامەکانی ئەم ماوەیەدا بێجگە لە (سلێمان بەگ) ناوی هەندێک میری دی سۆران دەهێنرێن؛ وەکو (حوسێن بەگی سۆرانی) و (میر سەیفەددین) ئەمەی دواییان لەساڵی ١٥٩٠ سەرداری کۆیە بوو.[١٦]

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ زیاتر بەهێزبوونی میرنشینەکە و فراوانبوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی سۆران. دانایی (سلێمان بەگ) و زەبر و زەنگی ئەویش ڕۆڵی گرنگیان لەم بوارەدا هەبووە. بۆیە لەم سەردەمەدا، ئەو بە یەکێک لەمیرە بەهێز و دیارەکانی کوردستان دادەنرێ. سەبارەت بەمێژووی مردنەکەشی زانیاریی وردمان لە بەردەست دانییە، بەڵام لەم ڕووداوانەی پێشوو دەردەکەوێت، کە ئەو تا دەستپێکی دەیەی کۆتایی سەدەی شازدەم لەژیاندا مابوو. لەسەروبەندی مردنی ئەویش (یان: کوژرانی) ناوی (خانزاد) دێتە ناوەوە.

## کەسایەتی خانزاد لە دەقە زارەکی و ژێدەرەکان


بەیتە فۆلکلۆرییەکان تا ماوەیەکی درێژ سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانمان بوون لەبارەی خانزادە خاتوونی سۆران. بەیتە فۆلکلۆرییەکانیش، کە لە بنەڕەتدا دەقی زارەکی بوون، بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و تووشی خستنەسەر و کەمکردنەوە بوونە، تەنانەت هەندێک جار سیمای ئەفسانەشیان هەڵگرتووە[١٧] بۆیە ئاساییە، کە ئەم بەیتە فۆلکلۆرییانە زانیاریی جۆراوجۆر و جاروباریش دژبەیەکیان لەبارەی (خانزاد)ەوە تێدابێ. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە زۆربەی بەیتەکان ناوهێنانی خانزاد پەیوەستە بەڕووداوی کوشتنی سلێمان بەگ، میری سۆران و تۆڵەسەندنەوە لە لەشکریی سوپاسالاری سۆران، کە گوایا لە پیلانی کوشتنەکە ڕۆڵی هەبووە. بۆیە هەندێکیان هەر بە (بەیتی خانزاد و لەشکریی) ناسراون. لە هەندێکیشیاندا تەنیا ناوی (لەشکریی) بەسەر بەیتەکەدا براوە.[١٨]

لەیەکێک لەبەیتەکان، کە بە (بەیتی لەشکریی) ناسراوە (خانزادە خان) خوشکی میر (سلێمان

**“ تا ئەم ساڵانەی دواییش زانیارییە مێژووییەکانمان لەبارەی میرنشینی سۆران لەسەدەی شازدەم بەرەو خوارتر نەدەچوو ”**



بەگی کوڕی قولی بەگ)ـە. لەشکریی بەهۆی قارەمانی و سوارچاکی کراوەتە سەرلەشکری سۆران، کە لەبنەچەدا ئێزیدییە و میر سلێمان بەگ دوای ئەوەی باوکی کوشتووە بە منداڵی هێناویەتی و پەروەردەی کردووە. بۆیە لەهەڵێک دەگەڕا بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی لە میر بکاتەوە. ئەم هەڵەشی کاتێک بۆ ڕەخسا، کە والی بەغدا میری سۆرانی بانگ کردبووە بەغدا. ئەوەبوو توانی دڵی والی لە (سلێمان بەگ) کرمی بکات و سەرئەنجام ژەهرخواردی بکات. لەم بەیتەدا (سلێمان بەگ) وجاخ کوێر بوو، بۆیە (خانزادە خاتوون)ی خوشکی میرایەتی سۆرانی دەگرێتە دەست و بڕیار دەدات تۆڵەی برای بکاتەوە. کاتێکیش (لەشکریی) دەزانێ، کە پیلانەکەی لای خانزاد ئاشکرا بووە، لەگەڵ داروودەستەکەی بەرەو ناوچەی ئێزیدییەکان ڕادەکات و دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام (خانزادە خان) بە زیرەکی خۆی دەتوانێ (لەشکریی) هەڵخەڵەتێنێ و بە هیوای گەیشتن بە (خانزاد) و دەسەڵاتی میرایەتی سۆران، بیهێنێتەوە هەریر. دواجار بەئازارێکی زۆرەوە بیکوژێ. دواتر بۆ ماوەی چەند ساڵێک حوکمڕانی سۆران دەکات.[19] هەر ئەم بەیتە فۆلکلۆرییانە بوونەتە هەوێنی





نووسینی شانۆنامەیەک بەنێوی (شەوێک لەژیانی خانزاد) کە ڕووداوی هاوشێوەی ئەمانەی پێشووی تێدا نووسراوە.[20]

دەبێ ئەوە بزانین، کە دەقە زارەکییەکان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوەشیان تێدایە؛ چونکە لە بەیتێکی فۆلکلۆری دیکەدا، کە ئەویش هەر بە (بەیتی لەشکریی) دەناسرێ، هەموو پیلانی کوشتنی (سلێمان بەگی سۆران) خراوەتە ئەستۆی عوسمانییان و هیچ باسی ناپاکی (لەشکریی) ناکرێ، بەڵکو ئەو بە دڵسۆزی (سلێمان بەگ) دادەنرێ، لە بەشێکی بەیتەکەدا دەڵێ:

«ئەگەر نەمرم، بژیم، بمێنم، خوێنی خان سولەیمان بەگی خۆم ئەمن دەستێنم». لەم بەیتەدا، یان بڵێین لەم بەشەی کە تۆمارکراوە، بەهیچ جۆرێ ناوی (خانزاد) ناهێنرێت.[21]

بێجگە لەم ڕووداوەی سەرەوە، لەڕووداوی (قەڵای دمدم/ ١٦٠٩)[22] یش ناوی خانزادی سۆران دەهێنرێ. بەڵام لەوێ ئەو ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە، ئەو تەنیا خوشکێکی پاڵەوانی ڕووداوەکەیە؛ وەکو زانراوە دوای کەوتنی قەڵای دمدم بە دەستی سەفەوییەکان، زۆربەی ئافرەتانی قەڵا بەشێوەی جیاجیا خۆیان کوشتووە. یەکێک لەوانەی، کە خۆیان لەقەڵا هەڵدێراوە، گوایا نەمردووە، تەنانەت سکیشی لەبارنەچووە. هەندێک بەیتی فۆلکلۆری ئەو ژنەیان بە (پەریزاد خاتوون)ی ژنە ناوەنجی (خانی لەپ زێڕین)ی پاڵەوانی داستانی دمدم و کچی (سلێمان بەگ)ی میری سۆران و خوشکی (عومەر بەگ)[23]ی سۆران و خوشکە گەورەی (خانزادە خاتوون) داناوە.[24]

بەم پێیە بێ (خانزاد) کچی (سلێمان بەگ)ـە نەک خوشکی. پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵ (خانی لەپ زێڕین) هەبووە. پێشتریش هاریکاری سەربازی لەنێوان ئەم خانە و میرانی سۆران هەبووە، هەردوولا بەهانای یەکترەوە چوونە. بەپێی گوتەی (حەمەبۆر) کە ئەم زانیارییەی نووسیوە، (خانزاد) بێجگە لە (عومەر بەگ) برایەکی دیشی هەبووە بەناوی (عەلی بەگ) و هەردوو برا بەر لە (خانزاد) فەرمانڕەوایی سۆرانیان کردووە.[25]



مەبەست لەو (عەلی بەگ)ە هەر ئەو میرەیە کە لەسەروبەندی نووسینی (شەرەفنامە- ١٠٠٥ک/ ١٥٩٦ز) میری سۆران بووە و لەدوای (سلێمان بەگ)ی باوکی بووەتە میری سۆران.[٢٦]

لەنێو ئەو بەیتە فۆلکلۆرییانەی، کە ناوی (خانزاد) یان تێدا هاتووە، سەیرترینیان ئەوانەن، کە ڕۆڵێکی نەگەتیڤی پێدەدەن، لە داستانی دڵداری (لاس وخەزاڵ) گوایا کاتێک (لاس) بە هەریردا تێدەپەڕێ بۆ گەیشتن بە (خەزاڵ)ی دڵخوازی، لەو دەمەدا (خانزاد) کە لەوێ فەرمانڕەوا بووە، عاشقی ناوبانگ و بەژنوباڵای (لاس) دەبێ و هەوڵدەدات دڵی بەدەست بێنێ و لە (خەزاڵ) پەشیمانی بکاتەوە. بەڵام (لاس) وەفادار دەبێ بۆ دڵخوازەکەی.[٢٧]

لەبەیتێکی تردا، کە هەر تایبەتە بە داستانی لاس و خەزاڵ دیسان ناوی خانزادەخانی حەریرێ دێ، بەڵام ئەمجارەیان باڵەکییە[٢٨]. چونکە ئامۆزای (لاس)ـە کە کوڕی (ئەحمەد ئاغای باڵەکی)یە. لێرەش (خانزاد) لە هەوڵی ئەوەدایە کە (لاس) دەستبەرداری (خەزاڵ) بێ و بگەڕێتەوە لای خۆی و سەرکردایەتی خێڵی باڵەکی بگرێتەئەستۆ، کە بەسەر (خانزاد)ی بەجێماوە. بەڵام (لاس) ڕازی نابێ تا لەکۆتاییدا دەکوژرێ.[٢٩] هەرچەندە ئەم بەیتەی دوایی سەبارەت بە کەسایەتی خانزاد، شپرزەییەکی زۆری پێوەدیارە[٣٠] و ڕوون و ئاشکرا دیارنییە، کە مەبەستی (خانزاد)ی میری سۆران بێ، بەڵام ئەوانەی پێشوو بە تەواوی ڕوونی دەکەنەوە، کە مەبەستیان (خانزادی سۆران)ـە کە لە هەریر فەرمانڕەوا بووە. لەکاتێکدا ئەم کارەی لەم بەیتانە دراوەتەپاڵ ئەم خاتوونە، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کەسایەتی و پێگەی ئەو ناگونجێن.

پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا، کە دەقەزارەکییەکان بەتێپەڕبوونی کات تووشی گۆڕانکاری و بەسەرەوەنان دەبن. بۆیە ئاساییە، کە بەیتبێژەکان، هەندێک جار لە پیناو ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر و بەبایەخترکردنی گێڕانەوەکانیان، ناوی کەسایەتی گرنگ و ناسراو بخەنە نێو بەیتەکانیان. یان بەهۆی لێکچوونی ناوەکان کەسایەتییەکان تێکەڵ بکەن.

زیاتر لەوەش، هەندێ لە دەقە زارەکییەکان کە دەماودەم گێردراونەتەوە و دواتر نووسراونەتەوە، ڕووداو و کردەوەی سەیروسەمەرە دەدەنە پاڵ خانزاد. بە جۆرێک لە ئەفسانە نزیک دەبنەوە، یان دەچنە قالبی ئەفسانە. لە یەکێک لەدەقەکان گوایا خانزاد هەر بۆ بەجێگەیاندنی ئارەزووی دڵی فەقێیەک، تەنیا بۆ شەوێک مێرد بەم فەقییە دەکات، کە ناوی (ئەحمەد) بووە. بەرهەمی ئەم شەوەش کوڕێک دەبێ، کە خانزاد بڕیار دەدات یەکسەر دووری بخەنەوە. بەڵام نۆکەرێک بەنهێنی گەورەی دەکات، کاتێک دەبێتە سوارچاکێکی تەمەن بیست ساڵ ئینجا بەدایکی دەناسێنێ. بەپێی گێڕانەوەیەکی دی لەو ماوەیەی، کە خانزاد فەرمانڕەوا بووە، دوو کەس ئەڤینداری ئەو بوون؛ یەکێکیان ناوی (سەید عەلی) و ئەویدیش (عەلی عاشق)ی شاعیر بووە. خانزادیش بۆ تاقیکردنەوەی ئەڤینی ڕاستەقینەیان بانگیان دەکاتە سەر کانیاوی هەریر و پێیان دەڵێ کامەتان فرمێسکتان بگاتە بنی کانیەکە و بگەڕێتەوە سەرەوە ئەو کەسە ڕاستە و دەبمە حەڵاڵی. سەرئەنجام (عەلی عاشق) سەردەکەوێ، بەڵام چونکە ئەڤیندارێکی ئەوەندە پاک و مەجازی بووە، بۆیە لەشەوی زاوایەتی هەڵدەپڕوکێ و دەسووتێ. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین، کە خودی ئەو نووسەرەی ئەم گێڕانەوانەی تۆمارکردووە، ئەمانە ڕەت دەکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ژیری قبوڵیان ناکات و تێکەڵاوی ئەفسانە بوونە. کەچی هەر ئەو نووسەرە لەڕاستی مێژوویی دوور دەکەوێتەوە، کاتێک داکۆکی لەوە دەکات، کە خانزاد هەرگیز مێردی نەکردووە.[٣١] چونکە لەسەرچاوە ڕەسەنەکان بەدیاردەکەوێ بێوەژن بووە.

ئەمانەی باسمان کردن، زانیاریی بەیتە فۆلکلۆرییەکان بوون سەبارەت بە (خانزادی سۆران) ئێستە بابزانین نووسەر و مێژوونووسەکانی سەردەمی هاوچەرخ چییان لەبارەی ئەم کەسایەتییەوە خستۆتە سەر کاغەز.

با سەرەتا لە (موحەممەد ئەمین زەکی)یەوە

**“ لەشکریی بەهۆی قارەمانی و سوارچاکی کراوەتە سەرلەشکری سۆران، کە لەبنەچەدا ئێزیدییە و میر سلێمان بەگ دوای ئەوەی باوکی کوشتووە، بە منداڵی هێناویەتی و پەروەردەی کردووە ”**



دەست پێبکەین کە لەوانەیە بەر لەوانیتر خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە دابێ. ئەم مێژوونووسە لەکتێبی (مشاهیر الکرد و کردستان) باسی (خانزاد)یشی کردووە و زانیاریی جیاوازمان دەداتێ؛ بەگوتەی ئەو، ناوبراو کچی (حەسەن بەگ)و ژنی (سلیمان بەگ)ی میری سۆرانە، نەک خوشکی. دیارە ئەمەی دواییش هەر ئەو (سلێمان بەگ)ەیە، کە پێشتر چەند جارێ ناومان هێناوە، چونکە بە عەرەبیی دەڵێ: «میر سلیمان بن شکەلی بیک» کە دیارە دەکاتە میر (سلێمان کوڕی شاقوڵی بەگ) بەڵام لە مێژووەکەی بەهەڵەدا چووە، کاتێک دەڵێ: لەسەدەی دوازدەی کۆچی ژیاوە.[٣٢] چونکە بەنزیکەیی دەکاتە سەدەی هەژدەمی زایینی. لەکاتێکدا ئەو (سلێمان بەگ)ە لەسەدەی شازدە ژیاوە.

دواتر بە پشت بەستن بەگێڕانەوە خۆجێییەکان (کە مەبەستی بەیتە فۆلکلۆرییەکانە) باسی کێشەی نێوان (سلێمان بەگ) و والی بەغدا دەکات. بەڵام سەیر ئەوەیە، کە دەڵێ: میری سۆران کاتێک چووەتە بەغدا لەوێ بەندکراوە. لەپەراوێزیش نووسیویەتی بەپێی (داستانی لەشکری) ئەو چووەتە کەرکووک و لەوێ ژەهرخواردکراوە. سەبارەت بە هەڵوێستی (خانزاد)یش هیچ باسی تۆڵەسەندنەوە ناکات و تەنیا دەڵێ:

«کاتێ بینی بارودۆخ وایلێهات، میرنشینەکەی گرتە دەست خۆی و بەباشی خزمەتی کرد. چەند مزگەوتێکی ئاوەدانکرد و هەندێ قوڵلەی دروستکرد و لەسەردەمی ئەودا ئاسایش بەرقەرار بوو بەجۆرێک خەڵک تا ئێستا ستران بۆ یادی چاکی ئەو دەڵێن و شاعیران لەسەردەمی خۆیدا ستایشیان کردووە. بەیتی (لەشکری) کە تائێستا لەیادنەکراوە بەشێکە لەیادگارییە نەمرەکەی».[٣٣]

هەرچی (موکریانی)یە ئاماژە بەوە دەکات کە (خانزادە خاتوون) خوشکی (سلێمان بەگ)ەو دوای (عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ) بووەتە فەرمانڕەوا. ئینجا باسی ئەو قەڵایانە دەکات، کە بونیادی ناون و دەڵێ: هەندێکیان هەر بەناوی ئەویشەوە ناونراون؛ وەکو قەڵای بانەمان[٣٤] و قەڵای بنەی هەریر کە دەڵێ زۆر گەورەو سەختە. هەروەها قەڵایێکی تر لەناوچەی باڵەک لەڕۆژهەڵاتی ڕایات[٣٥] کە ئەویش هەرماوە. دیارە ئەم زانیارییانەشی لە گۆتنە زارەکییەکانەوە وەرگرتووە، بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێ: «لەبەیت و هەڵبەستاندا خانزاد و لەشکری لەکاردان».[٣٦]


(موکریانی) زانیارییەکانی لەگەڵ کەسانی دی بەشکردووە، بۆیە (هاملتن)ی ئەندازیاری



**یەکێک لە قەڵاکانی خانزادەخاتوون، کە کەوتووتە سەر ڕێگەی پیرمام لە نزیک هەولێر**



**وێنەی دەرگایەکی قەڵاکە**



بریتانی، کە لەماوەی ساڵانی ١٩٢٧- ١٩٣٢ لەناوچەکە ژیاوە، سەرپەرشتی ڕاکێشانی ڕێگەی بەناوبانگی (هاملتن)ی کردووە، بەپشت بەستن بەقسەکانی ئەو دەنووسێ: «خانزاد حوکمی لە وڵاتی فارسەوە هەتا دەشتی هەولێر دەڕۆیشت». ئینجا دەڵێ: «تەلارەکەیم بینی کە هێشتا لەسەر شاخی هەریر بەپێوەیە«.[٣٧] بێگومان مەبەستی قەڵای خانزادە[٣٨]

(عەلی سەیدۆ گەورانی)ش لەمیانەی گەشتەکەی بۆ کوردستانی باشوور، لەساڵی ١٩٣١، ناوی (خانزاد) دەهێنێ. ناوبراو دوای ئەوەی باسی ژەهرخوارکردنی میر (سلێمان بەگ) دەکات، دەڵێ: کاتێ ئەم هەواڵە بە (خانزاد)ی خوشکی گەیشت، یەکسەر نۆکەرەکەی کوشت و لەژێر بناغەی خانوویێکدا ناشتی و دیواری لەسەر هەڵبەست.[٣٩] مەبەستی (لەشکری)یە، کە لای ئەو نۆکەری (سلێمان بەگ) بووە، نەک سەرلەشکری. باسی هەڵوێست وەرگرتنی (خانزاد)یش دەکات لەبەرانبەر عوسمانییەکان و دەڵێ: بڕیاریدا تا ماوە «خەریکی تورک کوژی بێت» بەقسەی ئەو، ئەم خاتوونە لەقەڵایەک، کە خۆی لەسەر کێوی هەریر دروستی کردبوو، مانی گرتووە و خەڵک بەنۆرە خۆراکیان بۆ بردووە.[٤٠] پێدەچێ ئەم نووسەرەش زانیارییەکانی هەر لەزاری خەڵکی دەڤەرەکە وەرگرتبێ، چونکە ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەکی نووسراو ناکات.

لەم ساڵانەی دواییش هەندێک توێژەر و نووسەر لەکارەکانیان باسی (خانزادی سۆران)یان کردووە؛ توێژەرێک لە ماستەرنامەکەیدا، کە لەبارەی میرنشینی سۆرانە، ئاماژەیەکی سەرپێیی پێداوە و نووسیویەتی: لەدوای مردنی میر (سلێمان بەگ) کاروبار بەشێوەیەکی کاتی کەوتوتە دەست (خانزاد خاتوون)ی خوشکی. ئینجا دەڵێ: ئەو تاکە شازادە خاتوونە لەمێژووی میرنشینەکەدا، بەڵام زانیاریمان لەبارەی ساڵانی حوکمڕانی و ڕووداوەکانی سەردەمی ئەودا نییە، تا دەسەڵات گوازرایەوە بۆ (عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ) سەرچاوەشی بۆ ئەم گوتانە هەر کتێبەکەی (موکریانی)یە لەبارەی میرنشینی سۆران.[٤١] بەڵام ئەم توێژەرە لەوەرگرتنی زانیارییەکە ورد نەبووە، چونکە (موکریانی) کاتێ باسی (عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ) دەکات، دەقاودەق دەنووسێ: «لەپاش بابی بوو بە فەرمانڕەوای سۆران». دوای ئەوەی باسی مردنی (عەلی بەگ) دەکات ئینجا دەڵێ: «خانزادە خاتوونی خوشکی سلێمان بەگ بۆتە فەرمان ڕەوا».[٤٢] کەواتە ئەو زنجیرەکەی بەپێچەوانە داناوە.

نووسەرێکی دیکەش، کە پێدەچێ پشتی بە زانیاریی دەماودەمی خەڵکی دەڤەرەکە بەستبێ، دەڵێ: (خانزاد) لەسەر بڕیاری میر (سلێمان بەگ)ی برای «ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتی کاروباری ناوەخۆی کردوە و کارەکانی زۆر بەباشی ڕاپەڕاندووە«ماوەیەکیش جێگەی (سلێمان بەگ)ی گرتۆتەوە لەحوکمڕانی میرنشینی سۆران. بەم پییەبێ ئەو لەژیانی براکەی ئەزموونی حوکمڕانی هەبووە، بۆیە دواتریش جێگەی ئەوی گرتۆتەوە. هەر ئەو نووسەرە زۆر بە زیرەکیی و نەترسی وئاییندراری و نیشتمانپەروەری و هەژاردۆستیی (خانزاد) هەڵدەدات و ئاماژە بەلێهاتوویی ئەو دەکات لە بوارەکانی کارگێڕیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و دەڵێ میر (سلێمان) لەهەموو کارە گرنگەکانی پرسی پێکردووە.[٤٣]

### دۆزینەوەی زانیاری نوێ لەسەرچاوە ڕەسەنەکان:

یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بریتییە لەپشتبەستن بەسەرچاوە مێژووییە یەکەم و ڕەسەنەکان، چونکە ئەم جۆرە سەرچاوانە تێڕوانینێکی وردترمان دەدەنێ. کەرەستەی خاوی گرنگ و هەندێک جاریش دانسقە، بۆ مێژوونووس دابین دەکەن. بەتایبەتی ئەو سەرچاوانە ئەگەر هی سەردەمی ڕووداوەکان بن، بۆیە مێژووەکانیان بۆ ئێمە بایەخی گرنگیان هەیە و بەشێکی زۆری زانیارییەکانیان ناوازەن و لەهیچ شوێنێکی دی دەست ناکەون. وەکو ئەو زانیارییانەی، سەبارەت بە خانزاد لەنێو هەندێک لەو سەرچاوانەدا هەن.

بەرلەوەی زانیارییەکان بخەینەڕوو، پێویستە پوختەیەک لەبارەی ئەم سەرچاوانە بنووسین و

> “ ئەم بەیتە فۆلکلۆرییانە زانیاریی جۆراوجۆر و جاروباریش دژبەیەکیان لەبارەی (خانزاد)ەوە تێدایە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە زۆربەی بەیتەکان ناوهێنانی خانزاد پەیوەستە بەڕووداوی کوشتنی سلێمان بەگ ”



مێژوونووسەکانیش بناسین، تا لە بایەخ و گرنگی زانیارییەکان تێبگەین؛

یەکێک لەم سەرچاوانە، کە تایبەتە بەمێژووی دەوڵەتی سەفەوی، بریتییە لەکتێبی (ذیل عالم آرای عباسی) لەنووسینی (ئەسکەندەر بێک تورکمان و موحەممەد یووسف والە ئەسفەهانی)

ئەم کتێبە تەواوکەری کتێبی (تاریخ عالم آرای عباسی)یە، کە پێشتر نووسەری یەکەم، بەتەنیا بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی (شاعەباسی یەکەمی سەفەوی/ ١٥٨٨- ١٦٢٩) دایناب‌وو. کاتێک ئەم شایە مرد (ئەسکەندەر بێک) بەفەرمانی (شا سەفی/ ١٦٢٩- ١٦٤٢) دەستی دایە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی ئەم شایە نوێیە، بەم شێوەیە دەستیکرد بەدانانی دووەمین کتێبی خۆی (ذیل عالم آرای عباسی) بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا تەواوی بکات و (موحەممەد یووسف والە ئەسفەهانی) لەڕووداوەکانی ساڵی (١٠٤٣ک/ ١٦٣٣-١٦٣٤ز)ـەوە کارەکەی ئەوی تەواوکرد،(٤٤) بۆیە کتێبەکە بەناوی هەردووکیانە.

سەبارەت بە دانەرەکانیش؛ یەکەمیان (ئەسکەندەر بێک تورکمان/ ١٥٦١- دوای ١٦٣٣)ە کە بەهۆی خەریکبوونی بەکاری نووسەری (إنشاء) بە (منشیء/ واتە: نووسەر)یش دەناسرێ. ئەو بەهۆی ئەو بەهرەیەی کە لەکاری نووسیندا هەیبوو، لەسەردەمی (شا محەمەد خودابەندە/ ١٥٧٧- ١٥٨٨)دا چووەتە ڕیزی نووسەرانی دەربار و بەرەبەرە چووەتە پێش، تا بووەتە نووسەری تایبەتی (شاعەباسی یەکەم) بۆیە هەمیشە لەگەڵیدا بوو.(٤٥)

هەرچی دانەری دووەمە (موحەممەد یووسف والە ئەسفەهانی) کە بە (قەزوینی)ش دەناسرێ چونکە لەو شارە لەدایکبووە، ساڵی لەدایکبوونی نازانرێ بەڵام لەساڵی ١١٠٥ یان ١١٠٦ک (١٦٩٤-١٦٩٥ز) مردووە. ئەو مێژوونووس و ئەدیب و شاعیر بووە و لە فەرمانبەرانی دیوان بووە لەسەردەمی (شا سەفی)یەوە تا سەردەمی (شا سلێمان/ ١٦٦٤- ١٦٩٤).(٤٦) بەم پێیە دەتوانین بڵێین هەردوو نووسەر کەسانی سەر بەدەربار و نزیک لەشایەکانی سەفەوی بوونە. کەواتە زانیارییەکانیان تاڕادەیەکی زۆر ورد و جێگەی متمانەن.


سەرچاوەی دووەم کتێبێکە لەبارەی مێژووی عوسمانیی بەناونیشانی (Topculer Katibi/Abdulkadir (Kadri) Efendi Tarihi/ تاریخی نووسەری تۆپچییان عەبدولقادر (قادری) ئەفەندی) ئەم کتێبە، دوای ساغکردنەوەی لەلایەن (د. زیا یلمازەر) لەساڵی ٢٠٠٣ لە ئەنکەرا چاپکراوە، بەشێوازێکی کرۆنۆلۆژی و بەزمانێکی سادە مێژووی ساڵانی نێوان (١٠٠٠- ١٠٥٤ک/ ١٥٩٢-١٦٤٤ز) دەگرێتەخۆ. نووسەری.

ئەم کتێبە خۆی ناوی (قادری)یە، هەروەکو لە کتێبەکەی خۆی و لە بەڵگەنامە فەرمییەکان ناوی هاتووە. بەڵام لە هەندێ سەرچاوە بە (عەبدولقادر) ناوی هاتووە. ئەو چەندین پۆستی فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانیی وەرگرتووە؛ تا گەیشتۆتە ئەوەی لەساڵی ١٦٢٧دا وەکو بەرپرس لەبواری چاکردنەوەی تۆپهاوێژی کاربکات. ناوبراو بەحوکمی کارەکەی لە چەندین شەڕی عوسمانیی بەشداری کردووە، بەتایبەتی لەبەرەی ئەوروپا. لەئەنادۆڵ و بەغداش شەڕی کردووە. لەوانەیە لەساڵی ١٦٤٤دا مردبێ، چونکە کتێبەکەی لەباسی ڕووداوەکانی ناوەڕاستی ئەم ساڵە دەوەستێ.(٤٧) کەواتە گرنگی ئەم سەرچاوەیە لەوەدایە، کە نووسەرەکەی هەندێک جار هاوچەرخ و هەندێک جاریش شایەتحاڵ و بەشداربووی ئەو ڕووداوانە بووە، کە تۆماری کردوون. ئەو زانیارییانەش، کە ئەو مێژوونووسە لەبارەی (خانزاد) بۆی تۆمارکردووین، لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکە نابینرێن.

سەرچاوەی سێیەم، کە زانیاریمان لەبارەی (خانزاد) تێیدا دۆزیوەتەوە، بریتییە لە گەشتنامەکەی ئەولیا چەلەبی؛ (محەمەد زیللی کوڕی دەروێش)ی گەڕیدەی هەرەناوداری عوسمانیی، کە بە (ئەولیاچەلەبی) ناسراوە، لەساڵی ١٦١١ لەئەستانبول لەدایکبووەو هەر لەوێش پێگەیشتووەو خوێندوویەتی، تا لەسەردەمی سولتان (موڕادی چوارەم /١٦٢٣-١٦٤٠)دا چووەتە ڕیزی خزمەتکردن لەدەرباری

**"بەیتە فۆلکلۆرییەکان تا ماوەیەکی درێژ سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانمان بوون لەبارەی خانزادە خاتوونی سۆران"**

**لەبەیتێکی تردا، کە هەر تایبەتە بە داستانی لاس و خەزاڵ دیسان ناوی خانزادەخانی حەریرێ دێ، بەڵام ئەمجارەیان باڵەکییە**



عوسمانیی. ئەو زۆربەی ژیانی بۆ گەشتکردن تەرخانکرد. لەچوارچێوەی ئەم گەشتانەی کەنزیکەی پەنجا ساڵی خایاند، بە هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپادا گەڕا. ئەم زانیارییانەی کە لەم گەشتانەدا کۆیکردبوونەوە، لە (١٥) بەرگی مەزندا نووسییەوە. کۆتا مێژوو کە ناوبراو باسی دەکات ساڵی (١٠٨٩ک/ ١٦٧٨-١٦٧٩ز)یە. بۆیە باوەڕ وایە کە دوای چەند ساڵێکی کەم لەم مێژووە، لەئەستانبوڵ مردبێ.[٤٨]

گەشتنامەکەی (ئەولیاچەلەبی) سەرەڕای هەندێک ڕەخنە، کە لێی دەگیرێ (وەکو زێدە بایەخدان بەنووسینی ئەفسانەو وەسفی خەیاڵی و هەندێک جار زێدەڕۆیی کردن) بە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی پڕ بایەخ دادەنرێ بۆ مێژووی هەموو ئەو ناوچانەی، کە باسیان دەکات. چونکە زانیاریی گرنگ و هەمەلایەنەی لەبارەی ئەم ناوچانە تێدایە. هەر لەسۆنگەی ئەمەوە، ئەوەی پەیوەندی بەکوردستانەوە هەیە لەگەشتنامەکە، پێشتر وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی.[٤٩] ئینجا لەکوردییەوە کراوەتە عەرەبی.[٥٠] بەڵام ئەمانە زانیارییەکانیان کەموکوڕی تێدایە. چونکە ئەو دەستنووسە ڕەسەنەی، کە لەئەستانبول لەکتێبخانەی (تۆپ قاپی سەرای)دا هەڵگیراوە، باسی ئەوتۆی تێدایە، کە لەوەرگێڕانەکاندا نابینرێن. ئەو زانیارییانەش، کە پەیوەستن بە (خانزادی سۆران) هەر لەم دەستنووسەدا دۆزراونەتەوە. دەستنووسەکە کراوەتە پیتی لاتینی و بەناونیشانی (Evliya Celebi Seyahatnamesi) چاپکراوەو لەکتێبخانەی ناوبراودا پارێزراوە.

لێرەبەدوا هەوڵدەدەین بەپشتبەستن بە زانیارییە نوێیەکان، کەسایەتی (خانزاد) ساغ بکەینەوە و بزانین ئەو کێیە و لەچ سەردەمێک ژیاوە. هەروەها ئاکار و ڕەوشتەکانی چۆن بوون و چ ڕۆڵێکی لەنێو مێژوو گێڕاوە؛

**خانزاد و سەردەمەکەی**

لەباس و زانیاریی بەیتە فۆلکلۆرییەکان و تێڕوانینی نووسەر و مێژوونووسەکانیش، لەبارەی کەسایەتی (خانزادی سۆران) ئاڵۆز و ناتەبان. ناتوانن بەتەواوی بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، ئەم کەسایەتییە کێیە.



دیمەنێک لە پاشماوەی قەڵای خانزادە خاتوون لە هەریر



بەپێی زۆربەی بۆچوونەکان ئەو خوشکی (سلێمان بەگی کوڕی قولی بەگ)ە، کە لە بەشێکی زۆری نیوەی دووەمی سەدەی شازدە میری سۆران بووە، بەڵام بەپێی یەکێک لەنووسینەکان ئەو ژنی (سلێمان بەگ)ە. بەبڕوای نووسەرێکیش، کچی ئەو میرەی سۆرانە و خوشکی هەریەک لە (عەلی بەگ) و (عومەر بەگ)ە. بێجگە لەم نووسەرەی دوایی، کە دەڵێ (خانزاد) دوای ئەم دوو برایەی حوکمڕانی سۆرانی کردووە، هەموو زانیاریی و بۆچوونەکانی دی جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە، کە خانزاد لە سەروبەندی نەمانی، یان کوژرانی، میر سلێمان بەگ بەدیارکەوتووە و کاروباری میرنشینی سۆرانی گرتۆتە دەست. بەڵام ئەمە لەگەڵ زانیاریی سەرچاوە ڕەسەنەکان یەکناگرێتەوە.

(شەرەفخانی بەدلیسی) کە خۆی لەم ماوەیەدا ژیاوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دوای مردنی میر (سلێمان بەگ) (عەلی بەگ)ی کوڕی بەفەرمانی سوڵتان بووەتە حوکمداری سۆران. لەسەروبەندی نووسینی (شەرەفنامە)شدا (١٠٠٥ک/ ١٥٩٦ز) هەر ئەو دەسەڵاتدار بووە.[٥١]


کەواتە (عەلی بەگ) هاوسەردەمی (شەرەفخان) بووە. ئەمەش هیچ دەرفەتێک ناهێڵێتەوە بۆ هەڵەکردن یان بۆ ئەگەری ئەوەی، کە ئەو لەکاتی مردنی (سلێمان بەگ)ی باوکی، منداڵ بێت و (خانزاد) لەجیاتی ئەو کاروباری سۆرانی هەڵسوڕاندبێ. (شەرەفخان) لەم نێوەندەدا هیچ باسی کوشتنی (سلێمان بەگ) ناکات، ناوی (خانزاد)یش ناهێنێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە لەم ماوەیەدا ئەم کەسایەتییە بوونی نەبووە، یان بەلایەنی کەم ناوبانگ و دەسەڵاتی نەبووە. ئەگەر نا ئەم مێژوونووسە گوێبیستی ناوبانگی دەبوو. دوای نزیکەی (٢٥) ساڵ لە دانانی (شەرەفنامە) ئینجا ناوی (خانزاد) لەمیانەی ڕووداوەکاندا دەهێنرێ.

هەرچەندە نازانرێ ئایا حوکمڕانی میر (عەلی بەگ) تا چ ساڵێک بەردەوام بووە، بەڵام لەوە دڵنیاین، کە لە دوای ئەویش هێشتە کەسایەتی (خانزاد) دەرناکەوێ. چونکە یەکێ لەسەرچاوە ڕەسەنەکان دواتر ناوی (عومەر بەگ) دەهێنێ وەکو میری سۆران،[٥٢] بێ ئەوەی پێمان بڵێ، کە ئەو پەیوەندی نزیکایەتی لەگەڵ (عەلی بەگ) و (سلێمان بەگ)ی باوکی هەیە یان نا. ئەو سەرچاوەیە کە دانراوی مێژوونووسی فەرمی (شا عەباسی یەکەم)ە، جارێک باسی پەیوەندی (عومەر بەگ) دەکات لەگەڵ (ئەمیر خانی لەپ زێڕین)ی پاڵەوانی داستانی دمدم. جارێکیش لەڕووداوەکانی ساڵی (١٠٢٦ک/ ١٦١٧ز) دا باسی ئەو شاڵاوە سەربازییە دەکات، کە عومەر بەگی «میری سنجەقی عەشیرەتی سۆران» بەیارمەتی عوسمانییەکان بردوویەتیە سەر سنووری قەڵەمڕەوی سەفەوی لەناوچەی شارەزوور. لەئەنجامدا میری ناوبراو بەدیل دەگیرێ و لەشاری (ڕەی) دەستبەسەر دەکرێ.[٥٣] دواتریش کوژراوە، چونکە هەر ئەم مێژوونووسە لەکتێبی دواتری کاتێک بەکورتی ئاماژە بەم ڕووداوە دەکات، دەنووسێ: «سەرەنجام چووە کێوی نەبوون و تێداچوو».[٥٤] لەسەرچاوەیەکی عوسمانییشدا کاتێک لەساڵی ١٦٢٣زدا ناوی دێ، نووسراوە «مەرحوم عومەر بێگ».[٥٥]

**لە زۆربەی بەیتەکان ناوهێنانی خانزاد پەیوەستە بەڕووداوی کوشتنی سلێمان بەگ، میری سۆران و تۆڵەسەندنەوە لە لەشکریی سوپاسالاری سۆران**

هەر لەم ماوەیەدا لەسەرچاوەکان، ناوی میرێکی دی سۆرانی دەهێنرێ؛ ئەویش (مستەفا بەگ)ە، کە ساڵی ١٦٢١ز لەچوارچێوەی هەوڵەکانی لەنێوبردنی بزووتنەوەکەی (بەکر سوباشی) لە ویلایەتی بەغدا، لەگەڵ میرێکی دی سۆرانی بەناوی (ئابدال بەگ) باسی دەکرێ. بەڵام هەر لەم ڕووداوەدا (مستەفا بەگ) دەکوژرێ.[٥٦]

ناوهێنانی چەند میرێکی سۆرانی لەیەک ماوەدا جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە لەدەروازەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بەوەدا، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەوە بنەماڵەی حوکمداری سۆران دەسەڵاتیان فراوان ببوو، بەجۆرێک میرانی سۆران لە هەندێک ناوچەی دیش حوکمڕانییان دەکرد، بێجگە لە(هەریر)ی ناوەندی سەرەکی میرنشینەکە. لەوانەیە هەندێکیان لە بنەماڵەی دەسەڵاتداری سۆران بن و ئەرکیان پێسپێردرابێ، بێ ئەوەی لەو دەمەدا حوکمڕانی میرنشینەکەیان کردبێ.



یەکەم ناوهێنانی خانزاد لەسەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ماوەیە و هەر لەمیانەی ڕووداوی یاخیبوونی بەکر سوباشی دایە.

(عەبدولقادر ئەفەندی) کاتێک لەکتێبەکەی باسی ئەم ڕووداوە دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، کە «خانزادە خاتون» هاوشانی چەند سەرکردەیەکی دی ناوچەکە، بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی عوسمانیی لەمە ئاگادارکردۆتەوە. جارێکی دیش لەمیانەی ڕووداوەکانی ساڵی (١٠٣٢ک/ ١٦٢٣ز) ناوی دێنێ، کە بەرگری لەمیرنشینی سۆران دەکات لەهەمبەر شاڵاوی هێزەکانی ئەردەڵان و سەفەوییەکاندا.[٥٧] (ئەسکەندەر بێک تورکمان)یش لەمیانەی ڕووداوەکانی ساڵی (١٠٣٨ک/ ١٦٢٩ز) باسی هێرشێکی سەربازی کوردانی سۆران دەکات بەسەرکردایەتی (خانزاد) بۆ سەر کەرکووک، کە لەلایەن دەوڵەتی سەفەوییەوە داگیرکرابوو.[٥٨] هەر ڕووداونووسی عوسمانیی (عەبدولقادر ئەفەندی) جارێکی دی ئاماژە بەناوی ئەو خاتوونە دەکات، بەڵام ئەمجارەیان لەمیانەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٣٩ دەڵێ: ئازووقەی بۆ لەشکری عوسمانیی دابینکردووە.[٥٩] کەواتە (خانزاد) بەدرێژایی ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی حەڤدە میری سۆران بووە. بەڵام ئەو سەرچاوانە پێمان ناڵێن، کە حوکمڕانی ئەو چەند بەردەوام بووە، تەنانەت (ئەولیاچەلەبی)ش کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا بەکوردستانی باشووردا تێپەڕیوە،[٦٠] تەنیا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەسەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠) (خانزاد) بووەتە سەرداری «ویلایەتی حەریر و سۆران»، بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە، کە ئایا لەسەروبەندی گەشتەکەی ئەودا ئەو لەحوکمڕانیدا مابووە، یان نا.[٦١]

ئەوەمان بۆ ڕوونبۆوە، کە لەسەروبەندی بە کۆتاهاتنی سەردەمی (سلێمان بەگی کوڕی قولی بەگ) لەمیرنشینی سۆران، چەندین ساڵیش دوای ئەمە (خانزاد) هیچ ڕۆڵێکی لەڕووداوەکاندا نەبووە، لەوانەیە لەکاتی مردنی میری ناوبراویش خانزاد هێشتە لەدایک نەبووبێ، چ جای ئەوەی ژنی بێت، یان خوشکی پێگەیشتووی. چونکە (عەبدولقادر ئەفەندی) لەڕووداوەکانی ساڵی ١٦٢٣دا باسی کەسێک دەکا، کە حەزی لە (خانزاد خاتوون) کردووە.[٦٢] بەو پێیەش بێ خانزاد لەم ساڵەدا لە بیستەکانی، یان ئەوپەڕی لە سییەکانی تەمەنیدا بووە.[٦٣] کەوایە کاتێ (سلێمان بەگ) لەسەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی شازدە مردووە، ئەو یان نەبووە، یان منداڵێکی (٥-٦) ساڵان بووە.

ئێستە دەکرێ بپرسین ئایا (خانزاد) کێیە؟ کاتێک بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە لەم سەرچاوە ڕەسەنانەی ژێردەستمان ورد دەبینەوە؛ لە گەشتنامەکەی (ئەولیاچەلەبی)دا هیچ زانیارییەکمان دەست ناکەوێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە (خانزاد) ئافرەتێکی بێوەژن بووە.[٦٤] هەرچی (ئەسکەندەر بێک تورکمان)ە زانیارییەکی باشترمان دەداتێ، چونکە دوای ئەوەی باسی لەنێوچوونی (عومەر بەگی سۆران) دەکات، ئینجا دەنووسێ: «منداڵێک کە لەو بنەماڵەیە مابۆوە ئەم خاتوونە ]خانزاد[ دایکی بووە، بەپێی میراتیش بووە شاژنی ئەم وڵاتە».[٦٥] ڕاستە ئەم زانیارییە چەند ئەگەرێک هەڵدەگرێ،[٦٦] بەڵام ئەگەری بەهێز ئەوەیە، کە (خانزاد) کچی (عومەر بەگ) بێ؛ چونکە باسی ئەوە نەکراوە، کە منداڵەکە میرایەتییەکەی وەرگرتبێ و (خانزاد)یش بووبێتە سەرپەرشتیاری، بەڵکو ئەوە (خانزاد)ە کە دوای مردنی (عومەر بەگ) بەپێی میرات بووەتە شاژنی ئەم وڵاتە. دیارە میراتیش (بەتایبەتی حوکمداری) بەزۆری لە باوکەوەیە بۆ کوڕ و کچەکان. لەقسەکانی (ئەولیاچەلەبی)ش وا دەردەکەوێ، کە (خانزاد) حوکمڕانی سۆرانی لە باوکییەوە بەمیرات وەرگرتبێ. چونکە کاتێک باسی ماف و جیاوکی میرنشینە کوردییەکان دەکات، دەڵێ لەکاتی مردنی میری دەسەڵاتدار حوکمڕانی دەدرێتە کوڕەکانیان، یان خزمە نزیکەکانیان، یان کچی شوونەکردوو. بەپێی یاسا ئافرەتی بێوەژن حوکمڕانی پێنادرێ. بەڵام (خانزاد) سەرەڕای ئەوەی، کە بێوەژنە، دەسەڵاتی وەرگرتووە.[٦٧] بێگومان مەبەستی ئەوەیە کە (خانزاد) وەکو کچی میری مردوو مافی هەیە حوکمڕانی وەربگرێ، بەڵام شووکردنەکەی بووەتە ڕێگری یاسایی، کەچی ئەم ڕێگرەشی بۆ لادراوە لەبەر هەندێک

"بەم پێیە بێ (خانزاد) کچی (سلێمان بەگ)ە نەک خوشکی. پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵ (خانی لەپ زێڕین) هەبووە"



هۆکار)

هەرچی (عەبدولقادر ئەفەندی)یە، هیچ گومانێک لەمەدا ناهێڵێتەوە و ڕاشکاوانە دەڵێ: «ئەمە براوەتە« کە (خانزاد خاتوون) «کەریمە ]واتە: کچ[ ی عومەر بەگی خوالێخۆشبووە، کە میری سۆران بوو».[٦٨] بێگومان ئەم مێژوونووسەی دواییش هاوسەردەمی (خانزاد) بوو، سەردانی ناوچەکەشی کردووە، کەواتە دەتوانین بڵێین بەتەواوی ڕاستی پێکاوە.

بەپشت بەستن بەهەموو ئەمانە، دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کە (خانزاد) کچی (عومەر بەگ)ی میری سۆرانە و دوای کوژرانی باوکی لەساڵی ١٦١٧، لە سۆران دەسەڵاتی وەرگرتووە و نزیکەی (٢٢) ساڵ حوکمڕانی کردووە، چونکە بەلایەنی کەم تا ساڵی ١٦٣٩ لە حوکمڕانیدا ماوە. سەبارەت بەداستانی (خانزاد و لەشکری)یش بۆمان ڕوون بووە، کە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان یەک ناگرێتەوە.

لەئەنجامی ئەمەدا، داستانی خانزاد و لەشکریی چیدی وەکو ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینە سەیرناکرێ. بەڵام سەلمێنراوە کە هەموو داستان و تەنانەت ئەفسانەکانیش لەبنەڕەتدا بنچەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە و بەتێپەڕبوونی کات، لەئەنجامی گۆڕین وقرتاندن و زیادەخستنەسەری بەردەوام، لەڕاستی دوورکەوتوونەتەوەو لەگەڵ دنیای خەیاڵ تێکەڵاوبوون. هەندێ جار تەنانەت ناوی پاڵەوانەکان و هەروەها سەردەم وکاتی ڕووداوەکەش دەگۆڕێن. کەواتە دەکرێ بڵێین مەسەلەی کوژرانی (سلێمان بەگ)ی میری سۆران و هەبوونی (لەشکریی) عاشق و ناپاک و تۆڵەسەندنەوەی (خانزاد) کە لە دەقە زارەکییەکان هاتوون، بنچەی ڕاستییان هەیە.


ئێمە لێرە ناتوانین لافی ساغ کردنەوەی ئەم داستانە لێ بدەین؛ بەڵام لەنێو زانیارییە مێژووییەکان هەندێک ناو و پێشهات بەدی دەکەین، کە دەشێ پەیوەندییان بەم داستانەوە هەبێت و هەندێک لایەنی ڕوون بکەنەوە. سەبارەت بەکوژرانی میر (سلێمان بەگ) لەبەغدا، کە یەکێکە لەپایەکانی داستانەکە، ئەگەری ئەوە هەیە کە (سلێمان بەگ)ێکی دی هەبێ و لە بەغدا، یان لەهەر شوێنێکی دی کوژرابێ. دەکرێ ئەویش مێردی (خانزاد) بێ. نەخاسمە کە سەرچاوە مێژووییەکان پێمان ناڵێن ناوی مێردەکەی ئەو چی بووە، لەکاتێکدا گەواهی دەدەن، کە ئەو بێوەژن بووە. یان لەوانەیە میرە کوژراوەکە هەر ناوی (سلێمان بەگ) نەبووبێ، بەڵکو (مستەفا بەگ) بێ، کە پێشتر گوتمان لە هەڵمەتی سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی (بەکر سوباشی) کوژراوە. بەڵام نەمانزانی ئەو پەیوەندی بە (خانزاد)ەوە چی بووە. ئەگەرێکی دیش هەیە، کە ئەم ڕووداوە کوژرانی (عومەر بەگ)ی باوکی (خانزاد) بێ لە ئێران، وەک لە پێشوودا بینیمان. خۆ دوای ئەم ڕووداوە بوو، کە (خانزاد) دەسەڵاتی سۆرانی گرتەدەست. لەداستانەکەدا باسی منداڵێک دەکرێ، گوایا میراتگری میرنشینەکەیە، بەڵام بەهۆی بچووکی ئەو (خانزاد) حوکمڕانی سۆران وەردەگرێ. دیارە ئەو منداڵەش کوڕی (خانزاد)ە کە لەکاتی کوژرانی (عومەر بەگ) تەمەنی بچووک بووە بۆیە (خانزاد) دەسەڵاتی وەرگرتووە.[٦٩]

یەکێکی دی لە پایەکانی داستانی (خانزاد ولەشکریی) ئەو عاشقەی خانزادە، کە بەئازایەتی خۆی خزمەتی زۆری سۆرانی کردووە، بەڵام لەکۆتاییدا ناپاکی کردووە. سەبارەت بەمە (عەبدولقادر ئەفەندی) باسی سەرکردەیەک دەکات بەناوی (زاڵم عەلی) و پێی دەڵێ (rafizi-yi ebterdir/ واتە: بڕەری ڕافیزەکان) مەبەستی (بکوژی شیعەکان)ە، چونکە زۆری لە شیعە سەفەوییەکان کوشتووە، کە هێرشیان بۆ ناوچەکە هێناوە. ئینجا دەڵێ: حەز لە (خانزاد خاتوون) دەکات، بەڵام هەندێک جار دەبێتە لایەنگیری ئەو و جارجارەش دەچێتە لای (ئەحمەد خان).[٧٠] لەمەی دوایی مەبەستی (خان ئەحمەد خان)ی میری ئەردەڵانە، کە لەگەڵ سوپای سەفەوی فراوانخوازی لەناوچەکە دەکرد. جێگەی سەرنجە کە ئەم ناوە بێ نازناوەکەی (واتە: عەلی) لە هەندێک لە گێڕانەوە زارەکییەکانیش ڕەنگ دەداتەوە؛ بەدیاریکراوی ئەو گێڕانەوەیەی، کە باسی ئەڤینداری هەردوو عەلی (سەید عەلی و

**“ لە بەیتێکی فۆلکلۆری دیکەدا، کە ئەویش هەر بە (بەیتی لەشکریی) دەناسرێ، هەموو پیلانی کوشتنی (سلێمان بەگی سۆران) خراوەتە ئەستۆی عوسمانییان و هیچ باسی ناپاکی (لەشکریی) ناکرێ ”**

**داستانی خانزاد و لەشکریی چیدی وەکو ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینە سەیرناکرێ. بەڵام سەڵمێنراوە کە هەموو داستان و تەنانەت ئەفسانەکانیش لەبنەڕەتدا بنەچەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە**

عەلی عاشق) دەکات بۆ خانزادی سۆران، کەواتە بەڕاستی کەسێک هەبووە، کە عاشقی (خانزاد) بووە و خزمەتی میرنشینەکەی ئەوی کردووە، بەڵام هەندێک جار ناپاکی لێ کردووە و لایەنگیری دوژمنەکەی کردووە. ڕاستە ئەم کەسە ناوی (عەلی)یە و پێیدەگوترێ (زاڵم عەلی) واتە ناوی (لەشکریی) نییە وەک لە داستانەکەدا وایە، بەڵام دەشێ ئەمەی دوایی ناوی ڕاستەقینەی ئەو نەبێ بەڵکو نازناو، یان کورتکراوەی ناوی پایەکەی بێ، واتە (سەرلەشکر) کە دەکاتە فەرماندەی سوپا. خۆ (عەبدولقادر ئەفەندی)ش ئاماژە بەوە نادا، کە ئەم (زاڵم عەلی)یە میری میرنشینێک بێ. کەواتە لەوانەیە یەکێک بێ لەفەرماندەکانی هێزەکانی سۆران. هەموو ئەمانە چەند سەرەداوێکی گرنگن بۆ ساغ کرنەوەی کەسایەتی لەشکریی.



## ناوی خانزاد و ئاکار و ڕەوشتەکانی

لە دەقە زارەکی و ژێدەرەکان، کە باسی (خانزاد) دەکرێ بەشێوەی «خانزادە خان»[٧١] یان «خانزاد خاتوون»[٧٢] لە هەندێک بەیتیش بە «خانزادە خانی حەریرێ»[٧٣] ناوی دەهێنرێ. هەندێک نووسەریش بە «خانزادی سۆران»[٧٤] و تەنانەت بە «خانزادە خاتوون»[٧٥] یان «خانزادە خاتوونی قەرالیچە ]ئیمپراتۆر[ی سۆران»یش[٧٦] ئاماژەی بۆ دەکەن.

بە زیرەکی و ئازایەتی باسی دەکرێ، تەنانەت وەکو کەسێکی توندوتیژیش دەردەکەوێ، کاتێ بەتوندی تۆڵە لە (لەشکریی) دەکاتەوە.[٧٧] لەکاتێکدا یەکێک لەنووسەران وەکو بڕوادار و نیشتمانپەروەر و هەژاردۆست وەسفی دەکات،[٧٨] وەکو دەسەڵاتدارێکی دادپەروەریش ئاماژەی بۆ دەکرێ.[٧٩] بەڵام سەرچاوە ڕەسەنەکان لەم بارەیەوە زانیاریی زۆرتر و وردترمان دەدەنێ، تەنانەت باسی شێوە و ئاکار و هەڵسوکەوتیشی دەکەن.

سەبارەت بەناوەکەی دیارە لەبنەڕەتدا (خانزادە)یە، چونکە هەرسێ سەرچاوەی ڕەسەن، کە باسی ئەویان کردووە هەر بەمە ناوی دەهێنن، بەڵام بە پاشگر و نازناوی جیاواز؛ سەرچاوە فارسییەکە بە «خانزادە خانم»[٨٠] و دوو سەرچاوە عوسمانییەکەش بە «خان زادە


دیمەنێک لە پاشماوەی قەڵای خانزاد لە هەریر



خاتوون»[٨١] و «خانزادە سوڵتان»[٨٢] ناوی دەبەن. بێگومان بێجگە لە نازناوەکان، کە یەکەم و دووەمیان ئاماژەن بۆ خانەدانی و سێیەمیشیان واتای دەسەڵاتدارییە، خودی ناوەکەش ڕەهەندێکی خانەدانیی هەیە. چونکە لە دوو وشەی لێکدراوی (خان) و (زادە) پێکهاتووە.

یەکەمیان زاراوەی (خان)ـە کە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی تورکییە و کورتکراوەی وشەی (خاقان)ی مەغۆلییە. لەم سەردەمەدا وەکو نازناوێک بۆ سوڵتان و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانیش بەکاردەهات.[٨٣] وشەی دووەمیش واتای (نەوە) یان (وەچە) دەبەخشێ. کەواتە ناوەکە دەبێتە (وەچەی خانان) یان (نەوەی خانان)

سەبارەت بە ئاکار و ڕەوشتەکانیشی (ئەولیاچەلەبی) گەواهی لەسەر ئازایەتی (خانزاد) دەدات و ئاماژە بەوە دەکات، کە خۆی سەرکردایەتی لەشکری سۆرانی دەکرد و لەشاڵاوەکانی سەر ئێران بەشداری دەکرد. بەڵام دیارە مەبەستی بووە، کە دەموچاوی دەرنەکەوێ بۆیە «پەچەی بەڕووی داداوە و چەفیە ڕەشەکەی ]بەژێر گەردەنیدا سووڕاندۆتەوە[و لە گوارەکی بەستووە« ئینجا بەسواری ئەسپ لەمەیداندا هاتووچۆی کردووە.

(ئەولیاچەلەبی) لەکۆتاییدا دەنووسێ: «ئەو خانمێکی ئازا بوو تا ئەو ڕاددەیە بۆیە بووەتە یاسا کە دوو حکومەت[٨٤] بدرێتە ئافرەتێکی بێوەژن لە وڵاتی شارەزووردا».[٨٥] کەواتە هۆکاری فەرامۆشکردنی ئەو یاسایەی کە دەڵێ نابێ حوکمڕانی حکومەتە کوردییەکان بدرێتە بێوەژن، هەر ئەم ڕۆڵ و ئازایەتییەی (خانزاد) بووە.

سوپاداری و لەشکرکێشییەکانی (خانزاد) لەلایەنی بەرانبەریش دووپاتکراوەتەوە و دوژمنەکانی دانیان پێداناوە. ئەوەتا (ئەسکەندەر بێک تورکمان) هەرچەندە وەکو نەریتی خۆی بەشێوەیەکی ناشیرین وەسفی (خانزاد) دەکات بەوپێیەی دوژمنی بووە، بەڵام بەناچاری لە بارەیەوە دەنووسێ: «خۆی بەژێرمەندی زەمان و ئازاترینی ئازایانی ڕۆژگار دەژمارد، هەمیشە لەو کارانەی کە پەیوەندییان بەژنانەوە نەبوو دەستپێشخەر بوو. هاوشێوەی گەنجانی دلێر سوارچاکی و تیردان بەندی ]هەڵگرتنی هەگبەی تیر یان فیشەک[ و بەیدەق ئەندازی ] نیشانە شکێنی[ دەکرد و دەچووە ڕاووشکار» کاتێکیش کە باسی دەسەڵاتداری ئەو دەکات، دەڵێ: «بە لەخۆبایی و سەرەڕۆیی نەفسی ئەممارە ]دەروونی خراپەکارانە[ بووە سوپادار و لەشکرکێشی ئەو تایەفەیە...».[٨٦]

«یەکەم ناوهێنانی خانزاد لەسەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ماوەیە و هەر لەمیانەی ڕووداوی یاخیبوونی بەکر سوباشی دایە»

## ڕۆڵی خانزاد لە مێژووی سۆران و ناوچەکە

سەبارەت بەڕۆڵی (خانزاد) و کار و کردەوەکانی، ئەوەی لەدەقە زارەکی و ژێدەرەکان دەخوێندرێتەوە بە زۆری ئەوەیە، کە ئەو ماوەیەک حوکمڕانی سۆرانی کردووە[٨٧] و لەو ماوەیەدا کە گوایا حەفت ساڵی خایاندووە،[٨٨] توانیویەتی هەندێ کاری ئاوەدانکاری و قایمکاری لەمیرنشینەکەدا بکات[٨٩] و ئاسایش و سەقامگیری بسەپێنێ.[٩٠] هەرچەندە ئەمانە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی بەردەستمان دووپات نەکراونەتەوە، بەڵام دەکرێ بەڕاست وەریان بگرین. چونکە دژایەتییان نییە لەگەڵ زانیاریی ئەو سەرچاوانە و ناوبانگی باشی (خانزاد) لە کۆیادەوەری خەڵکی ناوچەکە ماوە و تەنانەت هەندێک قەڵا و شوێنیش تا ئێستە ناوی ئەویان بەسەرەوە ماوە؛ وەکو قەڵای خانزاد لەبناری چیای هەریر و پێچەکانی خانزاد لەڕێگەی نێوان هەولێر- پیرمام لە نزیک بەستۆرە. هاوکات لەگەڵ ئەمە، ناتوانین هەندێک هەڵوێست و کرداری دی بەڕاست دابنێین، کە لەم ژێدەرانە دراونەتە پاڵ (خانزاد) بەتایبەتی کاتێک باسی ئەوە دەکرێ، کە ئەو وەکو پەرچەکردارێک بەرانبەر کوشتنی (سلێمان بەگ) لەعوسمانییەکان یاخیبووە و بڕیاری شەڕکردنی داوە لەدژیان.[٩١] چونکە لەسەرچاوە ڕەسەنەکان بۆمان بەدیار دەکەوێ، کە بە پێچەوانەوە (خانزاد) لەبەرەی عوسمانییدا بووە و شەڕی لەگەڵ سەفەوی کردووە.


بەر لەوەی باسی ڕۆڵی (خانزاد) بکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو تاکە میری سۆرانی نەبوو

لەسەردەمی خۆیدا، چونکە هاوکات لەگەڵ ناوی ئەودا ناوی (میرە بەگ)ی سۆرانیش لەیەکێک لە سەرچاوەکان دەهێنرێت، تەنانەت بە یەکەوەش ناویان دێ؛ وەکو لەهەمان سەرچاوەدا نووسراوە «کوردەکانی خان زادە و میرە بەگ».[٩٢] بێگومان ئەمەش ئاساییە، چونکە پێشتر ئاماژەمان بەوە دا، کە لەم ماوەیەدا بێجگە لە میری سەرەکی میرنشینی سۆران، کە بەزۆری لەهەریر حوکمڕانی دەکرد، میری تری سۆرانی هەبوون کە دەسەڵاتی ناوچەی دیکەیان بەدەستەوە بوو، وەکو کۆیە، یان دوین. بەڵام دەتوانین لەوە دڵنیابین کە (خانزاد) میری سەرەکی میرنشینەکە بووە، نەک (میرە بەگ) یان کەسێکی دی کە لەوانەیە ناوی لەسەرچاوەکان نەهاتبێ. چونکە لەنێو زانیاریی سەرچاوە ڕەسەنەکان هەندێک بەڵگەمان لەم بارەیەوە دەست دەکەوێ؛ یەک لەوانە ئەوەیە، کە (ئەسکەندەر بێک تورکمان) بەزمانی فارسی بە «ملکەء آنملک» واتە (شاژنی ئەم موڵکە) ناوی دەبات. دیارە مەبەست لەم (موڵک)ـەش «ویلایەتی سۆران»ـە کە چەند دێرێک پێشتر ناوی هاتووە و نووسراوە «پەیوەستە بەکوردانی سەر بە عوسمانیی و ئەو کوردە نێوبراوانەش بە هۆزی سۆران بەناوبانگن».[٩٣]

کەواتە ئەو بە (شاژنی سۆران) داندراوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی تەواوی ئەو بەسەر میرنشینەکەدا. ئەمە لەلایەن (ئەولیاچەلەبی)ش پشتڕاست دەکرێتەوە کاتێک دەڵێ: «خانزادە سوڵتان بووە سەرداری ویلایەتی حەریر و سۆران».[٩٤] سەبارەت بە زاراوەی (ویلایەت) ئاشکرایە، کە لێرە مەبەست لێی میرنشین، یان قەوارەیەکی کوردییە. چونکە لەسەرچاوە عوسمانیییەکان و تەنانەت لە هەندێک بەڵگەنامەی فەرمیش هەندێک جار زاراوەی ویلایەت بۆ ئاماژەدان بە میرنشینە کوردییەکان بەکاردەهات.[٩٥] ئەمە لە کاتێکدا، کە لەبنەڕەتدا خودی ئەم زاراوەیە لەپاڵ زاراوەی (ئیالەت) بۆ گەورەترین یەکەی کارگێڕی لەدەوڵەتی عوسمانییدا بەکاردەهێنران.[٩٦] بەڵام کە نەنووسراوە (ویلایەتی سۆران) و نووسراوە (هەریر و سۆران) ئەمە لەبەرئەوەیە، کە لەم سەردەمە میرنشینی سۆران لەڕووی کارگێڕییەوە بە دوو لیوا، یان لیوایێکی دوو بەش ئەژمار دەکرا، ئەگەرچی بەزۆریش هەر پێکەوە لکێنرابوون. مەبەستیش لە (سۆران) لیوای (دوین)ـە. چونکە لە لیستی یەکە کارگێڕییەکانی ئەم ماوەیە بەزۆری بە (هەریر و دوین) ناویان دەهێنرێ.[٩٧] دیارە هەردووکیشیان لەم ماوەیەدا پایەی (حکومەت)یان هەبوو، بۆیە خودی (ئەولیاچەلەبی) دواتر دەڵێ (خانزاد) «دوو حکومەتی پێدراوە».[٩٨] لە ڕاستیشدا بە هەردوو لیوا، یان حکومەت میرنشینی سۆرانیان پێکدەهێنا. کەواتە (خانزاد) هەردوو بەشە سەرەکییەکەی سۆرانی لەژێر دەست بووە، حوکمڕانییەکەشی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەفەرمی دانپێدانراو بووە. بۆیە لەڕووداوەکانی ئەم ماوەیەشدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە.

لەساڵی ١٦٢١دا کاتێک بزووتنەوەکەی (بەکر سوباشی) لە ئیالەتی بەغدا سەری هەڵدا (خانزاد) تەبای سەرکردە و بەرپرسانی عوسمانیی لە ناوچەکە (هەردوو والی شارەزوور و مووسڵ و میری بادینان) هەواڵی ئەم بزووتنەوەی بە بەرپرسانی باڵای دەوڵەت ڕاگەیاند. ئەم سەرچاوەیەی، کە ئەم زانیارییەی تێدا هاتووە، نووسیویەتی: «خانزاد خاتوون و کوردانی سۆران».[٩٩] کەواتە لەلایەک (خانزاد) وەکو سەرتۆپی کوردانی سۆران ناوی براوە، لەلایەکی دیش ناوی لەڕیزی سەرکردە دیارەکانی ناوچەکەدا هاتووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێگەی گرنگی ئەو لەنێوچەکە و دانپێدانانی لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە.

لەساڵی ١٦٢٣دا کاتێک دەوڵەتی سەفەوی بەغدای داگیرکرد و بەرەو باکوور فراوانخوازی کرد، (خان ئەحمەد خان)ی میری ئەردەڵانیش، کە لەگەڵ لەشکری سەفەوی هاودەست بوو، شاری کەرکوکی گرت.[١٠٠] دواتر هەوڵیدا میرنشینی سۆرانیش داگیربکات، سەرەتا شاڵاوی بردە سەر ناوچەی حوکمڕانی (میرەبەگ) و چەند جارێک لەزێی بچووک[١٠١] پەڕییەوەو چەند شەڕێک ڕووی دا. بەڵام «خانزادە خاتوون بەخۆی و شوێنکەوتووانی لەدژی وەستان و



“

سەبارەت بە ناوەکەی دیارە لەبنەڕەتدا (خانزادە) یە، چونکە هەرسێ سەرچاوەی ڕەسەن، کە باسی ئەویان کردووە هەر بەمە ناوی دەهێنن

”




توانی شکستی کوردانی ئەحمەد خان و قزلباش بدات، کە تێکشکان و ڕایانکرد»، بەپێی گوزارشی (عەبدولقادر ئەفەندی).[١٠٢] ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە دەیسەلمێنێ (خانزاد) میری سەرەکی سۆران بووە و خەمخۆری ناوچەکانی میرەکانی دیکەی سۆرانیش بووە. هەروەها جەربەزەیی و لێهاتوویی ئەو لەڕووی سەربازییەوە پیشان دەدات.

سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم ماوەیە، جێگەی سەرنجە، کە هەندێک سەرچاوەی تایبەت بەمێژووی ئەردەلان باسی ئەوە دەکەن، کە (خان ئەحمەد خان) چەند ناوچەی باشووری کوردستانی گرتووە کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانیی بوون، لەنێویشیاندا ناوچەکانی میرنشینی سۆران.[١٠٣] هەروەها (لۆنگریگ)یش باسی ئەم سەرکەوتنانەی (خان ئەحمەد خان) دەکات؛ بەڵام دەڵێ نەمانی حوکمڕانی بنەماڵە خۆجێییەکان لەم ناوچانە ماوەکەی کورت بوو. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە میری ئەردەلان نەیتوانیوە لەم دەڤەرانە دەسەڵاتەکەی بەتەواوی بچەسپێنێ.[١٠٤] کەواتە ئەگەر ئەوەش بەڕاست دابنێین کەمیرنشینی سۆران لەم ماوەیە لەلایەن (خان ئەحمەد خان) داگیرکراوە،[١٠٥] ئەوا لەوە دڵنیاین، کە ئەمە زۆری نەخایاندووە. بەتایبەتی، کە دەبینین دوای چەند ساڵێکی کەم (خانزاد) هێرش دەکاتەوە سەر هێزەکانی ئەردەلان لە کەرکووک و دەیەوێ لەوێش دەریان بکات.

توانا سەربازییەکانی (خانزاد) لەلایەن (ئەولیاچەلەبی)ش گەواهی لەسەر دەدرێ؛ ئەم گەڕیدە عوسمانییە دەڵێ ئەو (١٢) هەزار تفەنگچی و (١٠) هەزار سوارەی هەبوو، خۆشی بەسواری ئەسپ لەمەیدان دەسووڕایەوە. دیارە ئەم هێزانەشی هەر بۆ بەرگریکردن لەمیرنشینەکەی بەکارنەهێناوە، چونکە (ئەولیاچەلەبی) دەڵێ: «ئەم خانمە چەند جارێک بەسەرکردایەتی نزیکەی (٤٠-٥٠) هەزار سەرباز شاڵاوی بۆ وڵاتی عەجەم ]ئێران[ بردووە و شارەکانی هەمەدان و دەرگەزێن و جەم- جەنابی تاڵانکردووە و بەسەلامەتی و دەستکەوتەوە گەڕاوەتەوە ویلایەتی سۆران».[١٠٦] هەرچەندە لەوانەیە زێدەڕۆیی هەبێ لەژمارەی سەربازەکانی، بەڵام مەسەلەی هێرشی (خانزاد) بۆ سنووری دەسەڵاتی سەفەوی لەلایەنی سەفەویش پشتڕاست دەکرێتەوە. چونکە (ئەسکەندەر بێک تورکمان) ئاماژە بەوە دەدا کە «بێ سەروبەری زۆر لەئەنجامی ئەو...] لێرە قسەی ناشیرین بە (خانزاد) دەڵێ[ لەم سنووره پەیدابوو».[١٠٧]

تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ئەم هەڵوێستە توندەی خانزاد لەهەمبەر دەوڵەتی سەفەوی و شاڵاوی بەگوڕوتینی بۆ سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە، لەوانەیە بەمەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی (عومەر بەگ)ی باوکی بێ، کە لەلایەن سەفەوییەکانەوە کوژرابوو. دیارە نیازی ئەوەشی هەبووە، کە درێژە بەڕێبازی باوکی بدا، کە بووە قوربانی ململانێی عوسمانیی – سەفەوی. لەڕاستیدا زۆری نەمابوو خانزادیش سەری لەم ڕێیە دابنێ. چونکە هەر (ئەسکەندەر بێک تورکمان) لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٢٩ باسی هێرشی سۆران دەکات بەسەرکردایەتی (خانزاد) بۆ سەر کەرکووک، کە هێشتە لەژێردەستی ئەردەلان و سەفەوی مابوو. بەڵام دیارە سەرئەنجامی هێرشەکە بۆ (خانزاد) و هێزەکانی باش نەبووە؛ چونکە هێزەکانی ئەردەلان بەسەرکردایەتی (خان ئەحمەد خان) ڕووبەڕوویان بوونەوە و شکستیان پێهێنان، تەنانەت خودی (خانزاد)یش بە دیل گیرا. بێگومان سەرکردایەتیکردنی لەشکرێک لەلایەن ئافرەتێک و دواتر بە دیل گیرانی، مەسەلەیەکی ناوازە و جێگەی سەرسوڕمان بووە. بۆیە (خانزاد) گەیەندرایە دەرباری سەفەوی لە ئەسفەهان. بەڵام (شا سەفی) هەڵوێستێکی جوامێرانەی پیشان داوە، ئەمە بەگوتەی مێژوونووسی ناوبراو، کە دەڵێ: «هەرچەندە شایستەی هەموو سزایەک بوو، بەڵام چونکە تۆڵەسەندنەوە لەحورمەیەک لە تەرازووی پیاوەتی و جوامێری نایەتە کێشان، حەزرەتی خاقانی سەرکەوتوو پەردەی دڵنەرمی و بەزەیی لەڕووخساری حاڵی لادا و بۆ پاراستنی ئابڕووی ئەو بە تەواوی بایەخی داو لە کەموکووڕییەکانی بووری و خستیە بەر چاکە و دلۆڤانی خۆی». سەرەنجام (خانزاد) پەشیمانی

> ”
> ئەم هەڵوێستە توندەی خانزاد لەهەمبەر دەوڵەتی سەفەوی و شاڵاوی بەگوڕوتینی بۆ سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە، لەوانەیە بەمەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی (عومەر بەگ)ی باوکی بێ، کە لەلایەن سەفەوییەکانەوە کوژرابوو
> “



پیشان داو دواتر ڕێگەی پێدرا بچێتەلای بنەماڵەی (خان ئەحمەد خان) و لەوێشەوە هەرکاتێ بیەوێ بچێتەوە وڵاتی خۆی.[١٠٨]

هەرچەندە ئەم زانیارییەی سەرەوە لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا نەبینراوە، بەڵام ئەمە لەبایەخ و دروستی زانیارییەکە کەم ناکاتەوە. چونکە (ئەسکەندەر تورکمان) لەسەروبەندی ئەم ڕووداوە مێژوونووسی فەرمی (شا سەفی) بووە و ئەگەری زۆریشی هەیە لەو دەمەدا لە دەرباردا ئامادە بووبێ و خۆی (خانزاد)ی بینیبێ. بۆیە ئەو ئاگاداری ڕووداوەکە بووە و مێژوونووسانی عوسمانییش لێی بێ ئاگا بوون، بۆیە نەیاننووسیوە. بەڵام بەهۆی زانیارییەکی مێژوونووسێکی عوسمانیی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خانزاد بەڕاستی ئازادبووەو دوای ئەم ڕووداوە گەڕاوەتەوە سۆران وپێگەو دەسەڵاتی خۆی وەرگرتۆتەوە. ئەم زانیارییە دەگمەنە کە لەکتێبەکەی (عەبدولقادر ئەفەندی) دا تۆمارکراوە، بەڵگەی ئەوەش بەدەستەوە دەدا، کە خانزاد تا ساڵی ١٦٣٩ لەژیاندا مابووە و هەر حوکمڕانی سۆرانی کردووە. چونکە ئەم مێژوونووسە لەڕووداوەکانی ئەم ساڵەدا باسی ئەوە دەکات کە «کوردەکانی خان زادە و میرە بەگ ئازوقەیان بۆ لەشکری هومایۆنی هێناوە« دوای پەڕینەوەی لەپردێ (ئاڵتون کۆپری) ئەم لەشکرە کە بەسەرکردایەتی مستەفا پاشای سەدری ئەعزەم بووە، بەشداری لەگرتنەوەی بەغدا کردبوو. لەڕێگەی گەڕانەوەشیدا چەند ڕۆژێک لەکەرکووک مابۆوە ئینجا لەپردێ پەڕیوەتەوە، دواتریش لەزێی گەورە پەڕییەوەو چووە نێو قەڵای مووسڵ.[١٠٩] وەکو زانراوە سوڵتان مورادی چوارەم دوای گرتنەوەی بەغدا لەساڵی ١٦٣٨دا و گەڕانەوەی لەساڵی دواتر، بەشێکی لەشکرەکەی لەژێر سەرکردایەتی سەدری ئەعزەم لەم شارە جێهێشتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەوەی کاروباری ئەیالەتی بەغدا.[١١٠] ئەم لەشکرەش هەر لەو ساڵەدا بەنێوچەکانی باشووری کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ ئیستانبوڵ. کەواتە ئەم ئازوقەیە لەو کاتەدا گەیشتۆتە لەشکرەکە، کە لە هەولێر و قەڵەمڕەوی سۆران نزیک بۆتەوە. بێگومان ئەم زانیارییەش ئەوە دەردەخات، کە خانزادی سۆران دوای ئازادبوونی لە دیلی هەر بە لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانیی ماوەتەوە و بەهەموو جۆرێک پشتیوانی لێ کردووە.

لەوانەیە ڕۆڵی (خانزاد) و بەشداری ئەو لەڕووداوەکانی سۆران و ناوچەکەدا لەوە زیاتربێ کە باسمان کرد، بەڵام ئێمە لەسەرچاوەکاندا هەر ئەوەندەمان دەستکەوت. هەروەها زانیاریشمان لەبارەی چارەنووسی ئەو نییە، بۆیە نازانین دوای ئەم ڕووداوەی دوایی چی بەسەرهاتووە. سەرەڕای ئەمەش (خانزاد) بەو ئاکار و ڕۆڵە سیاسی و سەربازییەی، کە لەنێو مێژووی کورد هەیبووە، بووەتە سیمبولی ئافرەتی کورد و هەمیشە وەکو ژنێکی سەرکردەی ئازا و لێهاتوو ناوی دەبرێ.

## پوختەی توێژینەوە

بەهۆی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی، کە لەم دواییانەدا زانیاریمان لەبارەی خانزاد تیایاندا دۆزیوەتەوە، بۆمان بەدیارکەوت، کە (خانزاد) کچی (عومەر بەگ)ی میری سۆرانە و دوای کوژرانی باوکی لەساڵی ١٦١٧دا، لەم میرنشینە دەسەڵاتی وەرگرتووە و بەلایەنی کەم (٢٢) ساڵ حوکمڕانی کردووە، چونکە تا ساڵی ١٦٣٩ لەحوکمڕانیدا ماوە. هەر ئەم سەرچاوانەوە بۆمان بەدیار دەخەن، کە ئەو لە بنەڕەتدا ناوی (خانزادە) بووە و بەنازناوەکانی (خان) و (خاتوون) و (سوڵتانە)ش بانگ کراوە. چەندین زانیاریمان لەبارەی ئاکارو ڕەوشتەکانی پێدەدەن و بەگشتی گەواهی لەسەر ئازایەتی (خانزاد) دەدەن و ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕۆڵی بەرچاوی لەڕووداوەکانی سەردەمی خۆیدا هەبووە؛ دیارە ئەو تاکە میری سۆرانی نەبووە لەو سەردەمەدا، بەڵام میری سەرەکی میرنشینەکە بووە، بۆیە بەتوندی بەرگری لێ دەکرد. پەیوەندیشی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانییدا باش بووە و بەفەرمی دانیان بەدەسەڵاتەکەی ئەودا ناوە، بۆیە بەهەموو جۆرێ پشتیوانی لەم دەوڵەتە دەکرد و تەنانەت خۆی سەرکردایەتی لەشکری سۆرانی دەکرد و لە شاڵاو بردنەسەر ئێران بەشداری دەکرد.

**«هەرچی (موکریانی)یە ئاماژە بەوە دەکات کە (خانزادە خاتوون) خوشکی (سلێمان بەگ)ەو دوای (عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ) بووەتە فەرمانڕەوا»**



## پەراوێز وسەرچاوەکان:

١. بڕوانە: شرفخان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا احمد الروژبياني، ط٢، مؤسسة موكرياني، اربيل ٢٠٠١، ص٤٥٣- ٤٥٦.

٢. بڕوانە: شهاب الدين إبن فضل الله العمري (ت ٧٤٩هـ/ ١٣٤٩م)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تحقيق: مهدي النجم، مج٢، ج٣، دار الكتب العلميه، بيروت ٢٠١٠، ص١٩٩؛ أبي العباس أحمد القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشا، ج٤، المطبعة الأميرية، القاهرة ١٩١٤، ص٣٧٥- ٣٧٦؛ هەروەها بڕوانە: د. زرار صديق توفيق، القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، اربيل ٢٠٠٧، ص١١٤-١١٥.

٣. بڕوانە: د. سەعدی عوسمان هەروتی ، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران ودەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەمدا، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بەدەوڵەتبوون لە مێژووی کوردا ١٩-٢٠ ئایاری ٢٠١٦/ ڕواندز) هەولێر ٢٠١٧، ل١٣-١٥.

٤. Ismail Hakki Uzuncarsili, Osmanli tarihi, Mehdi ilhan, ;٢٧٥.s ,١٩٩٥ Ankara ,٢ cilt detailed register, ١٥١٨ / (Amed (Diyarbakir .pv ,٢٠٠٠ Ankara

٥. ئەمە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە بوو کە میرو سەردارانی کورد لەگەڵ سوڵتانی عوسمانییان کردبوو. لەم بارەیەوە بڕوانە: د.سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی رامیاری وکۆمەڵاتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر ٢٠١٣، ل٣٢- ٣٦.

٦. لەبارەی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بڕوانە: د. سەعدی هەروتی، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران ...، ل١٦- ١٨.

٧. شرفخان البدليسي، م. س، ص٤٦٢- ٤٦٣.

٨. بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن ١٠هـ ١٦م، مج١، استانبول ٢٠١٠، ص٢٤٩.

٩. شرفنامه، ص٤٦٢- ٤٦٤.

١٠. بۆ چەند نمونەیەک لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٣٦.

١١. بڕوانە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، منشورات وزارة الثقافة، اربيل ٢٠٠٨، ص٢١٤، ٢١٥-٢١٦.

١٢. م. ن ، ص٢٠٨- ٢١١.

١٣. شرفخان البدليسي، م. س، ص٤٦٤- ٤٦٥؛ عماد عبدالسلام ، دراسات وثائقية...، ص٢٠٦، ٢٠٧، ٢١١- ٢١٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەعدی هەروتی ، پەیوەندی نێوان ...، ل٢٦.

١٤. بڕوانە: شرفخان البدليسي، م. س، ص٢٦٦، أنور المايي، الاكراد في بهدينان، ط٢، مطبعة خبات، دهوك ١٩٩٩، ص١٢٨.

١٥. بەگوتەی (شەرەفخان) لەهەموو ئەو ماوەیەدا تەنیا ڕکابەرێکی بۆ پەیدابوو، ئەویش (قوباد بەگ) بوو کە یەکێک بوو لەکوڕە مامەکانی. بەڵام لەساڵی ١٥٨٥دا کوشتی. بڕوانە: شرفنامه، ص٤٦٥- ٤٦٦.

١٦. بڕوانە بەڵگەنامەکان لە: عماد عبدالسلام ، دراسات وثائقية...، ص٢٠٦- ٢٠٩، ٢١٢- ٢١٣.

١٧. لەم بارەیەوە بڕوانە: والتر ج. اونج، الشفاهية والكتابية، ت: د. حسن البنا عزالدين، مراجعة: د. محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة ١٨٢، الكويت ١٩٩٤، ص١٠٧؛ ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، ساغکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: عەلی نانەوازادە، هەولێر ٢٠١٣، ل٣٦، ٤٠.

١٨. بۆ نمونە بڕوانە: ئۆسکارمان، س. پ، ل٣٧٩؛ ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری/ کۆبەرهەم، هەڵسەنگاندن: مومتاز حەیدەری، هەولێر ٢٠١٥، ل٣٣.

١٩. بڕوانە دەقی بەیتەکە لە: ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری...، ل٣٣-٤٠. هەروەها: ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران مێردی کردووە؟!، گۆڤاری (کاروان) ژ (٧٦) ساڵی (٧) حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٥٥- ٥٦. دیارە ئەم نووسەرە زۆر پشتی بە نامیلکەیەکی (محەمەد تۆفیق ووردی) بەناونیشانی (خانزاد ولەشکری) بەستووە، کە بەداخەوە من نەمتوانی بەدەستی بخەم. بۆیە دەتوانم بڵێم لەڕێی نووسینەکانی ئەم نوسەرە سوودم لەم نامیلکەیەش وەرگرتووە.

٢٠. بڕوانە: حەمە کەریم ڕەمەزان، شەوێک لەژیانی خانزاد، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٧.

٢١. بڕوانە دەقی ئەم بەیتە لە: ئۆسکارمان، س. پ، ل٣٧٩- ٣٨٠.

٢٢. ئەمە ڕووداوی گرتنی قەڵای (دمدم)ی مەڵبەندی میرنشینی برادۆستە لەلایەن لەشکری سەفەوی لەساڵی ١٦٠٩دا. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم/ مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ٣، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٨٠- ١٠٤.

٢٣. دواتر لەمیانەی باسەکاندا ناوی دەهێنین.

٢٤. محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، خانی لەپ زێڕین وقەڵای دمدم، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ (١٠٥) ساڵی ١٩٨٥، ل٢٣٤.

٢٥. محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، خانی لەپ زێڕین وقەڵای دمدم، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ (١٠٣- ١٠٤) ساڵی ١٩٨٤، ل٢١٠، ٢٢٦- ٢٢٧.

٢٦. بڕوانە: شرفخان البدليسي، م. س، ص٤٦٧.

٢٧. بڕوانە: ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری...، ل١٤٤- ١٤٥؛ جلال ملاحسن خۆشناو، سێ بەیتی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی ١٩٨٤، ل١٧، ٢٢.

٢٨. باڵەک: هۆزێکی گەورەیە لەکوردستانی باشووردا، ناوچەی نیشتەجێبوونی لە دەوروبەری ڕواندزەوە درێژدەبێتەوە تا ڕایات لەسەر سنووری ئێران. بڕوانە: عباس العزاوي، عشائر العراق، ج٢ الكردية، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٤٧، ص١٣٩.

٢٩. بڕوانە: ئۆسکارمان، س. پ، ل١٥٤، ١٦٩- ١٧٥.


٣٠. شایانی باسە نووسەرێکی فۆلکلۆردۆستیش ئەمە ڕەتدەکاتەوە. بڕوانە: ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران ...، ل٥٩.

٣١. بڕوانە: هـ س، ل ٥٧- ٥٨.

٣٢. بڕوانە: محمد أمين زكي، مشاهير الكرد وكردستان، (ألآثار الكاملة للمؤرخ الكردي محمد امين زكي/ إعداد: رفيق صالح)، ج٢، (بنكەی ژین)، السليمانية ٢٠٠٥، ص٤٣٦.

٣٣. م. ن، ص٤٣٦.

٣٤. ئێستا ئەم قەڵایە نۆژەنکراوەتەوەو دەکەوێتە نزیک پیرمام لەسەر ڕێگای نێوان هەولێر –پیرمام. بەڵام پێناچێ قەڵای بانەمان هی سەردەمی خانزاد بێ، بەتایبەتی کە ناوی ئەویشی پێوە نیە. دیارە هەر لەو ڕێگایە لەو شوێنەی کەپێی دەگوترێ پێچەکانی



خانزاد قەڵایەکی تر هەبووە بەناوی (قەڵای خانزاد). چونکە خودی (موکریانی) لەشوێنێکی تر ئاماژە بەم قەڵایەی دوایی دەکات و دەڵێت: «لەهەولیر کە دەرکەوتی و لەگوندی مەلا اوومەر تیی بەری دەگەیە سەر قوچکەیەکی دەتەوی بە دیوی بەستورەدا آوابی، بەو جیگایە دەبیژری (قەڵای خان زاد) نەنیشانەی ماوە، نەدیوار! تەنیا کەلەکە بەردی نیو زەویەکان دە بەرچاون». داماو، آوەدانیکی کاوول بو، گۆڤاری (دەنگی گێتی ی تازە)، ساڵی سێیەم، بەرگی ٦، ژمارە ٢٨، ٨ی تەموزی ١٩٤٦، ل٥٦٥.

٣٥. لەشوێنێکی تر دەڵێ ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک گەلاڵەو ناوپردان. بڕوانە: هـ س، ل٥٦٨.

٣٦. حسین حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٦٢، ل١٤.

٣٧. أ. م. هاملتن، ڕێگایەک بەکوردستاندا، و: د.عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣، ل٢١١.

٣٨. دیارە لەم ماوەیەدا ئەم قەڵایە کەمتر وێران بووە، چونکە کاتێ من لەساڵی ١٩٩٣دا بینیم تەنیا چەند ڕیزە دیوارێکی کەمی مابوو. ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی هەریرو دەبێ بەسەر شاخەکەدا سەرکەوی بۆ بینینی. بێگومان ئەمەش زۆر سەختە، چونکە قەڵاکە دەکەوێتە ناوقەدی شاخی بنەی هەریر و تەنیا ڕێڕەوێکی تەنگەبەر و زۆر هەورازی بۆ دەچێ. خەڵکی دەڤەرەکە دەیانگوت کاتی خۆی خانزاد ئەم قەڵایەی وەکو زیندان بەکارهێناوە. ئەوانیش هەر بە (قەڵای خانزاد) ناویان دەبرد.

٣٩. بڕوانە: لە«عەممان»ەوە بۆ «ئامێدی»/ گەشتێک بەکوردستانی باشووردا، و: تالیب بەرزنجی، سلێمانی ٢٠٠٠، ل١٥٢.

٤٠. هـ س، ل١٥٣.

٤١. بڕوانە: عثمان عبدالرحمن سمایل، إمارة سوران منذ بداية القرن الثامن عشر حتى عام ١٨٣٦م، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، ٢٠٠٩، ص١٣.

٤٢. بڕوانە: مێژووی میرانی سۆران، ل١٤.

٤٣. مەلا خالید فریزی، میرنشینی سۆران ومیر سولەیمان بەگ وخانزاد لەهەریر وەحکومەتی محمد پاشای ڕەواندزی، چاپخانەی بژار، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٥.

٤٤. محمد حسن رازنهان، نقد وبررسی کتاب تاریخ عالم ارای عباسی در نگاهی بەچاپ جدید ان، ص١-٢، باسێکە بەشێوەی (پی دی ئێف) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە بەم لینکە:
.pdf.١٦٨-http://m-hosseini.irghajarticles
(مێژووی سەردانیکردن: ٢٠١٧/٦/١٠)

٤٥. هـ م، ص١.

٤٦. /https://wikifeqh.ir/pdf (مێژووی سەردانیکردن: ٢٠١٧/٦/١٠) محمد یوسف- والە- اصفهانی

٤٧. Abdulkadir) ,١ .Islam ansiklopedisi, cilt ٢٣٤-٢٣٣.Efendi) Maddesi, s
بەشێوەی (پی دی ئێف) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە بەم لینکە:
http://www.islamansiklopedisi.info/dia/
.pdf.c٠١٠٢٨٤/pdf/c٠١ (مێژووی سەردانیکردن: ٢٠١٧/٦/١٠)

٤٨. د. خليل علی مراد، رحلة أولياجلبي مصدرا لدراسة أحوال العراق فی القرن السابع عشر. مجلة (المشكاة) ع(١) س(١) ٢٠٠٤، ص٤٧-٤٨.

٤٩. بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان: سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی، و: ناکام، چ٢، بەغدا ١٩٧٨.

٥٠. بڕوانە: رحلة اولياچلبي في كوردستان عام ١٠٦٥هـ/ ١٦٥٥م، ت: رشيد فندي، دهوك ٢٠٠٨.

٥١. شرفنامه، ص٤٦٧.

٥٢. شایانی باسە (موکریانی)ش ناوی (عومەر بەگ) دەهێنێ، بەڵام هیچ باسی سەردەمی ئەو ناکات لەسۆراندا. بڕوانە: مێژووی میرانی سۆران، ل١٩.

٥٣. أسکندر بیک ترکمان، تاریخ عالم آرای عباسی، چ٢، انتشارات امیر کبیر، چاپخانه گلشن، تهران ١٣٥٠ هـ ش، جلد٢، ص٧٩٢، ٨٠٧، جلد٣، ص٩٢٥.

٥٤. اسکندر بیک ترکمان و محمد یوسف مؤرخ (واله اصفهانی)، ذیل عالم آرای عباسی ، تصحیح: سهیلی خوانساری، چاپخانه اسلامیه، تهران ١٣١٧هـ ش، ص٣٤.

٥٥. Topculer Katibi Abdulkadir (Kadri) Efendi Tarihi (metin ve tahlil), Yayina Hazirliyan: Doc.Dr.Ziya Yilmazer, Turk Tarih Kurumu .٧٧٢.s ,٢ .cilt ,٢٠٠٣ Bsimevi, Ankara

٥٦. مصطفى نعيما، تاريخ نعيما (روضة الحسين فی خلاصة اخبار الخافقين)، ابراهيم متفرقة مطبعەسی، قسطنطينية ١١٤٧هـ مج١، ص٣٧٧- ٣٧٨؛ هاممەر، دولت عثمانية تأريخي، مترجمي: محمد عطا، ج٩، استانبول ١٣٣٠ رومی ، ص١٦، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕووداوانە بڕوانە: د. سعدی عثمان حسين، كوردستان الجنوبية فی القرنين السابع عشر و الثامن عشر، دراسة فی علاقاتها السياسية والادارية والاقتصادية مع إيالتی بغداد والموصل، اربيل ٢٠٠٦، ص٢٢٦-٢٢٩.

٥٧. ,٢ .Topculer Katibi Abdulkadir..., cilt .٧٧٢ ,٧٧٠.s

٥٨. ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٤. ئەو زانیارییانەی کە ئێمە لەو کتێبە وەرمانگرتووە، لەلایەن (ئەسکەندەر بێک تورکمان) نووسراوە، بۆیە لەسەرەوە تەنیا ئاماژەمان بەناوی ئەو داوە و ناوی (محمد یوسف)مان فەرامۆشکردووە کە نووسەری دووەمی ئەم کتێبەیە.

٥٩. ,٢ .Topculer Katibi Abdulkadir..., cilt .١١٢٥.s

٦٠. ئەولیاچەلەبی دوو جار هاتۆتە عیراق و بەناوچە کوردییەکانی نێوان موسڵ وبەغدا تێپەڕیوە؛ جاری یەکەم لەساڵی ١٦٤٨ و جاری دووەمیش لەماوەی ١٦٥٨- ١٦٥٩. بڕوانە: خليل علی مراد، رحلة أولياجلبي ...، ص٥٠.

٦١. Evliyâ Çelebi b. Derviş Mehemmed Zıllî, Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, ٣٠٥ (Topkapı Sarayı Kütüphanesi, Bağdat Numaralı Yazmanın Transkripsiyonu – Dizini), Hazırlayanlar: Yücel dagli - Seyit .٢٩٧.Ali Kahraman, Yapi Kredi Yayinlari, s

٦٢. .٧٧٢.s ,٢ .Topculer Katibi Abdulkadir..., cilt

٦٣. گومان لەوەدا نیە کە ئافرەتێک ببێتە مایەی حەزلێکردن و ویستن، دەبێ تەمەنی لەبیستەکاندا بێ یان ئەو پەڕی سییەکان.

٦٤. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, .٢٩٧.s


٦٥. ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٤.

٦٦. وەکو ئەوەی منداڵەکە کوڕی یان برای (عومەر بەگ)



بێ. کەواتە (خانزاد) ژنی (عومەر بەگ) بێ یان دایکی.
٦٧. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
٦٨. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٢.
٦٩. بروانە: اسکندر بیک ترکمان و محمد یوسف مؤرخ، م. پ، ص٣٤.
٧٠. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٢.
٧١. ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری...، ل٣٤.
٧٢. حسین حزنی موکریانی، س. پ، ل١٤.
٧٣. ئۆسکارمان، س. پ، ل١٦٩.
٧٤. جلال ملاحسن خۆشناو، س. پ، ل٢٢؛ ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران...، ل٥٥.
٧٥. ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران...، ل٥٥.
٧٦. محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، س. پ، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ (١٠٥)، ل٢٣٤.
٧٧. بۆ نمونە (عەلی سەیدۆ گەورانی) دەڵێ: دیواری بەسەر تەرمی لە(شکری)دا هەڵچنیوە. (بڕوانە: لە«عەممان»ەوە بۆ «ئامێدی»، ل١٥٢) لەبەیتێکی فۆلکلۆریشدا باسی ئەوە کراوە کە پارچەپارچە گۆشتی لەلاشەی لەشکری کردۆتەوە تا مردووە. ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری...، ل٣٦.
٧٨. مەلا خالید فریزی، س. پ، ل١٥.
٧٩. ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران...، ل٥٧.
٨٠. ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٣.
٨١. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٢.
٨٢. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
٨٣. لیژنەی مێژوو لە ئەکادیمیای کوردی، فەرهەنگی زاراوە مێژووییەکان، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژ (١٧) ساڵی ٢٠١١، ل٣٤. شایانی باسە سوڵتانەکانی عوسمانیش نازناوی (خان)یان هەبوو، بۆ نمونە دەگوترا (سوڵتان سلێمان خان)، (بڕوانە: محمد فرید بک المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق: د. احسان حقي، دار النفائس، ط١٠، بيروت ٢٠٠٦، ص١٩٨) هەروەها زۆر لە میرە کوردەکانیش بەتایبەتی لەدەوڵەتی سەفەویدا ئەم نازناوەیان هەبوو، لە دیارترینیان (خان ئەحمەد خان)ە کە پێشتر ناومان هێناوە.
٨٤. مەبەستی هەردوو حکومەتی (حەریر) و (سۆران)ە، دیارە لەو سەردەمەدا بە دوو بەشی جیا ئەژمارکراون. هەرچی زاراوەی (حکومەت)ە ئەوا لەسەردەمی عوسمانیدا بۆ ئەو میرنشینە کوردییانە بەکاردەهات کە هەندێ جیاووکی زیاتریان هەبوو لەچاو ئەوانیتر. لەم بارەیەوە بڕوانە: سعدی عثمان حسین، م. س، ص٨٠-٨٢.
٨٥. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
٨٦. ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٣-٣٤.
٨٧. ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری...، ل٤٠؛ جلال ملاحسن خۆشناو، س. پ، ل٢٢.
٨٨. ئەسعەد عەدۆ، ئایا خانزادی سۆران ...، ل ٥٧.
٨٩. حسین حزنی موکریانی، س. پ، ل١٤؛ محمد أمین زکی، مشاهیر...، ج٢، ص٤٣٦.
٩٠. محمد أمین زکی، مشاهیر...، ج٢، ص٤٣٦.
٩١. بڕوانە: عەلی سەیدۆ گەورانی، س. پ، ل١٥٣.
٩٢. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٢, ١١٢٥.
شایانی باسە هەندێ سەرچاوەی تریش ناوی ئەم (میرەبەگ)ە دێنن لەم ڕووداوانەی کە (خانزاد)یش ڕۆڵی تێیاندا هەیە، بەڵام ناوی (خانزاد) نابەن. بڕوانە: هاممەر، م. س، ج٩، ص١١١.
٩٣. ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٣، ٣٤.
٩٤. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
٩٥. د. خلیل علي مراد، الكرد وكردستان فی کتاب «جهان نما» لكاتب چلبي (١٠١٧- ١٠٦٧هـ/ ١٦٠٩- ١٦٥٧م)، اربيل ٢٠١٣، ص٩٢-٩٣.
٩٦. لەم بارەهیەوە بڕوانە: دائرة المعارف الأسلامية (الترجمة العربية)، مج٥، مادة: إيالة (خليل إينالجق)، ص٢٤٦.
٩٧. Halil sahillioglu,Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, Ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt. Liv, sayi ٢١١, ١٩٩٠, s.١٢٤٤, ١٢٥٠.
٩٨. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
٩٩. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٠.
١٠٠. أسکندر بیک ترکمان، م. پ، جلد٣، ص١٠٠٦. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سعدی عثمان حسین، م. س، ص٢٨١- ٢٨٣.
١٠١. لەسەرچاوەکەدا نووسراوە «آلتون صو» بەڵام ئاشکرایە کە مەبەست زێی بچووکە چونکە دەکەوێتە نێوان کەرکوک وناوچەی سۆران.
١٠٢. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.٧٧٢.
١٠٣. بڕوانە: محمد شریف قاضی اردلان، تاریخ کردهای اردلان، تصحیح: سیامند خلیلی، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٩٣هـ ش، ص٣١- ٣٢؛ ماهشەرەفخانم مەستورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، و: د. حسن جاف وشکور مستەفا، چ١، بەغدا ١٩٨٩، ل٥٤-٥٥.
١٠٤. ستيفن لونكريك، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ط٥، دار الرافدين، بيروت ٢٠٠٤، ص٦٤، ٨٦.
١٠٥. بۆیە گومانمان لەسەرچاوەکانی ئەردەلان هەیە، چونکە ئەوان زێدەڕۆیی زۆر دەکەن لەپێداهەڵدان بەمیرەکانی ئەردەلان وکردەوەکانیان. بەجۆرێک گرتنی بەغدا و موسڵیش دەخەنە پاڵ (خان ئەحمەد خان)، (بڕوانە: محمد شریف قاضی، م. پ، ص٣٢؛ ماهشەرەفخانم مەستورەی کوردستانی، س. پ، ل٥٦-٥٨) لەکاتیکدا ئاشکرایە کە ئەم شارانە لەلایەن لەشکری سەرەکی سەفەوی گیراون ومیری ناوبراوی ئەردەلانیش تەنیا بەشێک بوو لەم لەشکرە. بڕوانە: أسکندر بیک ترکمان، م. پ، جلد٣، ص١٠٠٥- ١٠٠٦.
١٠٦. Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi, IV. Kitap, s.٢٩٧.
١٠٧. ( ) ذیل عالم آرای عباسی، ص٣٤.
١٠٨. هـ م، ص٣٤.
١٠٩. Topculer Katibi Abdulkadir…, cilt. ٢, s.١١٢٥.
١١٠. بڕوانە: علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠/ دراسة في احواله السياسية، ط١، الموصل ١٩٨٥، ص٧١.

**• مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر**



# ئایا خانزادی سۆران مێردی کردووە؟!

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٠)وە، خولیای سەربردەی میرانی سۆران بە گشتی و خانزادە خاتوون بە تایبەتی کەوتۆتە سەرم، ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٧ سەردانێکی چیای (بەنی هەریر)م کرد و چەند وێنەیەکی گەلی خانزاد و کۆنە دیوار و قوڵغە سوپاییەکانیم کێشا، سەرەڕای ئەو شوێنەوارانە، کە سەردەمی دروستکردنیان بۆ فەرمانڕەوایی ئەو دەگەڕێتەوە .

لەبەرئەوەی ئایشە گوڵی هەکاری و لەشکرییش دوو بەیت، یان لە سەربردەی تێکهەڵکێشراوی سەربردەی میر سولێمان بەگی سۆرانە، لە ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٢٨ لە زاری عەزیزی شێخ موحەممەد عەزیزی بەیتبێژ ئەم دوو بەیتەم تۆمار کرد، وەک نامیلکە لە ژێر ناونیشانی ( بەیتی ئایشە گوڵ) لە ساڵی ١٩٨٣ ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان چاپی کردووە .

وادیارە ئەو خولیایەم ماوە ماوە سەرهەڵدەداتەوە و ناخم دەبزوێنێ و جڵەوی خۆزگەم بەرەو هەریر و ئەڤینی ئەو شۆخە ناودارەی سۆران دەبا تا ئێستاش لەنێو کوردەواریدا بە بەژن و باڵای خانزادی سۆران هەڵدەگوترێ! ئەگەر بێتو ئافرەتێکی قژ درێژ و جوان لەبەردەم ئافرەتێک، یان پیاوێکی بەساڵاچوو تێپەڕێ لەوە زیاتر ناڵێ: کەزی دەڵێی کەزی خانزادەخانی سۆرانە! خۆ باسی ئەوە هەر ناکرێ لەکاتی لاواندنەوەی بووکێک، یان لە تەمەنی بووکینیدا بێت ئەوە سەردولکە بەسۆزەکەی سەردولکەبێژ ئۆقرە لە پیاو هەڵدەگرێ، کە دەڵێ: وەڵڵا لە چلوچوار کەزی خاتوونە خانزادی سۆرانت دێخمەوە .

ئەگەر بێتو سەرنج بدەینە لاپەڕە حەشاردراوەکانی مێژووی نەتەوەکەمان گەلێ ئافرەتی جوان بەڵکو جوانتر لە خانزادی سۆران بە کارەساتێکی دڵتەزێن لەنێوچونە، هەروەها سەربردەی لەنێوچوونی میر سولێمان بەگی برای خانزادیش کەچی نێوی زۆربەیان بزرە بە بۆچوونی خۆم ئەگەر پیلانی لەشکریی دژ بە میر سولێمان نەبووایە ئەو پیاوماقوڵەیش وەکی هەزارانی دیکە نێوی وون دەبوو بەڵام جۆری لەنێوبردن و بەدفەڕی لەشکریی لەو کارەساتە دڵتەزێنە بووەتە هۆی ئەوەی، کە ئەو خەڵکە بە دڵسوتاوی بەندوباویان پێدا هەڵگوتووە و تا ئەورۆ دانیشتنی بەرئاگردانی شەوانی زستانی پێ گەرم دەکرێتەوە. ئاوایش بۆ خاتوو خانزاد ئەگەر بێتو ئەو کچە نەشمیلانە شووی بکردبوایە و خێزانی پێک بهێنابوایە بەهیچ جۆرێک نەدەبووە کەسەری ئەم و ئەو! خۆ نەچووە بچێ ئێستایشی لە گەڵدابێ سۆزی پێهەڵدانی ئەو کچە بەسۆزترە، کە تازە بووکە، یان تازە نەمامە و جوانەمەرگ دەبێ، لە هەموو لایەکەوە گوێت لەوەدەبێ، نەیدیت و بە مرازی خۆی نەگەیشت .

خانزادە خاتوون کچی شاقولی بەگی سولێمان بەگی میر سەیدی بەگە، واتە تاکە خوشکی میر سولێمان بەگی شاقوڵی بەگی سۆرانە (؟ -١٥٩٠) زاینی، کاتێ لەشکریی پیلانی تۆڵەکردنەوەی بۆ دادەنێتەوەو لەنێوی دەبا و ئەوبارە نائەموارەی سۆران دەکەوێتە ئەستۆی خاتوو خانزادی خوشکی هەرچەندە مێژوونوسی کورد حوزنی موکریانی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات، کە عەلی کوڕی میر سولەیمان لە شوێنی باوکی دادەنیشێ، کەچی گومانیش هەیە، باشتر وایە بڵێین گومان لە وجاخ کوێری منداڵ هەبوونی میر سولەیماندا هەیە، ئەگەر وابێ عەلی کوڕی لە جێگای دانیشتبێ ئەوە لەوە دڵنیاین، کە تەمەنی



ئەسعەد عەدۆ



نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە بتوانێ بەبێ پووری واتە خانزاد کاروباری هەریر بەڕێوە ببات بۆیە کە باسی تۆڵەکردنەوە و کوشتنی لەشکریی دێتە مەیدان جگە لە ناوی خانزادەخان چ نێوێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیە نایەت.

لێرەدا دەتوانین سەرەداوی باسەکەمان یان باشتروایە بڵێم ناونیشانی سەرەوەی باسەکەم بپێکێنم لەوکاتەی لەشکریی دەتوانێ میر سولەیمان لەنێو ببات، لەگەڵ سوپای سۆران بەرەو هەولێر دەگەڕێتەوە، چەند کەسێک هەواڵی پیلانی لەشکریی دژ بە میر سولەیمان بە خاتو خانزاد دەگەیێنن! ئەویش واتە لەشکریی لەگەڵ داروەدستەی تایبەتی خۆی لە ترسی خانزاد و خەڵکی هەریر بەرەو شنگاڵ سەرهەڵدەگرێ و دەڕوا .

بەڵام مەراقی تۆڵەکردنەوە ئۆقرە لە خاتوو خانزاد هەڵدەگرێ بۆیە بەهەرجۆرێک بێ هەوڵی ئەوەی داوە لەشکریی بگەڕێنتەوە هەریر تاکو تۆڵەی کوشتنی میر سولەیمانی برای لێبکاتەوە، وادەردەکەوێ لەوکاتەدا خانزاد، یان سوپای سۆران توانای هێرشکردنی بۆ سەر لەشکریی و ئەو ناوچەیە نەبووە، بۆیە هەروەکو دەگێڕنەوە خانزاد بانگی مەلای هەریر دەکات و نامەیەکی بۆ لەشکریی پێ دەنووسی و تێیدا دەڵێ: هەریر و سوپای سۆران بێی تۆ شپرزەیە و میرایەتی سۆران بە من ناکرێ خۆت شیاوی ئەو مەنزڵەی، بۆیە داوات لێدەکەم بەزووترین کات لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیەم بەرەو هەریر بەڕێ بکەوە و خۆزگەی ڕابردووشت جێبەجێ دەکەم! تا ئێستایش لەتۆم شیاوتر نەدۆزێتەوە ببێتە مێردم !

کاتێ نامەی مۆرکراو دەگاتە دەست لەشکریی هەرچەندە داروەدستەکەی ئامۆژگاریان کردووە، کە ئەم نامەیە فێڵە، بەڵام وشەی میرایەتی سۆران و مێرکردن گیانی لەشکریی



پاشماوەی شوێنەواری قەڵای خانزاد لە هەریر

هەژاندوە بۆیە دەستوبرد لەگەڵ سەت سوارچاکی خۆی بەرەو هەریر و ئەڤینی خانزاد دەکەوێتە ڕێ .

کاتێک هەواڵی نزیک بوونەوەی لەشکریی و دارودەستەی دەگاتە خانزاد، دەست دەکاتە جێبەجێ کردنی پیلانی تۆڵەکردنەوە خانزاد بەخۆی و سەت پیاوماقوڵ پێشوازی لە لەشکریی دەکات و هەریەک لەو پیاوماقوڵانە جڵەوی سوارێک لەو سوارانەی لەشکریی دەگرێ و بەرەو ماڵی خۆیان دەبەنەوە، خانزادیش جڵەوی وڵاخی لەشکریی دەگرێ و بەدەم پێکەنینەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکات و فەرمووی ماڵەوەی لێ دەکات .

لەوکاتەی لەشکریی و خانزاد بەجووتە دەگەنە دیوەخانە گەورەی هەریر. خانزاد بەدوای مەلادا دەنێرێ و بە دەستووری ئاینی ئیسلام خۆی لێ مارە دەکات و فەرمان دەدات ژووری تایبەتی بۆ لەشکریی برازێندرێتەوە لەوکاتەی دیوەخان چۆل دەبێ لەشکریی دەست بۆ خانزاد درێژ دەکات بە مەبەستی چوونە ژووری تایبەتی خۆیان. خانزاد پێی دەڵێ: ئەوە خۆزگەم جێبەجێ کردی بەڵام لەبەر خەڵکی هەریر شوورەییە چونکە هەروەکو خۆت دەزانی تا ئێستایش تازیدارم، هەر ئەمشەوەم ڕێگا بدە بەیانی لەگەڵ دەستەخوشکانم دەچمە گەرماو و جلی ڕەشم فڕێ دەدەم شەوی دادێ دەکەینە جەژن و ئاوری دڵت بکوژێتەوە !

لەگەڵ سپێدە هەروەکو باوبووە خانزاد جلی سووری غەزەب لەبەردەکا و بەپێی پیلانەکە لەشکریی پەلبەست دەکرێ و لەسەر چۆک بەرامبەر بە کورسی خاتوخانزاد چۆک دەدا و هەریەک لەو سەت پیاوماقوڵانە سەری میوانەکانیان لەبەردەم خانزاد دادەنێن! بەمەیان لەشکریی بۆی دەچەسپێ کە ئەورۆ ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیەو ڕۆژی سزای بێگانە پەرست و تاوانبارانە .

لەدوای موحاکەمە کردنێکی سەرپێیی لەسەر خاکی هەریر بەرامبەر بە خەڵکی هەریر لەشکریی دەگاتە سزای تاوانی خۆی.


هەرچەندە لەشکریی لە کۆتاییدا هەست بە گەورەیی تاوانی خۆی دەکات و داوا لە خانزاد و خەڵکی هەریر دەکات کە دەرفەتی بدەنێ چەند بەندێک بە میری خۆی واتە میر سولەیماندا هەڵبڵێ هیچ نەبێ دەروونی خۆی ئاسوودە بکات! ئەمەیش بەشێکی بەندەکانە :

( ئەگەر دەچوومە مەجرسێ سولەیمان بەگی قولی بەگان، چەند وەزیر دانیشتبوون، هەمووی کەوری قاقومی لەسەر ملانەو باسقەنەی یارسەمەن و مۆدنی کارەبایان دەکەوتەوە سەرلێوان، دەیانکردە و تەکبیر و مشاوەران و مەهارە )

دەربارەی دووەم پڕوپاگەندەی مێردکردنی خانزاد ئەوەیە هەروەکو دەگێڕنەوە. گوایە دوابەدوای لەناوبردنی لەشکریی ئاسایش دەگەڕێتەوە سۆران و خانزادیش حەوت ساڵ فەرمان دەگێڕێ و لەو ماوەیەدا ناوچەکە پەرە دەسێنێ و دەبووژێتەوە، چەندان قوتابخانە و شوێنی پەناهەندان و قەڵا و مزگەوت دروست دەکرێ، لە هەموو لایەک خەڵک بەتایبەتی قوتابی ڕوو لە هەریر دەکەن، خانزادیش وەک دادپەروەرێک سەرپەرشتی ئەو موڵکە دەکات و شەوانیش لەگەڵ بروابپێکراوانی خۆی بەنێو خەڵکەکەدا دەسووڕێتەوە، شەوێکیان لەوکاتەی خانزاد خاتوون دەگاتە بەردەم دەرگای فەقێیەکان گوێ ڕادەگرێ ئەوە سێ فەقێ خۆزگە دەخوازن و دەڵێن:

یەکێکیان: خۆزگەی یەک هەمبانە لیرە دەخوازێ، دووەمیش: خۆزگەی ماینەکوێت دەخوازێ، سێیەمیش: کە گوایە ناوی فەقێ ئەحمەد دەبێ خۆزگە دەخوازێ یەک شەو لە باخەڵی خاتوخانزاد بخەوێ !

بۆ بەیانی خانزاد بەدوای ئەو سێ فەقێیانە دەنێرێ و خۆزگەی یەکەم و دووەم جێبەجێ دەکا و دەڕۆن. ئینجا بانگی مەلای هەریر دەکات و خۆی لە فەقێ ئەحمەد مارە دەکات و شەوێکی لەگەڵ دەنوێ و بۆ بەیانی فەقێ ئەحمەد شاربەدەر دەکا! لە دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژە کوڕێکی دەبێ و فەرمان دەدا، کە ئەو



**“ ئۆسکارمان دەڵێ : لاس و خانزاد هەر لە منداڵییەوە لێک مارەکراون، بەڵام کە لاس چاوی بە خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییانْ دەکەوێ بۆی شێت دەبێ! ”**



کوڕپەیە فڕێ بدەن! یەکێک لە خزمەتکارەکانی کوڕپەکە وەردەگرێ و لە گوندێکی لاچەپ لــەلای پیرەژنێکی دادیــنــێ و خۆیشی سەرپەرشتی دەکات و لەبەر خوێندنی دادەنێ و فێری سوارچاکی و مەشق زانینی دەکات .

لــەدوای بیست ساڵێک لـە خۆپیشاندانێکی سوپایی، خانزاد چاوی بە سوارچاکێک و مەشقزانێک دەکەوێ ئیللاماشاڵڵا! خانزادیش هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و ڕوو لە هەمان خزمەتکارەکە دەکات و دەڵێ: ئەو سوارچاکە شێوەی زۆر لە میر سولەیمانی برام دەکات خۆزگە کـوڕەکـەی فەقێ ئەحمـەدمان فڕێ نەدابوایە ئێستا وەک ئەم سوارچاکەی لێدەهات و دڵم پێی شاد دەبوو. خزمەتکارەکەیش بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێ: خاتوون چیت لێ بشارمەوە بە گۆڕی میر سولەیمانی ئەوە

**عەلی عاشقی شاعیر و سەید عەلی نێوێک بەدوو قۆڵی حەز لە خانزاد دەکەن**

کوڕەکەی تۆ و فەقێ ئەحمەدە !

بەڵگەیەکی دیکەی شوونەکردنی خانزاد کە لەم دواییەدا لە ڕێگەی مامۆستا شێخ جەعفەر شێخ حەسەن بەرزنجی، کە لە دەستنووسێکی جەنابی باوکیدا دۆزراوەتـەوە پێمگەیشتووە، سـەربردەکە دەڵـێ: لـەکاتی فـەرمانڕەوایی خاتووخانزاد عەلی عاشقی شاعیر و سەید عەلی نێوێک بـەدوو قۆڵی حـەز لـە خانزاد دەکەن، کاتێک هەواڵی ئەو دوو ئاشقە دەگاتە خـانزادەخـان ڕۆژێکیان خـانزاد دێتە سەر کانیاوی هەریر و بانگی ئەو دووە دەکات و دەڵــێ: دەمــەوێ خۆشەویستی ئێوە تاقی بکەمەوە، فرمێسێکی کامەتان گەیشتە بن ئەو کانیەوە بگەڕێتە سـەرەوە واتـە فرمێسکەکە تێکەڵ بە ئـاوی کانیەکە نەبێ ئـەو ڕاستەو دەبمە حەڵاڵی ئەو !

لـەدوای ئەو تاقیکردنەوەیە فرمێسکی عەلی عاشق سـەردەکەوێ چونکە خۆشـەویستییەکەی مەجازی بـووە، ئینجا خانزاد خۆی لێ مارە دەکات و لەشەوی زاوابوونیدا عەلی عاشق دێتە بەردەرگا و هـەردوو دەستی لە دەرگاکە گیر دەکـا و ئـەو شیعرەی خــوارەوەی بۆ دەخوێنێتـەوە، کاتێ عـەلی عاشق لـە شیعر خوێندنەوە دەبێتەوە، خانزاد بانگی دەکات کەچی ئەو لە شوێنی خۆی ناجوڵێتەوە ئینجا لێی نزیک دەبێتەوەو دەستی بۆ درێژ دەکا و لەگەڵ ڕاکێشانی خانزاد. دەستی عەلی عاشق لەبنەوە دەردێ ! بەمشێوەیە بە عەشقی پاکو مەجازی عەلی عاشق دەسووتێ و ئەپڕووکێ !

***بەخێرهاتی پـەریزادە، بـەسـەرچاوی دەمـن شالان***

***بەچیمزانی کە تۆ هاتی، بە دەنگی تـەوق و خرخالان***

***بە دەنگی بازن و بـەندان، نەتهێشت عەقلی عەقلمەندان***

***چەندی دەڵێم هـەزار هەندان، تۆم چاتری لە هەوالان***

***تۆم چاتری لە لەیلایێ، شیرین تری لە زلێخایێ***

***مەم و زین هـەردوو یەکتایێ، بەوان زولفان دەمکەن تالان***

***سیاە زولفی تۆ ناترسی، لەمەو ئەحواڵمان ناپرسی***

***موبارەک بۆ توو ئەو کورسی، ڕوونیش گوێ بدێرە عەبدالان***

***ڕوونیش گوێ بدێرە وێ بەیتێ، دووج هەش مەشعەلا زەیتێ***

***دەسووتێن مەجلیسی مەی تێ، وەکو پووشی لە کەندالان***

***ئەگەر قەقنەس نەپەروابم، ببڕن سەرم جودا نابم***

***وەز خەزێمم قەت تێر نابم، لە دیداری خەت و خالان***

***لە دیدارت ئەز تو ژینکەم، ئەگەر مردم ڕۆحم تینکەم***

***بەحەسرەت جارەکێت بۆنکەم، خودانێ چیتو دەسمالان***

***خودانی چیتو جەبهەت بی، خەڕاجی ئەرزت قیمەت بێ***

***دیداری تۆم بە قسمەت بێ، لە عیدو جەژنی سەر سالان***

***ئەوان عیدو ئەوانی من، عەزیزو نێوچەوانی من***

***دوڕی قیمەتگرانی من، سەروماڵم چوون بە تالان***

هەروەها لە بەیتی لاس و خەزاڵی ئۆسکارمان بە هەڵە نووسراوە، کە لاس کوڕی ئەحمەد ئاغایە و ئامۆزای خانزادە خاتوونە، لەم دەقە خانزاد کچی مەحموود ئاغا نێویکە، کەچی لە ڕاستی بەدەرە و بەڵگەی مێژوویی هەیە کە خازاد کچی شاقوڵی بەگە و خوشکی میر سولەیمانە .

ئۆسکارمان دەڵێ: لاس و خانزاد هەر لە منداڵییەوە لێک مارەکراون، بەڵام کە لاس چاوی بە خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییان دەکەوێ بۆی شێت دەبێ! لە ئەنجامدا بۆ یەکتر نابن و خانزادیش بە دڵشکستی دەگەڕێتەوە ناو عێڵی خۆی هەروەکو لەم بەیتە بۆمان دەردەکەوێ، خانزاد دەڵێ :

***مەلایان بانگ بکەن، بخوێنن یاسینێ***

***کوڕە کوڕەی باڵەکیان بانگ بکەن، بکەنەوە گەرمەشینێ .***


یان دەڵێ :

***ئەوجار بە جارێکی لاس دەمرێ و ڕادەبرێ***

***خانزاد و خەزال قوڕێ لەخۆ دەگرێ***

***لاسیان هەلگرت و بردیان لەبۆ قەبرێ***

***خانزادەخان بە دڵشکستی بۆ نێو عێلی باڵەکیان گەڕاوە .***



لە ئەنجامی ئەم سێ چوار ڕایانە دەربارەی شووکردن ونەکردنی خاتوو خانزاد دەمەوێ کەمێک ئەو ڕایانە بە بۆچوونی خۆم و چەند بەڵگەیەک هەڵگیر و وەرگێڕ بکەم، بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک خوێندەوار بگاتە ئەنجامێک دەربارەی مێردکردنی خانزاد بە لەشکریی بکوژی میر سولەیمان. هەرچەندە سەربردەکە خۆی لەخۆی لە خۆیدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە لەشکریی نەچۆتە پاڵ خانزاد و لێی بەزاوا نەبووە! ئەوکارەی خانزادیش واتە نامە ناردن و گفت پێدانی بە لەشکریی بۆ جێبەجێکردنی




وێنەیەکی خانزاد خاتوون لەسەر فەرش



خۆزگەی دوور زەمانەیی و لە ئەنجامدا مێرد پێکردنی هەمووی هەوڵوتەقەلای بێوچانی خانزاد بووە بۆ گەڕانەوەی لەشکریی و لەدوایشدا تۆڵەکردنەوە، هەرچەندە ئەو جۆرە فێڵ و پیلانانەیش کاری میرێکی ڕاستگۆ و دادپەروەر و خاوەن دیوەخان نەبووە، چونکە ئەوجۆرە ڕەوشتانە لە عورفی کوردەواریدا بەدەرە.

بەڵام لاوازبوونی فەرمانڕەوایی ئەوەدەمی سۆران و هەژانەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەهۆی لەنێوچوونی میر سولەیمان بووەتە هۆی نەتوانینی زاڵبوون و تۆڵە وەرگرتنەوەی خانزاد لە لەشکریی و داروودەستەکەی، دووریش نییە خانزاد بیری لەوە کردبێتەوە، کە تۆڵەی میر سولەیمانی برای بە هەمان شێوە بکاتەوە، کە لەشکریی میر سولەیمانی پێی لەناوبردوە واتە: (زوڵم و غەدرکردنەکە) هەروەهاش خانزاد لەو تۆڵەکردنەوەیەدا پەیڕەوی ئامۆژگاری ئاینی ئیسلامی کردووە، کە دەڵێ: (العين بالعين و السن بالسن) لە ئەنجامی ئەم سەربردەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە خانزاد خۆی لە لەشکریی مارەکردوە بێ ئەوەی سەرجێی یەکتر بکەن، ئەمەیش هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد بۆ دڵنیابوونی (کاتیی) لەشکریی بووە، ئەنجامی سەربردەکەیش بۆ خوێندەوار ڕوون و ئاشکرایە .

لە ڕای دووەمدا واتە شووکردنی خانزاد بە فەقێ ئەحمەد بۆ شەوێک لە خەیاڵ بەدەرە چونکە ئەقڵ ئەوە پەسند ناکات میرێکی وەک خاتوو خانزاد، یان هەرنەبێ کچە میرێک بەمشێوەیە شوو بکات، بەڵام موبالەغەکردنی خەڵکی کوردەواری بە دادپەروەری خاتووخانزادی میر، یان سەرپەرشتیاری ناوچەیەک ئەو ڕووداوەی بەمجۆرە بۆ نەوەی نوێ ڕازاندۆتەوە. ئەگەر وایش بێ لەهیچ دەوروزەمانێک نەبووە ئافرەتێک بەپێی شەریعەتی ئاینی خۆی و لەبەردەم خەڵکی وڵات مێرد بکات و لە دواییدا منداڵی بێ و لەخووت و خۆڕایی فڕێی بدات! بەهیچ جۆرێک دابونەریتی کوردەواری پەسندی ناکات، جگە لەوجۆرە کارە ناپەسندانە، کە ماوە ماوە لە سووچێکی وڵاتدا بەناشەرعانە ڕوودەدات کە ئەوڕۆ و دوێنێ پێی دەوترێ بیبژی (زۆڵ) بۆ بە چێژکردنی ئەم ناشەرعیەش ئەم دوو دێرە شیعرەی نەزار قەببانی دەکەمە نموونە، کە دەڵێ:

**(شُكْراً**

**سأُسقِطُ ذلك الحَمْلاَ**

**أنا لا أُريدُ له أباً نَذْلا)**

> **لەوکاتەی لەشکریی و خانزاد بەجووتە دەگەنە دیوەخانە گەورەی هەریر. خانزاد بەدوای مەلادا دەنێرێ و بە دەستووری ئاینی ئیسلام خۆی لێ مارە دەکات**

بەڵام خۆشەویستی خەڵک بۆ خانزادی سۆران و دادپەروەری ئەویش لە گەڵ خەڵکەکەدا ڕووداوەکە ئەمشێوەی بەخۆگرتووە، هەروەها گەورەبوونی منداڵەکە و بوونی بەسوارچاکێک و مەشقزانێک لە دواییدا سەرسوڕمانی خانزاد بەو سوارچاکە هیچ نەبێ هەروەکو لە سەربردەکەدا دەڵێ ماوەی بیست ساڵێک. ئەمەیان لە ئەقڵ بەدەرە چونکە فەرمانڕەوایی خانزاد و هەموو سەربردەیەکی سەر زارەکی ئەوە دەسەلمێنێ، کە خانزاد لە دوای میر سولەیمان بە حەوت ساڵ مردووە، بەمە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم شووکردنەیشی ناتەواوە بە واتایەکی دیکە هەر نەیکردووە .

دەربارەی ڕای سێیەم و سەربردەی عەلی عاشق تا ڕادەیەک بە ڕاستی دەزانم چونکە کۆتایی سەربردەکە ئەوە دەسەلمێنێ، کە نەچۆتە لای و دەستیشی پێنەکەوتووە، بەڵام لایەنە ئەفسانەییەکەی نێو سەربردەکە وەک (فرمێسک تێکەڵ بە ئاوی کانیەکە بێ) هەروەها (سووتان و توانەوەی عەلی عاشق لە کۆتایی شیعر خوێندنەوەکەدا) ئەمانە هەمووی شێوەی داڕشتنی سەربردەکەمان بەرەو ئەفسانە دەبات، چونکە شارەزاییم لە سەربردەی عەلی عاشقی شاعیر نییە و بەدووری نازانم ئەو شیعرە ئەگەر هی عەلی عاشق بێ، بە یەکێکی دیکەی هەڵگوتبێ و ئێستایش بووەتە پێهەڵدانی خانزاد. ئەگەر بێتو سەرنجێک بدەینەوە ناوەرۆکی شیعرەکە چاومان بە وشەی (قەقنەس) دەکەوێ، هەروەکو دەگێڕنەوە گوایە قەقنەس جۆرە باڵندەیەکە و سێسەد و شەست

کوون لە دەنووکی هەیە و هەر کوونەی جۆرە ئاوازێکی لێ دێتەدەر! لە ئەنجامدا لە عیشق و خۆبەختکردنی خۆیدا هەڵدەبزرۆکێ، دوورنییە ئەو سووتانە ئەفسانەییەی قەقنەس بووبێتە هەوێنی سەربردەکە و ڕێزلێنانی چیرۆک گێڕاوەکە بۆ خۆشەویستییە مەجازیەکەی علی عاشق بەرانبەر بە خونچەگوڵی خۆی هەروەکو لە سەرەتادا سەربردەکە خۆی لە خۆیدا دەچەسپێنێ، کە ئەو مێردکردنە سەری نەگرتووە، بۆیە پێویست بەڕای ئێمە ناکات.

بەڵام دەربارەی مارەکردنی لاس و خانزاد خۆی لەخۆیدا بە بەڵگەی مێژووییەوە هەروەکو لەسەرەوە باسمان کردووە هەڵەیە و سەرەڕای ئەوەیش لە بەیتەکەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە لاس و خانزاد بۆ یەک نەبوونە، ئەگەرچی سەربردەکە بە گشتی تەواو نییە

لە کۆتاییدا بە یەقینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە خاتوو خانزادی سۆران بەهیچ جۆرێک شووی نەکردووە و بەبێ مرازی بەژنوباڵای نەونەمامی سەری ناوەتەوە ژێر گڵ. بۆیە تا ئەوڕۆ کەسەری ئەوبابان وێرانە تێکەڵ بە کەسەری کلوکلچووکی لەپاش بەجێماو دەبێ! خانزادیش مێردی نەکردووە و ئیتر تازەیش نایکات!

**پەراوێزەکان**

* لەکاتی خۆیدا لە گۆڤاری کاروان ژمارە (٧٦) لە حزیرانی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوبۆتەوە .

١- لە فەرمانڕەوایی میر سولەیماندا هێرشێکی دڕندانە کراوەتە سەر گوندەکانی کوردە ئێزدییەکان و تاڵانیان کردوون و گەلێ ئافرەت و پیاو و منداڵیان بە دیلی هێناوە و زەرهرێکی یەکجار زۆریان لەو کوردانە داوە، گوایە لەشکرییش یەکێکە لەو سەتان دیلانە. دەڵێن لە وەجاخ کوێری خۆی میر سولەیمان وەک کوڕی خۆی پەروەردەی دەکات، تا دەبێتە سەرکردەی سوپای سۆران، کاتێک لەشکریی گەورە دەبێ و فام دەکا و قینی تۆڵەکردنەوە لە دڵی دەچەسپێ، بۆیە لە سەفەرێکیدا لەگەڵ میر سولەیمان بۆ بەغدا، پیلانی بۆ دادەنێتەوە، لە ئەنجامدا بە فنجانێک قاوە، کە ژەهری ماری تێکراوە لەنێو دەچێ! دوا بەندی لەشکریی لەم بارەیەوە دەڵێ :

***(ئەمان سەت حەیف و دوازدە مخابنێ دونیایێ***

***دەمێنێ لۆ یەکەکی وەکی سولەیمان بەگی میری***

***لەشاری کاولە بەغدایێ بە فنجانەکە ژەهری مارێیان کرد شرارە)***

٢- لە پەراوێزی یەکەمدا ئەو ڕایە هەیە، کە میر سولەیمان وجاخ کوێر بووە بۆیە لەشکریی بەخێوکردووە، هەرچەندە خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی نێوی عەلی کوڕی میر سولەیمان دەبا، کە لە دوای باوکی فەرمانڕەوایی کردووە، کەچی لەکاتی کوشتنی میر سولەیمان ناو هەر ناوی خانزادی سۆرانە! هەروەها موکریانی دەڵێ: پاشماوەی ناوی عەلی میر سولەیمان گەلی عەلی بەگە، ئێمەیش لەسەر زاری خەڵکی ناوچەکە سەربردەی بەدیل گرتنی عەلی بەگی داسنیم لە کتێبەکەم لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد پەراوێزی (٤) کە لە ساڵی ١٩٨٤ بە یارمەتی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە نووسیومانە و کۆتاییەکەمان بەم دوو وێنە شیعرە تەواو کردوە کاتێک دایکی عەلی بەگی داسنی دێتە ڕواندوز و هەواڵی کوڕی لە دایکی میر موحەممەد دەپرسێ و دەڵێ :

***(هەی عەنبەرێ عەنبەرە جوانێ***

***لۆم وەرە ناو گەڕێ دیلانێ***

***بە ئەشقی مەلەکێ تاوس، مەنزڵی علی بەگی ئەکانێ)***

***دایکی میریش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ :***

***(ئەرێ موعتێ موعتە جوانێ***

***سەری شین بکەی لە کووپێ خمخانێ***

***هەوڕۆ سێ ڕۆژە مەیتێ علی بەگیان ناردەوە ئێزدخانێ)***



***"بۆ بەیانی خانزاد بەدوای ئەو سێ فەقێیانە دەنێرێ و خۆزگەی یەکەم و دووەم جێبەجێ دەکا و دەڕۆن. ئینجا بانگی مەلای هەریر دەکات و خۆی لە فەقێ ئەحمەد مارە دەکات"***



> «شووکردنی خانزاد بە فەقێ ئەحمەد بۆ شەوێک لە خەیاڵ بەدەرە چونکە ئەقڵ ئەوە پەسند ناکات میرێکی وەک خاتووخانزاد، یان هەرنەبێ کچە میرێک بەمشێوەیە شوو بکات»

هەرچەندە دوو ڕامان لەبەر دەستە دەربارەی دیلی عەلی بەگی داسنی ڕای یەکەم ئەوەیە، کە لە شەڕێکدا بەخۆی و ماڵ و منداڵی گیراوە، لە دوای ماوەیەک بە فیتنەی هەندێک کوژراوە و تەرمی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە زارکی گەلی ڕواندز هەڵواسراوە، بۆیە ئەو گەلیە بە ناوی ئەو کراوە.

لەکاتی خۆیدا بەر لە تێکچوونی زارگەلیی گۆڕێک بە ناوی عەلی بەگ هەبوو بەڵام ئێستاکە نەماوە، کاتێ جوگرافیناس (یاقوتی حەمەوی) لە سەدەی سێزدە بەو گەلیەدا گوزەری کردووە، بە گەلی ڕواندوزی نێو بردووە .

ڕای دووەمیش هەروەکو جارێکیان مامۆستا تاهر ئەحمەد حەوێزی خاوەنی مێژووی کۆیە بۆمی باسکردووە، کە گوایە میر موحەممەد پاشا، بابەکر ئاغای کۆیە بە سوپاوە دەنێرێتە سەر ئێزدییەکان، بەڵام بابەکر ئاغا شەڕ ناکا، ئەوانیش واتە عەلی بەگی داسنی ژنێکی پێشکێش دەکات، لە چاکەدانەوەی بۆ ئەوەی ڕیخەڵۆکیان واتە خوێنیان تێکەڵ بێ ئینجا عەلی بەگی داسنی جارێکیان سەردانی کۆیە دەکات و دەبێتە میوانی بابەکر ئاغای خزموزاوا، کاتێ میر موحەممەدی پاشا بەو میوانداریە دەزانێ بەرەو کۆیە دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی عەلی بەگی داسنی دەعوەت بکات .. هەرچەندە بابەکر ئاغە بە داسنی دەڵێ: ئەگەر میر داوەتی کردی بۆ ڕواندوز مەچۆ، چونکە هاتنی تۆ بۆ لای من مەزاجی تێکداوە و ئەم درکە لەژێر پێی من و تۆ دەردێنێ! بەڵام غیرەتی داسنی ئەوە قەبووڵ ناکات کاتێ میر فەرمووی میوانداری دەکات، دەچێ بۆ ڕواندوز لەوێ لە سێدارەی دەدات بە زارکی گەلی هەڵدەواسێ ....... تاد .

٣- هەرچەندە خوالێخۆشبو موحەممەد وردی لە کتێبەکەیدا خانزاد و لەشکریی دەڵێ: عەیشێ خێزانی میر سولەیمان ئافرەتێکە لەو ئافرەتە دیلانە، منیش لە نامیلکەکەمدا لە پەراوێزی (١٩) ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە کچی حوسێن بەگی ئامۆزای میر سولەیمانە چونکە لە بەیتەکەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێ دەربارەی یارمەتیدانی خانزاد بۆ تۆڵەکردنەوە عەیشێ خێزانی میر سولەیمان هەوڵی داوە و نامەکەیان بەجووتە بۆ لەشکریی نووسیوە سەرەڕای مەلای هەریر .

٤- موکریانی دەڵێ: لەکاتی گەڕانەوەی لەشکری لە بەغداوە بۆ هەریر، تەرمی میر سولەیمان لە هەولێر دەنێژن .

٥- بڕوانە بەیتی ئایشەگوڵ، بەیتی لەشکریی (ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٣) ل ٢٧ _ ٣٢ .

٦- هەرچەندە لە عورفی فەرمان ڕەواییدا میرایەتی بە پشتە نەک بە سک، بەڵام ئەگەر خانزاد شووی بکردابویایە و منداڵی هەبووبێ ئەوە بێگومان ناوی لە لاپەڕەی مێژووی میرانی سۆران دەهات

٧- بڕوانە شەرەفنامەو میرانی سۆران پەراوێزی (٢٩) لە کتێبی لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد


**سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە**

**١- شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی گۆڕینی هەژار ١٩٧٣**

**٢- مێژووی میرانی سۆران حوزنی موکریانی ١٩٦٢**

**٣- بەشی یەکەمی تحفەی موزەفەریەی ئۆسکارمان ١٩٧٥**

**٤- لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٤**

**٥- بەیتی ئایشە گوڵ ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٣**

**٦- نامەیەکی مامۆستا شێخ جەعفەر شێخ حەسەن بەرزنجی خاوەنی تەکییەی شێخ حەسەن لە مەحەتەی هەولێر لە ١٩٨٨/١١/١٨**

**٧- گفتوگۆیەک لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ لە گەڵ مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی خاوەنی دوو بەرگی مێژووی کۆیە .**

# مێژوو

- **سەبارەت بە پرسی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد لە ڕووسیا (ک.ک.کوردۆیەڤ) .. خەچەتور ئابۆڤیان وەک زانایەکی کوردناس**

و. لە ڕووسییەوە: کەیوان سدیق موحەممەد

## چەند وتارێک دەربارەی مێژووی خۆرهەڵاتناسی ڕووسی (کتێبی دووەم)

### سەبارەت بەپرسی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد لەڕووسیا

# ک.ک.کوردۆیەڤ

### خەچەتور ئابۆڤیان وەک زانایەکی کوردناس



و. لە ڕووسییەوە: کەیوان سدیق موحەممەد

## سەبارەت بە پرسی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد لە ڕووسیا

### خەچەتور ئابۆڤیان وەک زانایەکی کوردناس

خەچەتور ئابۆڤیان لە ساڵی ١٨٠٤ لە گوندی کەنەکیر لە ئەرمینیا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خانەکانی فارس لە دایکبووە. لە ئەرمینیا خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی و زانستی ئیلاهیاتی خوێندووە، دواتر لە زانکۆی دێرپیتسک درێژەی بەخوێندن داوە و لە بواری زمانەوانی، ئیتنۆگرافی و فەلسەفە مەعریفەیەکی فراوانی وەرگرتووە. هەر لەوێش خولیای خوێندنی ئەدەب و بنەماکانی پیداگۆگی لەلا دروست بووە.

ئابۆڤیان لەژێر کاریگەری نوێنەرانی پێشکەوتووخوازی ئەدەبی ڕووسیی بووە، بەتایبەتی فەلسەفەی جوانیناسیی کەوتبووە ژێر کاریگەری دیاری بیلینسکییەوە، بەڵام ڕیالیزمییەکەی، پەیوەستە بە بزووتنەوەی ڕیالیستی لە ئەدەبی ڕووسیی، بەتایبەتی بە کارەکانی کەرەمزین، کریلۆڤ، پوشکین و گۆگلەوە.

ئابۆڤیان، یاوەر و یاریدەدەری نزیکی گەشتیار و زانایانی ئەڵمانیی (م. ڤاگنەر، ئاوگوست هاکستهاوزن، پارۆت) و ئەوانی دیکە بوو لە لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای پشتکەفکاز (باشووری کەفکاز) و توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دەربارەی ئەرمەنیی، ئازەریی و کورد.

ئابۆڤیان سەر بە گروپی کەسایەتییە پێشکەوتووخوازەکانی ئەو سەردەمە بوو. ژیانی خۆی بەخشی لەپێناو هۆشیارکردنەوەی گەلی ئەرمەن. خوێندنگەیەکی تایبەتی (یەکەمین خوێندنگەی سیکۆلار لە ئەرمینیا) دامەزراند، کە تیایدا وانەی بە منداڵانی ئەرمەنیی، جۆرجیی، ئازەریی و نەتەوەکانی دیکە دەگوتەوە. دەستی کرد بە دانانی کتێبەکانی تایبەت بە خوێندن و بنەما پیداگۆگییەکانی خۆی. بەمشێوەیە لە کارە بەناوبانگەکەی (پریدترۆپێ) شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لە مێژووی پیداگۆگی ئەرمەنیی بەرپاکرد، لە ڕۆمانی (برینەکانی ئەرمینیا) و چەند بەرهەمێکی شیعریی، بناغەی زمانێکی سیکۆلاری جیاواز لە زمانی ئەدەبی کەنیسە (گرابار) دانا، کە زۆربەی ئەرمەنییەکان لێی تێنەدەگەیشتن. بەمشێوەیە ئابۆڤیان بە یەکەم ڕۆشنبیری نەتەوەیی و دامەزرێنەری زمانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەرمەنیی دادەنرێت.

ئابۆڤیان لە بیروباوەڕی سیاسیی، لایەنگرێکی توندی کۆتایهێنانی فەرمانڕەوایی فارسەکان و لکاندنی ئەرمینیا بە ڕووسیاوە بوو، بە درککردن بەوەی،کە ئەم هەنگاوە لەو بارودۆخەدا، هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانەیە.

لەگەڵ سەرقاڵبوونی بە بابەتەکانی زمان و ئەدەب، ماندوونەناسانە خەباتی بۆ باشترکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکانی پشتکەفکاز (ئەرمەنی، جۆرجی و کورد) دەکرد، لەم ڕووەوە گرنگییەکی زۆری بە پرسی پێشکەوتنی مێژوویی ئەو نەتەوانە دەدا. هەرچەندە پێنووسەکەی بەقەبارە بچووک بوو، بەڵام کارەکانی دەربارەی کورد پڕ بایەخ بوون، ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات ئابۆڤیان بە یەکێک لە یەکەمین و باشترین پسپۆڕەکان دەربارەی کورد دابنێین. ئەم کارەی ئابۆڤیان دەربارەی کوردەکان، لە چەند وتارێکی سەربەخۆ پێکهاتووە، کە بە ناونیشانێکی هاوبەش (کوردەکان) لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کەفکاز، لە ژمارەکانی (٤٦، ٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١) ساڵی ١٨٤٨ چاپکراون.

هەموو کارەکە دووپەڕەی چاپکراو پێکدەهێنێت، کە

> **ئابۆڤیان لەژێر کاریگەری نوێنەرانی پێشکەوتووخوازی ئەدەبی ڕووسیی بووە، بەتایبەتی فەلسەفەی جوانیناسیی کەوتبووە ژێر کاریگەری دیاری بیلینسکییەوە**

کارێکی زانستیی یەکگرتووە، تیایدا بابەتەکانی ڕەچەڵەکی کورد، پیشە، زمان، فۆلکلۆر، سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئایین، تایبەتمەندی کەسێتی، خوونەریت و شیوازی ژیان بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بەڕوونی تیشکیان خراوەتە سەر و فۆرمەلە کراون.

لە سەرەتاو تەنانەت نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، لە ڕووسیا دەربارەی کورد زانیاری ئەوتۆ نەبوو، تەنیا چەند یاداشتێکی ڕێگە هەبوون، کە زانیاریی کەم و پەرشوبڵاویان لە بارەی چەند هۆزێکی دیاریکراو، کە لە پشتکەفکاز کۆچ و ڕەویان دەکرد، لەخۆ دەگرت. دوو بۆ سێ کاری بچووکی دیکەش هەبوون، کە بایەخێکی کەمیان بە وەسفی ئیتنۆگرافی کورد داوە.

بۆ نموونە لە کارەکانی ئە.ز ( وەسفی گشتگیری پێرسیا) ئە. ژۆبێرا (کوردستان) و لە وتاری (کورد) لە ٣٠ لاپەڕە زیاتر بۆ کورد و کوردستان تەرخان نەکرابوو،

لەگەڵ ئەوەش زانیاریی ناڕوون، زۆر کورت و هەندێک جار ناڕاست دەربارەی پەیدابوونی کورد، خوونەریت، شێوازی ژیانی کوردانی کۆچەریی و نیشتەجێ و دامەزراوەی جەنگیان تیادا خراوەتەڕوو.

بەتەواوی ئاشکرایە، کە هیچ یەکێک لە نووسەری ئەو کارانەی کە ئاماژەمان پێکردن، نەیتوانیوە ئەرکی ئەوە بگرنە ئەستۆ، بە وردەکاریەکی کەم یان زۆر وەسفی ئیتنۆگرافی کوردەکان بکات. کارەکانیان تەنیا هەوێنی توێژینەوەی ئیتنۆگرافی بوون.

بایەخدانی زانستیی بە کورد لە ڕووسیا، تاڕادەیەک درەنگ کەوت، بەنزیکەیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەستی پێکرد، ئەو ئاوڕدانەوەیەش لەوکاتەدا زۆر ڕووکەشانە بوو. لەگەڵ ئەوەش (ی. بیریزین) لەوکاتەدا وتارێکی تایبەتی تەرخانکرد بۆ کتێبی خوێندنی (خریستۆماتیا) ی زمانی ئەفغانی، کە لەلایەن (دۆرن بێرنهار) لە سان پترسبۆرگ بەزمانی ئینگلیزیی چاپکرابوو.

## ئابۆڤیان لە بیروباوەڕی سیاسیی، لایەنگرێکی توندی کۆتایهێنانی فەرمانڕەوایی فارسەکان و لکاندنی ئەرمینیا بە ڕووسیاوە بوو

بێرنهار نووسیویەتی: «لە هەردوو لایەنی خۆرهەڵات و خۆراوا‌وە، دوو وڵات سنووریان بە وڵاتی پێرسیاوەیە، کە لەڕووی پێگەی فیزیکی و سیاسییەوە لێکچوون لەنێوانیاندا هەیە، ئەوانیش ئەفغانستان و کوردستانن. ژمارەیەکی زۆر لە زنجیرە چیاکان هەردوو وڵاتیان بڕیوە و ژمارەیەکی زۆر هۆزی جیاواز دانیشتووانی هەردوو وڵاتەکەیان پێکهێناوە، هەرچی پەیوەندی بە دێرینی پەیدابوونی ئەو نەتەوانەوە هەیە، ئەوا بەنزیکەیی هەمان مێژووی کۆنیان هەیە: ئەگەر پاکتۆکانی هیرۆدۆت هەمان پشتونەکان (ئەفغانەکان)ی ئێستە بن، ئەوا ناکرێت دان بە بوونی کورد لە گۆردۆنیای دێرین نەنرێت. تەنانەت بۆ زانستیش، هەردوو نەتەوە، نزیکەی هەمان گرنگیی وەک یەکیان هەیە»

گەڕیدەی ڕووسی (دیتێل) لەکاتی گەشتکردنی بە خۆرهەڵات، بایەخی بەکورد داوە، لەکاتی تێپەڕبوونی بە کوردستان زانیاریی جیۆگرافی و زمانەوانی دەربارەی کورد کۆکردۆتەوە.

دیتێل لە کتێبەکەیدا (گەشتی سێ ساڵە بۆ خۆرهەڵات) کە بۆ باسکردنی بارودۆخی زانستی ئیتنۆگرافی کوردەکانی تەرخان کردووە، دەنووسێت: «لە گەشتەکەم بە دیاربەکر و هەتا سنوورەکانی سووریا، چەندین تێبینی جیۆگرافی و زمانەوانیم لەکن گەلالە بوو، ڕێگەکەم بەنێو ماردین، دیاربەکر، نسەیبین و ئورفە تێپەڕی، ئەو ناوچانەی پێیاندا تێپەڕیم بەشێکی کەم ناسراوی کوردستان بوون، لەبەرئەوەی تائێستە وەسفێکی ئیتنۆگرافی قایلکەرمان دەربارەی هۆزەکانی ئەم هەرێمەی ئاسیا نییە، بۆیە لەکاتی لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لە دیالێکتە نوێیەکان، گرنگییەکی تایبەتیم بە ماتریاڵە تەواوکاریەکانی ئەم بەشە جوگرافیاییەدا. کۆکردنەوەی زانیاریی لەمشێوەیە زۆرجار کاری زۆر و قوربانیدانی پێویست بوو. بەپێی ئەو زانیاریانەی من کۆمکردۆتەوە ژمارەی هۆزە کوردییەکان دەگاتە ٣٠٠ هۆز. پێموایە ئەم لێکۆڵینەوە گشتگیرەی ئێستە دەربارەی کوردستان، دەشێت بارودۆخی دێرینی ئەم هەرێمەی تورکیامان بۆ ڕۆشن بکاتەوە»

بەشێوەکی گشتیی لە ڕووسیا ناسین و پێناسەی کورد لەسەر بنەمای چەند کارێکی بچووکی وەرگێڕدراوی گەشتیارە ئەوروپاییەکان بوو، کە بەشێوەیەکی ڕووکەشانە دەربارەی ژیانی ڕۆژانە و خوونەریتی کوردەکان تۆماریان کردبوون. بەمشێوەیە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە ڕووسیا هیشتە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیددی دەربارەی مێژووی کورد بوونی نەبوو، بەبێ باسکردن لەوەی، لەو کاتە، هیچ کەسێک بە بیریدا نەهاتبوو، کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست بێت، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتی ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی گەلان (ئیتنۆگێنێز)

کارەکەی ئابۆڤیان لەم بوارەدا یەکەمین وەسفی ئیتنۆگرافی هەمەلایەنەیە دەربارەی کوردەکانی پشتکەفکاز، کە پشتی بە سەرچاوە کۆنەکان بەستووە. لە زۆربەی دەرئەنجام و گشتانەکانیدا ئابۆڤیان بەدەیان ساڵ پێش زانستی هاوچەرخ کەوتووە.

ئابۆڤیان، نەک وەک چاودێرێکی ڕووکەش، وەک زانایەکی ڕاستەقینەی ئیتنۆگراف، خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد بوو.

سەرەتا، لێکۆڵینەوەی لە دەستنووس و کارە جیۆگرافی

و مێژووییەکانی کتێبخانەی پەرستگای (ئیچیئەدزین و یەریڤان) کرد، دواتر بۆ ئاشنابوون بە ژیان و کلتووری کورد بۆ کوردستان گەشتی کرد و بەتەواوی ئاشنا بوو بە هۆزە کوردییەکانی (زیلان، سپیکان، حەسەن و جەدەلی) و ئەوانی دیکە، زانیاریی ئیتنۆگرافی پێویستی لەبارەیانەوە کۆکردەوە، پاشان بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و ڕەسەنایەتیان چەندین جار پێداچوونەوەی بەو ماتریاڵانە کرد، کە کۆی کردبوونەوە، هاوکات، بەرهەمی ئاماژەپێکراو (کوردەکان) بۆ ناسیاوە کوردەکانی دەخوێندەوە و ڕاستکردنەوە و زیادکردنەکانیانی لەبەرچاو دەگرت. تەنیا زانایەک، کە لە ئەرک و ئامانجی کارەکەی خۆی تێگەیشتبێت دەتوانێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنێت. بۆیە لەسەر بنەمای پاکسازیی وردی هەموو ئەو ئەرشیف و کەرەستە باوەڕ پێکراوانەی، کە کۆیکردبوونەوە، ئابۆڤیان گەیشتە دەرەئەنجام و گشتاندنێکی بوێرانەی، کە تا ئێستە بایەخی خۆی لەدەست نەداوە.

لەم وتارەدا هەلی ئەوەمان نییە دەست بخەینە سەر هەموو ئەو بابەتانەی کە ئابۆڤیان لە کارەکەی باسی کردوون. بۆیە تەنیا بەشێوەیەکی کورت لەسەر دەرەئەنجام و سەرنجەکانی ئابۆڤیان دەربارەی بابەتە سەرەکییەکانی مێژوو، بنەچە، چۆنیەتی ژیان و کلتوری ئەم نەتەوەیە (کورد) دەوەستین. هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئابۆڤیان لە وەسفی ژیانی کوردەکان، بایەخێکی تایبەت بە ڕەسەنایەتی شێوازی ژیان و کلتووری کورد دەدات، لەهەمان کاتیشدا تێبینی چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشی ژیان و کلتووری نێوان کورد، ئەرمەن، عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کردووە.

ئابۆڤیان هەوڵیدەدا لێکدانەوەیەکی زانستیی دەربارەی پرسی ڕەچەڵەکی کورد پێشکەش بکات، دەنووسێت: «زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی ڕەچەڵەک، پەیوەندی خزمایەتی، دابەشبوون و ڕۆڵی ئەم نەتەوەیە لە مێژوو زۆر ناتەواو و ناڕاستن، زیاتر پشتیان بە ئەفسانەکان بەستووە، وەک ئەوەی لەسەر ڕاستییە مێژووییەکان بونیاد نرابن»

ئابۆڤیان بەمەبەستی دەستخستنی زانیاریی باوەڕپێکراو دەربارەی کورد، لێکۆڵینەوەی لەسەرچاوە خۆرهەڵاتییەکان کرد و زیاتر سەرچاوە ئەرمەنییەکانی بەلاوە پەسەند بوو، بە دروستی پێیوابوو، کە ئەرمەنییەکان دراوسێی هەمیشەیی کورد بوونە، بۆیە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە زانیاریی زیاتر باوەڕپێکراویان دەربارەی کورد هەبووە.

ئابۆڤیان دەڵێت: هەندێک لە مێژوونووسانی وەک (چیمچیان، ئینژینجان) لەوباوەڕەدان، کە «ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە سەر میدییەکان، کە بە نازناوی گشتیی مارک ناسرابوون، بەڵام بە کورد بانگ دەکران، لەبەرئەوەی لە سەردەمی پاشایەتی دێرینی ئەرمینیا و لەو بەشەی ئەرمینیا دەژیان، کە ئەوکاتە پێیان دەگوت کۆردیک، یان کۆرد» بەمشێوەیە ئابۆڤیان، بە وردی و بەئاگاییەوە لێکۆڵینەوەی لەو دانراو و دەستنووسانەی جێۆگرافیناس و مێژوونووسە ئەرمەنەکان دەکرد، کە پەیوەندییان بە مێژووی کوردەوە هەبوو، ئابۆڤیان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە «کوردی ئەمڕۆ (هاوچەرخ) تەنیا تێکەڵەیەکە لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز، کە لە وڵاتی (کۆردیک- ک،ک، کۆردۆییڤ) دەژیان، بەڵام دواتر زمان، نەریت، جلوبەرگ و باوەڕی ئەو نەتەوانەیان وەرگرت، کە لەگەڵیان دەژیان، لەکۆتاییدا لەنێو یەک نەتەوەدا

**بایەخدانی زانستیی بە کورد لە ڕووسیا، تارادەیەک درەنگ کەوت، بەنزیکەیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەستی پێکرد، ئەو ئاوڕدانەوەیەش لەوکاتەدا زۆر ڕووکەشانە بوو**

یەکیان گرت»

بەمشێوەیە ئابۆڤیان پێیوابوو:

یەکەم: کورد یەکێکە لە گەلە دێرینەکان.

دووەم: لە پێکهاتنی نەتەوەی کورد نەتەوەکانی دیکەش بەشدارییان کردووە، کە لە هەرێمی کۆردیک و هەرێمەکانی نزیکی لەگەڵ دانیشتوانەکەی نیشتەجێبوون و یەکیانگرتووە.

سێیەم: کورد لە دێرزەمانەوە لە ڕووی کلتورییەوە، لە ئاستی داگیرکەرانی خۆی کەمتر نەبووە. ئەگینا چۆن هۆکارەکانی وەرگرتنی زمان، باوەڕ و دابونەریتی کورد لەلایەن داگیرکەرانییەوە لێکدەدرێتەوە.

ئەو نەتەوانە کامانەن، کە وڵاتی کۆردێکیان داگیرکرد و لەگەڵ دانیشتووانەکەی تێکەڵبوون؟ ئابۆڤیان لەو

باوەڕەدایە، کە «نووسەرانی ئەرمەنیی بەشێوەیەکی تەواو قایلکەرانە ئەمەیان ڕوونکردۆتەوە» پێیوایە، کە یەکەم جار میدییەکان هاتن بۆ هەرێمی کۆردیک و داگیریان کرد و لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی (دانیشتوانی ناوچەکە) تێکەڵبوون، دوای میدییەکان، سکیسییەکان ڕوویان کردە ناوچەکە، پاشان عەرەبەکان کە لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە تێکەڵبوون، سەرئەنجام نەتەوەی کورد شێوەی گرت. لە داهاتوو کوردەکان بەسەر چەندین خێڵ دابەشبوون و لە باشوور و ناوەڕاستی ئەرمینیا نیشتەجێبوون.

ئابۆڤیان لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونی مێژوونووس و جێوگرافیناسانی ئەرمەنیی (چیمچیان، ئینژینجان) هاوڕایە، بەڵام هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە بەڵگە نوێیەکانی مێژوو و ئیتنۆگرافی کورد، بۆچوونەکانیان بەهێز بکات.

سەبارەت بە پێکهاتنی هەندێک لەو هۆزە کوردیانەی،

***سەرەتا، لێکۆڵینەوەی لە دەستنووس و کارە جیۆگرافی و مێژووییەکانی کتێبخانەی پەرستگای (ئیچیئەدزین و یەریڤان) کرد، دواتر بۆ ئاشنابوون بە ژیان و کلتووری کورد بۆ کوردستان گەشتی کرد***

کە لەگەڵ عەرەبەکان تێکەڵبوون، ئابۆڤیان بە پشتبەستن بە ئەفسانە کوردییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەم هۆزانە پارێزگارییان لەم یەکگرتنە کردووە، ئەمەش لە دابونەریتی هاوبەش و لێکچوونی جلوبەرگ و پاشان نزیکی زمانیان بەتایبەتی لای کوردەکانی میزۆپۆتامیا لەگەڵ عەرەبەکان، دیارە.

ئابۆڤیان، گومانی لەوەنییە، کە ئەرمەنەکان ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە پێکهاتنی نەتەوەی کورد و دەنووسێت: « بەشێکی دیاری نەتەوەی (ئەرمەن- ک.ک.کوردۆیەڤ) لە سایەی ئەو ئالایەدا بوون، کە بە مانگی هیلالی نەخشێنرابوو (ئالای ئیسلام- وەرگێڕ) دواتر وردەوردە زمان و شێوازی ژیانی موسوڵمانەکانیان وەرگرت، بەجۆرێک لە داهاتوودا بەتەواوی لەگەڵیان تێکەڵبوون. لە سەردەمی ئێستە شوێنەواری ئەو کاریگەرییە بەناوی خێڵە کوردییەکانەوە دیارە. بەپێی دەستنووسە کۆنە ئەرمەنییەکان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زۆر لە میرە ئەرمەنەکان هەڵاتوون بۆ کوردستان و لەوێ ناوی کوردییان هەڵگرتووە»

ئابۆڤیان پێیوایە، کە خێڵە کوردەکانی (سلیڤان، ڕۆشکان، مامکان و ماندیکی) لە بنەماڵەی میرنیشینە ئەرمەنە دێرینەکانەوە هاتوون: هۆزی سلیڤان لە بنەماڵەی سیلکونیڤەوە، ڕۆشکان لە بنەماڵەی ڕشتونیڤ، مامکان لە بنەماڵەی میرنشینی مامیکانیڤەوە، دواهەمینیان، ماندیکی لە بنەماڵەی مەندەکونیڤەوە.

ڕەنگە پێمانوابێت، کە هاوئاوازی ناوی هۆزە کوردییەکان لەگەڵ ناوی بنەماڵە و میرە ئەرمەنییەکان دیاردەیەکی بەرێکەوت بێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە لێکۆڵینەوەی قووڵمان لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هاوئاوازی و لێکچوون لە ناوی هۆز و بنەماڵەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و ئەرمەنە. لە کارەکانی مێژوونووس و جیۆگرافیناسە ئەرمەنەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نەک تەنیا ئەرمەنییەکان کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کۆردیک و تێکەڵ بە دانیشتووانی ناوچەکە بوونە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە، نیشتەجێبووانی هەرێمی کۆردیکیش کۆچیان کردووە بۆ ئەرمینیا و لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی تێکەڵاوبوونە. مێژوونووس م. خۆرێنسکی باس لەوە دەکات، کە دەسەڵاتدارانی تاران لەگەڵ دانانی ماڵباتە شاهانەییەکانی ئەرمەن، ماڵباتە کوردییەکانیش، کە دەکەوتنە ئەرمینیا و کۆرتچیا داناوە. بۆیە دەتوانرێت ئەوەش وەک بەڵگەی بوونی پەیوەندی سیاسیی، کلتووریی و هتد لە نێوان نەتەوەی کورد و ئەرمەن دابنرێت.

کۆچی هاوبەشی ئەرمەنییەکان بۆ هەرێمی کۆردیک و کوردەکان بۆ ئەرمینیا، بەڵگەی بوونی پەیوەندی سیاسیی و ئابوورییە لە نێوان هەرێمی کۆردیک (کۆرتچێک) و ئەرمینیا. ئاشکرایە کە دانیشتوانی کۆرتچێکی (کوردی- ک.ک.کوردۆیەڤ) باشووری ئەرمینیا لەگەڵ هەموو هەرێمەکانی هاوسنووری لە باشوورەوە، یان ملکەچی ئەرمینیا بوون یاخود لێی جیابوونەوە و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری خۆیان دامەزراندووە. لەکاتی نیشتەجێکردنی کوردەکان لە ئەرمینیا و ئەرمەنییەکان لە هەرێمی کۆردیک، دەرفەتی تێکەڵاوبوونی فراوانی گەلانی کورد و ئەرمەن هاتەپێشەوە، کە بە بۆچوونی ئابۆڤیان شوێنەوارەکانی ئەم تێکەڵبوونە تا ئێستەش لەنێو کورد ماون. بۆیە، جگە لە هاوئاوازی ناوی بنەماڵەی شاهانەی دێرینی ئەرمەنی «نەهارییەکان» لەگەڵ ناوی خێڵە

ناوی میرنشینە ئەرمەنییەکان، ناوی شوێنە جوگرافییەکان و هەرێمەکانی ئەرمینیا، یان تەنانەت ناوی ژمارەیەک لە نەتەوەکانی دراوسێی ئەرمینیا لەنێو کورد، دەرخەری ئەوەیە، کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی ئاسیای بچووک (باشوور و خۆرئاوای ئاسیا-وەرگێڕ) پێکهاتنیشی لە ئەنجامی پرۆسەی تێکەڵبوونی چەند نەتەوە و هۆزێکی گەورەوە بووە، کە لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەرمینیا نیشتەجێبوون. بەڵگەنامەکان پێش هەمووشتێک پێمان دەڵێن، کە میدییەکان و ئەرمەنییەکان کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کۆردیک، یاخود زاڵبوون بەسەر دانیشتوانەکەی (کورد) و بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە پێکهاتنی نەتەوەی کورد، زمان، ئایین و نەریتی کوردیان وەرگرتووە.

بە لێکۆڵینەوە لەئاستی کارتێکردنی نەتەوەی کورد و ئەرمەن لەسەر یەکدی، توانیمان چارەسەری چەندین پرسی ناڕوونی مێژوو و ئیتنۆگرافی کورد و ئەرمەن بکەین.



خەچەتور ئابۆڤیان

کوردییەکان، چەندین حاڵەتی لە یەکچوونی ناوی هەرێمە کۆنەکانی ئەرمینیامان لەگەڵ ناوی خێڵە کوردییەکان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە لیستی ناوی هەرێم و پارێزگاکانی ئەرمینیا، چەندین ناو لەگەڵ ناوی هۆزە کوردییەکان هاوئاواز بوون:

| ناوی هەرێمە کۆنەکانی ئەرمینیا | ناوی خێڵە کوردییەکان |
| --- | --- |
| -Zeluni Зилан | زیلان |
| -Aspakani ئەسپاکەنی Сипкан- | سیپکان |
| -Taroni تەرۆنی Торыни – | تەرینی |
| -Garxi گەرخی Карки- | کارکی |
| -Baraznuni بەرازنونی | بارزان |
| -Bakuri باکووری Мыкури- | مکوری |
| -Bznuni بزنونی Бызыни- | بیزینی |
| -Banuni بانونی Баноки- | بەنۆکی |
| -Budani بودانی Будки- | بودکی |
| -Tekori تیکۆری Такори- | تەکۆری |
| -Moksen مۆکسین Мохси) (Мокси)- | مۆکسی |
| -Artos ئارتۆس Артоши- | ئەرتۆشی و چەندین نموونەی دیکە |

ئێستە زەحمەتە بڵێین ناوچەکانی ئەرمینیا ناوەکانیان لە ناوی هۆزە کوردییەکانەوە وەرگرتووە یاخود بە پێچەوانەوە، بەڵام ڕاستی هاوئاوازی ناوەکان ڕوونە، کە ڕێکەوت نییە و ڕەنگدانەوەی پەیوەندی کورد و ئەرمەنەکانە، کە لە مێژووی ئەو دوو نەتەوەیە بەرچاومان دەکەوێت.

ئەو ڕاستییانەی سەرەوە جارێکی دیکە پێویستی و سوودی بەکارهێنانی سەرچاوە خۆرهەڵاتییەکان، بەتایبەتی ئەرمەنییەکانمان لە ڕۆشنکردنەوەی مێژووی نەتەوەی کورد بۆ پشتڕاست دەکەنەوە. سەرەڕای هاوئاوازی ناوی خێڵە کوردییەکان لەگەڵ ناوی شانشینی نەهارییەکان و هەرێمە کۆنەکانی ئەرمینیا، لە سەرچاوە ئەرمەنییەکان ناوی ژمارەیەک ناوچەمان بەرچاو دەکەوێت، کە ناکەونە سنووری ئەرمینیا، بەڵام هاوئاوازن لەگەڵ ناوی خێڵە کوردییەکان، بۆ نموونە ناوی ناوچەی (تاسان)مان بەرچاو دەکەوێت، کە دەکەوێتە باشووری هەرێمی کۆرتچێک (تاسان) کە هاوئاوازە لەگەڵ ناوی هۆزی گەورەی ئێزیدی داسان (داسنی)

دەکرێت چەندین نموونەی هاوشێوە بهێنینەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا بەوەندە کۆتایی پێدەهێنین. لەڕوانگەی ئەو نموونانەوە دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە: پاراستن (مانەوە)

بەڵام، بەداخەوە چ وەکو کوردناسەکان و لێکۆڵەرانی ئەرمەنیش لەم بوارە کارێکی ئەوتۆ نەکراوە.

ئابۆڤیان زمانی کوردیی بەباشی دەزانی، بۆیە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە پێکهاتە، ڕێزمان و وشەسازی زمانی ئاماژەپێکراو. ئەو گۆرانییە کوردیانەشی وەرگێڕا، کە لەلایەن خۆیەوە تۆمار کرابوون. ئەو پێناسەیەی، کە ئابۆڤیان بە سروشتی پێکهاتەی زمانی کوردیی دەدات لە ئێستەدا بەسەرچووە، لەبەرئەوەی تەنیا ئاماژە بە وشەسازیی، نەک سیستەمی وشەو ڕێزمانی زمانی کوردیی دەکات، لەگەڵ ئەوەش لە سەردەمی خۆی لەلایەن هەموو خۆرهەڵاتناسەکانەوە پەسەندکراوە، تەنانەت کاریگەریی دیاری لەسەریان داناوە.

ئابۆڤیان دەنووسێت: «زمانی کوردیی لە تێکەڵەیەک وشەی عەرەبیی، تاتاریی، فارسیی، ئەرمەنیی و کوردیی پێکدێت. زمانی کوردیی بەسەر دوو شێوەزاری سەرەکی

> ***ئابۆڤیان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە «کوردی ئەمرۆ تێکەڵەیەکە لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز، کە لە وڵاتی (کۆردیک-ک،ک، کۆردۆییڤ) دەژیان، دواتر زمان، نەریت، جلوبەرگ و باوەڕی ئەو نەتەوانەیان وەرگرت، لەکۆتاییدا لەنێو یەک نەتەوەدا یەکیان گرت***

دابەش دەبێت، خودی زاراوەی کوردیی و زازاکی. زازاکی تا ئاستێک جیاوازە لە شێوەزاری یەکەم، بەجۆرێک ئەگەر کوردێک پێشتر فێری نەبووبێت، بەهیچ جۆرێک لێی تێناگات. لە هەرێمەکانی ئێگنوس، توژین و شوش و هەرێمەکانی دیکە بە شێوەزاری زازاکی قسان دەکەن، لەلای خۆشیەوە زمانی ڕۆژانە و بێژە لە خێڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

بۆ زمانەوانێک، کە شارەزای زمانی کوردیی بێت، زەحمەت نییە بڕیار بدات لەسەر کاریگەریی ئەو بۆچوونەی ئابۆڤیان لەسەر هەندێک لە لێکۆڵەرانی دیکەی کوردناسی وەکو: لێرخ، یوستی و یگیزارۆڤ، کە ڕاوبۆچوون و پێناسەیان بۆ زمانی کوردیی سەبارەت بەوەی، کە سەر بە گرووپی زمانە ئێرانییەکان و لە خێزانی هیندۆ ئەورووپییەکانە، دوور نییە لە بۆچوونی ئابۆڤیانەوە. سەبارەت بە دابەشبوونی زمانی کوردیش بۆ دوو شێوەزار، ئەوا دابەشکردنێکی دروستە و لەلایەن ئەو کوردناسانەی ناومان هێنان، بەم ڕاستکردنەوانەی خوارەوە پەسەندکراوە: لەبری چەمکی (زارەوەی کوردی و زازاکی) ئەوان چەمکی (دیالێکتی کورمانجی و زازاکی) بەکاردەهێنن. هەرچۆنێک بێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە دابەشکردنەکەی ئابۆڤیان بە چەند گۆڕانکارییەکی کەمەوە بەتوندی لە زانست چەسپیوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کوردناسەکان زمانی کوردیی دابەش دەکەن بۆ ئەم شێوەزارانەی خوارەوە: شێوەزاری کورمانجی، کە لە هەرێمەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، تا چیاکانی شەنگال و هەرێمی مووسڵ بڵاوە و گفتوگۆی پێدەکرێت، شێوەزاری زازاکی، کە لە ناوچەکانی دەرسیم، ئەرزەڕۆم و موش بڵاوە، شێوەزاری کوردیی لە بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوە.

ئابۆڤیان دەڵێت: وشەکانی ناو زمانی کوردیی، لە ڕووی دەنگسازیی (فۆنۆتیک)ەوە، وەک «دەنگێکی ڕەق و ناساز بەر گوێی ئەورووپاییەکان دەکەوێت» بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ناکرێت باس لە باڵادەستیی زمانی کوردیی لە بەرانبەر زمانە ئاسیاییەکانی دیکە نەکەین، لە زمانی کوردیی بە دەگمەن فیشکە، بەریەککەوتنی بزوێنەکان، دەنگی ناتەواو لە قوڕگەوە دەدۆزیتەوە، وەک لە زمانی چیاییەکانی لیزگین و چیچانی هەیە.

ئەم پێناسەیەی ئابۆڤیان بۆ فۆنەتیکی زمانی کوردیی بەتەواوی ڕاستە و وای لە لێکۆڵەرانی دیکەش کرد، کە پێیان وابێت فۆنەتیکی زمانی کوردیی سادە و ئاسانە. تێبینیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی ئابۆڤیان دەربارەی پێکهاتەی دەرەکی وشەی کوردیی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فۆرمەکانی ڕێزمانی زمانی کوردییەوە هەیە، ئەوەیە، کە «زۆربەی وشەکان، چ ڕەسەنەکان، یان ئالۆزەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ێ، ئە، ئی) کۆتاییان دێت. ئابۆڤیان بایەخی بەو پرسیارە نەدا، کە بۆچی وشە کوردییەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ئە، ێ، ئی) کۆتاییان دێت، ئەوە بەشێک نەبوو لە ئەرکەکەی، بۆ ئەو گرنگ بوو ئاماژە بە تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی زمانەکە بدات، بەبێ ئەوەی بچێتە نێو شیکاری فۆرمەکانی ڕێزمانەوە. ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە کاری لێکۆڵەرانی زمانی کوردیی بوو. کوردناسانی وەکو لێرخ، یوستی و یگیازارۆڤ چۆن ئەم دیاردەیەیان ڕوونکردۆتەوە؟ بە بایەخدان بەم دیاردەیە و لەسەر بنەمای نۆرمەکانی زمانی فارسیی درکیان بەوەکرد، کە

ئەم بزوێنانەی زمانی کوردیی وەکو فۆرمە جیاوازەکانی (ئیزافەت) وان لە زمانی فارسیی. لێرخ و یوستی لە دوای ئەوانیش یگازارۆف ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە زمانی کوردیی ئیزافەت بەشێوەی (ی، ئە، ێ) دەردەکەوێت.

دوایین و سەرنجراکێشترین سەرنجی ئابۆڤیان دەربارەی زمانی کوردیی، بریتییە لە ئاماژەکردن بە یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی پێکهێنانی ناوی تایبەت. ئابۆڤیان دەنووسێت: « نزیکەی بۆ هەموو ناوە تایبەتەکان و تەنانەت بۆ ناوی گەلانی دیکەش، کوردەکان کۆتایی پاشگری «ۆ» زیاد دەکەن و بە نزیکەیی ناوەکان بۆ نیوە کورت دەکەنەوە، بۆ نموونە حەسەن، شەمدین، ئالڵوەردی هتد، دەکەن بە حەسۆ، شەمۆ، ئالڵۆ. ناوی خانەدان و سەرکردە دیارەکان لەم گۆڕانکارییانە بەدەرە، بۆیە ئەم نەریتە بەجۆرێک لە جۆرەکان وەکو جیاکارییەک خزمەت بە چینەکانی سەرەوە دەکات. تا ئێستە کەس گرنگیی بەم تێبینیەی ئابۆڤیان نەداوە، لە کاتێکدا زۆر بە بایەخەو پێویستە سەرنجی زمانناسان و کوردناسان ڕابکێشێت. لە ڕاستیدا زیادکردنی «ۆ» بۆ کۆتایی وشەیەکی کورتکراوە بۆ نیوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی. ئەنجامگیریەکەی ئابۆڤیان دەربارەی ئەم ڕێگەیەی پێکهێنانی ناوی تایبەت، کە وەک جیاکارییەک خزمەت بە چینەکانی سەرەوە دەکات، بەتەواوی حاشاهەڵنەگرە و دەتوانرێت بە هێنانەوەی چەندین نموونە پشتڕاست بکرێتەوە.

ئابۆڤیان بەمشێوەیە بانگهێشتی زانایانی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردیی کرد «دەست بکەن بە چارەسەرکردنی زۆر پرسی مێژوویی» بە بەراوردکردنی زمانی کوردیی لەگەڵ ڕووسیی و گفتوگۆکردن دەربارەی وشە و فرمانە هاوبەشەکان، ئابۆڤیان نووسیویەتی: « بۆ ئەوەی دەست بکەین بە چارەسەرکردنی چەندین پرسی مێژوویی، دەتوانین چەند سەد وشەیەکی هاوواتا و هاودەنگ لە هەردوو زمانەکە بدۆزینەوە. بەڵام لە کوێن ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە لەم گەل و زمانە، چاندنی ئەم خاکە بەپیتە، کە دەشێت بۆ دەستگیرۆیی مێژووی نەتەوەیی و زمانەوانی چاوەڕوانییەکی زۆری لێ بکرێت؟»

توێژینەوەکانی ئابۆڤیان لەبواری فۆلکلۆری کوردییش زۆر سەرنجراکێشن. ئاشکرایە، کە ئابۆڤیان گرنگییەکی زۆری بە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیی داوە، لەهەمان کاردا دەربارەی کوردەکان وەسفی فۆلکلۆری کوردیی دەکات، بەڵێن دەدات لە داهاتوو نموونەی هۆنراوەی فۆلکلۆری بخاتەڕوو، بەڵام، بەداخەوە هیچ کام لەو گۆرانییانەی بڵاونەکردەوە، کە تۆماری کردبوون و وەریگێڕابوون.

گەشتیاری ئەڵمانیی (ڤاگنەر) باس لەوە دەکات، کە ئابۆڤیان گۆرانییە کوردییەکانی لەگەڵ ماتریاڵەکانی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کورد و ئێزیدییەکان بۆ ناردووە، وەک خۆی دەڵێت: هەندێک لەو گۆرانییانەی بە وەرگێڕانی ئەڵمانی لە وتارەکەی دەربارەی ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەمدواییانە ئاشکرابوو، کە دەستنووسی تایبەتی گۆرانییە کوردییەکانی ئابۆڤیان دۆزراوەتەوە و لە بەشی ئەدەبی موزێی دەوڵەتیی ئەرمینیای سۆڤییەت پارێزراوە و دەستنووسەکەش هێشتە چاوەڕوانی لێکۆڵەرەکەی دەکات! بۆیە تەنیا دوای ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ئابۆڤیان لە لێکۆڵینەوەی گۆرانیی کوردیی بکەین.

**ڕەنگە پێمانوابێت، هاوئاوازی ناوی هۆزە کوردییەکان لەگەڵ ناوی بنەماڵە و میرە ئەرمەنییەکان دیاردەیەکی بەڕێکەوت بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هاوئاوازی و لێکچوون لە ناوی هۆز و بنەماڵەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و ئەرمەنە**

لە لێکۆڵینەوەی ئاماژەپێکراو (کوردەکان) ئابۆڤیان وەسفی هونەری فۆلکلۆری کوردیی دەکات و دەنووسێت: «هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیی هەنگاوی سەرسوڕهێنەری ناوە و گەیشتۆتە ئاستی کاملیی. هەر کوردێک تەنانەت هەر ژنێکی کورد لە زگماکەوە بۆ خۆی شاعیرێکە و هەموویان خاوەن خەیاڵێکی سەرنجراکێشن، بەڵام پێکەنیناوی دەبێت ئەگەر داوای هۆنراوەی ڕێکخراو، قەشەنگ و زمانێکی ڕەوانبێژیی لە گەلێکی کۆچەری بکرێت. هەربۆیە زۆر بەسادەیی و بێ ئاڵۆزی گۆرانی دەڵێن، لە گۆرانیەکانیان: دۆڵ، چیا. تاڤگە، چەم، گوڵ، ئەسپ، چەک، سەرکەوتنە سەربازییەکانیان، کیژۆڵە جوانەکانیان و هەرشتێک، کە دەشێت بەر هەستەکانیان بکەوێت – لەگەڵ بیرۆکەکانیان دەیڕازێننەوە و هەوڵدەدەن بە ئاوازێکی زیندوو و چێژبەخش بیچڕن، بێگومان ئەم گۆرانیانە، کەمێک گوێی ئەوروپییەکان هەراسان دەکەن، بەڵام، وەک دەربڕینی ژیانی ڕۆحی

و شێوازی بیرکردنەوەی گەلێکی فرە ڕەسەن، بەهای تایبەتی خۆیان هەیە. گەلێک، کە بەوە ڕاهاتووە، مەڵۆ هەرزنێکی خۆی، لە بەرهەمی ئامادەکراوی کوالێتی بەرزی ئەوروپییە بەهێزەکان لا پەسەندتر بێت.

ئەم تایبەتمەندییەی هونەری فۆلکلۆری کوردیی لەلایەن لێرخ، مار و کوردناسەکانی دیکەوە باسکراوە. ئەوەی زۆر سەرنجراکێشە بۆچوونی ئابۆڤیانە دەربارەی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیی، کە دەڵێت: «لە ڕاستیدا بەرهەمە شیعریەکانی ئەم هۆزانڤانە ئاسیاییانە شایەنی بایەخپێدانی تایبەتییە و قابیلیەتی وەڵامدانەوەی توندترین ڕەخنەیان هەیە. بەڵام، کەس ئەم هۆنراوانەی تۆمارنەکردوون و چ وەک هۆزانڤانەکان و وەکو نەریتی زارەکیش ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر و زیاتر لەبیر دەکرێن. گەنجینەیەکی لەمشێوەیە دەبوو سەرنجی خوازیارانی لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر، ئەفسانە و بیروباوەڕەکان، هەروەها سەرنجی هەر زانایەک ڕابکێشیت، کە گوێ

**بە لێکۆڵینەوە لەئاستی کارتێکردنی نەتەوەی کورد و ئەرمەن لەسەر یەکدی، توانیمان چارەسەری چەندین پرسی ناڕوونی مێژوو و ئیتنۆگرافی کورد و ئەرمەن بکەین**

بە تێچوون و زەحمەتی کۆکردنەوەی ئەم کەرەستە بەنرخانە نادات.

لە بۆچوونە پەرشوبڵاوەکانی ئابۆڤیانەوە، دەتوانین ئەم وێنەیەی خوارەوە دەربارەی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بهێنینە پێش چاومان.

کورد دابەشبوونە بەسەر کۆچەری و نیشتەجێبوان. کۆچەرییەکان بەزۆری سەرقاڵی ئاژەڵدارین، هەمیشە چەکدارن، بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە دەکەن.

کوردە نیشتەجێبووەکان خەریکی کشتوکاڵن، زستانان لە گوندەکانی خۆیان داڵدەی کۆچەرییەکان دەدەن، کۆچەرییەکانیش لەبەرانبەردا لە هێرشی دوژمن دەیانپارێزن. نیشتەجێبووەکان بە بەراورد بە کۆچەرییەکان زیاتر وابەستەن بە دەسەڵاتی تورک و فارسەکانەوە، هەرچەندە ئابۆڤیان پێیوایە، کە کورد لە واقیعدا هەموویان سەربەخۆن. هەروەها دەڵێت:

سەرەڕای ئەوەی کورد لەژێر دەسەڵاتی تورک و فارسەکان دان، بەڵام «داب و نەریتیان بەشێوەیەکی پارێزراو دەمێنێتەوە» بەگوێرەی ئابۆڤیان ژێردەستەیی کورد تەنیا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە «کە ساڵانە لە کاتێکی دیاریکراو ڕێژەیەکی کەم باج و سەرانە دەنێرن بۆ تورک و فارسەکان» لە ڕاستیدا « ئیدارە، دادگا و سزای تایبەت بەخۆیان هەیە» کوردانی نیشتەجێ و کۆچەری دابەش دەبن بەسەر چەندین خێڵی جیاواز، ئەو خێڵانەش لەلای خۆیانەوە دابەش دەبن بۆ خانەدانەکان «توێژی باڵا» و خەڵکی ئاسایی» چینی خوارەوە» چینی سەرەوە لە شازادە، سەرۆک خێڵ، تیرە و کەسانی دەوڵەمەند پێکدێت. هەرچی دانیشتووانەکەی دیکەیە، چینی خوارەوە پێکدەهێنن.

ئابۆڤیان زانیاریمان دەربارەی ڕەوشی ئابووریی توێژی باڵا و خەڵکی ئاسایی و ئەو چەوساندنەوەیەی، کە لە کۆمەڵگەی کوردیی هەبووە پێنادات. بەڵام تێبینیەکی سەرنجراکێش هەیە، کە دەتوانین هەندێک بیرۆکەی لێوەربگرین.

لە باسی خەرجی ڕۆژانەی خواردنی میرەکان لەکاتی پێشوازکردنیان لە میوانەکانیان، دەنووسێت «زۆرێک لەو میرانەی کە خۆیان بە سەرۆک خێڵ دادەنێن، لە ڕۆژێکدا ٤٠ بۆ ٥٠ سەر مەڕ و زیاتر پێنج فەردە برنج دەخۆن، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەندین پاکەت قاوە و توتن، لەبەرئەوەی لە ڕۆژێکدا چەند جارێک نان دەخۆن‌و قاوە دەخۆنەوە» لەوەڵامی ئەو پرسیارەی، ئایا میرەکان ئەو هەموو کەلوپەل‌و خواردنە لەکوێوە دەهێنن؟ ئابۆڤیان دەنووسێت «کۆمەڵگە لە جەژنەکاندا هەموو ئەو شتانە‌و دیاری دیکەی گرانبەهاشیان پێدەبەخشن» مەبەست لە کۆمەڵگە لێرەدا بەشی زۆری دانیشتووانە (چینی خوارەوە) کە لەلایەن «چینی سەرەوە» شازادە و سەرۆک خێڵەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. بۆ نموونە، میرەکان «باجی سروشت»یان لە شێوەی باجی خۆبەخشانە (کەشکوڵ) لە بەرامبەر لەوەڕگا، شوێنی مانەوەی کۆچەرییەکان‌و هەروەها بەکارهێنانی ئاوی ڕووبار و کانیاوەکان کۆدەکردەوە. جگەلەوەش لە کاتی دەستنیشانکردنی ئاغا و بەگەکان، لەشێوەی دیاری خۆبەخشانە یاخود ناچاری (بەپێی ناوچەکانی کوردستان) چینی خوارەوە بەناوی (پێشکەش بۆ ئاغا، بەگ) دیارییان پێدەبەخشین یاخود باجی (خزمەتی ڕاستەوخۆ) پێشکەش دەکرد، ئەویش بە (ئیشی ناو کێڵگەکان‌و ئەرکی ماڵەوە بۆ ئاغا و بەگەکان). بەمشێوەیە ئەو بۆچوونەی ئابۆڤیان پەیوەندی

ڕاستەوخۆی بەوشێوازی چەوساندنەوە هەبوو کەلەناو کورددا باو بوو، بۆیە وەک ئابۆڤیان پێشتر ئاماژەی پێکردووە، ئەو دیارییە گرانبەهایانەی کە لە جەژنەکاندا لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشکەشی میر و سەرۆک خێڵەکان دەکران، بێگومان یەکێک بوو لە شێوازەکانی چەوسانەوە. لەم ڕووەوە ئابۆڤیان لە یگیازارۆڤ لەپێشتر بوو، کە کاتێک لێکۆڵینەوەی لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کـوردەوە دەکـرد، زانیـاری لەسـەر «هـۆبـە» وەک یەکەیەکی ڕێکخراوی کۆچەریی کورد نەخستبووە ڕوو، کە لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری تاکەکانی خێڵ دامەزرابوو. یگیازارۆڤ لەو یەکەیەدا هیچ چین و توێژێک یاخود چەوسانەوەیەک نابینێت و وەکو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی وەسفی کردووە. ئەو «هۆبە-وەک کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری دیموکراتیی وێنا دەکات، کە هەموو ئەندامەکانی، چ هـەژار و چ دەوڵەمەند لە مافی یەکسان بەهرەمەند بوون؛ سەرکردەی هۆبە تەنیا یەکەمی نێو یەکسانەکانە»

جێگەی ئـامـاژەپـێکردنـە، کـە لـە پـرسـی پـەیوەندییە یاساییەکاندا، پێناسەکەی ئابۆڤیان، زیاتر لە پێناسەکەی یگیازارۆڤ، لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت. ئابۆڤیان پێیوابوو، کە دەسەڵاتی میرەکان، سەرۆک خێڵ و سەرۆک تیرەکان بێسنوورە و هەمووان دەبێت ملکەچی بن. ناکۆکیی نێوان خێڵەکان، هەمیشە لەلایەن میر و ڕیش سپییەکانەوە چارەسەر دەکرا، بەجۆرێک ڕەشماڵ، یاخود ماڵی ڕیشس پییەکان جێگەی دادگا، ئەنجوومەن و هەر فەرمانگەیەکی دەوڵەتی دەگرتەوە. ئەوان (میر و ڕیش سپییەکان) ڕێگە نادەن پیاوانی ئایینیی لەهیچ کاروبارێکی کۆمەڵایەتیی بـەشـداریی بکـەن، چالاکییـەکانیـان تـەنیـا لـە کـاری خوداپەرستیی سنووردار دەکەن. یگیازارۆڤ دەڵێت: پێش چاکسازییەکانی سیستەمی دادوەریی لە پشتکەفکاز، کورد کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری دیموکراتی بوون، کە تیایدا هەموو ئەندامانی بە هەژار و دەوڵەمەندەوە مافی یەکسانیان هـەبـووە، تەنیا دەوڵـەمـەندەکان و بنەماڵە ناودارەکان نەبێت، کە لە ڕێز و بایەخپێدانێکی زۆرتر بەهرەمەند بوون»

یەکێکی دیکە لـە ئەنجامگیرییە سەرنجڕاکێشەکانی ئابۆڤیان دەربارەی شێوازی ژیانی پیاوسالاریی کورد. بەپێچەوانەی هەندێک لـە زانـا ئەوروپاییەکانی ئەو سەردەمە، کە پێیانوابوو کوردەکان تەنیا خەریکی دزی، تالانی و کوشتارن و هیچ تایبەتمەندییەکی باشەیان لە کورد نەدەبینی. ئابۆڤیان وێنەیەکی جیاوازو بابەتیانەتری ژیانی کۆمەڵایەتی کوردمـان پیشان دەدات. جگە لە پیشاندانی هەڵوێستی مرۆڤانەی بەرانبەر بە کورد، لە باسی دابونەریتی پیاوسالاری کورد، ئاماژە بەوە دەکات «لە سـەردەمی ئێستە، زەحمەتە ژیانێکی پیاوسالاری وەها لەنێو هەموو گەلانی جیهان بەو هەموو فەزیلەت و سوود و لەهەمانکات سەختیەوە وەک ژیانی کورد بدۆزینەوە»

«کوردەکان ئەگەر بێتوو ژیانێکی زیاتر نیشتەجێبووانەیان پەیڕەوبکرادیە، دەکرا بە سوارچاکانی خۆرهەڵات بە مانای تەواوی وشەکە ناوببرێن. جەنگاوەریی، دڵپاکی، ڕاستگۆیی، میواندۆستی و ڕێزی بێسنووریان بۆ ئافرەت، هەموو ئەمانە تایبەتمەندی و فەزیلەتی هاوبەشی تەواوی گەلی کوردە»

ئابۆڤیان ئـەم تایبەتمەندییە باشەی کـوردی بە چەند نموونەیەکی کۆنکرێتی ڕوونکردۆتەوە، کە لەهەمان کات گەواهیدەری سیفەتە باشەکانی کورد بوون.

**ڕۆڵی ئابۆڤیان لەبواری کوردناسیی:**

ئابۆڤیان پاشخانێکی مێژوویی، زمانەوانیی و ئیتنۆگرافیی نایابی هـەبـوو، ئـەم پاشخانە مەعریفیەی نـەک تەنیا سەرکەوتووانە لە لێکۆڵینەوەی ئیتنۆگرافی کـورد و ئەرمەنەکان بەکارهێنا، بەڵکو هاوکارییەکی زۆری ئەو زانـا ئەوروپایانەشی کـرد، کە گەشتیان کردبـوو بۆ خۆرهەڵات و خەریکی لێکۆڵینەوە بـوون لە ئەرمینیا، کوردستان و پشتکەفکاز بەگشتیی.

بۆ نموونە فردریک پاڕڕۆت لە گەشتەنامەکەی، بەوردی باسی ئـەو هاوکارییە گـەورەیـە دەکـات، کە ئابۆڤیان پێشکەشی کردووە.

ئاڤگوست فۆن هاکستهاوزین لە (یاداشتەکانی ڕێگە، دەربـارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی و خێزانیی و پەیوەندی نێوان نەتەوە نیشتەجێبووەکانی نێوان دەریای ڕەش و قەزوین) ئاماژە بە ڕۆڵی گەورەی ئابۆڤیان لە لێکۆڵینەوە دەربــارەی ئەرمەنییەکان و ئێزیدییەکان، هـەروەهـا لەباسی سەردانکردن و مانەوەی لای ئابۆڤیان و ئەو هاوکارییانەی پێشکەشی کردووە دەکات.

هاکستهاوزین دەنووسێت: «ڕۆژێک تا ئێوارە، بۆ ڕۆژی دواتریش هەموو کاتەکانم لەوێ لە گفتوگۆکرن لەگەڵ ئابۆڤیان بەسەربرد و زانیاری گرنگم دەربارەی شێوازی ژیـان، دابـونـەریـت و تایبەتمەندی نـەتـەوەی ئەرمەن وەرگرت، لەبری ئەوەی چەند مانگێک لەنێو ئەرمەنەکان

بژیم، لە ڕێگەی ئابۆڤیانەوە توانیم بە ماوەیەکی کورت، زیاتر لەدیوی ناوەوەی ژیانی ئەرمەنەکان شارەزا ببم».

ئابۆڤیان یەکێک بوو لەو کەسە ناودار، ژیر و ڕاستگۆیانەی، کە ئێمە بەدەگمەن لە ژیان دەیانبینین. هەرزوو درکم بەوەکرد، بەگشتیی، بە عیشقەوە هەوڵدەدەم بنکۆڵکاری لە ژیانی گەلان بکەم. ئەو هەموو شتێکی بۆ من بە وردەکاری پێویستەوە ڕوونکردەوە. بەوپێیەی ئەو خۆی چوار ساڵ لەنێو ئەڵمانەکان لە دێرتا ژیاوە، بۆیە تایبەتمەندییە لەیەکچوو و جیاوازەکانی هەردوو نەتەوەکەی لەلا ڕوون و ئاشکرا بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئابۆڤیان نیشتمانپەروەرێکی بەجۆش بوو بۆ وڵاتەکەی. بۆیە بۆ بەشی زۆری ئەمانەی خوارەوە خۆم بەقەرزارباری ئەو دەزانمو بەتایبەتی بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانم بە سەرپەرشتی ئەو ئەنجامداون.

هاکستهاوزین لە لاپەڕە ١٨٢ کتێبی دووەمی، لە یاداشتێکدا ئەم دێڕە سەرنجڕاکێشانە دەنووسێت:

**کوردە نیشتەجێبووەکان خەریکی کشتوکاڵن، زستانان لە گوندەکانی خۆیان داڵدەی کۆچەرییەکان دەدەن، کۆچەرییەکانیش لەبەرانبەردا لە هێرشی دوژمن دەیانپارێزن**

«ئابۆڤیان لە دێرپێت یادەوەرییەکانی سەردەمی لاوی خۆی کۆکردەوەو بەمنی بەخشی بۆ ئەوەی چۆنم دەوێت بەکاریان بهێنم. ئەو یاداشتانە چەندین بابەتی سەرنجڕاکێشیان دەربارەی ژیانی نەتەوەی ئەرمەن لە خۆگرتووە»

لە لێکۆڵینەوە لە کورد و ئێزیدییەکان، ئابۆڤیان هاوکاری هاکستهاوزینی کرد. لەمبارەیەوە دەنووسێت: «کاتژمێر شەشی بەیانی چواربەچوار ئابۆڤیان، مامی ئابۆڤیان، پیتەر نێی و من بە ئاراستەی باکووری خۆراوا بۆ لای ئێزیدییەکان بەڕێکەوتین» لە تێبینییەکانی خۆی دەربارەی ئێزیدییەکان دەنووسێت: «لە ڕێگەی ئابۆڤیانەوە پرسیارم لە ئێزیدییەکان کرد، کە ئایا ڕێگەمان پێدەدەن چەند پرسیارێکیان دەربارەی پێکهاتەی خێڵایەتی، خێزانیی و بیروباوەڕی ئایینیی ئاراستە بکەین؟ ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا». ئەم ئامادەییەی ئێزیدییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و متمانەیان پێمان، هاکستهاوزین دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوێستی دۆستانەی ئێزیدییەکان بەرانبەر ئابۆڤیان و مامی وی. لە کورتە وتارەکانی دەربارەی ئێزیدییەکان، هاکستهاوزین ڕایدەگەیێنێت، کە هەندێک لە زانیاریەکانی لەمەڕ ژیان، نەریت و ئایینی ئێزیدییەکان لە خودی ئابۆڤیان و مامییەوە وەرگرتووە.

ئابۆڤیان هاوکاریەکی بەرچاوی پێشکەش بە م. ڤاگنەری گەڕیدە لە بابەتی لێکۆڵینەوە لە ئێتنۆگرافی کورد کرد. ڤاگنەر لە وتارەکانیدا دەربارەی کورد و ئێزیدییەکان باس لەوەدەکات: «دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەم لە خۆراوای ئاسیا، بەهۆی هاوڕێکەم ئابۆڤیانەوە چەند بەرهەمێکی نایابم دەربارەی هەندێک لە نەتەوەکانی خۆراوای ئاسیا دەستکەوت، بەتایبەت دەربارەی کوردەکان، کە ئەو بەدرێژایی چەندین ساڵ هەم لە ئەرمینیای ڕووسی و هەم لە پێرسیاش لە سەنجەقی بایەزید توێژینەوەی لەبارەوە کردبوون. ئابۆڤیان بەڕێوەبەری خوێندنگەی ئەو هەرێمە بوو لە یەریڤانو شارەزایەکی باشی خۆرهەڵات بوو، ئەمە جگە لەوەی، کە چەند زمانێکی ئاسیایی بەباشی دەزانی.

دەستنووسەکەی بەڕێز ئابۆڤیان دەربارەی ڕەوشت و تایبەتمەندی کەسێتی و بارودۆخی ژیانی کوردەکان، لە هەمانکاتدا چەند تێبینیەکی وردیش دەربارەی ئێزیدییەکان لەخۆدەگرێت، کە لە زۆربەی ناوچەکان لەگەڵ کوردەکان دەژیان. ئەم دەستنووسە پێشکەش بەمن کرا بۆ ئەوەی بەئازادیی بەکاری بهێنم، دواتر بووە بناغەی ئەم وتارانەی ئێستە»

«ڤاگنەر دەڵێت: بەڕێز ئابۆڤیان ئاگاداری کردوومەتەوە، کە نەک تەنیا لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافیەکان، بگرە نموونەی شیعری کوردیی و ئێزیدیش ئەگەر بە وەرگێڕانێکی وشەییانە وەریان بگێڕین، ئەوا زۆربەیان ناوەڕۆکێکی داستان ئامیزیان دەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەو گۆرانییانەی، کە بۆ پاڵەوانەکان نووسراون، گۆرانیی خۆشەویستیش هەن» لەدرێژەی تێبینەکانیدا، ڤاگنەر ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارە دەدات: « لەنێو ئەو گۆرانییە کوردییە وەرگێڕدراوانەی پێشکەشی من کراون چەندین پارچە هۆنراوەی گەورە هەن، کە بەداخەوە ناتوانین یەک دانەشیان بگەڕێنینەوە بۆ دۆخێک، کە بخوێندرێتەوە. لەنێوان ئەم گۆرانیانەدا، بەردەوام گۆرانی داستانئامێزمان بەرچاو دەکەوێت، کە باس لە سەرکەوتنی ئێزیدییەکان بە ڕابەرایەتی سەرکردەکەیان کەشیش پۆلۆ لە ڕادۆڤان، هەروەها سەرکەوتنی سلێمان ئاغا بەسەر خێڵە کوردییەکانی جەلالی لە ئارارات دەکات. لەنێو

گۆرانییەکان سکاڵای کچێک هەیە، کە خۆشەویستەکەی لە سەردەمی نیزامی لەلایەن تورکەکانەوە کوژراوە، یاخود سکاڵای ژنێکی جەنگاوەری ئێزیدی لە بەرانبەر هەڵمەتە ترسناک و وێرانکەرەکانی ڕەشید پاشا، دەبینین.

بۆدینشتێدی گەشتیار لە سەرنجەکانی خۆی دەربارەی گەشتێک بۆ ئەرمینیا دەنووسێت: «لە سایەی ئابۆڤیانەوە توانیم گۆرانیی ئەرمەنیی، کوردیی و تاتاریی تۆمار بکەم»، لە هەمانکات ڕوونی دەکاتەوە» کە ئابۆڤیان بەزمانی ئەڵمانیی لێکدانەوەکانی خۆی دەربارەی ئەو گۆرانییانە نووسیوە و پێشکەشی منی کردووە» لە درێژەی باسەکەی دەڵێت: «ئابۆڤیان یەکەمین گۆرانیی بە دەستی خۆی تۆمارکردووە و بەڵێنی پێداوم لە داهاتوودا گۆرانییەکانم بۆ بنێرێت»

بەمشێوەیە ئابۆڤیان نەک تەنیا گۆرانییە کوردییەکانی تۆمار کرد و کۆیکردنەوە، بەڵکو وەریگێڕان و بۆچوونی خۆی دەربارەیان نووسییوە، دواتر گۆرانییە تۆمارکراوەکان و وەرگێڕانەکانیان لەگەڵ بۆچوونە زانستییەکانی خۆی بۆ م.ڤاگنەر و بۆدینشتێد ناردووە.

بەمشێوەیە ئابۆڤیان نەک تەنیا یاوەر و هاوکاری فۆن هاکست هاوسن، م. ڤاگنەر و بۆدینشتێد بوو لە کۆکردنەوەی ماتریاڵی ئیتنۆگرافی دەربارەی کورد و ئەرمەنەکان، بەڵکو بە ماتریاڵە ئیتنۆگرافییە کۆکراوەکانی خۆشی کۆمەکی کردن.

دەستنووسەکەی خۆی دەربارەی کورد و ئێزیدییەکان نارد بۆ م، ڤاگنەر، کتێبی بیروەرییەکان، کە تایبەت بوو بە ژیان، دابونەریت، کلتوور و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەتەوەی ئەرمەن، بەخشی بە هاکست هاوسن، هەروەها وەرگێڕان و سەرنجەکانی لەسەر گۆرانییە کوردیی و ئەرمەنیی و تاتارییەکان نارد بۆ بۆدینشتێد. هاکست هاوسن، م. ڤاگنەر، ددانیان بەوەداناوە، کە ماتریاڵەکانی ئابۆڤیان بووەتە بناغەی کارەکانیان. ئەستەمە دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە بۆدینشتێد تا چ ئاستێک کتێبی بیرەوەرییەکانی ئابۆڤیانی بەکارهێناوە، بەڵام دەربارەی وتارەکانی م. ڤاگنەر دەتوانین بڵێین، کە بەتەواوی لەسەر بنەمای کەرەستەکانی ئابۆڤیان نووسراون، بۆیە ناوەڕۆک، پێکهاتە و هەروەها دەرەئەنجامی وتارەکانی ڤاگنەر بەنزیکەیی جیاوازیان نییە لەگەڵ ماتریاڵەکانی ئابۆڤیان. هەڵسەنگاندنی مێژوویی و گەڕان و سەرنجەکانی ئابۆڤیان بەپێی سەرچاوە ئەرمەنییەکان دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد و ئێزیدییەکان بەلای ڤاگنەرەوە قایلکەر و شایەنی بایەخ پێدان بوون. م. ڤاگنەر لەسەر بنەمای گوتەکانی ئابۆڤیان باس لە ڕەچەڵەکی کورد و زمانیان دەکات. دەربارەی بابەتە ئیتنۆگرافیەکانی دیکش ئەوا بەگشتی ڤاگنەر بەهەمان شێوەی ئابۆڤیان باسیان دەکات، تەنیا جیاوازییەکی کەم لەوەدایە، کە ڤاگنەر هەندێک زانیاری ئیتنۆگرافی دەربارەی کوردەکان دەهێنێتەوە، کە لە کارەکانی هۆرن، نیبور، ڕاولینسۆن، ئاینسۆرس، ڕیچ و ئەوانی دیکەوە وەریگرتووە.

کەوابێت ناوی ئابۆڤیان لە کوردناسی جیانابێتەوە، ئەو یەکەم لێکۆڵەری ئیتنۆگرافیای کورد بوو لە ڕووسیا و هەرواش دەمێنێتەوە، بەوپێیەی یەکەم کەس بوو، کە وەسفێکی ئیتنۆگرافی پوخت، بەڵام گشتگیرو بەتەواوی دروستی بۆ کورد کردووە. ئابۆڤیان خۆرهەڵاتناسانی بە دیدگای مێژوونووس و جیۆگرافیناسە ئەرمەنییەکان دەربارەی ڕیشەی کورد و ئێزیدییەکان، شێوازی ژیان

**ناکۆکیی نێوان خێڵەکان، هەمیشە لەلایەن میر و ڕیش سپییەکانەوە چارەسەر دەکرا، بەجۆرێک ڕەشماڵ، یاخود ماڵی ڕیش سپییەکان جێگەی دادگا، ئەنجوومەن و هەر فەرمانگەیەکی دەوڵەتی دەگرتەوە**

و دابونەریتیان ئاشناکرد. پرسی ڕەچەڵەکی کوردی زۆر ئاسان کردو سەلماندی، کە وشەی (کورد) پەیوەستە بە ناوی هەرێمی کۆردیکەوە، هەروەها ناونانی خۆیان بە (کورمانج) پەیوەستە بە شاری کەرمانەوە. لە هەمانکات بە ئاماژەدان بە هەندێک پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ میدییەکان و ئەرمەنییەکان کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی کوردستان.

ئابۆڤیان لە وەسفی ئیتنۆگرافی کورد پشتی بە بنەما زانستییەکان بەستبوو، هەروەها ڕێگەی چارەسەرەی پرسی گەشەسەندنی مێژوویی کوردی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ لە زمان، هونەری فۆلکلۆر و سەرچاوە مێژووییەکانی گەلانی خۆرهەڵات خستەڕوو. پێیوابوو، تەواوی ئەم پرسە ئاڵۆزانە وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بەسوود، نەک تەنیا پەیوەندیدار بە

لێکۆڵینەوەی مێژوو و ئێنۆگرافیای کوردەوە، بەڵکو وەک کەرەستەیەکی بەنرخ سوودێکی زۆریان بۆ مێژووی نیشتمانی و زمانەوانی، هەروەها ئێتنۆگرافیاش دەبێت.

سەد ساڵ زیاتر بەسەر بڵاوبوونەوەی یەکەمین بەرهەمی ئابۆڤیان تێدەپەڕێت، بەڵام تا ئەمڕۆش بایەخی زانستی خۆی لەدەست نەداوە.

لە یادی ١٥٠ ساڵەی لە دایکبوونی ڕۆڵەی مەزنی گەلی ئەرمینیا، کوردناسی سۆڤییەت بەشانازییەوە ئاماژەی بەوەداوە، کە لەنێو یەکەمین ئەو لێکۆڵەرانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد بوون لە وڵاتەکەمان، ناوی زانای پێشکەوتووخوازی دیموکرات، ڕۆشنگەر و دۆستی گەلی کورد ئابۆڤیان دەهێنرێت.

تەنیا لەسەردەمی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت خواستە باڵاکانی ئابۆڤیان پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد، کلتوور، ئەدەبی فۆلکلۆر و زمانەوە، هاتنەدی. لە ئەرمینیای سۆڤییەت، لەو کاتەوەی، کە ئەلفوبێی نوێی کوردیی لە ساڵی ١٩٢٨ بڵاوکرایەوە، قوتابخانە کوردییەکان و کۆلێژی کوردیی پێداگۆگی کەفکاز لە یەریڤان کرانەوە، بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراو دەست کرا بە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردیی و کۆکردنەوەی ماتریاڵەکانی هونەری فۆلکلۆری کوردیی.

دامەزراوە زانستییەکانی یەریڤان هەموو جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەشی لێکۆڵەرە لاوە کوردەکان دەکرد، بەمشێوەیە چەندین گەشتی زانستیی بەسەرپەرشتی زانایانی ئێتنۆگرافی ئەرمەنی وەکو (پرۆفیسۆر لیستیسیان) و شارەزایانی فۆلکلۆر وەکو (پرۆفیسۆر ئۆگانژانیانە) لە ساڵانی ١٩٣١، ١٩٣٣، ١٩٣٤ بۆ هەرێمە کوردییەکان ڕێکخران. لەم گەشتانەدا زانا کوردەکانی وەک ئەمین ئەبداڵ، حاجی جندی و ئەوانی دیکەش بەشدارییان کردووە.

ئەم زانایانە لە ماوەی خوێندنیان لە زانکۆی دەوڵەتی یەریڤان مەعریفەیەکی فراوانی زمانەوانی و ئێتنۆگرافیان وەرگرتبوو. لە گەشتەکانیان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زمان، فۆلکلۆر و ژیانی کوردانی سۆڤییەت بوون. لە ئەنجامی ئەم گەشتانەدا، یەکەمین کۆکراوەی هونەریی فۆلکلۆری کوردیی لە ٤٠ لاپەڕەی چاپکراو لە ساڵی ١٩٣٦ لە یەریڤان بڵاوکرایەوە.

دانەرانی ئەم بەرهەمە (ئەمین ئەبداڵ و حاجی جندی) کە بەشداری گەشتەکان بوون، بۆ ماوەیەکی زۆر کاریان لەسەر کۆکردنەوەی هەموو ژانرەکانی فۆلکلۆری کوردیی کردبوو. ئەم بەرهەمە سێ ژانری سەرەکی فۆلکلۆری کوردیی لەخۆ دەگرێت (چیرۆک، ئەفسانە، گۆرانی) بەتایبەتی شازدە گێڕانەوەی داستانی قارەمانێتی بەناوبانگ (کار و کۆلیک) چوار گێڕانەوەی جیاوازی داستانی ڕۆمانسی مەزن (مەم و زین) چوار گێڕانەوەی جیاوازی داستانی ڕۆمانسی (زەمبیل فرۆش) یەک گێڕانەوەی داستانی قارەمانێتی بەناوبانگ (دمدم) چوار گێڕانەوەی (لەیل و مەجنون) پێنج گێڕانەوەی (مامێ و ئایشێ) دوازدە گێڕانەوەی (ئاڤدال و زەینکە) نزیکەی شەست چیرۆکی جۆراوجۆر و ژمارەیەکی زۆر گۆرانییە.

ئەم بەرهەمە بە ئەلفوبێی کوردی- لاتینی چاپکراوە، زانیاری و داتاکان دەربارەی چیرۆکگێڕەوەکان دەری دەخەن، کە بەشی زۆری ئەو کەرەستە فۆلکلۆریانەی، کە تۆمار کراون لە دەمی ئەو کوردانەوە وەرگیراون، کە لە ناوچە جیاوازەکانی باکوری خۆراوای کوردستانەوە کۆچیان کردووە. هەروەها زۆر گرنگە ئاماژە بەوەبدەین، کە بەشێکی ئەو ماتریاڵانە لە زاری ئەو ئەرمەنیانە وەرگیراون و تۆمارکراون، کە خەڵکی ڕەسەنی هەرێمەکانی دیاربەکر، موش و وان بوون و زمانی کوردییان بەباشی زانیوە. هەندێک لەو کەرەستانە لەنێو ئەو کوردە خۆجێیانە کۆکراوەتەوە، کە پێشتر لەسەر خاکی ئەرمینیای سۆڤییەت دەژیان.

کەموکوڕی سەرەکی ئەم کارە ئەوەیە، کە دانەرانی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسەر ئەم کەرەستە بڵاوکراوانە ئەنجام نەداوە، تەنانەت پێشەکیشیان بۆ نەنووسیوە، دەقەکان بەشێوەکی خراپ ڕێکخراون. ئەمە جگە لەوەی، کە هەڵەی چاپی زۆری تێدایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بڵاوبوونەوەی کارێکی لەمشێوەیە دەربارەی فۆلکلۆری کوردیی ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو لە توێژینەوەی فۆلکلۆری دەوڵەمەندو پڕ زانیاری کوردی. بەبێ ئاماژەدان بەوەی کە ئەم بەرهەمە بڵاوکراوەیە بایەخێکی زۆری هەبووە لە لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی، مێژوو و زمانی گەلی کورد.

بڵاوبوونەوەی ژمارەیەک فەرهەنگ و چەند بەرهەمێکی ڕێزمانی لەلایەن کوردناسەکانی یەریڤانەوە، پێویستییەکی کرداری بوو بەمەبەستی گەشەسەندنی کلتووریی لەنێو کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤییەت. لەو بەرهەمانە، یەکەم فەرهەنگی کوردی- ئەرمەنی لە دە لاپەڕەی چاپکراو پێکهاتبوو، فەرهەنگی زاراوەسازیی لە سێ لاپەڕەی چاپکراو پێکهاتبوو. هەروەها لەو بەرهەمانەی دەربارەی

ڕێزمانی کوردی نووسرابوون، پێویستە ئاماژە بەکتێبی ڕێزمانی پرۆفیسۆر خاچاتوریان، کتێبی ڕێزمانی حا. جندی بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان و کورتەیەکی ڕێزمانی ئە. مۆڤیسیان بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بکەین.

لە ساڵی ١٩٣٦، بەرهەمی کۆکراوەی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیی، کە لەلایەن حا. جندی و کارۆ زەکەریاوە تۆمار کرابوو، بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە بەشێوەیەکی سەرەکی گۆرانیی خۆشەویستی، قارەمانێتی و هەڵپەڕکێ لە خۆدەگرێت. نووسەر وەسفێکی وردی گۆرانیی کوردیی دەکات و لەڕووی ناوەڕۆک و بەهای موزیکییەوە پۆلێنیان دەکات. بەمشێوەیە گۆرانیی کوردیی دابەش دەکات بۆ گۆرانیی ئەفسانەیی، خۆشەویستی، ئایینی، تراژیدی، گۆرانیی لە کاتی کارکردن، گۆرانیی هەڵپەڕکێ و ئەو گۆرانییانەی ڕەنگدانەوەی ژیانی نوێن.

لێکۆڵینەوەی زانستیی لە هەندێک ژانری دیاریکراوی فۆلکلۆری کوردیی لە ئەرمینیا تەنیا لەمساڵانەی دوایی دەستپێکرد.

لە ساڵی ١٩٤٥ لە یەریڤان دکتۆرانامەکەی ئا. جندی دەربارەی ئەفسانەی قارەمانێتی بەناوبانگ (کار و کۆلیک) بڵاوکرایەوە. نووسەر توانیبووی سیوسێ گێڕانەوەی جیاوازی ئەم ئەفسانە سەرنجڕاکێشە کۆبکاتەوە. ئەم بەرهەمە بە زمانی ئەرمەنی چاپکراوە و لەم بەشانە پێکدێت:

١- بایەخی توێژینەوە لە هونەری فۆلکلۆری کوردی.

٢- زانیاریی دەربارەی چیرۆکگێڕەوەکان و گۆرانیبێژەکان لە دەمی ئەو کەسانەوە، کە داستانەکەیان لێوەرگیراوە.

٣ - پرسی کات و شوێنی دەرکەوتنی داستانەکەو بڵاوبوونەوەی بە کوردستان.


٤- زمانی داستانەکە.

پاشان پوختەیەکی داستانەکە بە زمانی کوردیی و وەرگێڕانەکەی بە زمانی ئەرمەنی پێشکەش کراوە، دەقە کوردییەکە بە ئەلفوبێی نوێی کوردیی-ڕووسیی چاپکراوەو، لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن حکومەتی ئەرمینیای سۆڤییەتەوە پەسەندکراوە.

پوختەی داستانەکە بەزمانی ڕووسیی لەلایەن س. یگیازارۆڤ وەرگێڕدراوە و وەک پاشکۆکەیەک لە وتارێکی خۆیدا بە ناونیشانی (ئیتنۆگرافیای کوردانی هەرێمی یەریڤان) بڵاوی کردۆتەوە.

حا. جندی نووسەری ژمارەیەک بەرهەمی دیکەیە دەربارەی فۆلکلۆری کوردیی، لەوانە چەند وتارێکی سەرنجڕاکێشی وەکو (پاڵنەری قارەمانێتی و نیشتمانپەروەریی لە فۆلکلۆری کوردیدا، هونەری فۆلکلۆری کوردیی- سۆڤییەتی، کۆکراوەیەک لە فۆلکلۆری کوردیی، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەرمەنی) هەروەها ئا. جندی نووسەری وتارێکی کورتە دەربارەی ئەدەبی کوردیی ئەرمینیای سۆڤییەت و چیرۆکە کوردییەکانی داستانی کێور ئۆگلی .

لە بەرهەمی یەکەمیاندا (پاڵنەری قارەمانێتی و نیشتمانپەروەریی لەفۆلکلۆری کوردیدا) حا. جندی نیشانمان دەدات، کە



قەناتی کوردۆ

چۆن لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هونەریی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردیی و بەرهەمە کلاسیکییەکانی نووسەرانی ڕووس و ئەرمەن و بەرهەمەکانی نووسەرانی سۆڤییەت، کوردانی ئەرمینیاش بوونە خاوەنی هونەر، پەروەردە و سەرچاوەی زانستی تایبەت بەخۆیان.

لە چیرۆکە کوردییەکانی داستانی کۆر ئۆگلی، کە لە دەقی کوردیی داستانەکە، وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی ئەرمەنیو توێژینەوەیەک پێکهاتووە، نووسەر لە مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەم داستانە بەناوبانگە ئازەرییە لەنێو کورد دەکۆڵێتەوە، هەروەها نیشانمان دەدات، کە چۆن ئەندێشەی هونەریی تاکەکەس و ڕووداو و تەنانەت تەواوی هێڵەکانی چیرۆکی ئەفسانەیی کوردیی لە هونەری فۆلکلۆری کوردیدا لەم داستانەدا ڕەنگیانداوەتەوە.

بەرهەمێکی دیکەی سەرنجڕاکێش و بەربڵاو لە کوردستان، دکتۆرانامەکەی نورۆ پلاتۆڤایە دەربارەی

***ئەم پێناسەیەی ئابۆڤیان بۆ فۆنەتیکی زمانی کوردیی بەتەواوی ڕاستە و وای لە لێکۆڵەرانی دیکەش کرد، کە پێیان وابێت فۆنەتیکی زمانی کوردیی سادە و ئاسانە***

شیعری (سیابەند و خەجێ) نووسەر دوازدە ڤێرژنی ئەم هۆنراوانەی کۆکردۆتەوە، کە یەکێکیان لەلایەن هۆزانڤانانی ئەرمەنی (تارۆنتسی و شیرازی)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەرمەنی. پلاتۆڤا لەم بەرهەمەی خۆی خەباتی پاڵەوانانی شیعری سیابەند و خەجێ لە دژی نەریتی خێڵەکی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی پیاوسالاری- دەرەبەگایەتی کوردیی لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیی لە سەدەی هەشتەم و نۆیەم، نیشان دەدات. نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە پاڵەوانانی شیعری سیابەند و خەجێ، کەسانی پێشکەوتووخواز بوون و خەباتیان لەپێناو عەشقێکی ئازاد و بەختەوەرانە، هەروەها لەپێناو یەکسانی کۆمەڵایەتی دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی- خێڵایەتی، کە بەربەست بوو لەبەردەم یەکگرتنی گەلی کورد، دەکرد. لەم بوارەدا نووسەر وێنەی لەیەکچووی لێکدانەوەی شیعری سیابەند و خەجێ لەگەڵ وێنەی

هۆنراوە ناسراوەکانی دیکەی کوردیی وەکو (مەم و زین، سێوە ئاجی، کاروکولاک، مامێ و ئایشێ) دەخاتە بەرچاو.

نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پاڵەوانانی ئەو هۆنراوانەش، وەکو سیابەند و خەجێ ڕەفتاریان کردووە و پشتگیری بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکیان کردووە لە خەباتیان دژ بە نەریتی خێڵەکی، کە هۆکاری وەستانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردیی بوون لە تێکۆشانیان دژی ستەمکاری و داگیرکاریی.

هەندێک لە بەرهەمەکانی دیکەی کوردناسانی ئەرمینیای سۆڤییەت تەرخانکراون بۆ مێژوو و ئیتنۆگرافیای کورد، کە لەسەر بنەمای توێژینەوە لە داستانی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردیی و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی زارەکی ئەنجامدراون. لەوانە لێکۆڵینەوە سەرنجڕاکێشەکانی ئەمین ئەبداڵ (ئافرەتی کورد، نەریتی تۆڵەی خوێن، بیروباوەڕی ئایینی کوردانی ئێزیدی) و ئەوانی دیکە.

ئەمین ئەبداڵ بە کەڵک وەرگرتن لە ماتریاڵ و داتای دەوڵەمەندی هونەری فۆلکلۆری کوردی، بە وردی لە پرسەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و خێزانیی ژنی کوردی کۆڵیوەتەوە، شێوازە جۆراوجۆرەکانی هاوسەرگیریی ئاشکرا کردووە و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و لە ناوچوونی هەندێک جۆری هاوسەرگیریی لەنێو کوردانی ئەرمینیای سۆڤییەت خستووەتەڕوو.

کتێبی (نەریتی خوێنبایی لەنێو کورد) بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرم و یاسا نەریتیەکانی نێو کورد، بایەخێکی تایبەتی هەیە، بەوپێیەی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەریتی تۆڵەسەندنەوەی خوێن و ڕیشەکێشکردنی ئەو نەریتە لەسایەی دەسەڵاتی سۆڤییەت دەکات.

ئێستە ئەمین ئەبداڵ کار لەسەر مێژووی ڕەچەڵەکی کوردانی ئێزیدی و بیروباوەڕی ئاینییان دەکات، لەگەڵ حا.جندی بەردەوامە لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیی. لەم بوارەدا لەلایەن زانایانی ئەرمەنی و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ئەرمینیای سۆڤییەتەوە هەموو هاوکارییەکیان پێشکەش دەکرێت، ئەمەش بەمەبەستی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار، تا یەریڤانی پایتەخت، زێدی ئابۆڤیانی دامەزرێنەری کوردناسی لە ئەرمینیا، ببێتە یەکێک لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە زمان، مێژوو و کولتووری کورد.

# ئەدەب


- **گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە (بەشی پێنجەم)**

گفتوگۆی/ سمکۆ محەمەد

- **شیعر و مانایەکی دی بۆ چەمکی تەنیایی**

ناڵە حەسەن

- **شوکرۆیا عەزێ و گرێیا پەرێ سۆر!**

موحسین عەبدلڕەحمان

- **گەڕانەوە**

چیرۆکی: ئەحمەدی دێهقان - وەرگێڕانی: خالید فاتیحی

- **خۆشەویستێکم هەیە .. شیرینە وەک شیرین!**

ئیبراهیم هەورامانی

- **چارلی چاپلن**

داستان بەرزان

# گفتوگۆی ئەدەبیی

## گەنگەشەی ڕۆژانە

گفتوگۆی:
سمكۆ محەمەد لەگەڵ
عەباس عەبدوڵڵا یووسف

بەشی پێنجەم



### گفتوگۆی هەژدە

**سمکۆ محەمەد:** لەپاڵ ئەدەبی ژنان، شتێک هەیە بەناوی ئەدەبی منداڵ، یان ئەدەب بۆ منداڵ، باشە ئێمە دوای ئەوەش ئەو هەموو ئەزموونەمان لە ئەدەبیی منداڵان هەیە، ئەی بۆچی نەمانتوانیوە منداڵ بخەینە فەزای بیرکردنەوەی خۆیەوە، یان فەزایەکی بۆ بخوڵقێنین، کە ئەدەب و هونەرەکە وەربگرێت، بەشێوەیەک بەشدار بێت لە خوێندنەوە و نووسینیش، لەکاتێکدا بە بینینی گەورەکان منداڵ بچووکە، عەقڵ و ئەزموونیان نییە و دەبێ کۆپی بن، تەنانەت لەخەیاڵیشدا نابێت سنوور ببەزێنن.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** بەلای منەوە ئەدەبی منداڵان زۆر زەحمەتە، بەڵام لەوانەیە یەکێک بتوانێ ڕستەکانی ئاخاوتنی منداڵان تۆمار بکات، وەک نۆستالیژیای منداڵ بنووسرێت، بۆ نموونە چیرۆکی منداڵان بەکاربهێنێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەیان هەیە، جاربەجار نووسەری گەورە بەتایبەتی لە شیعر ڕەفتارێک، یان وتەیەکی منداڵانە تۆمار دەکات، بۆدلێر-یش وەک بڵێ، دەڵێ: دەبێ بەزۆر خۆمان بکەین بەمنداڵ.

**سمکۆ محەمەد:** فلتەری ئەخلاق لەلایەن گەورەوە ناکاتە ئەو فلتەرەی خودی منداڵ لەسەری ڕاهاتوون یان ڕایانهێناون، واتە ئەو کاتەی گەورەکان شتێک دەنووسن بەچەند فلتەرێکدا دەڕوات، کە ئەمە خودسانسۆرییە لە بەرانبەر دیسپلین و ئادابی گشتیی، کە خانەوادەکان ئەمەیان دەوێ، بەوپێیەی کە خانەوادەکانیش لەژێر هەژموونی ئادابی گشتیی کۆمەڵگەوەن و نابێت نەریت، پەروەردە و خوێندن بگۆڕێت، بەڵام دواجار هەمووومان دەزانین ئەمە نابێتە ئەو ئەدەبەی منداڵ دەیەوێت، چونکە خەیاڵەکە شتێکی دەستکردە و خۆڕسک نییە، یان دووبارەیە، بەتایبەتی ئێستە زیاتر لە کەناڵێک هەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** نووسین بۆ منداڵ (زمانێکی تایبەتی) دەوێ، ئەگەرنا، نووسینەکەی (چیرۆک، هۆنراوە) کلێشەدار دەبێت. گەورە تواناى هەبێت ڕەنگە بتوانێ زیاتر لە منداڵ بچێتە پێش و زمان، دەروون، ڕەفتار و ئارەزوو هاوسەنگ بکات، منداڵ هەرچەند خەیاڵی فراوان بێت و سانسۆری نەکات، سەرئەنجام هەر پێویستی بەخەیاڵی گەورەکانە، چونکە ئامانجی منداڵ لەگەڵ ئامانجی گەورەکان نزیک دەبێت.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام بەلای منەوە بابەتەکە گوتاری بەرژەوەندخوازانەیە، بۆیە ئەو ژنانەی، کە بەزمانی منداڵان شت دەنووسن، وەکو منداڵ نین، کە منداڵ خۆی خۆی بنووسێتەوە، چونکە نووسینی منداڵان بەرائەتی تیایە، نەک پیشەسازیی و زۆر لەخۆکردن، ئەو فەزایە نەبێت، کە ڕەهەندی سایکۆلۆژی هەیە و منداڵ نایزانن.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** گوتاری پەروەردەیی گوتاری زانستە، کەسانی پسپۆڕ دەیخوێننەوە و بەسەر منداڵان پەیڕەوی دەکەن، ئەم گوتارانە ڕەخنەیان لێ گیراوە، کە گەمە و سافیلکەیی تێدا نییە، بەمانای ئەوەی بەزمانی منداڵ سوبعەت بکرێ، نەک بەزمان و بیری گەورەکان، ئەمە بۆ گەیاندنی بابەتەکەیە بەعەقڵی منداڵ، هەروەها لایەنێکی دی هەیە لەگەڵ پەیدابوونی یارییە ئەلیکترۆنییەکان، کە منداڵ هۆگری بوو، ئەو ئامێرانەن، کە خۆیان ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە خێزانەکە و خۆیان بڕیار دەدەن، خۆیان قسە لەگەڵ خۆیان دەکەن، پەیوەندی چێژ و زانستیان لەگەڵ یەکدی هەیە.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام ئەمە پەروەردەی مەعریفی نییە، ئامادەسازیی و ئامادەکاریی منداڵ نییە بۆ ئایندەی کۆمەڵگە، بەڵکو ئاراستەکردنە لەلایەن سیستمی نوێی جیهانیی، کە سیاسەت لەپشتییەوە وەستاوە، ئەمەیە، کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی بەهای نەماوە، ئەدیب و نووسەر ئەدەبی منداڵیش دوورن لەو فەزایە، تاکو لە ڕێگەی ئەنیمەیشن، یان کارتۆن، یان نووسینەوە بخرێتە سیستمی پەروەردەیی و کاریگەری ئەرێنی هەبێت، بەبڕوای من ئەدەبی منداڵ دەبێ لە چوارچێوەی بەرهەمی عەقڵی خۆیانەوە بێت، چونکە ئێمە گوێمان لەمنداڵ نەگرتووە تاکو بزانین بۆچی ناخوێنن، یان ڕەخنەیان چییە لەو ئەخلاقیاتەی ئاراستەیان کراوە.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** ئەگەر بەوردی تەماشای ئەوە بکەین: منداڵ بۆچی هۆگری ئەلیکترۆنیاتە و بوونە کۆیلەی ئامێرەکان؟! تێدەگەین بۆچی زۆربەی منداڵ گوێ لەدایک و باوکیان ناگرن، بۆچی تەنانەت گوێ لەمامۆستاکانیش ناگرن، بۆیە دایک و باوک ناکرێ وەکو ئەو ئامێرانە بۆلای خۆیانی ڕابکێشن، ئێستە ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو هەمووو خێزانێکی خاوەن منداڵ هەیە، بۆیە ئەو ئامێرانە کێشەیان دروست کردووە و منداڵانیان تاڕادەیەک هەڵێڵنکات (تنمر) فێرە جەنگێکی دی کردووە، کە دەیانەوێت لەژیانی ڕۆژانە

پراکتیکی بکەن، ئەمەش ڕێگە لەخوێندن دەگرێت.

**سمکۆ محەمەد:** باشە با شتێکی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەت بۆ باس بکەم، من ساڵی ٢٠٠٣ لە هۆڵەندا بووم، وەختێک دەوڵەتی هۆڵەندا لە عێراق بەشداری سەربازیی کردبوو، ئەوەبوو سەربازێکیان کوژرابوو، خەڵک هاتبوونە سەر شەقام لەدژی حکومەت هوتافیان دەکێشا، کە کوڕەکانی ئەوان نابێ ببنە قوربانی جەنگێک، کە دەوڵەتی ئامریکا کەڵکی لێوەرگرتووە، ئەگەرچی حکوومەت وەڵامی نەدانەوە، دواجار حکوومەت لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەوە تێگەیشت، کە منداڵی خۆراوایی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە جەنگی نەبینیوە، بۆیە دەترسێت لەو ستایلە

*سمکۆ محەمەد:*

***بە بینینی گەورەکان منداڵ بچووکە، عەقڵ و ئەزموونیان نییە و دەبێ کۆپی بن، تەنانەت لەخەیاڵیشدا نابێت سنوور ببەزێنن***

*عەباس عەبدوڵڵا یووسف:*

***جاربەجار نووسەری گەورە بەتایبەتی لە شیعر ڕەفتارێک، یان وتەیەکی منداڵانە تۆمار دەکات، بۆدلێر-یش وەک بڵێ، دەڵێ: دەبێ بەزۆر خۆمان بکەین بەمنداڵ***

جەنگەی، کە لە خۆرهەڵات دەکرێت و ئەمریکا پاڵەوانی فیلمەکەیە، بۆیە سیستمیان گۆڕی و منداڵیان فێر کرد لە ڕێگەی ئەتاری و فیلمی جەنگییەوە ئەو ترسەیان لەلا بڕەوێتەوە، سیستمی پەروەردەیی هۆڵەندا شەرعییەتی بەم پێشنیازە دا و ئێستە بۆتە هەوێنی هەموو سیستمەکانی دونیا.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** ڕاستە ئەمە بۆ منداڵ جێگەی دڵخۆشییە، جەنگ وەکو پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و گواستنەوەی بۆ نێو زانست ببرێت، بەڵام ئەمە وادەکات ئامێر و مرۆڤ هەردووکیان وەکو یەک ببن بەیەک پارچە، خۆ ئەگەر هەنگاوێک زیاتر بڕوات، لەگەڵ گەشەکردنی (ژیرسازی) واتە (الذكاء الصناعي) لەگەڵ یەک هاوتادەبن، دواجار ترسەکە و وریاکردنەوەکە دەبنە مەترسییەکی نوێی ژیرسازانە، ئەمە بەسەر مرۆڤ زاڵ دەبێت، چونکە ئەمە جۆرێکی دیکەی دروستکردنی کۆیلەیە، دەوڵەت، بۆ ئایندەپارێزیی بەدوای ژیرسازیی خێر بگەڕێ، هەنگاو دەنێت بۆ بە کۆیلەکردنی مرۆڤ، لە زەمەنێکی کورت گۆڕانکارییەکی گەورە بەڕێوەیە، وابروات ژیان دەبێتە (یەک تاکە زەمەن) واتە زەمەنێک نامێنێتەوە پەیوەندی بەخەیاڵی منداڵەوە هەبێت، چونکە وەکو گەورەکان لەگەڵ ڕوداوەکان مامەڵە دەکەن، ئیدی خوێندنەوە بەزمانی گەورەبێت، یان بەزمانی خۆیان ئەوە بەها بێ بەها دەبێت.

### گفتوگۆی نۆزدە

**سمکۆ محەمەد:** لەم بەشەشدا باسی ململانێی نەوەکان دەکەین، کە لە هەموو کایەکاندا بووەتە دیاردە، بەتایبەتی لەبواری ئەدەب. لە کایەی ئەدەبیی و هونەریی کوردیی، هیچ کات ئەم ململانێیەی نەکردووە تاکو نەوە دەرکەوێت، بۆچی من ئەو ستایلە لە ململانێی ئەدەبیم نەبینیوە، کە لەلای من بریتییە لەکێشەی مەعریفیی و پێشبڕکێی دەقی جوان و گفتوگۆ و جیاوازیی بیرکردنەوە لە ستایل، من لە کوردستان هەر کۆپیم بینیوە لە لایەن نەوەی کۆنەوە، کە هەوڵدەدەن کەسانی وەکو خۆیان لە مەیدانەکە بەرهەم بهێننەوە، تاکو ستایلی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە، سەرباری هەموو ئەمانە نەوەی کۆن هەمیشە لەدەرەوەی گفتوگۆی فیکریی خەریکی ئەدەب بوونە، بۆیە ئەم نەوەیە کەمترین کەسی لێ هەڵکەوتووە، کە بابەتی فیکریی بخوێننەوە.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** من وەکو هیچ نووسەرێکی دی نیم وەڵامی پرسیار بدەمەوە، بۆیە بە چیرۆک، یان هێنانەوەی بیرەوەری بە زمانی ڕووداوێک قسە دەکەم، ئەگەر بە وەڵام حیساب بێت، سەبارەت بەو بابەتە، کە گفتوگۆیەکی گەرم بوو لەنێو باخچەی نووسەرانی هەولێر، گوتم وەختی خۆی چیرۆکێکی زۆر کورتم نووسی، کە (داڵغە) من دەباتە لای ئەو (ئەو) یان من بۆی دەچم، کاتێک پێکەنین دەمگرێ و هاوسەرەکەشم یەکسەر هاوخەندە دەبێ و منیش دڵشادتر دەبم.

(چانییە ئەم ژنە ڕەشپۆشەی جوامێرمردە، لەسەر یەک پێدەکەنێ، من لەبەرخۆم بەلەتە دەقێکی چیرۆکەکە پێدەکەنیم، بەهەموو گێڕانەوەیەکی من هاوکەنین دەبێت و زانیم لەمەراقان دەمینێ، بەخێرایی و بە پچڕپچڕەی

کەنی، سایەق پاسێکی گەنج بە شوێنی دوور لە مەبەست پیرەمێردەکەی دابەزاند، پیرەکە بە ورتەورت گوتی: ڕێز و حورمەت نەماوە، شوفێرەکە گوێی لێ بوو، بە پەلە و بە دەنگی بڵند وەڵامی دایەوە: ئەگەر ڕێز بمابا، قەمەرە پێش لۆری نەدەکەوت)

**سمکۆ محەمەد:** لەراستیدا من هیچ بەگێڕانەوەی ئەو کورتە چیرۆکە قایل نەبووم، کە پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵایەتی خۆتەوەیە، نەک کایەی ئەدەبیی و فیکریی، یان ناڕاستەوخۆ نوکتەیەکی ئاشکرای ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە من سەدان جار بیستوومە و بە ڕوون و ئاشکرا باسی غیابی موناقەشە و نەبوونی ململانێی نەوەکان دەکەم لە بەرهەمهێنانی دەق، بۆیە جارێکی دی پرسی ململانێی نەوەکان دەکەمەوە بەبابەتێکی زیندوو، من زۆرجار لەگەڵ تۆ دووچاری ئەو کێشەیە بوومە، کە پێمخۆش نەبووە لقی جیاواز بکەیتەوە، بۆ بابەتێک و ئەسڵی بابەتەکە بزر بکەیت، چونکە سەدان چیرۆکی واهەیە، کە من دەتوانم باسی بکەم، بەڵام من دەمەوێ باسی غیابی ململانێی نەوەکان بکەیت لە ئەدەبدا و بەتایبەتی فیکری ئەدەبی کوردیی، چونکە تۆ شاهێدی چەند نەوەیەکی.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** من لەتۆ تێدەگەم، بۆیە بە چیرۆک وەڵام دەدەمــەوە، چونکە سەد چیرۆکی وا هەیە. هەر یەکێکیان مەبەستێکی هەیە و زیاد لەسەدی ئەو چیرۆکانە لێکدانەوەیان دەوێ، هەر لە شەڕەبەردی کۆڵانەکانەوە بگرە، تا دەگاتە هزرەی ململانێی شارستانیی و هتد، ئەم مێژووە هەمووی ململانێی نەوەکانە، بەڵام من دەمەوێت بیبەمەوە سەر ئەدەب و بەتایبەتیش کورتەچیرۆک، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابــردوو، تا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕەخنەگرەکانی ئەدەب بەزار و قەڵەم لە باسی ململانێی نەوەکان دابوون، ئەو بابەتە لە میسر، لوبنان و سوریا و عێراقیش بە کوردستانەوە زیاتر موناقەشە دەکرا، ئەوانیش بەکاریگەری خـۆراوا، بـەڵام بە داهێنان و ئاستی خۆیان گفتوگۆیان دەکرد، هەندێکیان نووسی و هەندێکیشیان وەرگێڕا، منیش لەناوەڕاستی شەستەکان ئەو بابەتانەم دەخوێندەوە، خۆراوا گەلێک ڕۆمانی هەیە، لەوانەش (ابناء و عشاق) کە هی داڤید هربەرت لۆرانس و ڕۆمانەکانی نووسەری ڕووسی تۆرگنێڤ و ئەوانی دی، بـەڵام کە سۆڤیەت دامـەزرا ململانێی نەوەکان وەرچەرخا، واتە فامینەی (ململانێی چینایەتی) بوو بە خەباتی ئەوێ، بەڵام پاش ڕووخانی سۆڤیەت تێگەیشتنی ململانێ، یان (پێکدادانی شارستانییەکان) هاتە ئـاراوە، هـەروەک ئـەوەی سامۆئێل هینتگتۆن کتێبێکی لەبارەیەوە نووسی و تا ئێستەش بەجددی وەرگـێـڕاوە، بـەڵام ئـەم کتێبە بۆ ئـەوەبـوو ئەسڵی کێشەکان بزر بکرێن، پاشان چەمکی جیهانگیریی هات، جیهانگیریش سەربار بوو.

فرەناسنامە و چەندین جـۆری دی ململانێ هاتنە ئاراوە، تاگەیشتە ئەمڕۆی دەسەڵاتی سۆسیال میدیا و فەیس بووک، کە داهاتوویان دیار نییە، بەڵام کێشەکە لە ململانێی نەوە قورسترە، چونکە ئێستە بەتەمەن و گەنجەکان و منداڵەکانیش وەکو یەک دەتوانن بەشداری تەکنۆلۆژیا و دیاردەکانی دی سۆسیال میدیا بکەن، بەڵێ وەکو گوتم پێشتر بەهۆی ئەوەی بواری دیکە نەبوو، بەناچار لە ڕێگەی چەقەچەق دەق و بابەتی هونەرییەوە ململانێ دەکرا و کەم بەرهەمێکی لێ شین بوو، هەرکەس، دەقی داهێنەرانەی هەبێت، زیاتر کپ و پەراوێز دەکرێت و مەگەر...! هەر ئەو ململانێکەی شایستەدار دەکات.

> سمکۆ محەمەد:
>
> **بەبڕوای من ئەدەبی منداڵ دەبێ لە چوارچێوەی بەرهەمی عەقڵی خۆیانەوە بێت، چونکە ئێمە گوێمان لەمنداڵ نەگرتووە تاکو بزانین بۆچی ناخوێنن، یان ڕەخنەیان چییە لەو ئەخلاقیاتەی ئاراستەیان کراوە**
>
> عەباس عەبدوڵلا یووسف:
>
> **ئەگەر بەوردی تەماشای ئەوە بکەین: منداڵ بۆچی هۆگری ئەلیکترۆنیاتە و بوونە کۆیلەی ئامێرەکان؟! تێدەگەین بۆچی زۆربەی منداڵ گوێ لەدایک و باوکیان ناگرن، بۆچی تەنانەت گوێ لەمامۆستاکانیش ناگرن**

**سمکۆ محەمەد:** نەخێر کاک عەباس تۆ بەتـەواوی وەڵامـی منت نـەدایـەوە، یان ناتەوێ ئەو گفتوگۆیەی من بکەی، زیاتر مەبەستی من لەو گفتوگۆیە ئەوەیە، کە نـەوەیـەک دێـت، جا با ئـەو نـەوەیـە تواناکەشی سنـووردار بێت، بـەڵام ململانێی خـۆی ڕادەگـەیـێـت،

ئیدی لە مەیدانی ئەدەب بێت، یان هەر مەیدانێکی دی، سەرەتا شیعر و دواتریش ڕۆمان و دەقی قورس دەبێتە پێوەر، ئەمە بۆ شێوەکاریی و شانۆش هەر وایە، بەڵام ئەوەی من زیاتر دەمەوێ بیکەم بە پێوەر، ئەوەیە: کە ململانێ لە کەشێکی ئارام و هێمن دەکرێت، ئەوەی لە دونیای ئەدەبی کوردیی دەیبینم، بابەتەکە لە ڕابردوودا توندوتیژیی و ڕەتکردنەوەی تێکەوتووە، بەتایبەتی نەبوونی گفتوگۆ و یەکدی نەخوێندنەوە و بەکەم تەماشاکردنی دەق و لەوانەش مەترسیدارتر، گرینگیدانی نەوەی کۆن بەکەسانێک، کە کەمترین

*سمکۆ محەمەد:*

***حکوومەت لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەوە تێگەیشت، کە منداڵی خۆراوایی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە جەنگی نەبینیوە، بۆیە دەترسێت لەو ستایلە جەنگەی، کە لە خۆرهەڵات دەکرێت***

*عەباس عەبدوڵلا یووسف:*

***ئەمە بۆ منداڵ جێگەی دڵخۆشییە، جەنگ وەکو پڕۆگرامێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و گواستنەوەی بۆ نێو زانست ببرێت، بەڵام ئەمە وادەکات ئامێر و مرۆڤ هەردووکیان وەکو یەک ببن بەیەک پارچە***

توانایان هەیە و زەقکردنەوەیان لەسەر حیسابی کەسانی دیکەی بەتوانا، ئەی ئەمانە کێشە نیین؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** من باسی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەکەم کە سەردەمی خۆی لەگەڵ ئێستە جودایە، چونکە من ئەوکات زۆر گرنگیم بە فیلم و سینەما داوە، پێموایە فیلم بین بووم، بۆیە هەزار وێنە بەعانەیەک، کاریگەریی هەبووە، ئەوکات شەڕە گەڕەک و شەڕە بەرد، بەشێک بوو لەململانێی نەوەکان، فیلم زۆر کاریگەریی لەسەر نووسینم هەبووە، بەڵام ئێستە ململانێ هەزار جۆری هەیە، ڕەخنەی کوردیی لەبوارەکانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ، لەئاست ململانێی ناوەوە و دەرەوەی دەق دەکرێ. من کە سەیری ئەزموونی خۆم دەکەم، بەر لە ڕاپەڕین بە پێوانەی خۆم دەبینم لە سەدا پەنجای بەهرەی خۆم بەکارهێناوە، لەدوای ڕاپەڕین لە سەدا حەفتای بەهرەی خۆم بەکارهێناوە، بۆیە پێموایە من و ئێمە بەرسیبەری خۆمانین، خەڵکی دیش ئارەزووی خۆیانە چۆن مامەڵە دەکەن. گەر بزانم ستەمێک لەسەر ئەم سەدا حەفتایە هەیە، لەوانەیە بیکەمە لەسەدا شەست، یان لە سەدا پەنجا، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەم چرپیە ئێستە خنەکەی لەسەدا نۆهەتە.

### گفتوگۆی بیست

**سمکۆ محەمەد:** دێینە سەر بابەتی کتێب، کە هەمیشە لەگەڵ تۆ باس دەکرێ، ئەویش خەت کێشانە لەژێر ڕستەی وروژێنەری کتێبە فیکرییەکان، یان ڕستە گرینگ و هەستیارەکان، تۆ واڕاهاتوویت، کە کتێبەکەت دەفرۆشیت، کڕیارەکە پێی بێتاقەت دەبێت، بەڵام بۆ نموونە، خوێنەرێکی سوریی زۆر شارەزا هەیە بەناوی (خەیری شالاتی) زیاتر لە حەفتا کتێبی ئەو پیاوەم بۆهات هەمووی، نەک هەر خەتی بەژێردا کێشرابوو، بگرە تێبینی خۆشی لەتەنیشت ڕستەکانەوە نووسیووە، بەتایبەتی کتێبە فیکرییەکان، ڕەنگە ئەو پیاوە توێژەر بێت، یان نووسەری توێژینەوە بێت و بە خەرجییەک کارەکە بکات، چونکە ئەم کارە لە میسر، لوبنان، سوریا و ئێران-یش هەیە، ئەم کارەی تۆش لەهەمان کار دەچێت؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئەو قسەیەم لەسەر هەیە، کە بۆچی خەت بەژێر ڕستەی تیغە تیژەکانی کتێبدا دادێنم، من بیانوویەکی مەعقوولم هەیە، لەوانەیە نزیک بەنیو سەدە دەبێت کتێب دەفرۆشم، کتێب دەناسم و سەروکارم لەگەڵی هەیە، هەر لەو کاتەشەوە ئەو خەتکێشانە پیشەمە، خۆم ئێستە باسی گرنگیی ئەو خەتکێشانە دەکەم، تا پێش هاتنی کۆرۆنا بەدەستی خۆم ئەو خەتانەم دەکێشا، هەندێکیان خواروخێچ دەبوون، بەڵام لەوکاتەوە بەراستە دەیکێشم، لەبەر ئەوەی کە بەنیازم کتێبەکە بفرۆشم، دەترسم لەدەستم دەربچێت، ئەو شەوە تێر دەیخوێنمەوە و خەت بەژێر ئەو ڕستە و پەرەگرافانە دادێنم، کە گرینگن بۆ خوێنەر، یان توێژەر، بەهەرحاڵ من ڕۆحی کتێبەکە دەنووسمەوە

بەشێوەیەک لەشێوەکان، ئەمە لەکارەکانیشم ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە تاک دێڕیەکانم هەمان کردەوەیە، بەڵام بەنووسین، چونکە من لەنووسین بڕوام بە ڕۆحی قسەکردن هەیە، نەک درێژدادڕی و سەفسەتەبازیی، وەکو هەندە نووسەری دی. بۆیە بەبڕوای من، وتار، یان کتێب، بریتیە لە (چەند دێڕێک) نەک تەواوی نووسینەکە، لە ڕاستیدا من حەز ناکەم خوێنەر سەرقاڵی هەموو بابەتێک بکەم، کە پێویستی پێ نییە.

## گفتوگۆی بیست و یەک

**سمکۆ محەمەد:** لەم دواییە دیاردەیەک پەیدا بووە، کە ناوم ناوە (شەپۆلی ڕۆماننووسی) واتە چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەرکەس هەڵدەستا شیعری دەنووسی، ئێستە هەرکەس دەستی قەڵەمی گرتووە و چەند ڕۆمانێکی وەرگێردراوی بۆسەر زمانی کوردیی خوێندۆتەوە و ڕۆمانێکی نووسیوە و ناردوویەتی بۆ ئێران و چاپکراوە و بووە بەناو، من لەم شەپۆلە تێ دەگەم بۆچی پەیدا بووە، بەڵام نازانم تۆ چی لەبارەوە دەزانی چۆن تەماشای دەکەی؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** بوونی هەموو مرۆڤێک بە نووسەر، بابەتێکی کۆنە و لەنێو ئەدەبیاتی خۆراوا هەبووە، بۆ نموونە سوریالیزم چونکە بووە بەشێک لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، ئەوان دەیانگوت ڕۆژێک دادێت هەموو کەسێک دەبێتە شاعیر، ئەوەی کە خوێنەرە سەرسام بووە بەم قسەیە، نووسەرێکی فەرەنسی لەوەڵامی پرسیارێک، کە جیاوازیی لەنێوان نووسەر و نانووسەر چییە، گوتوویەتی: ئەوەی کە دەنووسێت نووسەرە، بەڵام ئەوەی، کە نانووسێت و دەشزانێ، ئەوە نووسەر نییە، جیاوازییەکەیان تەنیا ئەوەیە. مانای ئەوەی نووسیویەتی نووسەرە، نەنووسەکەش بینووسێت دەبێتە نووسەر، ئەنجام هەموومان هەر نووسەرین.

**سمکۆ محەمەد:** من باسی کێشەی چاپ کردن و نووسینی ڕۆمان دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی بوون بە ڕۆماننوس، هێشتە نازانن چیرۆک بنووسن، هونەری چیرۆکنووسیی چەند قورسە، ئەی چۆن ڕۆمان دەنووسن؟ دەبێت بابەتی فیکریی و مێژوویی و بەند و فۆلکلۆر و ئیدیۆم بخوێننەوە، تاکو ڕۆمانی باش بنووسن.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ژیان بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ ڕابردوو جودایە، لە دونیای مەجازیدا ئێستە هەموو کەس بووە بە ڕۆژنامەنووس، نووسەر و هونەرمەند و هتد، هەموو کەس دەتوانێ بنووسێت، پارەی هەبێت کتێب چاپ بکات، نەشیبێ دەتوانێ لە ئینتەرنێت بڵاوی بکاتەوە، ساڵانێکە لە وڵاتی میسر، زیاتر گەنجەکان (کچ، یان کوڕ) ئەم کارە دەکەن، خاوەن پەخشخانەی کتێبان، دەیخوێنێتەوە و هەندێکی دەدەنە چاپ، گەر فرۆشرا ئەوە کەمە پارەیەک دەدرێ بە نووسەر، ئەوانە زیاتر بایەخ بە ڕۆمانی مێنووسەر دەدەن. جاران ئەگەر گەنجێک شتێکی بنووسیبا، دەیدا بە کەسێکی بەئەزموون و پیرە نووسەر، ئەزمووندارەکەش تەماشای دەکرد و شتی بۆ چادەکرد، زمانەوانی و خاڵبەندی بۆ ڕاست دەکردەوە، دواتر دەیگەڕاندەوە و دەیگوت ئێستە بەکەڵکی بڵاوکردنەوە دێت، ئێستە ئەوەش نەماوە، فەیسبوک هیچی نەهێشت، بەڵام نووسەری گەنج هەیە، کە شتی جوان دەنووسێت و فکریشی هەیە، بەڵام تەوژمەکە، کە تۆ خۆت ناوت ناوە شەپۆڵەکە، زۆر لەوە زیاترە بەپێوەری ئەدەبیی و فیکریی مامەڵەی لەگەڵ بکەی، کە بەلای فیکریشدا ناچن، بابەتەکە ئەوەیە، کە فیکریان تێدا نییە و لەفیکریش دەترسن، چونکە فیکر زیاتر پێویستی بەماندوویی هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی هەمیشەیی هەیە.

سمکۆ محەمەد:

**نەوەی کۆن هەمیشە لەدەرەوەی گفتوگۆی فیکریی خەریکی ئەدەب بوونە، بۆیە ئەم نەوەیە کەمترین کەسی لێ هەڵکەوتووە، کە بابەتی فیکریی بخوێنێتەوە**

عەباس عەبدوڵلا یووسف:

**ئەم مێژووە هەمووی ململانێی نەوەکانە، بەڵام من دەمەوێت بیبەمەوە سەر ئەدەب و بەتایبەتیش کورتەچیرۆک، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، تا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت**

# شیعر و مانایەکی دی بۆ چەمکی تەنیایی



ناڵە حەسەن

تەنیاییش یەکێکە لەو چەمکانەی پەیوەندیی هەیە بە هاوکێشەی داهێنان، وەک سێکوچکەی (تەنیایی، یاخیبوون و نوێگەریی)

شاعیری داهێنەر و نوێگەر هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە، لە ئەدەبی ئەوانی دی و لە دوێنێی خۆی جیاوازتر بنووسێت، بەو مانایەی وەک کەسێکی یاخی هەمیشە (نا)یەک دەدا بەو شیعر و ئەدەبەی کە هەیە.

گوتنی ئەم نا-یە بە مانای بێ بایەخ سەیرکردن و سفرکردنەوە نایە. بەڵکو دەربڕینی هەستێکی نارەزاییە بۆ شیعری هەبوو. وەک کەسێکی یاخی دەیەوێت بەو شیعر و ئەدەبەی، کە هەیە ڕازی نەبێت و جیاواز بنووسێت، دەیەوێت شیعر و ئەدەبی هەبوو تێپەڕێنێ، کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ نوێگەریی، بۆیە هیچ شاعیرێک ناتوانێت نوێگەر بێت، ئەگەر شاعیرێکی یاخی نەبێت.

تەنیایی لە مانا بنەڕەتییەکەی، بە کەسێک دەگوترێت، کە بە دەست هەستی تەنیاییەوە دەناڵێنێ، جا ئەگەر هۆکارەکەی ئەوە بێت، ئەوکەسە کەسێکی تەنیا و سینگڵ بێت، یان لەباری دەروونی ڕۆحییەوە هەست بە تەنیایی بکات، یان کەسێک دوور لە ئاوەدانی و دوور لە خەڵک بێت، یان کەسێک بێت لە غوربەت بژی و دووربێت لە نیشتمان و هاوڕێ و کەسوکار، یان کەسێکی ئەنتی سۆشیال بێت و گۆشەگیر و دابڕاو بێت، ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارانەن بۆ بەرجەستەکردنی هەستی تەنیایی لەو کەسەدا.

زۆر لە شاعیرەکان بەهۆی ئەم هۆکارانەوە هەستی تەنیایی خۆیان لەنێو شیعرەکانیان بەرجەستە دەکەن، بەڵام هەر لەنێو ڕووبەری شیعر و

داهێنان، مانایەکی دی هەیە بۆ تەنیایی، لەوێ تەنیایی هاوتەریبە لەگەڵ یاخیبوون و نوێگەریی، بەومانایەی کەسانی (نوێگەر و یاخی) پڕن لە هەستەکانی (تەنیایی) چونکە کەسی نوێگەر و یاخی هەمیشە کەسێکی تەنیایە، خۆی لە کاروانەکە جیا دەکاتەوە و بە تەنیا بە ڕێگەیەکی جیاواز و بە ستایل و زمانێکی جیاواز خۆی نمایش دەکات. خۆی لە کاروانی شاعیرانی سەردەمی خۆی و ئەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە و بە تەنیا ڕێدەکات. بەو شیعر و ئەدەبەی، کە هەیە ڕازی نییە. دەیەوێت بە زمان و فۆرمێک بنووسێت جیاواز لە هەموویان، تەنانەت جیاواز لە دوێنێی خۆیشی.

لێرەوە خۆی تاک و تەنیا دەبینێت، نەڕۆیشتن لەگەڵ ئەوان و مانەوە بە تەنیا لەگەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوە و جیهانە نوێکەی خۆی، ئەمە وای لێ دەکات هەمیشە لەگەڵ هەستی تەنیاییدا بژی، بەو مانایە نا، کە کەسێکی تەنیایە، یان لە غوربەت دەژی و هەستی غەریبی نوزەی لێ بڕیوە، لەبەر ئەوەیە خۆی و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی، یان فۆرم و زمانەکەی جیاوازە، جیاواز و تەنیایە، جیاواز لە دەوروبەر و ئەوانی دی بیر دەکاتەوە، هەندێک جار لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لەنێو ڕووبەرە گشتییەکان بیرۆکە و خەیاڵ و فۆرم و زمانی نووسینی ڕەت دەکرێتەوە.

زۆرجار بە کەسانی نوێگەری لەو شێوەیە دەڵێن کەسی نامۆ، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوکەسە، ئەو بیرمەندە، ئەو شاعیرە، کەسێکی نامۆ نییە، بەڵکو کەسێکی جیاوازە، هۆکاری جیاوازییەکەشی یاخیبوون و نوێگەریی و جوداییە، واتە ئەو کەسانە یاخی و نوێگەرن، لەهەمان کاتیشدا جیاواز و تەنیان، بۆیە لەنێو ڕووبەری داهێناندا چەمکەکانی (یاخیبوون و نوێگەریی و تەنیایی) لەگەڵ یەک هاوتەریبن و پەیوەندییەکی نەپچڕاوەی تۆندیان بەیەکەوە هەیە.

دەتوانین بڵێین لەنێو ڕووبەری داهێناندا، یاخیبوون و نوێگەریی مانایەکی دیکەیە بۆ تەنیایی! یان چەمکی تەنیایی بارگاوییە بە هێما و مانا و کۆدەکانی یاخیبوون و نوێگەریی.

هەوڵدەدەین چەند نموونە و فاکتێک بۆ هەردوو حاڵەتەکان بهێنینەوە، هەم تەنیایی لەنێو ڕووبەرە گشتیی و مانا گشتییەکەیدا هەم تەنیایی هاوتەریب و بارگاوی بە یاخیبوون و نوێگەریی.

زۆرن ئەو شاعیرانەی لەنێو شیعرەکانییاندا هەستی تەنیاییان دەربڕیوە، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، دابڕان، یان بە تەنیا ژیانکردن، یان کاریگەریی هەستی غوربەت و دووریی بێت، باوەڕ ناکەم شاعیرێک بدۆزیتەوە تەعبیری لەو هەستە تەنیاییەی خۆی نەکردبێت، یان لەنێو شیعرەکانیدا باسی لە تەنیایی و هەستی تەنیایی نەکردبێت. دەکرێت شاعیرە نوێگەرەکانیش بە دەستی یەکێک لەم هۆکارانە بناڵێنن، وەک بە تەنیا ژیان، یان غوربەت و دووریی یان ئەنتی سۆشیال و گۆشەگیریی و هۆکارەکانی دیش.

لەو حاڵەتەدا شاعیری نوێگەر دووجار هەست بە تەنیایی دەکات، واتە هەستە تەنیاییەکەی تۆختر و قووڵترە.

شێرکۆ بێکەس لە شیعرێک بە ناوی دایکم دەنووسێت:

***دایکم هەر لەوێیە، دایکم***
***لەوە ئەچێ***
***بووبێ بە کرێچی پاییز***
***بە شۆڕەبی سەر لەرزۆکی***
***کەنار چۆمێ، لەوێ دایکم***
***دایکم هەر لەوێیە،***
***دایکم***
***من ئەزانم***
***ئەمێستاکە***
***لەناو بوولێڵی***
***غوربەتدا***
***بووە بە ئاو***
***ڕەنگی بێڕەنگی***
***گرتووە***
***بۆنی***
***بێبۆنی***




شێرکۆ بێکەس

***گرتووە***
***«تەنیایی» بووە بە کچی و***
***«نامۆیی» بووە بە کوڕی و***
***تازە نایەتەوە دایکم!***

شێرکۆ بێکەس لەم شیعرەی بە قووڵی باس لە هەستی تەنیایی دایکی و کاریگەریی غەریبی و غوربەت دەکات، دایکی لە غوربەت هێندە تەنیایە، تا ئاستی ئەوەی بووە بە کریچی پاییز و خەزان و هەڵوەرین، بووە بە ئاو، ڕەنگی بێ ڕەنگی گرتووە، بۆنی بێبۆنی گرتووە، لەوەش قووڵتر تەعبیر لە هەستە تەنیاییەکانی دایکی دەکات، تا ئاستی ئەوەی، تەنیایی بووە بە کچی و نامۆیی بووە بە کوڕی، واتە تەنیایی تا ئەو ئاستە لە دایکی نزیکە، لەنێو منداڵدانی ئەو هاتۆتە دەرەوە و بەشێوەیەک دەورەی داوە، کە لە پەلوپۆی هێخستووە. دواتر دەڵێت، تازە نایەتەوە دایکم. ئەم هەستە غەریبییەی دایکی شاعیر، هۆکارەکەی بە تەنیا ژیان و غوربەت و کاریگەرییەکانی دوورییە، کە بەنێو چاڵەکانی تەنیایی بردوونیەتە خوارەوە.

کەریم دەشتی شاعیریش لە شیعری سرووتی تەنهایی دەڵێت:



کەریم دەشتی

***تەک درەختێ، ناڵەی خۆی سەردەدا***
***ئەو مانگەی ئەو، نیگای بۆ دەکردە نامە***
***لەمێژبوو دوا شەوقی***
***لە ئابرووی ئاوابوون، تکابوو***
***بۆیە ئەو لە نکاڵ شەوێکی درەنگا***
***بەناو ڕۆحی خۆیا ڕمابوو***

کەریم دەشتی لەو شیعرە نایابەی بە زمانێکی شیعری ناسک بە قووڵی باس لە هەستی تەنیایی کەسێک دەکات، ڕاناوی کەسی دووەم بەکاردەهێنێت و دەڵێت (ئەو) کە دەکرێت ئەوکەسە خۆی بێت، یان هەرکەسێکی دی، گرنگ ئەوەیە ئەوکەسە ئێستە لە کەنار درەنگە شەوێک بێدارانە پشتی بە درەختی خەم و نائومێدییەکانی داداوە (ئەو مانگەی) جا ئەو مانگە هێما و میتافۆر بێت بۆ هەر شتێک و هەر کەسێک، یان خەون و ئومێدێک، گرنگ ئەوەیە، ئێستە ئەو مانگەی نیگای بۆ دەکردە نامە دوا شەوقی ئابڕووی لە ئاوابوون تکاوە، واتە ئاوابووە و تێپەڕیوە، بە شێوەیەک گەلێک نازدار و جوان و شاعیرانە تەعبیری لێ کردووە، دەستەواژەیەکە شەونمی شیعرییەتی لێدەڕژێ. بۆیە ئەو کەسە لەنێو ئەو شەوە درەنگە و لە ئامێزی بێداری پاڵکەوتووە و لە ناخی خۆی ڕاما، لەنێو ئەم وردە شیعرەش هۆکاری هەستی تەنیایی دابڕان و جێهێشتن و ئاوابوونە.

سروەساڵەیی-یش لە بەشێکی شیعری مرۆڤ و تەنیابوون دەڵێت:


***ئێوارانێک لە تاو چاوچاوانێی زەردەپەڕ***
***کە ڕەنگە ئەرخەوانی و نیللیە زەردباوەکەی***
***باڵکێشانە دەپرژێنە***
***پەنجەرە و باڵکۆنەی ماڵەکانی گەڕەک***
***با پێکەوە پشت لەو بێباکییە بکەین و***
***ئاشت بینەوە***
***دەست لەسەر شانی یەکتری دابنێین و***
***ئیدی ژیان وایە***
***کێ بە قەد خۆم منی دەوێت***
***قەدەرێکە پەرتوکە پڕ بەهاکان***
***لەسەر ڕەفەکانی کونجی ماڵ***
***نەرمە تۆزی لێنیشتووە***
***نێوانی من و خۆم***
***کاتی ئەوەیە بە لایدا بڕۆم و***
***لای لێ بکەمەوە***
***تا تاقەت دەچیت***

***خۆم خولیای خۆم بکەمەوە***
***هەڵدەکەوێ ئەویش بترازێ و***
***خۆی لە قەرەی من نەدا***

سرووەی شاعیر لەم شیعرەیدا بە جۆرێکی دی باس لە هەستی تەنیایی دەکات، بە شێوەیەکی قووڵتر هەستە تەنیاییەکەی دەردەبڕێت، بەمانایەک هەستە تەنیاییەکەی هێندە تۆخە تا ئەو ئاستەی پەیوەندی (ئەو و خۆی) لێکترازاوە، گەر بۆ ڕاناوی کەسی یەکەم بێت (من و خۆم) واتە هێندە تەنیایە خۆی لەگەڵ خۆیشی لێک دابڕاون، پەیوەندییەکانیان پچڕاوە، لەگەڵ خۆیشی توراوە چ جای ئەوی دی، یان دەوروبەرەکەی. جا هۆکارەکە هەرچی بێت، غوربەت و تەنیایی بێت، دوورکەوتنەوە و توران لە ئەوی دی بێت، نائومێدی و نەگەیشتنی بە ئومێد و خەونەکانی، یان هەر هۆکارێکی دی، گرینگ ئەوەیە لەو شیعرەدا لەگەڵ خۆی دابڕاوە، هەست بە تەنیاییەکی قووڵ دەکات. ئەم هەستە تەنیاییەی هێندە فشاری دەروونی لەسەر داناوە، کە ناتوانێت چیدی بەم شێوەیە بەردەوام بێت، دەخوازێ لەگەڵ خۆی ئاشت بێتەوە. دەخوازێ لە دەمەو ئێوارەیەک، لە کاتی زەردەپەڕا لەو چرکە ساتە ڕۆمانسییەی خۆرەتاو دەیەوێت ڕووبار و خاک جێبهێڵێ، لەو دەمەی ڕەنگە ئەرخەوانی و نیلییەکی زەردباو وەک تابلۆیەکی ڕەنگین تێکەڵاوی یەکدی دەبن و باڵ دەکێشن بەسەر پەنجەرە و باڵکۆنەی ماڵەکان، با لەوکاتە جوان و نەخشینە پشت لەو بێباکییە بکەین و ئاشت ببینەوە، با دەست لەسەر شانی یەک دابنێین و ببینەوە بە یەک، ئیدی سونەتی ژیان وایە ئێمە بۆ ئەوە خوڵقاوین کە بەیەکەوە بین، یان پرسیارێکی جەوهەری دەکات و دەڵێت: کێ بەقەد خۆم منی دەوێت؟ بە نیگەرانی و نائومێدییەکی گەورەوە باسی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ خۆی دەکات، لەوەتەی لەنێو ئەم هەستە تەنیاییە دایە، لەگەڵ خۆی پەیوەندییەکانیان نارێک و پچڕاوە، برستی لێبراوە و توانای هیچی نەماوە، تەنانەت توانای خوێندنەوەی کتێبە پڕ بەهاکانیشی نەماوە، لەسەر ڕەفەکان، تۆزیان لەسەر نیشتووە، بۆیە دەیەوێت لایەک لەخۆی بکاتەوە و لەگەڵی ئاشت ببێتەوە بەڵام، گومان لەوەش دەکات، لەوانەیە ئەم ئاشتبوونەوەیە ڕوونەدات، لەوانەیە ئەو خۆی لەقەرەی ئەو نەدات و هەر ئاوڕیشی لێنەداتەوە.

**محەمەد عومەر عوسمان-ی شاعیریش لە کورتە شیعری (تەنیایی) دەڵێت:**

***سەدەها سەگم پێ وەڕیوە***
***کەڵبەی تیژیان لەو***
***دەستانەم نوقم کرد***
***کە نانی تیا بوو***
***نەوەک بەرد***
***درەخـــــتـــــە***
***پایزییەکانیش***
***لکیان بەجێ***
***هێشت***
***کە دڵی سەوزم***
***دیاری بوو نەک***
***گوڵی زەرد***
***فەرامۆشم***
***فەرامۆشم وەک***
***تارژەنێکی مەزن***
***نیشتەجێ بووی***
***شارێکی گڕ***



محەمەد عومەر عوسمان

***فەرامۆشم***
***فەرامۆشم وەک زەنگی ئەو کەنیسەیەی***
***بووبێتە بنکەی سەربازی و زەخیرەی شەڕ***

لەم شیعرەدا محەمەد عومەر بەو شێوەیە باس لە هەستی تەنیایی دەکات، وەک ئەوەی بەرئەنجام و لێکەوتەی کۆمەڵگەیەک و ڕووبەرێکی ناتەندروست بێت بۆ ژیان، کۆمەڵگەیەک، کە تیایدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی نێوان تاک و خێزانەکان، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک، پەیوەندییەکی ناتەندروست و نێگەتیڤە. هەموو پشتییان لە یەکدییە و بە نێگەتیڤ باسی یەکدی دەکەن، گەر بۆیان بکرێت ئازاری یەکدیش دەدەن، وەک شاعیر دەڵێ، سەدەها سەگم پێ وەڕیوە، کەڵبەی تیژییان لەو دەستانەم نوقم کرد. لەجیاتی سوود لە توانا و بەهرەکانی یەکدی وەربگرن، پەیوەندییەکان لەسەر کوشتنی ئەویدی درێژە پێدەدەن، ئەوەتا نێولەپی نانی تیابووە، نەک بەرد، کەچی کەڵبەیان لێ گیرکردووە، جا

لەهەر شوێنێک و ڕووبەرێک، کە پەیوەندییەکان بەوشێوە نا تەندروست بن و کوشتنی ئەویدی ڕەواجی هەبێت، ئیدی بەها بۆ هیچ شتێک نامێنێ، نە هونەر نە ئایین، هیچ شتێک، لەسەرووی هەمووشیانەوە بەهای مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. پەیوەندییەکان بەرەو داڕمان دەچن و مرۆڤەکان بە فەرامۆشکراوی لە کونجی تەنیاییدا لەگەڵ خۆیاندا هاودەم دەبن.

ئەوەتا تارژەنەکان فەرامۆش دەکرێن و بەهایەک بۆ هونەر و مۆسیقا نامێنێتەوە، کەنیسەکان دەبنە مەخزەن و بنکە سەربازییەکان لە ژیانێکی بێ نرخی لەم شێوەیە، شاعیر و مرۆڤە وشیارەکان هەست بە قووڵترین هەستی تەنیایی دەکەن.


جەلالی مەلەکشا-ش لە شیعرێک بەناوی «تەنیایی» لە کتێبی (زرەی زنجیری وشە دیلەکان) دەڵێت:

***ئەم سەردەمە***
***چەرخی دەردە***
***سەدەی تەنیایی ئینسانە***
***لە پانتایی ئەم کەوێرە پان و پۆڕە***
***تۆ ئەو ئاسکە سەرگەردانەی***
***خێڵی ڕاوچی***
***لەسەر چارەنووست دەدوێن***
***بڕیار دەدەن***
***بازنەی گەمارۆ کات بە***
***کات***
***تەنگتر دەبێ***
***لە هەرلاوە دەستڕێژ***
***دەکەن***
***تۆ نازانی لە کاملاوە***
***لە دۆزەخی تەنیاییدا***
***لاشەت دابێژ دابێژ***
***دەکەن***

لەم شیعرەی جەلالی مەلەکشا، جۆرە هۆکارێکی دی دەبینین بۆ بەرجەستەبوونی هەستی تەنیایی، ئەویش سیستەمی سەرمایەداری و بە ڕۆبۆتکردن و بە ئالەتکردنی مرۆڤەکانە، ڕۆیشتنی ژیان بە ئاراستەی دابڕان لە یەک و داڕمانی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و مانەوە لە گۆشەی ماڵەکان، بەم جۆرە ژیانێکی ئاوەهای هەستی تەنیایی بە شێوەیەکی تۆخ لای تاکەکان بەرجەستە دەبێت و بەرەو ئیندیڤیجوەلی و تەنیایی و تاکگەرێتی دەڕوات.

مەلەکشا زۆر بە ڕۆشنی ئەم هەستە تەنیاییەی خۆیی و تاکەکان دەردەبڕێت و دەڵێت: ئەم سەردەمە چەرخی تەنیایی ئینسانە، ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەییش دەبێتە هۆی بەرجەستەبوون و پەرەپێدانی هەستی تەنیایی، ستەمی وڵاتەکان و ڕژێمە جۆراوجۆرەکان بە سەر تاک و کۆمەڵگەی کوردییەوە، کە زەوتکردنی ئازادیی و نەبوونی مافی سەفەر و تێکەڵاوبوون بە دونیای دەرەوە بە شێوەیەکی ئاسایی و نۆرماڵ ئەمەش وا لە تاکی کورد دەکات هەست بە تەنیایی بکات، لەبیرمانە لە حەفتاکان و هەشتاکان، بەدەست ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە کوردستان ببووە کوێرە دێیەک، وەک زیندانێکی گەورە وابوو، لە هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و ژیانی شارستانی و پێشکەوتنەکان بێبەش کرابووین، لەگەڵ دونیای دەرەوە تەواو بێ ئاگا و دابڕاو بووین، لەم حاڵەتانەش هەم وەکو تاک، هەم وەک کۆمەڵگە هەست بە تەنیایی دەکرێت و هەستی تەنیایی سات دوای سات قووڵ و قووڵتر دەبێتەوە، هەر وەک جەلالی مەلەکشا لەو شیعرەیدا دەڵێت: (تۆ ئەو ئاسکە سەرگەردانەی، خێڵی ڕاوچی لەسەر چارەنووست دەدوێن، بازنەی گەمارۆ، کات بە کات، تەنگتر دەبێ و لە هەرلاوە دەسڕێژ دەکەن، تۆ نازانی لەکاملاوە لە دۆزەخی تەنیاییدا، لاشەت دابێژ دابێژ دەکەن)

تا ئێرە مەبەستمان بوو هەندێک ئەو هۆکار و کاریگەرییانە باس بکەین، کە دەبنە بەرجەستەبوونی تەنیایی، یان وەک سەرچاوەیەک هەستی تەنیاییان لێوە هەڵدەقوڵێ، بەجۆرێک باسمان لەمانا فەرهەنگییەکەی چەمکی تەنیایی کرد، تەنیایی لەنێو ڕووبەرە گشتییەکەیدا، بۆیە شیعری شاعیرەکان پڕن لەم جۆرە هەستانە، بەڵام ئێمە لەنێو ڕووبەری شیعر دەمانەوێت باس لە هۆکارێک و مانایەکی دی چەمکی تەنیایی بکەین، جیاواز لەوانەی تا ئێستە باسمان کردن، ئەویش هاوتەریببوونی چەمکی تەنیایی لەگەڵ نوێگەریی یاخیبوون.


جەلال مەلەک شا

واتە دەکرێت یاخیبوون و نوێگەریی مانایەکی دی بن بۆ تەنیایی، یان سەرچاوەیەکی دی بۆ هەستکردن بە تەنیایی.
بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین باس لە بیرکردنەوە و ئەزموونی چەند شاعیرێک بکەین. بە هێنانەوەی چەند فاکتێک مەبەست و ئامانجی خۆمان ڕوون بکەینەوە.
فەرید زامـدار، شاعیرێکی نوێخواز و جیاواز بـوو، بە زمان و فۆرمی جیاواز دەینووسی، لە کۆ بەرهەمەکەی، بە نـاوی (شـەڕی وشـەکان، نیو نوقتە لەژێر نیودا) لە پێشەکی کتێبێکی بەناوی (ئەنیما مۆندی) وتارێک، کە وەک مانیفێستێکی شیعرییە بە ناوی (ئەسینا پالاس لە سەمایەکی دەمامککدراودا)
سەرەتا بە وتەیەکی (سیگمۆند فرۆید) دەست پێدەکات و دەڵێت: (جیهان شێتخانەیەکی گەورەیە، هەرچی تیایە هەمووی شێتە..!) بە بڕوای من بەهێنانەوەی ئەم وتەیەی فرۆید و کاراکتەری شێت، دەیەوێت، شاعیر وەک شێت وێنا بکات، چونکە کەسی شێت، یان کەسێک کە باری دەروونی نارێک بێت، ئیش لەسەر ڕووبەری ناخودئاگایی خۆی دەکـات، یان جووڵە و ڕەفتارەکانی تـەواو لەژێر کاریگەریی ناخودئاگایی دا دەبێت، واتە بێ گوێدانە واقیع و دابڕاو لە دەوروبەری، هەروەک (تێری ئیگڵتن) لەکتێبی (تیۆری ئەدەبی) دەڵێت: کەسێک بە هۆکاری دەمارگیریی، یان نارێکی باری دەروونی، ناتوانن کۆنتڕۆڵی ئارەزووە نەستییەکانییان بکـەن، واتـە دەکـەونـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـارەزووە نەستییەکانییان، کە ئـەمـەش ڕوویـدا ئـەوا پەیوەندی لە نێوان خۆیی و جیهانی دەرەوە دەپچڕێت، یان پەیوەندی لەگەڵ واقیع لە خاڵە سەرەکییەکان لە دەست دەدات) دواتر هەر لەو وتارەیدا زامدار دەنووسێت: (شیعر هەڵچوونێکی قووڵە، وروژان و هەژان و خرۆشانە، بومەلەرزەیەکی پڕ لە هێما و سـۆزە، تەقینەوەیەکی بـەردەوامـی پێگە توندەکانی دەرەوەی عەقڵە، عاقڵانە مومارەسەکردنی شێتییە، شیعر بـەردەوام ئەو کۆسپ و تەگەرانە لەناو دەبـات، کە کات و شوێن دروستییان دەکات، شیعر بە جۆرێکی تر کەم و کوڕیەکانی ژیان تەواو دەکات چونکە ژیان هەمیشە دەڵێ (نا)
شاعیر وەک گەڕیدەیەکی گـەردوونـی چـاو لە شیعر دەکات، کە ناچێتە نێو بازنەی شوێن و کاتەوە، شیعر وەک بومەلەرزەیەکی پڕ لە هێمای بارگاوی بە سۆز، وەک تەقینەوەیەکی بەردەوامی پێگە توندەکانی دەرەوەی عەقڵ دەبینێت، شاعیری نوێگەر کاراکتەرێکی بزێو و پڕ جووڵە و ماندووە، خۆی بە هیچ چوارچێوە و بازنە و سیستەمێکەوە نابەستێتەوە، تەنانەت سیستەمی عەقڵی خودی خۆیشی، چونکە ئەو بەپێی پێوەرێک بیر دەکاتەوە و دەنووسێت، کە ژیان هەمیشە دەڵێ (نا) کەسێکی یاخی، مرۆڤێکی شێت و دابڕاو.
فەرید زامدار هەر لەو وتارەیدا ڕۆشنتر لە مەبەستەکانی نزیک دەبێتەوە و دەڵێت: (ئەگەر لۆژیک ئەرکی توێژینەوەی فیکرێکی ڕوون بێت، کە زۆرجاریش فیکر بە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی خۆی دەردەخـات، بەتایبەتی لە هەنگاوە یەکەمەکانی بەرەو مەعریفە، شیعر لە دەرەوەی لۆژیکە ڕوونەکە دەژی، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خولقاندن و داهێناندا هەیە، خولقاندن واتـە دەقێک دەخولقێنێ کە نوێیە، پێشتر بوونی نەبووە، یان خولقاندن لەسەر بنچینەی خولقاندنی تر و ئیزافەکاری، کە خولقاندنێکی لێدەکەوێتەوە، داهێنان کارکردنە لەسەر ئەوەی کە (هەیە) منیش بەوەی کە (هەیە) ڕازی نیم و بەدوای لەدەرەوەی ئەوەی کە هەیە دەگەڕێم.
شـاعـیـر بـە ڕۆشـنـی بـاس لـە بـیـرۆکـە نـوێـیـەکـان و جیاوازییەکانی خۆی دەکات. باس لە چەمکی (خولقاندن و داهێنان) دەکات، کە پێی وایە دوو چەمکی جیاوازن، خولقاندن لای ئەو نوێگەرییە، واتە نووسین و دەقێکی نوێ.
ئەوەتا دەڵێت: خولقاندن واتە دەقێک دەخولقێنێ کە نوێیە پێشتر بوونی نەبووە) واتە دەقێکی نوێ و جیاواز، بۆ داهێنانیش دەڵێت: داهێنان کارکردنە لەسەر ئەوەی، کە هەیە! بەمانای داهێنان نوێگەری نییە، بەڵکو ئیشکردنە لەسەر ئەوەی کە هەیە، واتە داهێنان لە ئەوەی کە هەیە دەکات! بەمانایەک ڕووبەرێکی فراوانتر لە جوانی لەوەی کە هەیە بەرجەستە دەکات، یان لەوەی کە هەیە جوانتر و شاعیرانەتر دەینووسێت، بەڵام مەرج نییە دەقەکەی نوێ بێت و لەوەی کە هەیە تەواو جیاواز بێت.
فـەریـد زامــداری شاعیر دەڵـێـت: (منیش بـەوەی کە (هـەیـە) ڕازی نیم و بـەدوای لە دەرەوەی ئـەوەی کە هەیە دەگەڕێم!) لەم دێڕەی کۆتایی تەواو خۆی ڕوون دەکـاتـەوە و دەیـەوێـت بڵێت من کەسێکی خوڵقێنەرم، واتـە نوێگەرم، (دەمـەوێـت بە زمـان و فۆرمێکی تەواو جیاواز بنووسم، نامەوێت داهێنان لـەوەی کە هەیە دا بکەم چونکە، من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم و بەدوای لـەدەرەوەی ئـەوەی کە هەیە دا دەگەڕێم) لێرەدا چ بە هێنانەوەی چەمکی (شێتی) بە مانای دابرا و لە دەرەوە و

لە واقیع، چ باسکردن لە جیاوازییەکانی نێوان (نوێگەریی و داهێنان) و ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە هەیە. ئەو دەڵێت: (ژیان هەمیشە دەڵێت نا) پێشاندانی کاراکتەرێکی (یاخی)یە، لێرەدا وێنەی سێکوچکەیەکمان بۆ دەکات و دەڵێت: (من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم) واتە شاعیرێکی (نوێگەر)ە، (ژیان هەمیشە دەڵێت نا) واتە یاخییە، شیعر تەقینەوەیەکی پێگە توندەکانی دەرەوەی عەقڵە، عاقڵانە مومارەسەکردنی شێتییە! گوتمان شێتی واتە دابڕاو لە واقیع و خۆشڵکردن بۆ هاوتا ناخودئاگاییەکانی، ئەم دابڕانە لە واقیع و ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە هەیە واتە (تەنیایی) لێرەدا سێکوچکە مانا پەیدا دەکات و دەبێتە (یاخیبوون، نوێگەری، تەنیایی!) یاخیبوون-یش مەرجی نوێگەریی-یە، نوێگەریی و یاخیبوون-یش ناوێکی دیکەن بۆ تەنیایی، چونکە شاعیرە نوێگەرەکان کاراکتەرێکی یاخین بە تەنیا بەو ڕێگایانەدا دەڕۆن، کە کەسانی دی پێیدا نارۆن، بەو مەبەستەی کەشفی دەقی نوێ و مانا و بیرۆکەی نوێ بکەن. وەک چۆن سارتەر هەمیشە بیرۆکەکانی لەنێو چیرۆک و ڕۆمانەکانی ـەرجەستە



**فەرید زامدار**

دەکرد، فەرید زامدار-یش لە هەندێک دەقە شیعرییەکانی ئەم بیرۆکە نوێیانەی خۆی نووسیوەتەوە. بۆ نموونە لە شوێنێکی قەسیدەی ئەنیما مۆندی دەڵێت:

***من و ئەو مێرووە قەرەجە***
***هاوبەشێن***
***هەموو لێکنەچووەکانی***
***دونیا***
***لە باوەشمان بەیەک دەگەن***
***شێتانە حەزم لەو جیهانەیە***
***نییە***
***زەمەنە شووشەییەکان دەشکێنم***
***دەگەڕێمەوە***
***شوێنە سڕاوەکانی زەمەنی سفر***
***بۆنی شیعرێکی شەڕاوی دەکەم***
***بە خۆڵێکی کفراوی***
***بم نووسێ***
***ماڵێک لە خەونەکانی ئەوێم***
***لە بەهەشتەکانی مردن چێدەکەم***

شاعیر خۆی وەک مێرووەیەکی قەرەج دەبینێ، قەرەج بەمانای کەسێکی کۆچەر و گەڕۆک، کەسێک، کە ماڵێکی هەمیشەیی نییە، کەسێکی بزێو و پڕ جووڵە، کەسێکە دابراو لەوانی دی، چونکە ئەو بە ژیان و داهێنانی ئەوانی دی، واتە ئەوەی کە هەیە، ڕازی نییە، بەدوای ژیان و خوڵقاندن و ژیانێکی جیاوازترەوەیە، قەرەجێکە هەموو لێکنەچووەکانی دونیا لەباوەشی ئەو بەیەک دەگەن، ئەو مۆڵگە و ڕووبەری شتە ناتەبا و جیاوازەکانە، چونکە لای ئەو شیعر نووسین بوومەلەرزە و تەقینەوەیەکی بەردەوامە، ناتوانێت لە ماڵێکی هەمیشەیی بژی و بە ڕێگەیەکی هەمیشەیی و ڕۆشن و ڕوون دابڕوات، وەک کەسێکی یاخیش زەمەنە شووشەییەکان دەشکێنێ و دەگەڕێتەوە شوێنە سڕاوەکانی زەمەنی سفر، واتە ژیان بە هەموو بوون و پێکهاتەکانییەوە ڕەت دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە خاڵی زەمەن و نوختەی سفر، جارێکی دی ژیانێکی نوێ و دەقێکی نوێ بونیاد دەنێتەوە، بۆنی شیعرێکی شەڕاوی دەکات، چونکە خودی شاعیر بوونێکی نیگەران و نائارامی هەیە، شیعریش وروژان و خرۆشانێک، یان تەقینەوەیەکی پڕ لە هێما و سۆزە، دەخوازێ بە خۆڵێکی کفراوی بینووسنەوە، کفراوی، واتە لەدەرەوەی یاساو سیستەمی ئایینەکان، وەک کەسێکی بێ باوەڕ و یاخی، یاخی لە ژیان و لە سیستەمی عەقڵ

و له هەموو شتێک.
شاعیری نوێگەر دەبێت وابێت، نەک ئیش لە زمانێکی ئاسایی بکات دەبێ هەندیک جار زمانی وەهم و وڕێنەش بنووسێتەوە، بۆیە لە ئاکامی بونیادنانی دەقی نوێ و جیاواز ڕووبەرێکی فراوان و بەرین لە جوانی بەرجەستە دەکات، ئەوەش بۆ شاعیر گەیشتنە بە ماڵە ڕازاوەکەی نێو بەهەشتی خەونەکانی.
هەر لەم قەسیدەیدا دەڵێت:

***هەموو شەوێک***
***ڕۆحم سەفەرێک بۆلای خوا دەکات و***
***بەیانیان دێتەوە جەستەم***
***شوێن پێی***
***ئەو تەیرە گەردوونیانە***
***هەڵدەگرم***
***کە شوین پێی***
***ئەو ماسیە گەردوونیانە کەوتوون***
***پێکەنینێکی ئاڵۆز***
***لە دەموچاوی ئاوێکی***
***ئەفسانەیی دەشۆن***


خۆی لە مانیفێستە شیعرییەکەی بە ڕۆشنی گوتی: (شیعر بەردەوام ئەو کۆسپ و تەگەرانە لەناو دەبات، کە کات و شوێن دروستییان دەکەن) بە کورت و پوختی فەرید زامدار مەبەستیەتی جەخت لەوە بکاتەوە، کە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیریش گەڕیدەیەکی گەردوونییە، خۆیشی دابڕاو تەنیا دەبینێت، دوور لە شاعیرانی دەوروبەری خۆی، خۆی کەسێکی نوێگەرە، شاعیری نوێگەریش جیاوازە لە شاعیری ئاسایی و تەقلیدیی، بۆیە ئەو شەوان ڕۆحی بەرز دەبێتەوە و سەفەری لای خودا دەکات، سەفەرکردن بۆ لای خودا دەکرێت تەنیا کاری پەیامبەرەکان بێت، کار و کردەوەی کەسی ئاسایی نییە، بۆیە فەرید وەک شاعیرێکی نوێگەر و داهێنەر خۆی لەو ئاستە دەبینێتەوە، وەک پەیامبەرێکی تاک و تەنیا، بەیانییان ڕۆحی دەگەڕێتەوە نێو جەستەی و شوێن پێی تەیرە گەردوونییەکان هەڵدەگرێت، ئەوانەی بەدوای ماسییە گەردوونییەکان کەوتوون، چەند بە ڕۆشنی باس لە بیرکردنەوە نوێکانی خۆی دەکات و پەیوەندی یاخیبوون، کەسێکی نوێگەر، تاک و تەنیایی و جیاوازیی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەمەش هەستێکی قووڵی تەنیاییە، بینینی خود بە تاک و تەنیا و جیاواز و دوور لەوانی دی.

هەروەک لە دوا دێرەکانی قەسیدەی (ئەزموونە کوشندەکان) دەڵێت:

***لەناو تەمومژە چڕەکان دا***
***دابەش دەبیت***
***بوێرە بەدوای خۆتدا بڕۆی***
***لە ڕێگا خەتەر ناکەکاندا***
***بوێرە خۆت هەڵگرییەوە***

بۆ کەسی داهێنەر و نوێگەر، بۆ هەرکەسێک، کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی شوناسێک دابێت بۆ بوونی خۆی، گرینگە خۆی بێت و خاوەن بوونێکی ڕەسەن بێت، ئاراستەی جووڵەکانی لەژێر کاریگەریی بیرکردنەوە و حەز و خواستەکانی خۆی بێت، بەتایبەت بۆ شاعیرێکی نوێخواز، پێویستە بە عەقڵی کەسانی دی بیرنەکاتەوە، بە عەقڵ و توانای بیرکردنەوەی خۆی بیربکاتەوە، شاعیری داهێنەر و نوێخواز ئەو بوێرییەی هەیە لەناو تەمومژە دژەکان و لە ڕێگە و زەمەنە خەتەرناکەکان بەدوای خۆیدا بڕوات و خۆی هەڵگرێتەوە، دەست لەویتر پان نەکاتەوە و بەدوای ئەوی دیدا نەڕوات، ئەمەش کرۆکی نوێخوازیی، داهێنان و نوێگەریی کردەیەکی تاکەکەسییە، تاک دەبێت بەدوای خۆیدا بڕوات، پشت بە بیرکردنەوەکانی خۆت ببەستێ ئەمەش دیوێکی دی تەنیایی و هەستی تەنیاییە.
پەیوەندییەکانی (یاخیبوون و نوێگەریی و تەنیایی) لەنێو ڕووبەری شیعر و ئەزموونی شیعریی سەباح ڕەنجدەر، لە کتێبی (چوار کتێب لە بارەی شیعرەوە) ڕەنجدەر لە مانیفێستی شیعری (فۆڕمی پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە) کە لە دە بەش پێکهاتووە، لە بەشی پێنجەمیدا دەڵێت: (ئەوەی لەنێوان من و شیعردا درێژ دەبێتەوە خەونە، نەک واقیع، لە کردەوە و کردەی نووسیندا خەون دەکەم بە واقیعی نووسین، بە ویست و داوا و هەستیارییەکی خەونی، بە یادگەی کۆمەڵگادا چوومە خوارێ و خانەیەکی سستبووم لە جەستەی شیعری کوردیدا تەواو تەواو زیندوو ڕاگرتووە، خانەی دەقی خەونی، خەون یەکێکە لە هێما هەستیارەکانی مرۆڤ لە سادەترین ئاستیدا خەسڵەتی کیمیاگەری پەیدا دەکات، دەتوانێت توخمێک بۆ توخمێکی دیکە بگۆڕێت، پێکهاتە و دارشتن و ڕایەڵ و تانوپۆیەکی توند و تۆکمەی لێیەوە درێژ بکاتەوە لە چالاکییەکی دیکەیدا بیکات بە دیمەنێکی بە شکۆ)
سەباح ڕەنجدەر کاتێک دەڵێت، ئەوەی لەنێوان من و شیعر درێژ دەبێتەوە خەونە نەک واقیع، مانای وایە

خەون کرۆک و بنەمایە بۆ شیعر، نەک واقیع، لە دێری کۆتاییش دەڵێت (نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت)
ئەو دێرە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم پەرەگرافە هەیە، دەربڕینێکی پڕ ئاماژە و ناوەڕۆکێکی قووڵیشی هەیە، دەتوانین هاوکێشەیەک پێک بهێنین لە (شاعیر، خەون و شێتێکی خودایی) کە هەرسێ چەمکەکە لەسەر ڕووبەری ناخود ئاگایی ئیش دەکەن، شاعیر لێرەدا بە دیدێکی سوریالیستانە فۆکەس دەکاتە سەر خەون و ڕووبەری ناخود ئاگایی، لێرەدا دەبینین خاڵێکی هاوبەش لەنێوان، شاعیر، خەون و شێت هەیە، ئەو دەڵێت شێتێکی خودا، بە مەبەستەوەش وا دەڵێت!
فرۆید دەمێکە گوتوویەتی نووسەر لە شێت و منداڵان دەچن، چونکە ئەوانیش ئاراستەی جووڵەیان لەژێر کاری ناخودئاگایی دایە و لەگەڵ دونیای خۆیاندا دەژین، بەپێی قسەی ئەو شاعیرە بێت، شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت شیعر بنووسێت دەبێت شێتێکی خودایی بێت و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی لەنێو خەوندا درێژ بێتەوە، نەک واقیع.
شاعیر وەک شێتێک و منداڵێک دەبێت لەنێو دونیای خۆیدا بژی و وەک خوداش هێزی ئەوەی هەبێت دەق و


سەباح ڕەنجدەر

بیرکردنەوەی نوێ بخوڵقێنێت، بۆیە شاعیری داهێنەر و نوێخواز وەک خودا تاک و تەنیایە، ئەم تەنیاییە نەک هەر لەنێو شیعر و بیرکردنەوەکانی، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ نێو باری دەروونیی و تەنانەت هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەشی.
ئەم بیرکردنەوانەی سەباح ڕەنجدەر لەنێو دەقە شیعرییەکانی بە ڕۆشنی هەست پێدەکرێن، ژیان لەنێو دونیای خود، دابڕاو لە دەوروبەر، وەک ئەو هەستە تەنیاییەی لای فەرید زامدار، کە دەیگوت من بەوەی هەیە ڕازی نیم، واتە لەوەی کە هەیە دابڕاوە و بە تەنیا خەریکی داهێنانەکانی خۆیتی، جیاواز لەوەی کە هەیە، ئەم هەست و بیرکردنەوە لای هەموو شاعیرێکی نوێگەر هەیە، چونکە جەوهەری ئەم تێڕوانینە نوێگەرییە، سەباح ڕەنجدەریش وەک شاعیرێکی جیاواز و نوێخواز بە تۆخی ئیشی لەسەر ئەم دابڕان و بە تەنیا ڕۆیشتنە کردووە. خۆی لە کاروان جیاکردۆتەوە و دەقی جیاواز، بە زمانی جیاواز دەنووسێت.
**لە کتێبی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) لە کورتە شیعری** (قەراغی دەف) دەڵێت:
**خودا لە بۆشایی نێوان ئەستێرە و مانگدا منی دۆزییەوە**
**دەستی گرتم و هێنامیە خوارەوە**
**لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی کردم**
**باڵندە هۆگرم بوون و بەرزیان کردمەوە بۆ ئاسمان**
**دووبارە خودا پێشکێشی زەوی کردمەوە**
بە ڕۆشنی ئەوەمان پێدەڵێت، کە شاعیری داهێنەر و نوێگەر لە خەڵک و واقیع و خێڵی شاعیرە تەقلیدییەکان دادەبڕێ، لە شوێنێکی دوور لەوان بە تەنیا دەژی، ئەوەتا ئەو وەک شاعیرێکی نوێخواز و جودا خودا لە بۆشاییەکانی ئاسمان دەیدۆزێتەوە، واتە لەنێو ڕووبەری داهێنان شاعیرە نوێخوازەکان لە شوێنێکی بڵندترن، لە خۆڕا نییە ئێمەش لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) گوتومانە شاعیر شوێنەکەی لە هەورازێکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێت بیگاتێ، دیارە مەبەستمان لە شوناسی شاعیرێکی داهێنەر و نوێگەرە، کاتێک خودا دەستی دەگرێت و دەیهێنێتە خوارەوە، لە سێبەری درەختی پیرۆز نیشتەجێی دەکات، باڵندەکان هۆگری دەبن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، دیارە مەبەستەکە ڕۆشنە ئەو شوێنی بڵندایییەکانە کاتێک لەژێر سێبەری پیرۆز نیشتەجێ دەبێت، واتە لەنێو جوانییەکانی داهێنان پەپوولەکان هۆگری دەبن، دەکرێت پەپوولەکان هێما

بن بۆ خوێنەرەکانی، کە داهێنانەکانی بەرز دەنرخێنن، خودی خۆیشی بەرز ڕادەگرن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، بەڵام وەک بوونێکی پیرۆز و پێویست بۆ ژیان، خودا دووبارە پێشکێشی زەوی دەکاتەوە، ئەگەر لەم بیرکردنەوەی پانتایی و ناوەڕۆکی ئەم شیعرە ورد بینەوە بە ڕۆشنی شوێن و مەرتەبەی شاعیری داهێنەر و نوێخواز دەبینین، هاوکات ئەم دەبڕان و هەستە تەنیاییەش، کە لە پشتی دەربڕینەکان و هێماکان هەستی پێدەکەین، لە دەقێکی دی شیعریی دووپاتی هەمان ئەم هەستە تەنیاییە و تاک و تەنیاییەی دەکاتەوە، وەک شاعیرێکی نوێخواز قووڵتر ئیش لەسەر ئەم بیرکردنەوانەی دەکات، وەک لە کتێبی (بەها و هەڵەی پێشبینییەکان) لە دەقی (یەکەکان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا) دەڵێت:

***یەک دابەش و جاران و کەم ناکرێ***
***خودا***
***خۆر***
***من***
***لەمە بەدوا بازنەی یەکەکان داخران***
***بەرگەی سەیرکردنمان بگرن***
***بۆنی هەر کەسێک دەدەین***
***ئاو و گیای کەروێشکەکانی بیرنەچێ و چڵی ناودەمی ڕەش نەبوو بێت***

شاعیر باس لە خودا و خۆرەتاو و خۆی دەکات، وەک هێمایەک بۆ بوون و پێکهاتە تاک و تەنیاکان، بوونێکی بەرز و بڵند، وەک خودا داهێنەر، خوڵقێنەر وەک خۆرەتاو گەرم و پڕ لە جووڵە و وزەبەخش، دەڵێت: (لەمەودوا بازنەی یەکەکان داخران) بە بڕوای من ئەوە مافی هەموو شاعیرێکە، داهێنانەکانی خۆی بەرز بنرخێنێت، بەتایبەت بۆ شاعیرێکی نوێخواز، تا ئەو ئاستەی پێی وابێت داهێنانەکانی ئەو دووبارە نابنەوە، یان بە دیدێکی دی، ئەگەر هەر شاعیرێک داهێنانەکانی لەم ئاستە نەبن، ناتوانن بگەنە نێو بازنەی یەکەکان، تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگە و بیرکردنەوەکانی ئەو، بازنەی یەکەکان داشخرابن، دەبێت ئەم بیرکردنەوەیە بە ئاسایی و پۆزەتیڤانە وەربگرین، چونگە ئەم بیرکردنەوەیە بۆ هەموو شاعیرێکی داهێنەر و نوێخواز ڕاستە، لە کاتێکدا ئەم بیرکردنەوانە لە خۆڕا نەهاتوونەتە بوون، ئەگەرچی شاعیر لە پێشدا گوتوویەتی پەپوولەکان هۆگرم بوون، واتە زۆرێک لە خوێنەرانی عەشقی دەقە شیعرەکانی و داهێنانەکانی بوون، بەڵام زۆرێکیش بە ناڕەوا دژایەتییان کردووە و لە هەوڵی لێدانی بوونە، نەک بەرزکردنەوەی، بۆیە بەو کەسانە دەڵێت بەرگەی سەیرکردنمان بگرن! بۆنی هەرکەسێک دەدەین، ئاو و گیای کەروێشکەکانی بیر نەچێ و چڵی ناودەمی پیس نەبێت!

ئەم بیرکردنەوە و دژایەتیکردنەی شاعیرە نوێگەرەکان شتێکی عەجیب و غەریب نییە، لە مێژووی ئەدەب و شیعر نموونەی لەم جۆرە هەن، بۆ نموونە ئەنوەر مەسیفی شاعیر هەمان موعاناتی هەبووە بەدەستی ئەوانەی بەهۆی زمانی شیعریی و دەقە شیعرییەکانی دژایەتیان دەکرد. عەباس عەبدوڵڵا یوسف بەهۆی زمانی شیعریی لای هەندێک لە شاعیران و خوێنەران تا ئاستی ڕەتکردنەوە دژایەتی کراوە، بەڵام پێمان خۆش بێت یان نا، داهێنان و نوێخوازیی کردەیەکی تاکە کەسی و بوون بە شوناس و بوونێکی تاک و تەنیاییە، شوێنی شاعیرە داهێنەر و نوێخوازەکان، هەوراز و بڵندایەکانە، ئەم بیرکردنەوانە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن، کە ئەدەب بەتایبەتی شیعر وەک بابەتێکی جوانناسی، کە بونیادێکی زمانی سەربەخۆی هەیە، بە تەواوی لە هەر سەرچاوەیەکی دەرەکی جیاکراوەتەوە، هاوکات ژیان و واقیع لەنێو سیستەمێکی زمانیدا لە پەیوەندیدا دەبن، بەپێی ئەم بیرکردنەوە و فاکتە شیعرییانە، بە هەموو پێوەر و مانایەک بەو هاوکێشەیە دەگەین، کە یاخیبوون و نوێگەریی لەنێو شیعردا مانایەکی دیکەیە بۆ چەمکی تەنیایی.

**تەمموزی ٢٠٢٣**

**سەرچاوەکان :**


١- خێراکە مردن خەریکە بگات، شێرکۆ بێکەس

٢- دیوانی کەریم دەشتی، بەرگی دووەم

٣- تیراژەکانی هەتاو، سروە ساڵەیی

٤- لە غوربەتا، محەمەد عومەر عوسمان (سایتی ڤەژینبوکس)

٥- زرەی زنجیری وشە دیلەکان، جەلالی مەلەکشا (سایتی ڤەژینبوکس)

٦- شەڕی وشەکانی نیو نوقتە لەژێر نیودا، فەرید زامدار

٧- دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی دووەم

٨ چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە، سەباح ڕەنجدەر

٩- تیۆری ئەدەبی، تێری ئیگڵتۆن، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی

# شوکرۆیا عەزێ و گرێیا پەرێ سۆر!

محسن عەبدلڕەحمان

**دەرازینک:**

شوکۆریا عەزێ ناڤێ کورتەچیرۆکەکا جڤاکییە، نڤیسەر عەبدلڕەحمان بامەرنی ئەو کرییە ناڤێ کومەلەیا کورتەچیرۆکێن خۆ ئەوا ژ ٢٣ کورتەچیرۆکان پێکدهێت، چیرۆک هەلگرا ناڤەک نەریتیێ مللییە، ئەوژی بچویککرنا ناڤێ (شوکریا کچا عەزیزایێ)یە، کو بچویکرنا ناڤان و گازیکرن بناڤێ دایکێ د جڤاکێ کوردی دا ب مەبەستا نازدارکرن و خۆشتڤیاتیێ یە، لەورا ئاساییە ناڤەرۆک و ڤەگێڕان ب زاراڤەک مللی و شێوازەک نێزیکی فولکلوری بیت، هەما ئەو بوو چیرۆکنڤیسی چیرۆک ب (هەبوو نەبوو) دەستپێنەکری، ئانکو پتر ژ کورتەچیرۆکا هۆنەری نێزیکی سەرهاتیێ یە، لێ د ڤەگێرانێ دا بئاگەهـ یان بێئاگەهـ هندەک پەیڤ ژ ئەزمانێ ڤەگێڕی کەفتینە، ژ قەلەمێ وی خۆ ڤەدزینە، کو جهێ لێ ڕاوەستیانێنە و ئەو مینا کلیلانە بو چوونا ناڤا دەقی.

**پێشەکی:**

نەریتییە کو نڤیسەر جاران ناڤێ چیرۆکەکێ یان شعرەکێ بۆ کومەلەیا خۆ دهەلبژێریت، کو یا گشتگیرە بو کومەلویێ یان تایبەتمەندییەک لدەڤ نڤیسەری هەیە، هەچکو نڤیسەر دبێژیتە خواندەڤانی ئەڤە کومەلەیا من لێ فلان دەقی ژبیرنەکە! ل پەی خواندن و تێگەهشتنا من و دبیت وەسا نەبیت، ناڤێ شوکرۆیێ بۆ نڤیسەری تایبەتمەندییەک هەیە، ب هەلبژارتنا ناڤێ شوکرۆیێ، هەچکو چیرۆکنڤیس دبێژیتە خواندەڤانی ژبیرنەکەی، هەر چیرۆکا شۆکرۆیێ بخوینی، جاران ژی ناڤ کلیلە بو هندەک دەرگەهێن گرتی و ڤەکرنا هندەک گرێکێن گرێدایی دەمەکێ دەستنیشانکری، چنکو ناڤێن کەسی ژ بێژەیەکێ بو دانەنیاسینا مرۆڤی دەربازی ناسنامەیێ دبیت، ناڤ هێمایێ ناڤکرییە، ئەو نەتەوە، دین، دەڤەر، ئاراستە...دیارکەن، دیسان وەکو مودێلا جلکان گوهۆڕین ب سەردا دهێن، دەمێ سنێلەییا نڤیسەری ناڤێن کچان (شوکریا، سەعدیا، قەدریا، ڕەمزیا..) بوون، پاشی تا ناڤەراستا نۆتان بوون بوونە (ڤەژین، پرژین، ڤیان، ژیان...) و نها مودێلێ باوەرداریێ یە (ئیلاف، مدیەن، کەعبە، ثوبیة، جەننەت، ضحی، مەئوا، ...). ئانکو دشێین بوونا شوکرۆیێ بو سالێن حەفتێیان ڤەگەرینن.

**کاراکتەرێن چیرۆکێ و جهـ:**

چیرۆک پتر ڤەگێڕانا بیرهاتنەکێ یە ژ دەقەکێ داهێنای، چیرۆکنڤیسی د ناخی خۆ دا حەزدکر وەسا چێببا، ئانکو خەونەکا بجهنەهاتییا نڤیسەری ژ سەردەمێ سنێلەیێ یە، لەورا ئەوا د جیهانا ژیواری دا بجهنەهاتی، نها وەکو کورتەچیرۆک بجهدهێت و ئەڤە د کەڤیتە د خانەیا وێژەیێ دانپێدانانا -اعترافات- نەراستەوخۆ دا.

ڤەگێر و دلبەرا خۆ شوکرۆیا، د ژینگەهەکا جڤاکی یا تایبەت ل گوندەکی د دەڤەرەکا پاشڤەمای دا، د سەردەمەکی کو شێخ توبەرک و بهەر تشتی زانا و مەلا دوازدە علم و ئەو نۆشدار و دەروونناس...، تێدا ڕاددەیا نەزانینێ گەهشتییە ئاستێ کو گاڤانێ گوندێ شێخی شێخ بیت و (بڤرێ مەلای) نموونەیێ ڕەوشا مەلای بیت بو تەندروست باشیێ و ئارامیێ، مەلا د جڤاکێ کوردی دا پاییزێ بڤرێ خۆ دهۆسیت و دهەلگریت تا دبیتە بهار، چنکو گوندی دارا بۆ دبرن و دکێشن مال و بۆ دگەلێشن، هوسا چاوا بڤرێ مەلای هەردەم یێ هۆسییە، وەسا مەلا ژی یێ پەیت و لێکدای و ڤەهوسییە، لەورا د سەرهاتییا (مەلایێ گولێ) دا، گولێ گۆتە مێرێ خۆ دێ بییە مەلا، یان من بەردەی!؟ هوسا ژنا سەیدایێ مەلا ژی دبیتە خاتوین و بانۆ! لڤێرە بابەت لدور شێخی یە ل هەر جهێ کوردستانێ بیت و نڤیسەر بامەرنییە و بامەرنێ باخچە و ئاسێگەها ڕێبازا نەخشەبەندییە، هوسا بامەرنێ و سەرباری کو هەر بنەمالەک ژ جهەکییە وەکو مالا(مزیری، دوسکی، زێباری، بەرواری، زێوەیی، ئەرەدنی، بنیانشی... و مالا شێخا ب خۆ ژی هۆزا ڕێکانینە)، لێ لدویڤ بنەمایێ جڤاکێ پاشڤەمای ژ داکەفتنا زانستی و هزری و ڕەوشەنبیری... گاڤان و ئاشڤان و هەر ڤەحەویایەکێ تەکیایێ، نها ل بازارێ دهۆکێ و تا کولانێن ئەورۆپایێ د مەیخانە و یانیێن شەڤێ ڤە هەر ب نازناڤێ شێخ دهێنە نیاسین و نازدارکرن! ڤێقە وی سەردەمی شێخاتی چەندبوویە؟ لێ هێز و شیانێن شێخی و شاگردێن وی کو ژ زرکێتکا دمشەتربوون ژ چ تشتبوو، ژبلی نەزانین و سادەیا گوندییان!؟

(بەلاڤکرنا پێزانینێن شاش خرابترین جورێ نەزانینێیە، لەورا مرۆڤێ بێ پێزانین باشترە ژ مرۆڤێ پێزانینێن خراب هەین)

**هێما د چیرۆکێ دا:**

«هێماگەری ژ سالۆخەتێن بنەرەتیێن عەقلییە و، ئەو سالۆخەتە ب ئاشکرایی د بیاڤێن هزر و ڕەوشەنبیری دا بەرزدبن و ئەو شێوازێن جوداییێن عەقل ب ڕەنگەکێ هێماگەری پێ کاردکەت و پەیوەندییا د ناڤبەرا سیستەمێن هێماگەرییێن کـرداری و ژیـواری ڤەدبینیت». هێما د کورتەچیرۆکێ دا ب ئاستێن جودا ژ لایێ چیرۆکنڤیسان ب هەمی وێنەییێن خۆییێن خوازە و هایدان و ڕەوانبێژی... دهێتە بکارئینان، کو هێمایێ سادە و کویر و کویرتر هەیە! هێما ئەوە یا مە هانددەت تێهزرینێ د تشتەک دی دا ل پشت دەقی بکەین، بەری هەر تشتی هێما ڕامانەک پەچنی و هایدانە.

چیرۆکنڤیسی چیرۆکا شوکرۆ کرییە ئەو ڕێک بۆ گەهاندنا پەیامێ ب شێوەیەکێ نیمچە پێکەنین، دەمێ شاگردێ سنێلە و کەساتی هەلپەرست و دویڤەلانک د هێماگەرییا سادە دا، کرییە خوازە بۆ مەلایێن فێلباز و تەمبەلێن ب ناڤێ خودێ ل سەر نانێ هەژاران دژین، دیسان کالوخک کرییە هێما بۆ خێڤزانکی و فالڤەکەرییا شێخێ مللەتی گەمشەدکەت و پەرێ سۆر هێمایێ هێزا تێبرِ!

**کالوخ:**

کالوخ ب خۆ ژ ئالیێ زمانەڤانی جهێ هەلگرتنا تشتەکییە، لڤێرە ئەو چانتەیا تایبەتە بۆ هەلگرتن و هەلاویستنا قورائانا پیرۆزە، کو پتری ژ پەرووکەکێ سپی و ل سەر نەخشاندی (الله) دهاتە چێکرن، زارۆکێن شاگرد – فەقی – قورئانخوین ب ملێ خۆ ڤەدکرن ژ بو ب ساناهی هەلگرتن و پاراستنا قورئانێ دەمێ دچوونە مزگەفتێ بۆ خواندنێ، و تا سالێن هەشتیێیان ل هەر مالەکا کوردێن موسلمان ئەو کالوخک بدیواریڤە یا هەلاویستیبوو، چیرۆکنڤیسی کالوخ کرییە بابەتێ چیرۆکێ و هەمێ گرانییا ڤەگێرانێ ب کالوخێ ڤە گرێدایە، دیسان کرییە ئەو هێزا نەپەن و سێهربەند و هێما بۆ پیرۆزیا شێخی و شیانێن وی یێن بێسنۆر، کو د ژ زاردەڤێ وی و دهۆندرێ ڤەگێرانا وی دا ڕاستییا شێخی ئاشکرا و بەلی دبیت، دەمێ دەستپێدکەت ب گۆتنا: (ئەو ب خۆ نە شێخ بوو؛ و نوکە دبێژنە من ژی شێخ، لێ ئەز نە شێخم، بتنێ ئەز کالوخک هەلگرێ شێخی بووم، ئەگەر شێخ ل مال نەبا دگۆتنە من شێخ و هەر شێخ ژی لێبا، ئەز لدویڤ پێ وی بووم...)! لڤێرە پرس و لێپرسین لـدور ڕامـان و ڕەوایەتییا پیرۆزییا خۆیەتییا شێخییە، (شیخ) پەیڤەکا ئەرەبییە ب هەڤواتا (پیر)، لێ د ڕامانێ دا ژێکدویرن، د کوردیێ دا شێخ پلەیەکا ئۆلییە، ئەو ڕابەرێ ڕێبازێ و ڕێنیشاندەرێ مرید و سوفییانە، لێ د ئەرەبیێ دا ئانکو مەزنێ هۆزێ، کو هەمبەر (ئاغا) یێ کوردە و، نە ژ دویر و نە ژ نێزیک چ پەیوەندی ب خۆیەتییا دینی ڤە نینە، د چیرۆکێ دا ڤێگەهێ شێخی دینییە و ب کەساتییەک دینی هاتییە نیاسین، کو ل ناڤ کوردان ب ڕێبازا قادری و نەخشەبەندی دبەرنیاسن، و ڤەگێر دانپێدانێ ب شاگردی و دویڤەلانکییا خۆ بۆ شێخی دکەت: (بتنێ ئەز کالوخک هەلگرێ شێخی بـووم) و دانپێدانەک ئاشکرادکەت کو ( تشتێ من دگەهینیتە شێخی، بتنێ ئەو نڤشتوکە یا ژ پەرێ سۆر دهێتە چێکرن و شێخی سۆزدایە من کو چێکرنا وێ نڤشتوکێ نیشا من بدەت).

**شێخ و شێخ کالوخ:**

لڤێرە مە شێخ و کالوخێ شێخە هەنە، کو فێلوفندێن شێخی ب ڕێکا ڤەگێرانا کالوخێ شێخی ئاشکرادبن، ئەز دێ شێخ کالوخی ب شێخێ سیبەر دەمەنیاسین، پەیوەندییا شێخی ب شێخێ سیبەرڤە پەیوەندییەکا بەرژەوەندخوازا لێکگۆهارتییە، شێخێ سیبەر بۆ شێخی دەزگەهێ پرۆپاگندا گەرۆکە و بەرددەستکێ وی یە (سکرتێر) (خەلکی پسیارا شێخی ژ من دکر و من ژڤان ددانان و سەرێ دیوانی بو شێخی بوو و ئەز برەخ ویڤە د ڕوونشتمە خارێ. خارنا خوەش بۆ شێخی دهات و پارییێ من ژی د گەلدا بوو و

**کورتەچیرۆک هۆنەرەکێ ڤەگێڕانێ یێ هەرەبەرزە، نەرەگەزەکێ وێژەیێ بچویکە، بەلکو چارەسەرێیا وێ یا تایبەتە**

هەر جهێ شێخ چوبایێ ژی، پێ من گدویڤ پێ وی بوو و کالوخکێ وی د ملێ مندا بوو) د بەرامبەر دا بهیڤییە کو شێخ فێرکەتە زانینا هەی، ئەو ژی نیهێنییا پەرێ سۆر نیشابدەت، کو بۆ چێکرنا نڤشتییا و پێڤەخواندنێ و ڕاکێشانا دلێ ژنان یا ڤەبرِ و ئێکوئێکە، دبیت مەبەست پێ پەرتووکا (شمس المعارف الکبری) بیت، شێخێ مەزن هەر تشت ب دەستڤەهاتییە و شێخێ سنێلە مەبەستا وی ژ فێربوونێ، ئەوە یا شێخێ وی گۆتیێ: (هەر گاڤا ئەڤ نڤشتوکە دگەل مرۆڤی بیت، هەر کچ و ژنا مرۆڤی بڤێت، وێ شەڤێ دێ دگەل مرۆڤی جوت بیت)، ئانکو ئارمانج ژ شێخاتیێ نەپترە ژ جۆتبوون و تێرکرنا حەزێن گۆهنێلیێ!

لێ شێخێ سیبەر ژ ڕابەرێ خۆ فێرنەبوویە پتر ژ بێنانا ددانان، ئەڤە دیاردکەت کو شێخ شارەزایە و نهێنییا پیشەیێ زوی و ب ساناهی ئاشکراناکەت، تاکو بۆ سیبەرا خۆ، لێ شێخێ سیبەر یێ ڕژد و بێهنڤرەهە ل سەر فێربوونێ، سـەرباری کو تا دەمێ شێخ دچیتە گوندێن دەوروبـەر بۆ کارێن چارەسەرکرنا ئارێشەیێن تـەب – صرع –

و هنگافتنا ئەجنا و ژێکڤەکرن و گەهاندنا ژن و مێر و دلداران و...، هینگێ شێخێ سیبەر هەما شێخە و کالوخێ شێخی ب هێزا خۆ یا سێهربەندڤە بملیڤە بەلگەیە ل سەر شوینگرییا وی بۆ پیرۆزە خۆیەتییا شێخی! : (هەر جارا تو قەستا نەخۆشەکی دکەی، ڤی کالوخکی دگەل خۆ ببە، ئەڤ کالوخکە دێ حیجابێ د ناڤبەرا تە و ئەجناندا دروست کەت! ژبیرنەکە ژی ناڤودەنگییا ڤی کالوخکی چ ژ ناڤودەنگییا من کێمتر نینە و هەر کەسێ چاڤێن وی ڤی بکەڤن، دێ نیڤا نەخۆشییا وی ژ دەڤ چیت).

**زانینا خودایی:**

ژ ڤێ دانپێدانێ دیاردبیت کو چارەسەرییێن شێخی و بێنانا شاگردێ وی بو ددانی خاپاندنە بو دەروونێن گوندییان، ئەرێ خودێ لگەل ئافراندییێن خۆ ب مامکان، ئانکو ب هێما و نهێنییان دپەیڤیت، ما دینی کود هەنە دا پێدڤی کلیلان بیت؟ مامک زمانەکە خودی پێ دگەل بەنییێن خۆ ناپەیڤیت، بەلکو مۆغلاجییەکێ سێهربەند دڤێت ب پەیڤەکێ دەرگەهێ کانگایەکێ ڤەکەت و، خێڤەیێ د لەپێ ئیبلیسەکی دا بخوینیت! هوسا بناڤێ ئۆلی شیخ و مەلای دین کرنە دکان، و خێڤەیی فرۆشتنە خەلکی خۆ. گاڤا بێنانا ددانی ژ لایێ شێخ کالوخی ل سەر دەمێ پێشکەفتنا زانستا نۆژدارییا ددانان، ددان وەکو ئەندامەکێ لەشی ژ هندەک هۆکار و ئەگەران هەوددەت و کرمی دبیت، زانستی دەرمان و ددانێن دەستکرد چێکرن و کالوخێ شێخی د بێنا!

**شوکرۆیا عەزێ:**

کەسا دوویێ یە د چیرۆکێ دا، لێ دراستی دا هەما چیرۆک ب خۆ ئەوە، ئەو زاخا چیرۆکییە و هەر تشت ژبەر وێ یە، تاکو چیرۆک و کومەلەیا کورتەچیرۆکان ب ناڤێ وێ یە! ئەو دلبەر و سەوداسەر کەرا شێخ کالوخییە، ژ دلدارییا وێ و بۆ خاترا وێ ئەو ب دویڤ شێخی کەفتییە، بۆ ئێکەم جار ناڤێ شوکرۆیا عەزێ دئینیت: (ژ ڤی گوندی خرەکێ تنێ چاڤێ من ل شوکرۆیا عەزێ یە...). ئەڤە دانپێدانا شێخ کالوخییە کو ژ هەمی کچێن گوندی چاڤێ وی ل شوکرۆیێ یە، و چنکو شێخ و مەلایێن فێعلو د کۆلەک فرەهن، ئەو نەوێریت خۆ نێزیک بکەت و نەشێت هزرێن وێ نەکەت، دلداریا شوکرۆیێ یا بوویە ئارمانجا وی، تاکو هەلگرتنا کالوکخێ شێخی هەما هەر ژبەر خاترا چاڤێن شوکرۆیێ بوویە.

ئەڤ شوکرۆیا بوویە خەونا دلدارێ شەیدا بۆ شێخی گەلاڤێژە و ژ دویرڤە گەشاتییا وێ دبینیت، تاکو ئێڤارییەکێ ئەو ب پێن خۆ دهێتە مالا وی و نە جارەکێ بەلکو سێ جاران: (ئێڤارەکا درەنگ ئەز ڤەگەڕیامە مال و شوکرۆیا عەزێ یا ل سەر دوشکێ حەوشا مالا مە ڕوینشتییە...)!

**شێخێ سنێلە:**

سنێلە ڤێگەهەکە – سلوک – دبیت پتر ژ تەمەنی گرێدای دەروون و حەزان بیت، لێ بگشتی لدەڤ کەسێن ئۆلدار د ناڤ هەمی دینان دا ب تێکرایی ئاستێ وێ یا هەرەپتر و بلندترە، دبێژن (ژنـەک ڤەگەڕیا مـالا دایکا خۆ و ب ڕەشبینی و بەخترەشییا خۆ گۆت: (ئەڤە مێرێ شەشێ یە، دمریت یان دهێتە گۆشتن یـان...). دایکێ ب ساری گۆتێ: کچا من تە شوی ب مەلایەکی کرییە؟ گۆت: نەخێر، ئینا گۆتێ: دایێ هێژ تو کچی!). ئەڤێ ئەگەرێن خۆ یێن بابەتی هەنە، کەسەکێ نە وەستییێت و تێر بخۆت، هەمی شیانێن وی دێ بۆ لایەنێ کۆنی چیت! هوسا شێخ سیبەری ل ئێکەم دیدار دەلیڤە ژ دەست خۆ نەکر، و هەڤرۆشییا گۆتنێ دەستپێکر، دەمێ شوکرۆیا عەزێ ل مالا خۆ دیتی: (گول دناڤ گولاندا چدکەت)!؟ نیازا خراب و دەخەسییا پێشوەخت د شێوەیێ بخێرهاتنێ دایە، ئەوا ب سادەیی ڤە گۆتیێ: (تو ل کیڤەبووی، ئەڤە سێ جاران من ڕێیا مالا وە دا بەر سینگێ خۆ...!؟) ئەڤ شێوەیێ ئاخفتنا ب دالەهی و ب ڕەنگێ ڤەبوری، نیشانا دلساخی و نیازپاکی و خۆیبوونێ یە، خەلکێ گوندەکێ خێزانەکا مەزن!

ئانکو هزرا ڕویڤیێ سنێلە (چاڤێ کچکێ ل یاسینێ چاڤێ مەلایێ ل دوخینێ)یە و یا شێخ کالوخێ ل شکرۆیێ یە، لەورا بەرسڤا شوکرۆیێ بۆ شێخی یا سادەبوو، دبێژتێ سێ جاران بۆ دیتنا وی هاتییە مال و دیتنا وێ بۆ وی خـەونـە! (ئـەو کچا من خـەون پێڤە ددیتن و مـرادا من تنێ دگەل من ئاخفتبایە، ئەڤرۆ یا ل من دگەڕیت!). ئەڤ سنێلەبوون دیاردبیت دەمێ ل ئێکەم دەلیڤە ل کولانا تەنگ ماچی دکەت.

**کرامەتێن شێخی:**

کرامەت و شیانێن شێخەکی ژ شێخەکی جودانە، شێخێ شـارەزا و مەلەڤان، ئەو فلیڤان و.... هۆستایە د پیشەیێ دا ئـەو باتنی دگەڕیێت، شـەیتـان و ئەجنا گـرێددەت، فریشتا دگێڕینیت و دەڤێ گۆرگی دبێنیت و یێ شاهان هەما دبەستیت، هەڤدژان ئەڤێنداردکەت و ژن و مێران ژێکجودادکەت، ب بڤا شێخی دەرگەهێن گرتی ڤەدبن، لەورا تنێ ژنێن جوان بەختێ هەمبێزکرنا گۆرزەکی ژ ڕۆناهییە شێخی د ناڤ خۆ دا هەیە، هینگێ ئەو ژن دبیتە بانۆیا بەختەوەرا ل ڕێزا پەرییان!

لێ شێخ سیبەر هێژ هەلگرێ کالوخێ شێخی و چاڤەڕێیە شێخ تەسلیما کەرامەتێن خۆ پێ ببەخشیت، دا ئەو ژی تۆڤی ل مێرگێن جوانان ب بارانیت، بەس دپێشییێ دا دیارکرییە کو نیڤا جزیکێ ب ڕێبازا (ئەبجەد هـەوەز...) خواندییە و لدوازدە سالیێ قورئان جاریکرییە، لەو هێژ بەرهۆستایە، ئانکو ژ قۆناخا فقیاتیێ دەربازنەبوویە، لێ ب ڕژدی یێ بزاڤێ دکەت خۆ پێبگەهینیت، هوسا دەمێ ژ مال دەرکەفتین

و کەتییە دویڤ پێ شوکرۆیێ دا ددانی دایکا وی ب بێنیت، سنێلەیا وی یا ڕەسەن دیاردکەت و دسەلمینیت کو هەر مەلایەکی دەفتەرەکا کەرا دبن کەفشی ڤەیە: (چەند بێهنا شوکرۆیێ ژبەر دایکا وێ یا تەنگبوو؛ و دڤیا زوی گەهشتبانە مالا وان، لێ من خۆ ڤەدهێلا و چ جارەکێ هوسا بۆ من هەلناکەڤیت)! ڕویڤیێ فێلباز و مامرکەکا کەڤتیە بەرۆکێ! و هەر دەمێ ڕویڤی مریشکەک دیت، هزردکەت ئەڤە ڕزقەکە خودێ بۆ هنارتی! یەو دگەل پەرییا خەونان ب کولانێن تەنگێن گوندی دا دچوون، پێن خۆ گراندکرن و ل ئێکەم دەلیڤە هەلدکەڤیت دەستێ شوکرۆیێ دگریت، دگەل دەستگرتنێ ماچەک ژ ڕوویێ وێ دزی...! لێ ژان ددنانا دایێ و کالوخکێ شێخی بوونە ڕێگر کو شوکرۆ بەرسڤێ وەکو پێدڤی بدەت، تنێ گۆتێ: (ئەگەر دێ خۆ جڤێل کەی، هەما نەهێ و دێ بێژمە دایکا خۆ ل مال نەبوو!).

**پەرێ سۆر:**

گرێیا چیرۆکێ شوکرۆیا عەزێ و و ناڤەند و دینەمو کالوخە، ئەو کالوخێ ب ملێ زڕ شێخێ ڤە، ئەوێ ب هیڤی و چاڤەڕێی ڕۆژا شێخی ژ کەرەما خۆ وێ نهێنیێ نیشاددەت: (سوبەهی دێ شێخ چێکرنا نڤشتۆکا پەرێ سۆر نیشا من دەت و نە بتنێ ماچەکێ، لێ دێ دبەرخۆدا ڕازینم و ژ سەرێ نەینووکێن پێن وێ تا کولیڤانکا سەرێ وێ دێ خرەکێ ماچرێژکەم). ئەڤە پشتی ماچەکا سەرپێ د ڕێکێ دا ژ شوکرۆیێ ڤەدزی، نها یێ بلەزە دڤێت دبەرخۆدا برازێنیت، لەو وێرەکێ دا خۆ و دەستێ خۆ درێژکرە ناڤ کالوخێ! هەچکو ل پەرێ سیمەرخا ڕوستەمێ زال دگەڕیت دا لێکبدەت: (من پەرێن ناڤ کالوخی تێکڤەدان و من پەرێ سۆر نەدیت). لەورا تا شێخ ژ گەشتا خۆ یا پیرۆز ڤەگەریای، ئەو تنێ ل سەر هزرا پەرێ سۆر بوو، ئەگەر د کالوخی دا نەبیت، پا دێ لکیڤەبیت!؟

**دویماهی:**

دگەل گەهشتنا شێخی بدەستێ وی یێ د سپییاتی و نەرمییا پەمبێ کۆبانێ دا ماچیکر، و پشتی هەر تشتێ ل گوندێ چێبووی و کا کێ چکرییە و گۆتییە تاکو چەند کەسان سپێدێ خۆ ل برکا مزگەفتێ دانە، هەمی بۆ ڤەگێڕان و





ژبیرنەکر بێنانا ددانێ عەزا دایکا شوکرۆیێ و هندەکێن پێڤەخواندنێن بۆ گۆتن، کەیفا شێخی ب شاگردێ گۆهدار هات، لێ هەر لدور پرسیارا پەرێ سۆر یێ دوودلبوو، دا بابەتی بێخش بکەت و چاوا وێرەکی دا خۆ و شوکرۆ ماچیکر، وەسا وێرەکییا خۆ کومکر و ژ شێخی پرسی، شێخ ل شاگردێ خۆیێ دلسۆز و گۆهدار نێری و کەرەمکر: (لەزێ نەکە و هەلگرتنا کالوخی ب خۆ پەرێ سۆرە)! شێخی پتر بابەتێ پەرێ سۆر بۆ ڕۆهننەکر و ئەوی ژی نەشیا پتر ژ شێخی بپرسیت! لێ هند باوەری ب هێزا پەرێ سۆر ئینا، تاکو لدەمێ ڤەگەڕیانێ ژ (پەحححححح) یا شوکرۆیێ بەژنەکێ خۆ هەلاڤێت و، ئەگەر بکەنیڤە شوکرۆ ژ ناڤ دەحلێ دەرنەکەفتبا، دا هزرکەت ئەجنەیێن کالوخی یێن دەرکەفتین و ئەڤە ئەو هنگافت، چنکو بێی دەستویرییا شێخی ب مەبەستا لێگەڕیانا پەرێ سۆر کالوخ ڤەکرییە! ئانکو ئەو ب خۆ گەهشتە ڤادەستبوونێ بو شێخی و هێزا پەرێ سۆر، لەو برپاردا: (ئێدی کالوخی ژ ملێ خۆ ڤەنەکەم و دوبارە پرسیارا پەرێ سۆر ژی ژ شێخی نەکەم).

**وێژە:**

ژ خواندنا ڤێ کورتەچیرۆکێ وێنەیەک لدەڤ خواندەڤانی پێکدهێت، ئەوژی لایەنەکێ هزریێ جڤاکێ چەرخێ بوری، کو تێدا وێنەیێ شێخی کو ڕابەرێ دینییە گەلەکێ کرێتە! ئەرێ ڕاستی وەسابوویە یان چیرۆکڤێس خودانێ هزرەکا ئاشۆپەگەرە؟ ئەوا گۆتی بێبەختییە و تاوانبارکرنەکا بێبنەمایە بۆ شێخی کو نوینەراتییا دینی دکەت؟ ما شێخاتن ژ پلەیا دینی ڕۆلێ خۆ نەگۆهارت بو دەزگەهەکی ئابووری؟ ئانکو ژ کەسێ ڕابەر بو بنەکال! زمڤە مە دزڤڕینیت ئێکەم دەستەواژەیا چیرۆکێ (ئەو ب خۆ نە شیخ بوو) دا لڤێرە بپرسین ئەرێ بۆچی زەلامێن دینی؛ نە ژنێن دینی، ما ژن پەرستنێ ناکەت، د هەمی دینان دا ئەوژی د ئەرکی و سزایی دا یەکسانە؟ پا بۆچی چ ڕۆل و پلە د چ دینان دا نینن، ژبلی فەلەیینیێ ئەوژی دبیتە ڕەبەن، ئانکو خزمەتکارا دێرێ نەپتر، ما باوەری و هشێ وێ جهێ گۆمانێ یە! ڕەگەزێ نێرێ ژ ڕابەرێن هەر دینەکی ل کوردستانێ چ کاردکەن و ب چ دژین؟ ئەو

هەمی دەستکەفت و ڤەبڕینێن ژ لایێ داگیرکەرانڤە بدەست تەکیایێن شێخانڤە هاتین، ژ کیڤە و بۆچی هاتن و چاوا تەکیا ژ دەزگەهەکێ دینی بوونە دەزگەهێن دەرەبەگاتی! دەستهەلاتا زەلامێن دینی هەڤتەریبە دگەل ئاستێ هوشیارییا خەلکی، ئانکو پەیوەندییەکا ڕاستەوازە (طردیە) هەیە، چەند خەلکی گەمشەبیت، زەلامێ دینی پیرۆزترە و دەمێ جڤاک هشیاربوو ئەو تنێ دبیتە دەنگێ چاکخواز، لەورا سەردەمێ شێخاتی یا بهێز ئاستێ هشیارییا جڤاکی ل نزمترین ئاستبوو، ڕێژەیا خواندەڤانیێ یاهەر داکەفتی بوو، لەورا ئێکەم هەڤدژێ دەستهەلاتا شێخ و مەلا هەر شێخ و مەلایێن هوشیار و نیشتیمانپەروەربوون!
لڤێرە بۆ منێ خواندەڤان دیاربوو، کو چیرۆکنڤیسی تنێ وینەیەک ژ فیلوفندێن شێخا بەحسکرییە، ئەوژی فرۆتنا خێفەیێ (وەهم) یە بۆ خەلکێ خۆ بناڤێ دینی، ب مەبەستنا تەپەسەرکرن و هێلانا وان د کۆتانا نەزانینێ دا بۆ درێژترین دەم، لێ ئەوان چ کارێن چەپەل ب دەستێن خۆ نەدکرن،




بەلکو کالوخ هەلگر هەبوون، ژ پێشڤە د ئاخفتن و یا وان دڤیا دگەهاندنە خەلکی و جاران کریار ژی پێ ددانەکرن!
ڕاستە ئەڤ کورتەچیرۆکە مە ڤەدگەڕینیتە سالێن حەفتێیان و پێدا، لێ براستی ئەڤ بابەتێ خێڤەیی (غەیبی) هێش ل کارە، بەلکو شێوە هاتییە گوهۆرین، ئەوژی شێخ بوویە بانگخواز و کالوخ بوویە (Youtube)ی، ئانکو ل شوینا ئەجنا تکنولوجیا گاوران کەفتییە د خزمەتێ دا، گەمشەیێ نەخواندەڤان ژی بوویە هەلگرێ باوەرنامەیێ ئەوێ وەکو هەسپێ بەر عەرەبانێ ژ هەر دوو لایا بەربەست لبەر چاڤێن وی، ئانکو جاران دکتورە و ئەو (د.) گەلەک ژ دالا (دەوار) یا کوردی و (دابە) یا ئەرەبی جودانینە! هوسا هێژ جڤاکێ کوردی د بازنەیێ دا دزڤڕیت، دگەل جوداهییا بیاڤێ بازنەیێ بەرفرەهتر لێهاتییە! ئەوژی شێخەکی چەڤدانە و هەر گۆندەکی، کولانەکێ شێخەک هەیە، شاگردی کاتەدانە تاکو ل کولانان د لنگێن هەڤ دهەلنگڤن و یا ژ هەردوویا

گرنگتر پەرێ سۆرە، ئەوێ ژێ شینبووین پەرێن سۆر، زەر، کەسک، جۆن (قەهوایی)، نیلی ...

**د ناڤبەرا چیرۆک و سەرهاتیێ دا:**

سەرهاتی یا ڕۆهن و ئاشکرایە، چ سالۆخەتێن ئالۆزیێ تێدا نینن، هوسا ئەو ب ڕاستەوخۆیێ یا نێزیکی چیرۆکا مللییە، لێ چیرۆکا هۆنەری ڕەگەزەکێ وێژەیێ ئالۆزترە و ساخلەتێن خۆیێن شێوازی و هۆنەری و زمانی هەنە، لەورا ئەو پتر ژ ڤەگێڕانێ پیشەکارییە.
سەرهاتی دهێتە ڤەگێڕان و تەڤنێ وێ یێ سستە، لێ دبیتە چیرۆک پشتی دوبارە دارشتنا وێ کو ڕویدان پێکڤە دگرێداینە و کەساتی دئاخفن نە تنێ ڤەگێر.
چیرۆک ب گشتی ب زمانێ ئەڤرۆ لدویڤ ژیواری نهایە، لێ هەر پێدڤی ب ڕابووری دبین، ئانکو دوهی دئێخینە سەر ئەڤرۆ، یان ئەڤرۆ ڤەدگەڕینین دۆهی! لێ هەر دەربازبوون بەرەف سۆبەهی بێی دوهی و ئەڤرۆ نابیت.
هوسا چیرۆکنڤیسی ب بەروارا دوهی ئەڤرۆ نیگارکرییە، ب ڤێ دەستەواژەیێ ڤەگێڕان دەستپێدکەت (ئەو ب خۆ نە شێخ بوو؛ و نوکە دبێژنە من ژی شێخ، لێ ئەز نە شێخم، بتنێ ئەز کالوخک هەلگرێ شێخی بووم...) و بڤی بدویماهی دئینیت :(من دوبارە پسیارا نڤشتووکا پەرێ سۆر ژ شێخی نەکریە و نە ئەز ئێدی کالوخکی ژ ملێ خۆ ڤەدکەم و نە شۆکرۆ ژی دەستان ژ یارییا خۆ و ترساندنا من بەرددەت) ئانکو تۆخمێن پەرۆشکرنێ لدەستپێکێ و یێ نشکڤین و هنگافتنێ – مفاجئە- صدمة – ل کلیلدانێ نینە، بەلکو چیرۆک ڤەگێڕانەک سادەیە، لێ چیرۆک ل ئاستێ وێ سادەییا ڤەگێڕانێ، ڕاستگۆیانە خۆدیکا ڕەنگڤەدانا لایەنەکێ جڤاکێ کوردییە ل دوهی و ئەڤرۆ.
هوسا چیرۆکنڤیس سەرباری سادەیی یا ڤەگێڕان و تەکنیکێ و نەبوونا ڕەگەزێن جواناسی و ڕەوانبێژییا دارشتنێ، سەرکەفتیانە شیایە دویری مژەویکرن و ئالۆزیێن هۆنەرێ، وێنەیەکێ ڕۆهن و ڕاستکۆ ب ڕەش و سپی لدور جڤاکێ ب شێوەیێ ڤەگێڕانێ لدور فێلوفند و خۆپەرێسی و هەلپەرستییا پتریا شێخ و مەلا (ڕەوشا جڤاکی) ڕاستگۆیانە بێی چەپ و چویر و کرویشک بۆ مە ڤەگۆهێزیت!

**ژێدەر:**

١- غانم عمران المعموری، الحوار المتمدن – الادب و الفن، ٢٠٢٠/٧/٣
٢- عبدالعزیز خلوفة، الرمزية والعبثية في القصة القصيرة، مجلة الکلمة، العدد –١٤٠- دیسمبر ٢٠١٨
٣- ئیسرائیل شیفلر، العوالم الرمزیة – الفن والعلم واللغة والطقوس، ترجمة: عبدالمقصود عبدالکریم، المرکز القومي للترجمة، ٢٠١٦،
٤- د. عبدالعزیز المقالح، الدلالات الرمزية في القصة القصيرة زید مطیع دماج أنموذجا، www.dammaj.net
**٥- (فهد عمر الاحمدي، جريدة الرياض، ٧ نوفمبر ٢٠١٧).**

# گەڕانەوە

چیرۆکی: ئەحمەدی دێهقان
وەرگێڕانی: خالید فائیحی



یەک لەشکر لەدەوری سکەی شەمەندەفەر کۆببووینەوەو، چــاوەڕوان بووین تاکو بێن، ئێمەی کۆنەسەربازانی خۆبەخشی ئەو شەڕە کۆتایی هاتووە، بۆ شار و ماڵەکانمان ببەنەوە.
هەوا گەرم بوو، زۆرگەرم بوو.
خۆراوابوو، کە کۆیان کردینەوە. لەودیو تێلدڕووی سەربازگەکە، بەهۆی ئەوەی، کە دەبێ بپشکێنرێن، ئەوەی هەمانبوو و نەمانبوو بەگوڕییان وەرکرد. هیچمان نەبوو، جگە لە بووخچەیەک کۆنەجلی خاکی و کۆنە پۆتین و تەڵقەتەندوورە و چەند قاپۆرە فیشەکێک، کە بۆ یادگاریی هەڵمان گرتبوون. هەموو سەروەتمان لە گەنجێتی جەنگ ئەوەبوو.
(لان جان سیلوو) کە چاوێکی کوێر بوو، پێشتر گوتبووی سەرەنێزەکەی لە گەڵ خۆی دەبات. هەربۆیە کاتێک نۆرە گەیشتە ئەو، لەودیو تێلدڕوەکانەوە چاومان لە پشکێنەرە کڵاوسوورەکە بڕیبوو، کە چ دەکا، یەک بەیەک جلک و خرتوپرتەکانی لان جانی هەڵڕشتن.
ژێر کراسە زەردەکــەی، پانتۆڵە خاکییەکەی، کە تەنیا یەک دەلینگی پێوەمابوو، دەستی لە جانتاکەی ڕاکرد و سەرەنێزەکەی دەرهێنا.
پشکێنەرە کڵاوسوورەکە سەرەنێزەکەی لەبن هەنگڵینا و لەسەرەخۆ گوتی: (شوکری خوای بکە کە ئەوە دواجارە یەکتری دەبینینەوە، دەنا)
لان جـان، کە هـات لەپشت تێلدڕوەکان بڵاوببووینەوە. فەرماندە کۆی کردینەوە، دەستەی ئێمە پازدە کەس بووین. ئانیشکەکانی ڕیشاڵ ڕیشاڵ ببوون. لەو هێرشەی دواییدا، بەقاچی بریندار پێنج کیلۆمەتر لەسەر زگەخشکە گەڕابووە دواوە. ئێستەش دەشەلی و لاوازببوو. بە ڕووخساری داڵەگۆشت و تاوەسووتی، بەسەر و ڕیشی تێک ئاڵقاو و پڕ لە خۆڵی، فەرمانی کرد دانیشین. بەڵام نەک وەک دەستوور، کە ئیتر کاتی فەرمان دەرکردن نەبوو، نەشماندەویست لەودەمەدەمی دواییەدا، بەشێوەیەکی دی ڕەفتار بکەین و فەرماندە وابیربکاتەوە، کە ئیدی فەرماندە نییە. پاشان دەستی لەبەرکەلەکەی ناو لەسەر خۆگوتی: (زۆرباشە، ئەوەش دواڕۆژەکانی جەنگ. قەرارە کاتێک گەیشتین، خەڵک بەپیرمانەوە بێن. گاوگەردوونیان بۆ ئامادە کردووین. دووکانی گوڵفرۆشەکان بەتاڵ بوون. بڕیارە بۆ ئەو کۆتاییە، ئەوەی لەدەستیان بێ بیکەن و پێشوازی لە ئێوە بکەن، کە شانازی دین و نیشتمانن)
فەرمانی پشووی دا، لەسەر زەوی درێژبووین و هەریەکە و لە ئاشێکی دەگێڕا. گێژ ببووین، کە دوای شەڕ دەبێ چی بکەین. هەندێکیان دەیانویست درێژە بەخوێندن بدەن، هەندێکیشیان وەدوای ژیان و گوزەران و... زۆربەشمان نەماندەزانی چی بکەین.
تازە قسەمان گەرم دەبوو، لان جان، کە لەسەرەتاوە گوێی بەسکەی شەمەندەفەرەوە نابوو هاواری کرد: (هات، هات) لەشکر خرۆشا، کە چاوەڕوان بووین. هەستاینە سەرپێ و دەستمان کردە سێبەری چاومان. شەمەندەفەر پرتەپرت لێی دەداو دەخوشی و دەهات.
چەند کەسێک غاریان دایە سەر سکەی شەمەندەفەر و ئەوانەی لەوێ کۆببوونەوە، دووریان خستنەوە، کە شەمەندەفەر دەیــەوێ بوەستێ. ڕێگەمان واڵاکـرد، کوڵەپشتەکانمان هەڵگرت و خستمانننە سەرشانمان و چاوەڕوان بووین، تا کاتێک شەمەندەفەر وەستا، زوو خۆمان بخزێنینە ژوور و شوێنی خۆمان بگرین. لان جان گوتی: (سێ واگۆن بگرن، سێ دانە. ئەمشەو تا بەیانی ناخەوین)
شەمەندەفەرهـات و بێ ئـەوەی خێرایی کـەم بکاتەوە، بەناوماندا تێپەڕی، تەنیا سەرنشینەکانمان دیتن، کە لەپشت شووشەکانەوە بەواق ورماویەوە، لەو ئاپۆرەیان دەڕوانی، هەندێکیان پێدەکەنین و هەندێکی دیکەشیان، دەستیان ڕادەوەشاند.
گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.
خۆر لە ئاوابوون دابـوو. ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێ، کە هیچ سەروسـەدایەک نەما. دەستمان لە ئەژنۆ وەرێنا و لێک ڕاماین. ڕابردوومان لە یەکدییەوە دەدیت. هەمووی جەنگ بوو و بەزموڕەزمی شەوانە و پێکەنینی مێرمنداڵی و گەنجێتی.
یەکێک هاواری کرد: (شەمەندەفەر هات، شەمەندەفەر هات) دووبارە هەندێک هاتنەپێش، بۆئەوەی ئەوانیدی لە سکەی شەمەندەفەر دوورخەنەوە و شەمەندەفەر زووتر بوەستێت و

سواربین، کە لە شارەکان چاوەڕوانمان دەکەن. شەمەندەفەر بەهۆڕەهۆڕ هات و ئاپۆرای هەڵوەدای دوولەت کرد و تیژ تێپەڕی.

دووبارە گەڕاینەوە شوێنی خۆمان. ئەوجار یەکێک دەفتەرێکی بەرگ سووری دەرهێنا و دایە دەستمان، تا ناونیشانی خۆمانی لەسەر بنووسین، بەڵکو دوای شەڕ سەردانی یەکدی بکەین. ئەوانی دیکەش سەروکاغەزێکیان دەرهێنا و دەستیان کرد بەنووسین. سێیەمین شەمەندەفەریش هات و ڕۆیشت، بێ ئەوەی لەشوێنی خۆمان بجووڵێین.

خۆراوابوو. ویستمان بگەڕێینەوە ئەودیو تێلدڕوەکانەوە و نوێژ بکەین، بەڵام ڕێگەیان نەداین و گوتیان لەسەر پسوولەکانتان مۆری چوونە دەرەوەی لێدراوە و ڕێگەی گەڕانەوەتان نییە.

تەنیا یەکێک سۆندەیەکی ئاوی بۆ هاویشتینە دەرێ. دونیا تاریک داهاتبوو. دووبارە لە تاریکیدا دەستمان کردەوە بەقسەکردن، لە ڕابردوو و لەوانەی لەوهێرشەی دواییەدا کوژرابوون.

لە ڕەزا، بچووکترین جەنگاوەری خۆبەخش لەنێوماندا، خەممان بوو ئەگەر تەنیا چەند ڕۆژێکی دی ژیابا، ئێستە لە نێوماندا دەبوو. پاشان یەک بە یەک کۆڵەپشتەکانمان کردە سەرین و لێی ڕاکشاین. هەراوزەنای کۆمەڵی پەرتەوازەی ئەوبەرە و بەری سکەی ئاسن کپ ببوو، ئیدی کەس گوێی نەدەدایە ئەو شەمەندەفەرانەی لە خۆراواوە دەهاتن و دەچوونە شارەکانی ناوەند. هەموومان دەمانزانی ئەوانە بۆهاتنی ئێمە نایەن. لەشکر خەوتبوو، لەنێوان بێداری و نیوە بێداریدا دەنگێک هەڵدەستا، هەندێک جاریش، کە یەکێک بەخەبەر بایە دەیگوت: (شەمەندەفەر هات) شەمەندەفەر دەهاتن، کاتێک چاومان هەڵدێنا، لەنێو ڕووناکایی تیژتێپەڕی واگۆنەکان، خەڵکمان دەدیت، کە وەک بزمار بە شووشەکانەوە نووساون و سەیرمان دەکەن. ئەوە حاڵمان بوو، تا کاتێک یەکێک هاواری کرد: ٠نوێژی بەیانییە...)

سپێدە بوو. کە خۆرکەوت، خەڵکەکە دەهەری ببوون. لەوێ کەوتبووینەوە و کەس گوێی نەدەداینێ. دەتگوت لە بیرچووینەوە. لەوکاتەدا بوو فەرماندەی لەشکر هاواری کرد: (ئیدی بەسە. لە دوێنێوە ئێمەیان لێرە داناوە و هەردەڵێن شەمەندەفەر دەنێرین، پێشوازی و گوڵبارانمان ناوێ، ژن و منداڵ و دایک و باوکمان چاوەڕوانمانن. ئەویش دوای ئەو هەموو ساڵە) ئێمەش دەمانزانی، کە ئەو لەسوێی کچەتاقانەکەی ڕوئیا، حەجمینی نین. چونکە لەکاتی شەڕدا، کاتێک تێکهەڵچوونەکان توند دەبوون، بە دزیەوە ژێرکراسەکەی ئەوی دەردێنا و ماچی دەکرد، ئێمەش بە دزیەوە سەیرمان دەکرد، بەبێ ئەوەی ئەو هەستی پێ بکات.

پاشان کوڕەکان هاواریان لێهەستا، هەر کەسە و شتێکی گوت. فەرماندەیان لەسەر شان دانا. فەرماندەش هاواری کرد: (لە پارەوە تا ئێستە لە دەستەکەی من تەنیا پازدەکەس ماوینەوە. من ئیدی بەرگە ناگرم. ئەگەر شەمەندەفەر نانێرن بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ماڵەکانمان، بۆخۆمان پێش بە شەمەندەفەرەکان دەگرین و ناچاریان دەکەین سوارمان بکەن)

لەشکر هەمووی ڕژایە سەر سکەی شەمەندەفەر. ئیدی کەس قسەی نەکرد. هەموو نیگاکان ڕوو لە پێشەوەبوون. شەمەندەفەر وەکو مارێکی بریندار پێچی دەخواردوو دڕی بە تراویلکە دەدا و دەهات.

لەشوێنی خۆمان نەجووڵاین. شەمەندەفەر هۆڕنی لێ داو هات، لەپێش یەکەمین کەس ڕاوەستا. دوای ئەوە ڕژاینە ژوورەوە. لان جان بەگۆچانەکەی شووشەکەی شکاند و فەرماندەش دەرگاکەی هەڵکەند، ڕەزا لەسەر شانی یەکێک سەرکەوتە سەرەوە. دەنگی شکاندنی شووشە لەهەموو لایەکەوە دەهات. شەمەندەفەر پڕبوو لە کۆنەسەربازی خۆبەخش. خەڵکمان لە واگۆنەکان کردنە دەرەوە و لە جێگەیان دانیشتین، بەڵام واش شەمەندەفەر نەجووڵا. بەلووزە و ئارەقەمان دەڕشت، خۆشحاڵ بووین، تا ئەوەی کە گوتیان فەرماندەکانمان لەگەڵ بەڕێوەبەری شەمەندەفەر قسەیان کردوە و پێکهاتوون، کە لە واگۆنەکان بێینە دەرەوەو لە ڕاڕەوەکاندا دانیشین، هەموو شتێک بەخۆشی و ئاشتی تەواوبێ.

فەرماندەی فەرماندەیی لە ساڵۆن کۆی کردینەوە. یەک لەدوای یەک ڕیزمان بەست، فەرماندە بەتووڕەییەوە گوتی: (گوێ مەدەنێ، تەنیا ئەو یەک دوو ڕۆژە سەبربگرن) لەنێوان دوو واگۆن کۆبووینەوە، دەستمان لەئەژنۆ وەرێنا و لەپەنا جانتا و کۆڵە پشتەکانمان دانیشتین.

شەمەندەفەر هێواش هێواش کەوتەڕێ. دووبارە بێدەنگی باڵی کێشا... تەنیا دەنگی تەقەتەقمان دەبیست. کەوتبووینە بیرێکی قوڵەوە، لەڕابردوو، ئێستە و ئایندەمان... کە کارمەندە بەرگ شینەکەی شەمەندەفەر، خەڵکەکەی دڕپیدا و هات لە سەرمان ڕاوەستا. ئیستێک تێمانەوە ڕاما، پاشان بەسەرسەرمانەوە هاواری کرد: (ئۆهۆی، بۆ لێرە دانیشتوون؟ هەستنە سەرپێ، خەڵک دەیانەوێ بچنە ئاودەست)

هەموومان هەستاینە سەرپێ، بەڵام نەماندەزانی لەکوێ دانیشین...

**سەرچاوە:**

**سایتی: w ww.bookland.veb.ir**

**بیست و پنج داستان کوتاه از برترین نویسندگان ایران**

شیعر

# خۆشەویستێکم هەیە
# شیرینە وەک شیرین!



(١)

کە پێت نەڵێم، خۆشم دەوێی
تۆ پێم بڵێ
سوودی ئەم زمانە دەبێت چی بێت؟

(٢)

ئەوە جاران بوو
من دڵم بە غەریبان دەسووتا.
ئێستە بیر دەکەمەوە
دەبێت
کێ دڵی بە من بسووتێ!

(٣)

زەوی
دە بار، لەقەبارەی خۆی گەورەتر بووە
ئەگەر نا
تۆ لە کوێیت، من ناتبینم؟

(٤)

لە خۆراوابوون، لێم دەپرسیت؟
لەکاتی ڕۆشتنت
لەڕەنگی ڕووخسارم بڕوانە

(٥)

شار

باخچەی ڕازاوە و کۆشکی بەرز

شەقام و مەیدانی فراوانی هەیە

شار

هەوای پاک و ئاسمانی ساماڵ

ئاوی بێگەردی هەیە.

ئەم هەموو وەسفانە ناکاتە ئەوەی، کە جێی ژیانە!

شارێک شایستەی ژیانە

کە تۆی لێبێت!

(٦)

دەپرسی لێم و دەڵێیت:

چەند منت خۆش دەوێ؟

لە من نا

ئەوە دڵم، لێی بپرسە!

(٧)

پایز شاهیدە،

بەبێ تۆ

چەندین جار مردووم!

(٨)

چەند زوو، پایز کۆتایی دێت.

ئەمە

یەکێکە، لە موعجیزەکانی هاتنی تۆ!

(٩)

تۆ هاتیت، تۆ هاتیت، تۆ هاتیت.

پێکەنیت

بۆیە گوڵ و جێ پێکانت باخچە!

(١٠)

مەرهەمی تەنیایی، شیعرە.

لەگەڵ خۆتا، شیعریشت برد!

# چارلی چاپلن

داستان بەرزان



ڕەنگە ژیان تەواو بووبێت!
یان
هێشتا دەستی پێنەکردبێت!

ژیان فیلمێکی بێسەروبەرە
نازانیت چۆن دێت؟
نازانیت چۆن دەڕوات؟

ئێمە لە ڕووبەڕە تاریکەکانداین
ئەو ڕووبەرە تاریکانەی لە فیلمەکانی چارلی چاپلن
دا
مانا جێدەهێڵن و
بیردەکەنەوە
تەنیا بیانوو ئەوەیە
وابزانین ئەوە ژیانە.
چارلی ژیانی نیشانداین
بەبێ گۆچان
بەبێ پێڵاو
بەبێ شەپقە و
چاکەت و پانتۆڵ
ژیانی ڕووت
وەک مریشکێکی برژاوی ئەندێشەیی
لە ڕۆژانی ساردی هەژارییدا
وەک منداڵێکی ستەمدیدە
وەک خانمێکی بێباک
وەک دەوڵەمەندێکی گەمژە
وەک مرۆڤێکی پێدەرەتان
پەیکەرێکی پڕ لە ژیان
وەک گوڵێک بە لێوی ڕوخسارێکەوە
هەم پێکەنین
هەم گریان!

چارلی سەرەتا گریا
لە کۆتاییشدا هەر گریا
نازانم ئەو پیاوە کەی پێدەکەنی؟
پیاوێک بوو چارلی
ئازاری خۆشویست و
خەونی شادیی مرۆڤی قڵپکردەوە!
بەهەڵە هەمووومانی خستە پێکەنین
پێکەنینێکی تاڵی بە ژان

گریانێکی گەرم لە پشتییەوە
گریانێکی درێژ.. درێژ
بۆ ستەمکاری قۆشمە
بۆ پیاوانێکی ڕیوەڵە
بۆ سەرۆکانێکی تورەهات
بۆ خاوەن پایە بێ پایەکان.
(بووەستە)
تێبینی بکە:
ڕۆژێک لە برسان پێڵاوەکانی خۆت بخۆیت
تۆ هێزت هەیە بیر لەم دیمەنە بکەیتەوە؟

خودا پیاوێکی داهێنا
بۆ ئەوەی ژیان لاسەنگ نەبێت
بۆ ئەوەی نەکەوێتە گرفتەوە
چونکە جیهان خەریکە دەگری!

پیاوێک کە هات
ئاهەنگەکانی خستە شیوەن
گریانەکانی خستە سەما
کە پیاوێک هات
خۆشەویستی گۆڕی بۆ کینە
کینەی بە گاڵتەجار ڕەنگکرد.

پیاوێک کە هات
پیاوێک بوو
هەورێک بوو لە پانتۆڵدا*
چەخماخەیەک بوو
مێشکە ژەنگاوییەکانی هەراسان کرد
ئاگرێک بوو
لە گیانی دزێوییەک بەربوو
کە پۆشاکی جوانی پۆشیبوو
ژانێک بوو
کەوتە ناو دڵانێک
کە خراپەیان تێدا نووستبوو
پیاوێک
تەنیا
پیاوێک!
کە پیاوێک بوو
بەبێ سەرکردە
بەبێ سامان
بەبێ عەشاماتی درۆزن
بەبێ ڕیکلام
بەبێ پێشەنگ
هەر خۆی و خۆی هات.

پیاوێک کە هات
هەرگیز.. هەرگیز نەڕۆیشت
وەک درەختی نەمریی لە دڵە خاوێنەکاندا هەڵیدا
گەیشتە کەشکەلان
داگیرسا
گەردوونی بە ڕووناکی خۆی قەرزدارکرد!

کە پیاوێک هات
بۆ ئەوەی نەمرێت
بۆ ئەوەی بژی
بۆ ئەوەی هەڵبێت و
نەکوژێتەوە.

ناکوژێتەوە ئەوانەی خۆیان دێن.

سروشتی مرۆڤە مەزنەکان بەو جۆرەیە
کە تەنیا دێن
تەنیا و تەنیا و
بۆ ئەبەد ناڕۆن

پیاوێک کە
خودا گیانی خۆی لە ناوییدا ڕوواندبوو!
پیاوێک کە بەڵێنی بە خۆی دابوو
بۆ هەمیشە بگرێت و
جیهان بخاتە تاریکایی فیلمەکانییەوە!

پیاوێک کە گیانی ڕاستەقینەی خودا بوو.

*نزیکە لە دێرە شیعرێکی شاعیری ڕووسی مایکۆڤسکی

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **گەندەڵیی و گەندەڵی سیاسیی**


موحەممەد فاتح

- **ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا (بەشی پێنجەم)**

د. راویة عبدالمنعم عباس   و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

# گەندەڵیی و گەندەڵی سیاسیی





موحەممەد فاتح

جیهان بەگشتیی گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی، کە دیاردە و دەردی گەندەڵی بەهەموو شێوەیەک گەورەترین کۆسپە لەبەردەم هەوڵەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و چاکسازیی.

گەندەڵی هۆکار و ڕووخێنەری سەرەکی هەموو کۆڵەکەکانی بونیادنان و گەشەکردن و ژیانی دیموکراسی و یەکسانییە. مەترسییەکانی کوشندەترە لە هەموو کەم و کورتی و دەردەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە، کارتێکردنی خراپ و ڕووخێنەری تەنیا لایەنێک و بوارێکی ژیان ناگرێتەوە، بەڵکوو پەل دەهاوێت بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کلتوریی...

**گەندەڵی لە ڕووی یاساییەوە[1]:**

لادان و سەرپێچی لەیاسا و سیستەمەکان، یان سوود وەرگرتن لەنەبوون و لاوازییان، بۆ بەرژەوەندی تاکێک یاخود کۆمەڵێکی دیاریکراو. شێوەکانی ئەو لادانانەش زیاتر خۆی لەرەفتاری تاکێک دەنوێنێ لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە ڕەسمییەکان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییە تایبەتییەکانی، بەدوور لەیاسا و ڕێنماییەکان، بەرامبەر دەسکەوتێکی مادی یاخود مەعنەوی.

## لەدیدی ئابووری سیاسییەوە[٢]:

بانکی نێودەوڵەتی بەم جۆرە پێناسەی گەندەڵی کردووە: خراپ بەکارهێنانی فەرمانی گشتیی بۆ دەسکەوتی تایبەت، گەندەڵی کاتێک ڕوودەدات، فەرمانبەرێک هەڵدەستێت بە وەرگرتنی، یان داواکردنی بەرتیل بەرانبەر ئاسانکاری بۆ گرێبەستێک، یاخود خستنەڕووی کەمکردنەوەیەکی گشتیی، هەروەها ئەو کارە کاتێک ڕوودەدات بریکاری کۆمپانیا و کاروبارە تایبەتییەکان هەڵدەستن بەپێدانی بەرتیل بەفەرمانبەرێک، یان لایەنێک بۆ سوود وەرگرتن لەچەند بڕیار و ڕێ و شوێنێکی دامەزراوەکە بۆ بەدەست هێنانی قازانج. کارەکەش لەدەرەوەی یاسا و ڕێنماییە ڕەسمییەکان دەبێت، هەروەها گەندەڵی بەهۆی دامەزراندنی خزم و کەسانی نزیک لەبەرپرسی دامەزراوەکە ڕوودەدات.

## گەندەڵی لەدیدی کۆمەڵناسی سیاسی[٣]:

هەموو کارێک لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگەندەڵی دەزانرێت، کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و دارمان و ناسازان لەنێو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی حکوومەت. ڕەنگە هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک لەچەند بوارێکی گرنگی ژیانی نێو کۆمەڵگە (ئابووریی، سیاسیی) گوزارشت لەو دۆخە بکات.

لەم بارەدا کۆمەڵە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی جیاواز هەیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، ئەو ڕەفتارەی بە گەندەڵی دەزانرێت لای کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، ڕەنگە لە داب و نەریتی کۆمەڵگەیەکی دیکە پەسندکراو بێت.

## کۆمەڵناسی بەم شێوەیە پێناسەی گەندەڵی دەخاتەڕوو[٤]:

پرۆسەی دارمان و لێژبوونەوە، لەدۆخێکی پێشووتر، کە بە دۆخێکی پێوانەیی دانراوە، وەک باری خۆشگوزەرانی تاکەکان، یان پلە و پێوانەی دانراوە، وەک باری خۆشگوزەرانی تاکەکان، یان پلە و ئاستی یەکگرتوویی و هاوکاریی تاک و کۆمەڵ، یاخود چاودێرییان بۆ یاساکان.

## گەندەڵی لەبواری زانستە سیاسییەکان:

لەزانستی سیاسیدا، پێناسەی گەندەڵی بەوە دەکرێت، کە لادان و سەرپێچی دەسەڵاتە بۆ سوود و خزمەت و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کارە پەیوەست بێت بەدەسەڵاتێکی سیاسی، یان دادوەریی و کارگێڕیی و ئابوورییەوە. بەدەربڕینێکی دیکە، گەندەڵی بریتییە لەوەرگرتنی بڕیار دەربارەی کاروبارە گشتییەکان، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی کەسێک، یان لایەنێک، نەک بەرژەوەندییە گشتییەکان.

زاراوەی گەندەڵیی سیاسیی، ئەگەرچی جێگەی بایەخ پێدانی زانا و توێژەرانی هزریی، یاسایی و ئابووریی بووە، بەڵام لەلایەن توێژەرانی بواری سیاسیش، بەهەمان شێوە و ڕادە گرنگی پێدراوە[٥]

زاراوەی گەندەڵیی لەنێو زۆرترین ئەو زاراوانە دایە، کە لە بواری توێژینەوە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێت. لێرەدا ئاماژە بە سێ بیرمەندی گەورە دەکەین: (ئەرستۆ، میکیاڤیلی و مونتسکیو)

### ئەرستۆ:

لەمیانەی پۆلینکردنی ئەرستۆ بۆ سیستەمە سیاسییەکان، گرینگترین ئەو جۆرە سیستەمە گەندەڵانەی خستووەتەڕوو، بە بۆچوونی ئەو، سیستەمە پاشایەتییە

**هەموو کارێک لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگەندەڵی دەزانرێت، کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و دارمان و ناسازان لەنێو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی حکوومەت**

ڕەهاکان و سیستەمی ئۆلیغارشییەکان زۆرترین ئەو سیستەمانەن، کە بەهۆی دەستڕۆیی دەسەڵاتداران و ویستیان بۆ پیادەکردنی زۆرداری و ملهوڕی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی سەپاندوویانە.

### میکیاڤیلی:

میکیاڤیلی دیاردەی گەندەڵی بە بیرۆکەی ئازادیی بەستووەتەوە، کە پەیوەستی چەمکی خۆپەرستییە، بە بۆچوونی ئەو ئازادیی بۆ تاک بەرجەستە نابێت، تەنیا ئەگەر ئەوەی دەیەوێت بیکات، بۆیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی شکاندنی هەموو بەها و داب و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە.

### مونتسکیۆ:

بە بۆچوونی مونتسکیۆ، گەندەڵیی لە سروشتی مرۆڤایەتیدا پێی داکوتیوە، ئەو سروشتەی، کە بە کەموکورتی و

ناتەواوی دەناسرێتەوە و لە دیدە فەلسەفییە سیاسییەکە جیا دەکرێتەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مونتسکیۆ جەخت لەسەر ئەو دارمانە دەکاتەوە، کە تووشی دامەزراوە گشتییەکان دەبێتەوە، واتە لادان و گۆڕینی ئەو بنەمایانەی، کە سیستەمی سیاسیی پشتیان پێ دەبەستێت.

### شێوەکانی گەندەڵی سیاسیی:

گەندەڵیی سیاسیی، کاریگەریی و ڕەهەندە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی فرەن، هەروەها ئاڵۆزی و پێکاچوونی وێنە و فۆرمەکانی، لەگەڵ زۆری گۆڕان و ڕوون نەبوونەوەی ئاماژەکانی بەوردی. ئەو بارە وایکردووە، کە پرۆسەی پۆلینکردنی شێواز و جۆرەکانی پرۆسەیەکی سەخت بێت، بەڵام سەرەڕای ئەو دۆخەش چەندین توێژینەوەی مەیدانی لە چەندین دەوڵەتی پێشکەوتوو، بەشداریان لە دانانی

**لە هەندێک سیستەمی سیاسیی، ئەوانی لە لووتکەی دەسەڵاتن، بەشێکیان لە یاسا لادەدەن و بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی ماددی، سەرپێچی دەکەن**

پێوەرە بنچینەییەکان و پۆلینکردن و جۆر و وێنەکانی گەندەڵیی سیاسیی کردووە. ئەو پێوەرانەش، خۆیان لە شێوەی ڕەفتاری تاکی گەندەڵ دەنوێنن، ئامانج لە ڕەفتار و هاندەرەکانیشی، واتە: ڕەفتاری خاوەنەکەی لەگەڵ بوار و قەبارەی گەندەڵییەکە(٦).

دەکرێت گەندەڵیی بەپێی چەند پێوەرێک پۆلین بکەین، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

– سروشتییەکەی، لێرەدا گەندەڵیی پۆلین دەکرێت بۆ: گەندەڵیی سیاسیی، ئابووریی، کارگێڕیی، کۆمەڵایەتی، کلتووریی، سروشتی، گەندەڵیی ژینگەیی.

– بەپێی پلەی مەترسییەکەی، پۆلین دەکرێت بۆ: گەندەڵیی گەورە و بچووک.

– بەپێی پەلهاویشتنی و بوارە جوگرافییەکەی، دەبێتە چەند جۆرێک: گەندەڵی هەرێمیی، نیشتمانیی و گەندەڵیی جیهانیی.

– لە ڕووی ڕێکخستن و سیستەمەوە، گەندەڵی ڕێکوپێک و بە بەرنامە، گەندەڵیی ناڕێک و بێ بەرنامە.

– بەپێی پلەی پەیوەندییەکەی بە سیستەمی حوکمڕانییەوە، وەک: گەندەڵیی دامەزراوەیی، گەندەڵیی بە ڕێککەوت و بە بەرنامە.

### گرنگترین شێوەکانی گەندەڵیی سیاسیی:

#### یەکەم: گەندەڵی لووتکە– سەرکردایەتی سیاسیی[٧]:

بۆ لێکۆڵینەوە لەم جۆرە گەندەڵییە پێویستە بەقووڵی جەختی لەسەر بکرێتەوە، چونکە بنچینەی گەندەڵی ئاستەکانی خوارەوە پێکدێنێت، ئەم شێوە گەندەڵییە، لووتکەی پێکهاتەی سیاسیی دەگرێتەوە و ڕوو لە سەرکردە و دەسەڵاتدارانە، ئەوانەی دەسەڵاتەکانیان بۆ جێبەجێکردنی چەند دەسکەوتێکی تایبەت بەرێگە و شێوازی ناڕەوا بەکاردەهێنن. ئەم جۆرە گەندەڵییە مەترسیدارترین شێوەکانی گەندەڵییە، کە پەیوەندییەکانی لووتکەی هەرەمی سیاسیی دەگرێتەوە.

لە هەندێک سیستەمی سیاسیی، ئەوانی لە لووتکەی دەسەڵاتن، بەشێکیان لە یاسا لادەدەن و بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی ماددی، سەرپێچی دەکەن.

#### دووەم: گەندەڵیی دامەزراوەیی[٨]:

گەندەڵبوونی ئەندامان لە هەرسێ دەسەڵاتی باڵای وڵات (یاسادانان، دادوەریی، جێبەجێکردن) دەکەوێتە نێو چوارچێوەی گەندەڵیی سیاسیی.

ئەو جۆرە گەندەڵییە، گەندەڵیی پلەدارەکانە، کە پاش لووتکەی دەسەڵات دێن، لە پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتدا، گەندەڵیی ئەو پێکهاتانە بە بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی لەنێو دامەزراوەی جێبەجێکردن و کارگێڕیی حکومەت دەست پێ دەکات.

لەم بوارەدا چەندین دیاردەی گەندەڵیی بەرچاو دەکەون، وەک: بەرتیل وەرگرتن، دزینی داهاتی دامەزراوەکان، خەرجکردنی چەواشەکاریی و زیادەڕۆ لەلایەن وەزیر و گەورە بەرپرسەکان، ئەوانەی پێگە و دەسەڵاتیان بەکاردەهێنن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.

#### سێیەم: گەندەڵیی حزبایەتی و هەڵبژاردنەکان[٩]:

مەبەست لێی، گەندەڵیی نێو حزبە سیاسییەکانە، وەک دیاردەکانی پارە خەرجکردن، فێڵ و ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکان، بەهۆی کڕینی دەنگەکان، هەروەها

دەستێوەردان، فێڵکردن و یاریکردن بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەهاوکاری چەند بەرپرس و دەزگایەکی نێو حکوومەت (بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو) بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کاندیدی حزبی دەسەڵاتدار مسۆگەر بێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی پێڕەوی سیستەمی فرە حزبی دەکەن.

**لەدیاردە و شێوەکانی ئەو جۆرە گەندەڵیەش:**

١- دیاردەی کاندیدی سەربەخۆ, کە لە دوا ساتەکانی هەڵبژاردن دەکشێتەوە بۆ بەرژەوەندی کاندیدی حزبی دەسەڵاتدار، دیارە ئەو کارەش لەبەرانبەر دەسکەوتێکی ماددی، یان مەعنەوی دەکرێت.

٢- دیاردەی کڕینی دەنگدەران.

٣- پاڵپشتی کردنی مادی بۆ چەند سەرکردە و بەرپرسێک، یان سەرکردایەتی حزبێک، کە لەلایەن بەرپرسانی دەسەڵات، یاخود کەسانی دەوڵەمەند و بازرگانان پێشکەش دەکرێت.

٤- هەر لەو کردار و ڕەفتارانە، لادانی حزبە سیاسییەکان لە بنەماکانی پرۆسەی دیموکراسی و سیخوڕی کردن بەسەر لایەنی ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی، سەرەڕای هەوڵەکانی توێژی- بژاردە-ی سیاسی بۆ دەسەڵات و دەستڕۆییان لە پێناو دەسکەوتی تایبەت، بەشێوازی نایاسایی و ناڕەوا.

**چوارەم: گەندەڵیی ناو سوپا و دەزگاکانی ئاسایش[١٠]:**

لەنێو سوپا چەندین نموونەی گەندەڵیی دەردەکەوێت و ڕوودەدات، وەک وەرگرتنی بەرتیل و دیاریی لەلایەن گەورە ئەفسەرەکان، بۆ لێخۆشبوون لەخزمەتی سەربازی، یان مۆڵەت پێدانی نایاسایی، بەتایبەتی لە وڵاتانی گەشەسەندوو، هەروەها دامەزراندنی گەورە ئەفسەرەکان پاش خانەنشین کردنیان لەپلە و پایەی مەدەنی و سوود وەرگرتن لەو پلە و پایانە بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەت. دەزگاکانی ئاسایش بەدوور نین لەچەندین دیاردەی گەندەڵیی و سەرپێچی یاساکان، لەسەر شێوەی بەرتیل وەرگرتن و دەسکەوتی دیکەی ماددی، لەهەموو ئاستەکانی پلەی وەزیفیدا.

**کاریگەریی و دەرهاویشتەکانی گەندەڵیی لەسەر ئاستی سیاسیدا[١١]**

١- شێواندنی ئەو ڕۆڵەی، کە پێویستە حکومەت پێی هەستێت لەئاست کاروبار و سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت.

٢- داڕمان و لەدەستدانی ڕێز و شکۆی حکوومەت و سەروەری یاسا، لەئەنجامیشدا نەمانی متمانەی هاووڵاتی بە دامەزراوە ڕەسمییەکان.

٣- لاوازکردنی، یاخود بێ ئەنجام بوونی هەموو هەوڵەکانی چاکسازی و دەرهاویشتەکانی.

٤- دوورخستنەوەی کەسانی بەڕێز و لێهاتوو و شایستە لە پلە و پایەکانی نێو دامەزراوەکانی حکوومەت و حزبە سیاسییەکان.

٥- ڕێگرتن و تێکدانی هەموو هەوڵەکانی چاودێریی لە کاروباری حکوومەت و دامەزراوەکانی، هەروەها پەککخستن و سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان.




**گەندەڵی سیاسیی لە عێراق:**

عێراق وەک دەوڵەت، بەپێی دوا توێژینەوەکانی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) بڵاوکراوەتەوە، لەنێوان (١٨٠) دەوڵەت بە پلەی (١٥٧)ەمین دەوڵەت دێت لە ڕووی خراپی و گەندەڵییەوە[١٢]. لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەی وەک: ئەفغانستان، سۆماڵ، سوودان، سووریا، لیبیا و یەمەن... کە بەرەوڕووی ئاستێکی بەرزی مەترسیداری گەندەڵیی بوونەتەوە، ئەو دیاردەیە بووەتە هۆی لەدەستدان و دزینی سەدان ملیار دۆلار، لە داهاتی وڵات، کە ئەمەش بووەتە هۆی دواکەوتن لە هەموو بوارەکانی ئابووریی و کارگێڕیی و خراپیی باری ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک.

بێگومان دیاردەی گەندەڵیی سیاسیش مەترسیدارترین شێوەکانی گەندەڵییە، لەبەرئەوەی پەیوەستە

بەسیاسەتمەداران و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت.

**دیاردەکانی گەندەڵی سیاسی لەعێراق[١٣]:**

١- پەکخستنی یاسا و ڕێنماییەکان، هەروەها بڵاوبوونەوەی پشێوی و هەرەمەکی لەپڕکردنەوەی پلە و پایە گشتییەکانی دەوڵەت.

٢- پێکهێنانی لیژنە تایبەتیەکانی (کەمگری، کڕین، هاوردن و نرخاندن...) لە کەسانی نا پسپۆر.

٣- بڵاوبوونەوەی دیاردەی دەوڵەمەندیی لە رادەبەدەر و کتوپڕ لەنێو کۆمەڵگەدا.

٤- بڵاوبوونەوەی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن، تارادەیەک، کە ببێتە بەشێک لە پێداویستییەکان لە هەر کار و مامەڵەیەکی حکومیدا.

٥- خاتر و خوتر و خزم خزمێنە، لە پڕکردنەوەی پۆست و پلە و پایەکان، لەجیاتی کارامەیی و شارەزایی و دەسپاکی.

> ***دیاردەی گەندەڵیی سیاسیی مەترسیدارترین شێوەکانی گەندەڵییە، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتمەداران و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت***

٦- لاوازی چاودێری کردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان.

٧- نەبوونی بنەماکانی هاوتایی و یەکسانی دەرفەت پێدان، بۆ پڕکردنەوەی پۆست و پلە و پایەکان.

**شێوەکانی گەندەڵیی سیاسیی، کە لەگەڵ چەند جۆرێکی دیکە تێکەڵ دەبن[١٤]:**

بەرتیل، دزین، فێڵ کردن، خاتر و خوتر و خزم خزمێنە، بەکارهێنانی پلە و پایەی گشتیی.

**شێوەکانی گەندەڵیی سیاسیی، کە لە گەڵ جۆرەکانی دیکە تێکەڵ نابن[١٥]:** گواستنەوەی سەرچاوە و داهاتەکان، کە بەرپرس و پلە باڵاکان، لەتوانایاندایە بڕێکی گەورەی داهاتەکان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، پێش تۆمارکردنی لەبودجەی حکوومەت، یان لەگەنجینەکان. هەروەها دەستکاری کردن و فێڵکردنی لە یاسا و ڕێنماییەکان، لەو بوارانەی، کە پەیوەندی بە بازاڕ و کاروباری کارگێڕییەوە هەیە، یان داڕشتنی ڕێنمایی و یاساکان بەپێی بەرژەوەندی گەندەڵکاران[١٦] بەرتیل بەکارهێنان لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن[١٧] ئەمە جگە لە بەکارهێنانی بەرتیل لەکار و بڕیارەکانی دادوەری.

**د- کارە لە پێشینەکانی بەربەرەکانی کردنی گەندەڵیی سیاسی لەعێراق[١٨]:**

١- بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسیی، بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ڕێزگرتن و لێپرسینەوە لەکەس و لایەنی پەیوەندار بەدیاردەی گەندەڵیی.

٢- بونیادنانی بنکەیەکی پاڵپشتی جەماوەریی.

٣- بوونی گوتاری سیاسیی ئەقڵانی و ڕەخنەی سیاسیی هۆشیارانە(١٩).

٤- ئازادیی و کاری پیشەیی لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ.

٥- شەفافیەت لە کاروباری دارایی حکوومەت.

٦- چاودێری و لێپرسینەوەی بەردەوام.

٧- چاکسازیی لەسیستەمی بودجەی وڵات.

**هـ- کۆسپ و ڕێگرییەکان بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی سیاسیی لەعێراق[٢٠]:**

١- ڕکابەری نێوان حزب و هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان.

٢- پشت بەستن بەشێوازی سازش و سەوداکردن بۆ داپۆشینی گەندەڵیی.

٣- ڕێککەوتنی هەموو لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لەسەر هاوبەشی بۆ مانەوەی دۆخەکە وەک خۆی.

٤- پابەند بوونی چەند سەرکردەیەکی حزبە سیاسییەکان بەسەرۆکی عەشایەر و هەندێک لە ڕابەرە ئایینیەکان، هەروەها بەچاک زانینی بەرژەوەندی ڕۆڵەکانیان بەرانبەر بە بەرژەوەندی گشتیی.

٥- وەرنەگرتنی ڕێکار و بڕیاری یاسایی پێویست بەرانبەر کەڵەکەبوون و پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵیی.

٦- ڕۆڵی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی کوتلە پەرلەمانییەکان، بەمەبەستی فشارخستنە سەر ئەندامانی پەرلەمان.

٧- بایەخ نەدانی لایەنە ڕەسمییەکان بەو ڕاپۆرتانەی

تایبەتن بەگەندەڵیی.

٨- ئاڵۆزی و پەیوەستی لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت و دامەزراوە حزبییە دەسەڵاتدارەکان.

٩- ڕازی نەبوونی لایەنە ڕەسمی و حکومییەکان، لە هاوکاریکردن بە شێوەیەکی ئاسایی و بەردەوام لەگەڵ ئەنجومەنی دەست پاکی.

١٠- شاردنەوەی زانیارییەکان لە دەستەی دەسپاکی دەربارەی گەندەڵیی.

١١- لاوازی تواناکانی دەستەی دەسپاکی.

## و- چەند گەواهی و بەڵگەیەک لەسەر ڕاستی گەندەڵیی سیاسیی لەعێراق(٢١):

پلاسخارت نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ گوتی: چینی سیاسیی و دەسەڵاتدار لە بەغداد، سەرکەوتوو نەبوونە لەوەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی وڵاتەکەیان لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوە دابنێن، گەندەڵی خەسڵەتێکی بنچینەییە لە ئابووریی سیاسیی عێراق.

هەروەها حەیدەر ئەلعەبادی، سیاسەتمەداری عێراق، لەئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زیاتر لە پەنجا هەزار پلەی وەزیفیی و سەربازیی تەنیا لە وەزارەتی بەرگریی هەیە، کە مووچەکانیان بۆ خەرج دەکرێت، بێ ئەوەی کەسەکان بوونیان هەبێت.

عادل عەبدولمەهدی، باسی دۆخی دارایی عێراق دەکات و دەڵێت لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٥) نزیکەی هەشت سەد و پەنجا ملیار دۆلار بڕی بودجەی عێراق بووە، بەڵام بەهۆی گەندەڵییەوە نزیکەی چوارسەد و پەنجا ملیار دۆلار لە دەست دراوە.

بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری پێشوو، دەڵێت: مەزەندە دەکرێت ئەو بڕە پارەیەی لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ دەرەوەی عێراق ڕەوانەکراوە بگاتە سەد و پەنجا ملیار دۆلار.

موزەفەر محەمەد ساڵح، شارەزا و ئابووریناسی عێراق، لە نووسینێکیدا دەڵێت: ئەو پێکهاتە سیستەمە سیاسییەی عێراق، کەپشتی بە پشک پشکێنەی سیاسیی بەستووە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکان، هۆیەکی سەرەکی گەندەڵییە.

نموونەش ئەو پاسپۆرتە دبلۆماسییانەن، کە ژمارەیان دەگاتەبیست و پێنج هەزار پاسپۆرتی دبلۆماسی بۆ لایەنە سیاسییەکان.


**سەرچاوەکان:**

١- حمدي عبدالعظيم، عولمة الفساد وفساد العولمة- الإداري- التجاري- دولي- سياسي، الإسكندرية، ط١/٢٠٠٨، ص١٦.
٢- محمود عبدالفضيل- مدخل مفاهيمي وتآريخي- ورقة عمل منشور مقدمة الى ندوة الفساد والحكم الصالح في البلاد العربية- بيروت- مركز دراسات الوحدة العربية- ٢٠٠٤- ص٨٠.
٣- مجلة التمويل والتنمية- ڤينوتانزي- الأنشطة الحكومية والأسواق- العدد/ كانون الأول/ ١٩٩٥، ص٢٦.
٤- د. احمد زكي بدوي- فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- وەرگێڕانی، محمد فاتح، چاپی ئەکادیمیای کوردی- چاپی ٢٠٢١، هەولێر، بەرگی١، ل١٨٤.
٥- كريمة يقدي- الفساد السياسي وأثره على الاستقرار السياسي في شمال افريقيا- رسالة ماجستير- كلية الحقوق والعلوم السياسية- تلمسان- الجزائر- ٢٠١١-٢٠١٢، ص٢٦.
٦- سەرچاوەی پێشوو- كريمة بقدى- ص٣٠.
٧- عماد صلاح الدين عبدالرزاق- الفساد والإصلاح- أتحاد كتاب العرب- دمشق- ٢٠١٣، ص٩١-٩٢.
٨- سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠.
٩- اكرام بدرالدين- ظاهرة الفساد السياسي- ورقة عمل منشورة- مقدمة الى ندوة الفساد- القاهرة- ١٩٩٢، ص٣٨.
١٠- جلال عبدالله معوض- مجلة دراسات عربية- الفساد السياسي في البلدان النامية- بيروت- العدد١١، ١٩٩٨.
١١- بحث- الهيئة العامة لمكافحة الفساد- الكويت. .www.nazahe dov.kur
١٢- پەیجی الجزيرة (٢٠٢٢/٧/٧) www.aljazeera.net
١٣- سالم سليمان- خضير عباس- الفساد السياسي والأداء الإداري- دراسة، مجلة شؤون عربية، العدد١ كانون الثاني ٢٠١٠، ص١١٩.
١٤- أيمن أحمد محمد- الفساد السياسي في العراق منذ عام ٢٠١٣، رسالة ماجستير كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠١٢، ص٢٠.
١٥- مجموعة باحثين- دليل البرلمان العربي لضبط الفساد- منظمة برلمانيون عرب- ٢٠٠٥، ص٣٨.
١٦- المصدر السابق، ص٤٢.
١٧- مصطفى محمود عفيفي- المسؤولية الجنائية عن الجرائم الانتخابية- دار النهضة العربية- بيروت- ص٣٥٦.
١٨- سوزان روز اكرمان، الفساد والحكم الرشيد في البلدان العربية، برنامج الأمم المتحدة- ١٩٩٥، ص١٣.
١٩- مجموعة باحثين- الفساد ومبادرات تحسين النزاهة في البلدان النامية- مصدر سابق، ص١٠٩.
٢٠- منظمة الشفافية الدولية- نظام النزاهة العربية في مواجهة الفساد- المركز اللبناني للدراسات/ ٢٠٠٥، ص٣٦-٣٧.
٢١- وتاری ئەحمەد دەباغ لە ١٩ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، پەیجی www.algazeeza.net

بەشی پێنجەم


# ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا

نووسینی: د. راویة عبدالمنعم عباس
و. لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

**شیللەر (١٧٥٩ – ١٨٠٥)**

شاعیری ئەڵمانی و فەیلەسوفی بواری جوانییە، بۆچوونەکانی لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ڕامیاریی ڕۆسۆ و لیسنگ و کانتەوە بووە، گرنگیی بە هونەری شانۆ داوە، شانۆگەرییەکی نووسیوە، کە گوزارشت لە پەرۆشییە ڕامیارییەکەی دەکات، وەک (دز) لە ڕووی ستەمکاریی ڕادەپەڕێت و بەڕووی ستەمی کۆمەڵایەتیی دەوەستێتەوە وەک (فێڵ و خۆشەویستی)

شانۆگەری دووەم گوزارشت لەجۆرێکی درامای ڕامیاریی دەکات و گرنگییەکی زۆری بۆ سیاسەت نیشان داوە و هانی شۆڕشی فەڕەنسی و بۆچوونە دیموکراسییەکانی داوە، نووسینە وێژەییەکانی بە گیانی شۆڕش و پەرۆشی ڕامیاریی و ئیدانەکردنی ستەم و ستەمکاری تایبەتمەند کردووە، وەک چۆن



بەدەرکەوتنی خولیای مرۆڤایەتیی و سەلیقەیی لە وێناکردنی هەست، کەس و ڕووداوەکان جیا دەبێتەوە.

شیللەر یەکێکە لە شوێنکەوتووانی فەلسەفەی جوانیی کانت، بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنەکانی فێرگەکەی کۆک نییە، هەر بەهۆی ئەوەشەوە بوو، کە هیگڵ ـ پێیوایە یەکەم کەس بووە بوێری تێپەڕاندنی هەبووە، فۆڕمالیزمی ڕەهای پووچەڵ کردووەتەوە، کاتێک بینی، هونەر ئامرازێکە بۆ دروستکردنی مرۆڤی کامڵ و چاکەی ئازاد و بەدیهێنانی ئازادیی ڕاستەقینە.

شیللەر کۆمەڵێ بەرهەمی لەبواری شیعر و وێژەدا نووسی، بەڵام بەرهەمە گرنگەکانی لە فەلسەفەی جوانیی بریتین لە (کورتەی فەلسەفە) و پەرتووکەکەی ساڵی (١٧٨٦) (جوانی و دڵگیریی) کە لە ساڵی (١٧٩٣) دەرچووە. پەرتووکێکی دیکەی بەناوی (کورتەیەک لە پەروەردەی جوانیناسیی مرۆڤ) لە ساڵی (١٧٩٥).

هونەر لە تێڕوانینیدا چالاکیی و یارییە، وەک چۆن بوارەکەی کۆک بوونە لەنێوان گیان و سروشت، یان وێنە و ماتریاڵ، چونکە جوانیی ژیانە، یان وێنەگەلێکی ڕاستیین، بۆیە وێنە پاساوی واتاگەلێکی ژیان دەهێنێتەوە، بەڵام ناواخن نوێنەرایەتی کاریگەرییەکی چالاک لە هونەر ناکات، بەوپێیەی وێنەکان بۆ شیللەر گرنگییەکی زۆریان هەبوو، کە وای وێنا دەکرد هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە، هەوڵی خۆی بۆ دەرخستن و شاردنەوەی ماتریاڵی ژێرەوەی دەخاتەگەڕ.

شیللەر وا وێنای دەکرد هونەر دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر ماتریاڵەوە هەیە، لەبەرئەوەی دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات و لە داهێنانە جیاوازەکانی بەکاری بهێنێت. ئەگەرچی ماتریاڵ خۆی بەسەر هونەرمەندەوە دەسەپێنێت، بەوپێیەی بنچینەی دروستکردنی هونەرییە و خۆبەخشانە بەرهەمی دەهێنێت. کە بەبێ ئەو کارە هونەرییەکان بەدی نایەن، بەڵام هونەرمەند دەتوانێت بە مومارەسەکردنی ئازادیی و چالاکییە داهێنەرانەکەی و حەزەکانی بۆ وێنە جوانەکان کۆنترۆڵکردنەکەی کەم بکاتەوە و وێنەکە دەربخات و پێی بەرزببێتەوە بۆ سەرووی ئاستی ماتریاڵ.

شیللەر وای دەبینێت کەسی بینەر، یاخود گوێگر پێویستە بە ئازادییەکی تەواوەوە چێژی لێ وەربگرێت، بۆیە خود بریتییە لە جیهان، پاشان جیهان خودی ئەوە، ئەگەر لە جیهان دابېرێت، کە وەک ڕاستییەکی سەربەخۆ بینیویەتی، ئەوە بواری جوانیی، بواری ئەو جیهانەیە و سەرجەم بوارەکانی دیکەش لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش بوارێکی جیاوازە بە ئازادیی و چالاکییەوە.

دەروون خۆی بەهیچ ئاراستەیەکەوە پابەند ناکات، چونکە ئەو بوارەیە، کە لە ئەزموونە جوانیناسییە بێسنوورەکەی پێی دەگات.

## شیڵینگ (١٧٧٥ - ١٨٥٤)

فەیلەسوفێکی ئایدیاڵیزمی ئەڵمانییە، وەک مامۆستا لە زانکۆی ڤیەیننا و بەرلین کاری کردووە، گرنگییەکی زۆری بە فەلسەفەی سروشت داوە، بەرهەمەکانی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن.

لە ڕەخنەی هزریی، بە بۆچوونەکانی هەریەک لە کانت و لیبنتزەوە کاریگەربووە، بەتایبەت لە دوایین بیرۆکەیدا، لەبارەی مۆنادەکانەوە، یان گەردیلە گیانیی و زیندەوەرییەکانی جیهان و هەروەها لە بیرۆکەی مەبەستگەراییەوە. ئەگەرچی فیختە لەو یەکەمانە دەژمێردرێت، کە کاریگەری کانتی لەسەر بووە، بەڵام گرنگییە زۆرەکەی بە جوانیناسی، هێندەی شیڵینگ نەبووە، کە کۆمەڵێک نووسینی فەلسەفی و هونەریی هەبووە.

(فێرگەی ئایدیاڵیزمی باڵا) کە یەکێکە لە پەرتووکە بەناوبانگەکانی و لە ساڵی (١٨٠٠) نووسیویەتی چاپ دەکات، تێیدا هەوڵیداوە نێوانی ڕێڕەوە هزرییەکەیی لە ئایدیاڵیزمی بابەتیی و ئایدیاڵیزمی خودگەرایی لەلای فیختە وابەستەی یەکدی بکات. پەرتووکەکەی (برونو) پاشان پەرتووکەکەی (وانەگەلێک لە فەلسەفەی هونەر) کە لەساڵی (١٨٠٢) تاوەکوو ساڵی (١٨٠٣) لە ڤیەننا گوتویەتییەوە، دوای ئەوە لە ئەڵمانیا بڵاوبووەوە و کەوتە دەستی خوێنەران. لەشێوەی پوختەیەکی بچووک، بەناونیشانی (پەیوەندییەکانی نێوان هونەرە تێڕوانینییەکان و هونەرەکانی سروشت) لەمیانەی ساڵی (١٨٠٠-١٨٠٧) ئەگەرچی شیڵینگ یەکێک بووە لە شوێنکەوتووانی قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیی کانت، بەڵام بۆچوونەکانیانی پووچەڵ دەکردنەوە، چونکە ڕەچاوی گیانی کردارییان نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەش بەپێویستی دەزانی بۆ پەرتووکی سەرەکی کانت لە فەلسەفەی جوانیی (ڕەخنەی حوکمدان) بگەڕێینەوە. ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی، هەوڵی گەیشتن بوو، بە خاڵی بە



“ شیللەر وا وێنای دەکرد هونەر دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر ماتریاڵەوە هەیە، لەبەرئەوەی دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات و لە داهێنانە جیاوازەکانی بەکاری بهێنێت ”

یەکگەیشتنی نێوان فەلسەفەی تیۆریی و کرداریی و هەوڵی پەیپێبردنی یەکەی بنچینەیی نێوان هەردوو جیهانی دژوازی، پێشیوایە جوانیی، یان چالاکیی داهێنەرانە لە تێڕوانینەکەی (ئامێرێکی گشتیی فەلسەفەیە، یان دەروازەیەکە بۆ بنەڕەتەکەی) کە ئەو چالاکییەیە هۆشیاریی بۆ ناهۆشیاریی لەنێو خود لەخۆ دەگرێت، کە مەبەستی یەکەمیان خودە، یان گیانە، مەبەستی دووەمیشیان سروشتە.

هونەر لەدیدی، گیانی فەلسەفە و ڕاستەقینە یەکەمەکەیەتی، مێژووی فەلسەفەش گەواهی دەدات بە ئەندازەی ئەوەی یۆنانییەکان، لەبواری دۆزینەوە و داهێنانی جوانیی لە شیعر و هونەرە جیاوازەکانەوە بەدەستیان هێناوە، ئینجا پێیوایە پێویستە فەلسەفە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووی خۆی، واتە: بە هونەر بلکێت، بەوشێوەیەی لەلای ئیغریق ڕوویداوە.

هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ڕێککەوتنی هونەر لەگەڵ فەلسەفە و تێکەڵبوونیان، لە گۆڕانی. یەکەم لەبارەی بێکۆتایی، یان (ڕەهای باڵا)ی بەرزبووەوە، لە سەرووی ژیانی واقیعییەوە.

دووەمیان لە ڕەنگدانەوەی هزر، وابەستەییەکانیی لەگەڵ ئەوی دیکە، کە مۆدێلەکانی خۆی دەنوێنێت.

شێلینگ پێیوایە دوو ڕێگە هەن، دەشێت بەهۆیانەوە لە واقیع دووربکەوینەوە. وەک: ڕێگەی شیعر، کە تێیدا مرۆڤ بۆ جیهانی ئایدیالیزمی ڕادەکات. ڕێگەی فەلسەفە، کە جیهانی واقیع دەڕوخێنێت، فەلسەفەش لە شیعرەوە سەرچاوەدەگرێت؛ چونکە بنەڕەتە یەکەمەکەیەتی، کە لێیەوەی دەنێردرێت. بەوپێیەی فەلسەفە و هونەر لەسەردەمی یۆنانی کۆن لەسەر بنچینەی میتۆلۆجیای کۆنی یۆنانی دامەزراون، پێشبینی ئەوەش دەکات، کە فەلسەفەی نوێ هەردەبێت بەجۆرێکی نوێی میتۆلۆجیا دەربچێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی پێشوو، فەیلەسوف و زانایەکی جوانیناسیی بە پلەی یەک لە بەردەممان بەدەردەکەوێت، جگە لە ناوبانگی هیگڵ کەسی دیکە بەهاکەی کەم نەکردووەتەوە، لەوکاتەوەی باڵی بەسەر ئەوروپا کێشابوو.

> **جوانیناسیی لەسایەی سیستەمی فەلسەفە گرنگیی بەدەست نەهێنا، وەک چۆن لە فەلسەفەدا (شێلینگ) بەدەستی هێناوە، شێوازی شێلینگ جارێک لە کانتەوە وەرگیراوە، جارێکی دیکە لە ئەفلاتونەوە، فەلسەفەی کردووەتە شیعر**

لە ڕاستیدا جوانیناسیی لەسایەی سیستەمی فەلسەفە گرنگیی بەدەست نەهێنا، وەک چۆن لە فەلسەفەدا (شێلینگ) بەدەستی هێناوە، شێوازی شێلینگ جارێک لە کانتەوە وەرگیراوە، جارێکی دیکە لە ئەفلاتونەوە، فەلسەفەی کردووەتە شیعر.

بیرۆکەی سەرەکی لە ئایدیالیزمە بابەتییەکەی، بریتی بووە لە پاسادانکردنی یەکەم لەنێوان هزر، ئەنجامی ئەزموون، ئایدیالیزم، واقیع، خۆڕسک، زیرەکیی، ئازادیی و پێویستیی. دۆزی هزریی و ئەزموونیی بە وروژێنەری لێکۆڵینەوەی دیکارت مایەوە. شێلینگ پێیوایە یەکێتییەکی بنەڕەتیی لە نێوانیاندا، بوونی هەیە، بابەت بە فەلسەفیی لە دیاریکردنی ئەم یەکێتییەدا بە تیۆری ئاوەزییەکی قووڵبوو خۆی دەنوێنێت، هونەریش ئەو یەکێتییەیە، کە دەتوانێت ئەوە بەدیبهێنێت، بۆیە هونەر پلەیەکی بەرزتر داگیردەکات لەو زانستە نزمانەی لە ژیانی گیانیی دێن، جا لەوێ پەیوەندییەکی پتەو و قووڵ لەنێوان هونەر و سروشت هەیە، خۆیان لە چالاکییەکی بەرهەمدار و بەرهەمهێن دەنوێنن. سروشت هۆنراوەیەکە بە پیتی دیار نووسراوە، ئەوەی بیخوێنێتەوە ئۆدیسای هزر دەناسێت، تەنیا هونەریش دەتوانێت هێماکانی هەڵبهێنێت، کاری هونەریی لە بلیمەتیی خۆکاریی بەتەواوی وەک سروشت سەرچاوە دەگرێت، هونەر گیان بۆ شتەکان دەنێرێت، بەڵام گیان مرۆڤ لە تاکگەراییەکی دوورەپەرێزییەوە ئازاد دەکات و وای لێ دەکات لە ژیان بەشداریی بکات. لەم کاتەش، گیان جوان نییە، بەڵام خودی جوانییە، ئەم بیرۆکانە کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر شێلینگەوە هەبوو، برگسۆنیش بەم بیرۆکانەوە کاریگەربوو، وەک چۆن کاریگەرییەکانی بەسەر کارەکانی پۆڵ ڤالیری-یش بەدەرکەوت.

# دیدار

# جان دۆست

ماوەی سێ ساڵە زریانێکی تۆز لە باکووری کوردستان
هەڵیکردووە و چاوی لە دیتنی هەموو شتێک شاردووەتەوە،
تۆز و خۆڵێک کە لە مێژووی کورددا وێنەی نەبوو، تۆزێک
کە زیاتر لە تراویلکەی هەڵخەڵەتێنەر دەچێت و زریانەکەی
هەزاران گەنجی کوڕ و کچی ئەم وڵاتەی خستە چیا و دۆڵەکان
و لەوێ نێژران. هەزاران گەنجی ئەم وڵاتە گۆڕیان نییە. کەی
نییە چەپکێک گوڵ بەدیاری بخانە سەر گۆڕەکەیان تا ئارامیی
بە ڕۆحەکانیان ببەخشێت. دایکێک نییە لەسەر گۆڕی کوڕەکەی
فرمێسک بڕێژێت و کەمێکی گەرمیی دڵی سارد بکاتەوە. سێ
ساڵە ئەم زریانە چیاکانمانی کردووەتە گۆڕستان

**جان دۆست لە ڕۆمانی (ئەوان چاوەڕێی کازیوەن)**

# جان دۆست :

# لە تەمەنی چل ساڵیی ڕۆمانم نووسیی

**دیداری: سمکۆ عەبدولکەریم**



**– تۆش وەک زۆر نووسەری دیکە بە شیعر دەستت پێ کرد، بەڵام دواجار پشتت لە شیعر کرد و چوویتە نێو دونیای ڕۆمان، ئەو هۆکارانەی وایان کرد دواجار ڕوو لە ڕۆمان نووسین بکەی چی بوون، پێت وابوو شیعر دادت نادات، ناتوانیت بە شیعر بەناوبانگ بیت؟**

+ ئەوە پرسێکی گرنگە، ئەو پرسیارە زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەلای منەوە شیعر منداڵدانی مرۆڤایەتییە، وێژە و ئەدەبیات بە شیعر دەستی پێ کرد، لە هۆمیرۆس-ەوە، پێش ئەویش، هەر شیعر هەبوو، داستان، چیرۆک و ڕووداوە مێژووییەکان هەر هەموویان بە شیعر دەنووسران، چونکە شیعر بەرهەمی هەست بوو، سەرەتاش هەست لای مرۆڤ دروست دەبێت، پاشان فیکر و بیروباوەڕ و زانست سەر هەڵدەدەن، منیش وەک هەر نووسەرێک بە شیعر دەستم پێ کرد، چونکە یەکەم شتیش لە ئەدەبیات، کە گوێم لێ بوو، هەر شیعر بوو، لە ماڵ، لە دیوەخانی باوکم شیعربێژ هەبوون، شیعرەکانی جەزیری و ئەحمەدی خانی و شاعیرانی دیکەی کلاسیکییان بە ئاواز دەخوێندنەوە، من گوێم لەو شیعرانە دەگرت، دوای ئەوە خۆشم شیعری جگەرخوێن و مەم و زینی ئەحمەدی خانی-م خوێندنەوە. ئەوە هۆکار بوو بچمە نێو دونیای شیعر.

من بە نووسینی شیعر ناسرام، یەکەم کتێبی شیعریشم بە ناوی (داستانی قەڵای دمدم) بوو، بریتی بوو لە ١٨٠٠ بەیتی شیعریی، لە باکوور دەنگدانەوەیکی باشی هەبوو، بەڵام هەستم دەکرد لە ڕۆژاوا هەموو کەس ئەو کتێبەی منی نەدەناسی، هەستیشم کرد، کە ناتوانم لە چوارچێوەی شیعر شتێکی تازە و زیاتر بنووسم، بۆیە ئەزموونی شیعریم هەر ئەوەندە بوو. کاتێکیش لە ئەزموونی شیعریی کەسێکی وەک شێرکۆ بێکەس، یان عەبدوڵڵا گۆران ڕادەمام، هەستم دەکرد ئەزموونێکی لاوازم هەیە، ئەوەندە گەورە و باش نییە ببێتە مۆرێک لەسەر بەرهەمی شیعریم، بۆیە وازم لە شیعر هێنا و هاتمە نێو دونیای ڕۆمان.

من زۆر درەنگ هاتمە نێو دونیای ڕۆمان، لە تەمەنی چل ساڵیی ڕۆمانم نووسیی، چونکە هەستم کرد شیعر تێرا من ناکات، شیعر دەرەقەتی هەموو ئەوە نایەت، کە بیری لێ دەکەمەوە، ناتوانم بە قەسیدەیەکی شیعریی باسی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بکەم.

**– یەکەم ڕۆمان، کە نووسیت، کامە بوو؟**

+ یەکەم ڕۆمانم بەناوی (مژاباک) بوو، لەسەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

**– تۆ وەک زۆر ڕۆماننووسی ئێستە، ڕۆمان لە پەراوێزی ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان دەنووسی، دەکرێ لێت بپرسم چۆن بوو، بیرت لەوەها ڕۆمانیک کردەوە، یانی بەشێوەیەکی گشتیی نووسینی وەها ڕۆمانیک چۆنە، لە کاتێکدا تۆ دواتر ڕۆمانێکی دیکەشت لەسەر ئەحمەدی خانی نووسی؟**

+ لەمێژە، مێژوو لای من شتێکی زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە مێژوومان نەخوێندبێتەوە، ئێستەمان زۆر خراپ دەبێت، چونکە ئێمە بەرهەمی مێژووین، دەبێ بزانین باب و باپیرانی ئێمە چیان کردووە، ئێمە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەین، دەرنجامی بیروباوەڕ و هەڵەی وانین، بۆیە دەبێت ئەو مێژووە ببینن و بخوێنن.




بەرجەستەکردنی مێژوو لەنێو ڕۆمان گەلەک گرنگە، چونکە خوێندنەوەی مێژوو بەتەنیا لەنێو کتێبێکی مێژوویی ئەوەندە چێژ بەخش نابێت، بەباشی لێی فێرنابین و وانەی لێ وەرناگەین، بۆیە کاتێک کە دەخرێتە نێو ڕۆمان زووتر تێی دەگەین و دەزانین چی ڕوویداوە و بۆ وابووە؟ کۆماری مەهاباد چۆن

> “ بەرجەستەکردنی مێژوو لەنێو ڕۆمان گەلەک گرنگە، چونکە خوێندنەوەی مێژوو بەتەنیا لەنێو کتێبێکی مێژوویی ئەوەندە چێژ بەخش نابێت ”

ڕووخا، بۆ لەماوەی یازدە مانگدا تێکچوو؟ بۆ تێکچوو؟ ئەوانە وەک لەنێو ڕۆمـان تێدەگەی، لەنێو کتێبێکی مێژوویی ئاوەها تێناگەیت. دەتوانم بڵێم هەتا کەسایەتییەکی دیرۆکی وەکو پێشەوا (قـازی موحەممەد) ناتوانی زیاتر لـەوەی، کە هەیە لێی تێبگەی، واتە لەنێو کتێبێکی مێژووییدا کەسایەتییەکی مردوو بوونی هەیە، بەڵام کە لەنێو ڕۆمـان دەیخوێنیتەوە، هەست دەکەیت پێشەوا (قازی موحەممەد) زیندووە، قسە دەکات، دێ و دەچێت، لەبەرچاوی خوێنەر وەک فیلمێک وایە.

**– باشـە، یەکێ لەبنەماکانی نووسینی ڕۆمـان خەیاڵە بەڵام مێژوو بریتییە لە ڕووداوی واقیعی، ئایا تۆ ئەو مێژووە وەک خۆی دەگوازیتەوە نێو ڕۆمان، یان تێکەڵ بەخەیاڵی دەکەی؟**

+ تێکەڵ بەخەیاڵ دەبێ، چونکە مێژوو تەنیا چوارچێوەیەکە بۆ ڕۆمانەکە. ڕۆمان خەیاڵە، تێکەڵە لە خەیاڵ و واقیع، بەڵام نابێت من گۆڕانکاریی زیاتر لە واقیعیەتی ڕووداوە مێژووییەکەدا بکەم.

لە ڕۆمانی (مژاباد) پێشەوا (قازی موحەممەد) دەچێتە بەر پەتی سێدارە و لەسێدارە درا، من ناتوانم بڵێم ئەوە ڕاستیی نییە، چونکە ڕاستییەکی مێژوویییە و بەڵگە هەیە، بۆیە خەیاڵی من چەند فراوانیش بێت، نابێت و دروست نییە دەستکاریی ئەو ڕووداوە مێژوویییە بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش خەیاڵی تێدا هەیە.

بۆ نموونە هەموو ئـەو قسانەی لەسەر زاری پێشەوا کراون، ئایا بەڕاستی ئەو، ئەو قسانەی هەموو بەوشێوەیە کردوونە، نەخێر بـەڵام من بە گوێرەی کەسایەتی پێشەوا و گـەڕانـەوە بۆ کتێبە مێژووییەکان دەتوانم ئـەو جۆرە قسانە لەسەر زاری ئەو بخەمە نێو ڕۆمانەکە، کە لەگەڵ کەسایەتی ئەو دەگونجێن.

**– ئەو شیعرانەی کە نووسیتن، بەزمانی کوردیی نووسیتن، یان بەعەرەبی؟**

+ بەکوردی کرمانجی بوون.

**– تۆ زۆربـەی زۆری بەرهەمەکانت بەعەرەبیی نووسیون، دواتـر تەرجوومەی کرمانجی، یان سۆرانی کراون؟**

”
بە دوو زمان دەنووسم، کوردیی و عەرەبیی، بەڵام وەکو وەفادارییەک بۆ زمانی دایک، ئەو بەرهەمەی، کە بەعەرەبیی دەینووسم وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردیی
“

+ من نووسـەرێکم بە دوو زمـان دەنـووسـم، کوردیی و عەرەبیی، بـەڵام وەکو وەفادارییەک بۆ زمانی دایک، ئەو بەرهەمەی، کە بەعەرەبیی دەینووسم وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردیی.

**– ئەوانەی بە کوردیی دەیانووسی، ئەوانەش، کە بەعەرەبیی دەیانووسی چنە، یان بۆچی هەندێکیان بە کوردیی و هەندێکیان بەعەرەبیی دەنووسی؟**

+ ئەوە پرسیارەکی زۆر گرنکە، بەڵام هەتا ئێستە نازانم بۆ؟ نازانم وەڵامم لانییە. تا ئێستە شەش بەرهەمم، کە ڕۆمانن بە کوردیی نووسینە، ئەوانی دی بەعەرەبینە. وەڵامێکی سەددەرسەد بۆ ئەو پرسیارەی تۆ لای من نییە، هەندێک جار بڕیار دەدەم، کە ئەو ڕۆمانە بەعەرەبیی بنووسم، بۆ؟ نـازانـم ڕەنگە یەکێ لە هـۆکـارەکـان ئـەوە بێت، کە هەردوو زمان، کوردیی و عەرەبیی لای من لەیەک ئاست دانە، دەسەڵاتی من لەسەر هەردوو زمان وەک یەکن.

**– تا ئێستە تۆ چەند بەرهەمت بە کوردیی و چەند بەرهەمت بە عەرەبیی نووسیون؟**

+ دەتوانم بڵێم نیوە بەنیوە.

**– بـەڵام یەکـەم جار کە نووسیت بەکوردیی دەستت پێکرد؟**

+ بەڵێ، بەکوردیی، یەکەم کتێب داستانی (قەڵای دمدم) بوو، بەکوردیم نووسی.

**– ئەی ڕۆمان؟**

+ یـەکـەم ڕۆمانیشم، کە بـە کـوردیی نووسی (مژاباد) بوو.

**– قەڵای دمدم، دەنگدانەوەی هەبوو پێی ناسرای؟**

+ لە بـاکـوور کوردستانی زۆر دەنگدانـەوەی هـەبـوو، لە ساڵی (١٩٩٢) چاپکرا، من چوومە ئیستانبۆڵ کۆڕێکی زۆر گـەورەیـان بۆ کردم، بەشێوەیەک سەرم سوڕما، گوتم ئەوە چییە؟ چی بووە؟ توومەز خەڵک زۆر حەزی لەو داستانە بوو.

**– دەکرێ بزانین تۆ ساڵی چەند دەستت بەنووسین، یان بەشیعر دانان کردوە؟**

+ من ساڵی ١٩٨٥ داستانە شیعری قەڵای دم دمم

نووسی، ئەوکات تەمەنم بیست ساڵان بوو.

**– پێش ئەو شتی دیکەت نووسی بوو؟**

+ نا، تەنیا هەندێک شتم نووسی بوون، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوون، هەروەها لەبەر ئەوەش، کە لە ڕۆژاوا دەرفەتی چاپکردن و بڵاوکردنەوە نەبوون، زۆر بەلای نووسیندا نەدەچووم.

**– یەکەم بەرهەم، کە بەزمانی عەرەبیی نووسیت چی بوو؟**

+ یەکەم بەرهەم بەزمانی عەرەبی کتێبی (شعر وشعراء) بوو، کە تەرجوومەی هەندێک قەسیدەی کوردی کرمانجی بوون، لەوانە: (جزیری، جگەرخوێن و چەند شاعیرێکی سۆڤیەتی جاران) ئەوەش هەر لەساڵی ١٩٩٢

**– تۆ چۆن دەڕوانیە ئەمە، زۆر نووسەرمان هەن، کوردن، بەڵام تەنیا بەزمانی عەرەبیی دەنووسن، لەنێو ئەوانە سەلیم بەرەکات؟**

+ دوو جۆرە نووسەر هەن، ئەو نووسەرانەی کوردن و دەزانن بە کوردیی بنووسن، سەلیم بەرەکات، لەو نووسەرە کوردانەیە نازانێت بە زمانی کوردیی بنووسێت، چونکە لەتەمەنی نۆزدە ساڵییەوە چۆتە بەیروت و شام، لەنێو عەرەب ژیاوە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کورد و زمانی کوردیی نەبووە، بۆیە نەک هەر نووسین ناشزانێت بە کوردیی قسە بکات. من ئەو بەهانەی ویم قبوولە، ئەمما ئەو نووسەرانەی دیکە، کە کوردی دەزانن و دەتوانن بە زمانی کوردیی بنووسن و نانووسن، ئەوانە دەبێت سەرزەنشت بکرێن، بەلای منەوە ئەوە جۆرێکە لە تاوان، دەچێتە خانەی دژایەتی و سووک کردنی زمانی کوردیی.


**– ئەی ئەگەر بتەوێت دونیای عەرەب و جیهانی دەرەوە لە مێژوو، یان ئەدەبی خۆت ئاگادار بکەیتەوە، گرنگ نییە بە زمانی عەرەبیی، یان غەیری کوردیی بنووسیت، بۆ ئەوەی پەیامەکەت باشتر و خێراتر بگات، بە تایبەتی لە باکوور و ڕۆژاوا، کە هەم زمانی کوردیی ڕێگە پێدراو نییە، هەم زیاتر تێکەڵاوی دونیای عەرەب و تورکن، کە ئەمەش وایکردوە خوێنەری کورد زۆر کەم بێت، پێت وانییە ئەمە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی نووسەرانی ئەوێ نەیانەوێت بە کوردیی بنووسن؟**

+ ئەوە زۆر گرنگە، قسەکەت ڕاستە، هەتا لە زەمانی ئەحمەدی خانی، کاتێک (مەم و زینی) نووسیوە دەڵێت: تا خەڵک نەزانن، کە کوردەکان بێ مەعریفەتن، کاتێک ڕۆماننوسێکی کورد ڕۆمانێک بە عەرەبیی دەنووسێت، لە وڵاتانی عەرەب، لە مەغریب هەتا دوبەی بڵاودەبێتەوە، ئەمە وادەکات خوێنەری عەرەب لەڕێی ڕۆمانەوە ئاشنای دوێنێ و ئەمرۆی واقیعی ئەدەب و مێژووی کورد بێت، کۆمەڵگە، مێژوو، پرس و کێشەی کورد لە نزیکەوە بناسێت و بزانێت. ئەوە ڕۆڵێکی باش و زۆر پێویستە، ئێستە من یەکێکم لەو ڕۆماننوسانەی ئەو ڕۆڵە دەبینم، نووسەرانی دیکەش هەن، وەک سەلیم بەرەکات، کە تۆ باست کرد، بەهەمەکانی ئەو لە وڵاتانی عەرەبیی خوێنەری زۆری هەیە، کە هەمووی مێژووی کوردە.

> **هەندێک جار بڕیار دەدەم، کە ئەو ڕۆمانە بەعەرەبیی بنووسم، بۆ؟ نازانم**

**– تۆ لەبنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە بوویتە، باوکی تۆ مەلا بووە، تۆ چۆن فێری زمانی کوردی و بوویت، لە کاتێکدا لە سەردەمی زوو، لە ڕۆژاوا نەتان دەتوانی بە زمانی کوردیی، نەک بنووسن و بخوێنن، هەتا نەتان دەتوانی قسەشی پێ بکەن؟**

+ ڕاستە زمانی کوردیی نەبوو، زمانی عەرەبیی سەردەست بوو، من یەکەم کتێبخانەم دیت، کتێبخانەی عەرەبیی بوو، کتێبەکانی باوکم بوون، ئایینی، فیقە، سیرەی پێغەمبەران بوو، بەڵام ئێمە لە ماڵبەندی جزیری و خانی دەژیاین شیعری کلاسیکی ئەوان بۆ ئێمە سەرچاوەیەکی زۆر باش بوو، بە هۆی ئەوەی باوکم مەلا بوو، دەستم پێیان دەگەیشت و






دەمخوێندنەوە، هەر هیچ نەبا بەرگوێم دەکەوتن. دوو برام هەبوون کوردییان دەزانی و دەیاننووسی، هەڵبەستیان دەنووسی، ئەوان ڕۆڵ و کاریگەریی زۆریان لەسەر من هەبوو، دەتانم بڵێم ئەوان سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی فێری زمانی کوریی و نووسین خوێندنەوەش بم.

**- ئەوە لەکوێ؟**

+ لە کۆبانێ، لەوێ ئەو کتێبە کوردییانە هەبوون، ئەمما هەمووی لەژێر زەمین دابوون، وەک بۆمبا دەیانشاردنەوە.

**- یانی بەوشێوەیە قەدەغە بوو؟**

+ بەڵێ قەدەغە بوو، ئەگەر بیان دیتبا و ئاشکرا بووایە، خاوەنەکەی لەسەر ئەوە زیندانیی دەکرا، دەست بەسەر کتێبەکانیشیدا دەگیرا.

**- تۆ لێرە، لە باشوور زیاتر بە ڕۆمانی (میرنامە) دەرکەوتی، بۆ نموونە، من پێش ئەو ڕۆمانە، تۆم نەدەناسی. چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە، کە ڕۆمانی میرنامە بکرێتە شێوەزاری کوردی سۆرانیی، چونکە ئەگەر هەڵە نەبم یەکەم جار، بە کورمانجیت نووسی، دواتر کرایە عەرەبییش؟**

+ ئەودەمی وەک وەفادارییەک بۆ زمانەکەم، ئەو ڕۆمانەم بە کوردیی نووسی، دواتر هەرخۆم تەرجوومەی عەرەبیم کرد. ئەگەر میرنامەم تەرجوومەی عەرەبیی نەکردبا، ڕەنگە لێرە لە باشوور، کەس ئاشنای ئەو ڕۆمانەم نەبووایە و نەدیترابا.

ڕۆماننووسێکی کورد هەیە (عەتا موحەممەد)

"

**ساڵی ١٩٨٥ داستانە شیعری قەڵای دمدم نووسی، ئەوکات تەمەنم بیست ساڵان بوو**

"

جارێک تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: ڕۆمانێکت هەیە، بەعەرەبیی خوێندوومەتەوە، ئەگەرچی من بە کوردیی کرمانجیم نووسی بوو، بەڵام (عەتا موحەممەد) لەبەر ئەوەی کرمانجی نازانی، بە عەرەبیی خوێندبوویەوە، واتە زمانی هابەشی نێوانمان، زمانی عەرەبیی بوو، ئەگەرچی هەردووکمان کوردبووین، کەچی لەڕێی زمانی عەرەبییەوە بەیەک گەیشتین.

گۆتی میرنامە ڕۆمانەکی باشە و دەبێ ببێ بەشێوەزاری کوردی سۆرانیی، منیش گوتم ئەگەر ببێ زۆر خۆشحاڵ دەبم. گۆتم ئەوە خەونێکی منە. گوتی وەرگێڕێکی باش هەیە ناوی (سەباح ئیسماعیل)ە من پێی دەڵێم، ئەو، ئەوکارە بکات. پەیوەندیم بە کاک (سەباح ئیسماعیل)ەوە کرد، گوتی زۆر باشە، وەریدەگێڕم. دەقی ڕۆمانەکەم بۆ نارد. دوای ماوەیەک تەواوی کرد و لەسلێمانی چاپکرا. ئەوە بووە پاسەپۆرتێک بۆ من، دەربازی نێو خوێنەرانی باشوور بووم و ناوبانگێکی باشم پەیداکرد.

**- تۆ پێشتر بیرت لەوەها کارێک نەکردبۆوە؟**

+ وەک دەزانن ئەو سنوورە جوگرافیا سیاسییە وڵاتی ئێمەی پارچە پارچە کردوە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ باشوور زۆر کەم بوو، لە ساڵانی پێشتر، پێش ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە دروست بن، چوون و هاتنی ئێمە بۆ کوردستانی باشوور زۆر زەحمەت و کەم بوو، من لێرە کەسم نەدەناسی، ئەوە سووچی ئێمە نەبوو. پاش ئەوەی، کە چوومە ئەوروپا هاتوچۆی کوردستانی باشوور بۆ من زۆر ئاسان بوو، زۆربەی نووسەرانی ئێرەم ناسی لە دهۆک، سلێمانی، لە هەولێر و شارەکانی دی ئەو سنوورانە وەک جاران نەمان. دەکرێ بڵێم: بەڵێ بیرم لەوەها کارێک کردبووەوە، بەڵام دەستم نەدەگەیشتێ.

**- بۆ نووسینی ئەو ڕۆمانەی میرنامە تۆ سوودت لەکێ، یان لەچی وەرگرتووە، ئایا زیاتر لە واقیع، یان خەیاڵ نزیکە؟**

+ پێش نووسینی ڕۆمانی میرنامە من نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ ئەحمەد خانی و مەم و زین-ی وی ژیام، سەرەتا تەرجوومەی عەرەبیم کرد و

شرۆڤەم کرد، ئەوە لەساڵی ١٩٩٥ بەڵام بەر لەوە ساڵی ١٩٨٨ەوە من مەم و زینەم خوێندبۆوە، چێژێکی زۆرم لێ وەرگـرت، بۆیە ئەحمەدی خانی-م هەر لەبیر مابوو، ژیان، حیکایەتەکانی، گلەیی و گازاندەکانی وی لە زەمـان، لە کورد و لە دەسەڵاتی کوردیی، لە پارچەپارچەکردنی کوردستـان، ڕۆژ بـەرۆژ ئـەوە لەمێشکی من چەکەرەی دەکرد، تا خەیاڵی ئـەوە بە مێشکم داهـات بیکەمە ڕۆمـان، چونکە من بە تـەواوی ئاشنای فیکر و بیروباوەڕی، ئەحمەدی خانی، هەتا زمانەکەشی ببووم.

**- لەو ڕۆمانەدا تۆ کەسایەتی ئەحمەدی خانی-ت لەنێو مەم و زین بەرجەستە کردوە؟**

+ بەڵێ کەسایەتییەکەی، بیروباوەڕ و تێکۆشانی وی بۆ زمانی کوردیی و دەوڵەتی کوردیی، زیاتر لە مەم و زین-م وەرگرت. هەندێک سەرچاوەش هەبوون، باسی ژیانی ئەحمەدی خانی دەکەن

لە باکوور سوودم لە زانیارییەکانی (عەبدوڵڵا موحەممەد فارلی) وەرگـرت، کە لە ئەرشیفی عوسمانییەکان، سەبارەت بە ئەحمەدی خانی، ماڵبات و خاو و خێزانەکەی دەستی کەوتووە، ئەوە زۆر گرنگ بوو، بۆ نووسینی ڕۆمانەکە.

**- تۆ لەو ڕۆمانەدا دەڵێی ئەحمەدی خانی ژەهر خوارد کرایە؟ ئەمە ڕاستییە، یان لە خەیاڵی خۆت ئەوەت دروست کردوە؟**

+ کاتێک لە ژیانی ئەحمەدی خانی ڕادەمێنم، کە لە ساڵی ١٦٥٠ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کردووە، واتە لە تەمەنی ٥٧ ساڵی کۆچی دوایی کردووە، ئەوە تەمەنێکی زۆر نییە، ئەوە پرسیارەکی لادروست کردم، وەک ئەوەی شتێک هەبێت، لە خەیاڵی خۆمدا گوتم: وەکو سیمبولێک ژەهر خواردکردنی ئەحمەدی خانی، یان هەر نووسەرێک، کە دەردی میللەت دەکێشن و پەرێشانی کـوردی بێ دەوڵـەتـن، ئـەوانـەش وەکو ژەهـر وان، ڕۆژ بـەرۆژ بەلاشەی مرۆڤ بڵاودەبێتەوە، تا دەیکوژێت، لەم ڕوانگەیەوە من ئەوەم وەکو سیمبولێک بەکارهێنا.

**- تۆ لە پێشەکی ئەو ڕۆمانی میرنامەیەدا، هەندێک شتت وروژاندوە، باسی ئەوە دەکەیت، کە چۆن دەبێت خەڵکی باشوور مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، جگەرخوێن نەناسن، بەپێچەوانەشەوە لەبەرانبەردا ئەوانیش پەشێو، شێرکۆ و ئەوانی دی نەناسن، تۆ ئاگاداری ئەوە نیت، کە ئێمە زۆر دەمێکە، لە باشوور، ئەوانەی تۆ ناوت هێناون ناسیومانن؟**

+ ڕاستە لە باشوور هاتینە ناسین، چونکە کلاسیکی کوردن، لە باشوور جیاواز بوو، هەر لە زووەوە کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی، کۆڕی زانیاری کوردی و توێژەری کورد هەبوون، من دەزانم هەژار جزیری و مەم و زینی ئەحمەدی خانی کردونەتە کوردی سۆرانیی، بەڵام لەلای ئێمە ئەوە نەبوو، زمانی کوردیی قەدەغە بوو، نەمان دەتوانی دەست درێژ بکەین و بێن پەشێو. شێرکۆ بێکەس، فایەق بێکەس، نالی و سالم و ئەوانە هەموویان بناسێنن، مەبەستی من زیاتر ئەوەیە.

**- کەواتە، دەکرێ بپرسم تۆ کەی شێرکۆ و پەشێو و کەسانی دیکەت ناسی؟**

+ سەرەتا، لە نەوەدەکان، من هەر تەنیا ناویانم بیستبوو، بەڵام شیعرەکانیانم نەخوێندبوونەوە. یەکەم جار شیعری شێرکۆ بێکەسم بەعەرەبیی خوێندەوە، لە شام چاپ کرابوو (مرايا صغيرة – ئاوێنە بچکۆڵەکان) کۆمەڵە شیعرێک بوو، لـە دووتـوێـی نامیلکەیەکی بـچـووک، شیعری زۆر جوان بوون، چێژێکی زۆرم لێ وەرگرت، زمانی عەرەبیی بۆ ئێمە ببووە سەرچاوەیەک ئـەدەبـی بەشـەکـانی دیکـەی کـوردسـتـانی پێ بناسین. ڕۆمانەکانی یەشار کەمال-م بەعەرەبیی خوێندوونەتەوە، هەتا شیعرەکانی ئەحمەد عارف، ئەویشم هەر بە عەرەبیی خوێندوونەتەوە، چونکە ئەو کتێبانە بە کوردیی، وەک چەک و تەقەمەنی وابوون، لە سنوور دەرباز نەدەبوون.

**- کەواتە، دەکرێ بزانین سەرەتای خوێندنەوەی تۆ چۆن بـووە، بەچی دەستت بە خوێندنەوە کردووە؟**

+ دەکرێ بڵێم سەرەتای خوێندنەوەی من قورئان بووە، چونکە باوکم مەلا بوو، یەکەم کتێب لە ماڵ

> **“ یەکەم بەرهەم بەزمانی عەرەبی کتێبی (شعر وشعراء) بوو، کە تەرجوومەی هەندێک قەسیدەی کوردی کرمانجی بوون ”**

> **"زمانی هابەشی نێوانم، زمانی عەرەبیی بوو، ئەگەرچی هەردووکمان کوردبووین"**


بینیم قورئان و کتێبە ئایینییەکان بوون، لەگەڵ چەند کتێبێکی ئەدەبیی بەعەرەبیی.

**– کتێبێکی دیاریکراو هەیە لە تەمەنی منداڵیت خوێندبێتتەوە و لەبیرت نەکردبێت، یان کاریگەریی لەسەرت هەبووبێت؟**

+ (جوبران خەلیل جوبران)م بەبیر دێت، تەمەنم (١٤ ـ ١٥) ساڵ بوو کتێبی (النبی)یەکەیم خوێندەوە هەروەها کتێبی ( الأجنحة المتكسرة) باڵی شکاو، ئەوانەم بەعەرەبیی خوێندوونەتەوە.

**– تۆ وەک ڕۆماننوسێک ئێستە لەخۆت ڕازییت؟**

+ ناتوانم بڵێم، کە من لە نووسینی ڕۆمان سەرکەوتوو بووم، یان نا، خوێنەر و ڕەخنەگرەکان دەتوانن ئەوە بڵێن، من سەرەتا وەک ئەزموونێک دەستم پێ کرد، دواتر هەر لە هەڵەکانی خۆمەوە فێری زۆر شت بووم. دەتوانم بڵێم، کە ئێستە ڕۆمان بۆ من وەکو ناسنامەیەکە، لە وڵاتانی عەرەبیی و لەنێو کوردیش، وەک ڕۆماننووس ناسراوم.



**– تۆ پێتوایە بنەماکانی سەرکەوتووبوون لە نووسینی ڕۆمان چین؟**

+ ڕۆماننووس دەبێ فرەزان بێت، لە مێژوو شارەزا بێت، کاتێک کە ڕۆمانێک دەنوسێت، مەسەلەن کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانەکەی مۆسقاریکە، دەبێ بۆ خاتری ئەو کەسایەتییە میوزیک ژەنە، زانیاریی لەسەر مێژووی میوزیک پەیدا بکات، ئەگەر ئاگادار نەبێت، ڕۆمانێکی لاواز دەنووسێت، ئەمە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویش هەر ڕاستە. من مەدحی خۆم ناکەم، بەڵام کاتێک کە (مژاباد)م نووسی، کە سەردەمەکەی بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی و دوایی دەگەڕێتەوە، واتە سەردەم و ماوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، من مێژووی شەڕی دووەمی جیهانیم هەمووی خوێندەوە، پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەتی جاران، ئینگلیز، ئەمریکا و ئیران و شا، دەتوانم بڵێم پەنجا کتێبم خوێندەوە، بۆ ئەوەی ڕۆمانی مژاباد بنووسم، لەوەش زیاتر بۆ نووسینی ئەو ڕۆمانە چوومە مەهاباد، ئەوە بنەمای نووسینی ڕۆمانە، دەبێ وا بێت.

**– باشە ئەو ڕۆمانەت، مژاباد بە ماوەی چەند نووسی؟**

+ ڕۆمانی (مژاباد) ماوەیەکی درێژی کێشا، ساڵی ١٩٩٦ بە مەبەستی نووسینی ئەو ڕۆمانە چوومە مەهاباد، چونکە ئەو دەمە گوگل نەبوو، ژێدەر نەبوو، گوتم با بچم مەهاباد ببینم، چونکە ئەوێ مەیدان و ناوەرۆکی ڕۆمانەکەی من بوو، ئەو شوێنەی ڕۆمانەکەی لێ لە دایک دەبێت، پێویستە بە چاوی خۆم ببینم، بۆیە چووم. سەفەرێکی دوورو درێژ بوو بەپاس چووم، لەکۆبانێ بۆ حەلەب، لەوێشەوە بۆ تورکیا، چوومە مەهاباد، لەوێ ماڵی پێشەوا قازی موحەممەدم دیت، شاخەکانی دەوروبەری مەهابادم دیت، هەموو ئەو دیتنانە خەیاڵێکی باشی بۆ دروستکردم چەند کتێبێکم وەک

ژێدەر لەگەڵ خۆ هێناوە، یەک لەوانە کتێبێک بوو بە فارسیی (نگاهی بە تاریخی مهاباد)ی سەید موحەممەدی سەمەدی، هەروەها کتێبەکەی (ویلیام ئیگلتۆن، کۆماری کوردستان ١٩٤٦) زۆر کتێبم هێنان، پاشان دەستم پێکردن زیکەی چوارساڵم پێچوو تا تەواوم کرد.

**– ئەو ڕۆمانەت دەنگدانەوەی هەبوو؟**

+ بەڵێ لە باکوور دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، وەکو چۆن (میرنامە) لەباشوور دەنگدانەوەی هەبوو (مژاباد)یش لە باکوور بەهەمان شێوە.

**– مانای مژاباد چییە؟**

+ مژاباد وشەیەکی لێکدراوە (مژ) تەمە بووەتە مژاباد (اباد)ەکەش لە مەهاباد وەرگیراوە واتە: مەهاباد وەکو تەمێک وابوو، واتە شاری تەم، شاری تەم گرتوو، شارێکی نادیار.

**– لەنێوان هەموو ئەو ڕۆمانانەی، کە نووسیوتن، کامەیان لەنێو خوێنەران زیاتر دەنگدانەوەی هەبوو؟**

+ ڕۆمانی میرنامە، هەم لە باشوور، باکوور و وڵاتانی عەرەبییش.

**– میرنامە چەندەم ڕۆمان بوو نووسیت؟**

+ میرنامە سێیەمین ڕۆمانی منە لە ئیمارات، لە تونس و سودان بە عەرەبیی چاپکرا.

**– ئایا تۆ خۆت داوات لەو دەزگا عەرەبییانە کرد بۆت چاپ بکەن، یان ئەو ڕۆمانەی تۆ چۆن گەیشتە ئەوان؟**

+ نا خۆم داوام نەکرد، یەکەم جار بەرهەمی میرنامە لەچوارچێوەی پرۆژەیەک، کە پێی دەگوترێت (مشروع الكلمة للترجمة – پرۆژەی وشە بۆ وەرگێران) کە پرۆژەیەکی گەورە بوو، گوتم زۆر زمانی نەتەوەکانی دونیای تێدایە، با کوردیشی تێدابێت. پێشنیازم کرد، کە کوردیش زمانێکە بۆ تێدا نەبێت، گوتیان باشە چیت لەبەردەستە؟ منیش گوتم ڕۆمانێکی خۆم هەیە، بە ناوی میرنامە، کە ئامادەم هەر خۆشم تەرجوومەی عەرەبیی بکەم، تەرجوومەم کرد و بۆم ناردن، زۆریان پێ باش بوو، بەم شێوەیە چاپ کرا.

**– ئەو کتێبانەت، کە لە وڵاتانی عەرەبیی چاپ کراون، قەت وابووە، هیچ بەشیک لە نووسینەکانت سانسۆر بکرێن؟**

+ یەکجار ئەوە ڕوویدا، کاتێک ڕۆمانی میرنامەم لە ئەبوزەبی ئیمارات چاپ کرا، چەندین لاپەڕەیان سانسۆر کرد، بە بیانوی ئەوەی باسی سێکسوالیتی دەکات، بەڵام دواتر لە چاپەکانی دی، کە لە توونس چاپکرا، ئەو بەشەش دانرایەوە.

**– ئێستە مەسەلەی تەرجوومەی بەرهەمی کوردیی بۆ زمانەکانی دیکە یەکێکە، باسوخواسەکان، لەنێو ئەدەیب و ڕۆشنبیرانی باشوور، دەمێکە باس دەکرێ، پێیان وایە یەکێک لەکێشەکانیان نەگەیشتنی دەقە ئەدەبەکانیانە بە جیهانی دەرەوە، زۆر بیر لەو مەسەلەیە دەکرێتەوە، وەک گرفتێکی گەورەی لێهاتووە، بەشێوەیەک هەندێک بەرهەم تەرجوومەی سەر زمانی عەرەبیی، فارسیی، تورکیی، ئینگلیزیی دەکرێن، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر بەر تەسک، بە باشی ناگاتە خوێنەران، چونکە هەر لێرە نووسەرەکە خۆی، یان وەزارەتی ڕۆشنبیریی کارەکە دەکات، لە کاتێکدا ئەمە دەبێت دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گەورە و دیار بیانکات، بۆ ئەوەی بە فراوانی بگاتە دەستی خوێنەرانی ئەو زمانەی بۆیان وەرگێردراوە. تۆ چۆت دەڕوانیە ئەو بابەتە و نووسەرانی کورد دەکرێ چۆن بڕوانە ئەو مەسەلەیە؟**

> **یەکەم جار شیعری شێرکۆ بێکەسم بەعەرەبیی خوێندەوە، لە شام چاپ کرابوو (مرايا صغيرة – ئاوێنە بچکۆڵەکان)**

+ ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، تەرجوومە بۆ زمانانەکانی دی بە تاکە کەس ناکرێت، ئەمە کاری دەزگایەکی گەورەیە و دەبێت دەوڵەت هاوکاریی بکات.

(جوخة الحارثي) نووسەرێکی عومانییە، سەڵتەنەتی عومان ڕۆمانێکی بەناوی (سيدات القمر) بۆ چاپ کرد، من ناڵێم ئەو ڕۆمانە زۆر باش بوو، بەڵام خراپیش نییە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزیی و ساڵی ٢٠١٩ لە بریتانیا خەڵاتی (بوکەر) ی جیهانیی وەرگرت، کە خەڵاتێکی زۆر گەورەیە، لەدوای (نۆبڵ) دێت

پاش ئەوە تەرجوومەی چەندین زمانی دیکەش

> **“ پێش نووسینی ڕۆمانی مێرنامە من نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ ئەحمەد خانی و مەم و زین-ی وی ژیام ”**

کرا، من لە ئیمارات (جوخە)م دیت، ئەو ئێستە بە وڵاتاندا دەگەڕێت، دەچێتە مالیزیا، هیند، یابان، دەچێتە نازانم کێندەر، ئەو ڕێکلام بۆ ئەو ڕۆمانەی دەکات. ئەو مێژوو، دەوڵەت و کۆمەڵگەی عومان بەخەڵکی دونیا دەناسێنێ، بەڵام ئەو تەرجوومەیەی بۆ بەئینگلیزی کرا (جوخە) نەیکرد، وەرگێڕێکی ئینگلیزییش نەیکرد، حکوومەتەکەی خۆی بۆی کرد، عومان لە پشتی بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە بیروباوەڕیان باشە، تێدەگەن، کە هێزی نەرم چییە، ئێمە بەداخەوە، تا ئێستە لەلای دەسەڵاتی کوردیی ئەو شتە نییە، لای ئەو ڕۆمان و شیعر شت و قسەی قۆڕن، لەکاتێکدا دەتەوێ دەرگە و پەنجەرەکان بەسەر خەڵکی دی بکرێنەوە، ئەم کرانەوەیە تەنیا بە سیاسەت و چەک و شەڕ و شاخ ناکرێت، بەڵکو بە وێژە و وشە دەکرێ دەربازی نێو خەڵک بین، پێم وابێت ئەوە پرسیار و مەبەستی جەنابتان بوو، یانی ئەم کاری تەرجوومەیە، ئەرکی تاکە کەس نییە، تاک بە تەنیا ناتوانێت، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ئەوە من بەرهەمەکەی خۆم تەرجوومەی عەرەبیی کرد، ئەی زمانەکانی دی چۆن و کێ بیان کات، بۆیە ئەمە پێویستی بە پشتیوانییەکی ماددی و مەعنەوی گەورە هەیە، کە حکوومەت دەتوانێت ئەمە بکات.

با بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکە، جۆرێک لە مەرکەزییەتی خۆراوای هەیە، ئێمە لەژێر دەسەڵاتی ئەو مەرکەزییەتە داین، کاتێک کە دەڵێم ڕۆمانێک بۆ ئینگلیزیی وەردەگێڕم، خۆراوا گرنگیی بە ئێمە نادات یانی ئەدەبی ئێمە چ بێ و چ نەبێت، ئەوان لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا، کە خۆیان دەیانەوێت، لە دەقی ئێمە دەڕوانن و بڕیاردەدەن چ وەربگێڕن. هەتا فارس، تورک و عەرەب، کە هاوسێمانن، هیچ ئاوڕ لەئەدەبی کوردیی نادەنەوە.

**– جگە لە عەرەبیی، تۆ هیچ لە ڕۆمانەکانت وەرگێردرانەتە سەر زمانی دیکە؟**

+ بەرهەمی من وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئیسپانیی و ئیتاڵیی، دوو ڕۆمان و کۆمەڵە شیعرێکم کراونەتە ئیتاڵیی و چاپکراون، بەڵام هەموو ئەوانە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون، نەک کوردیی. ئێستە (جوخة الحارثی) خەریکە کتێبێکم وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزیی.

**– دەکرێ بەڕاشکاوی وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە، ئەو تەرجوومەی بەرهەمەکانەت، چۆن کراون، خۆت داوات لێ کردوون؟**

+ نا، نا بە ڕاستی هەرسێکیان ئیتاڵیی، ئیسپانیی و ئینگلیزیی ئەوان داوایان کرد، ئاگام لێ نەبووە، ئەوە ئیمێڵ و شت هەیە، کە پەیوەندییان پێوە کردووم، دەڵێن ئەو بەرهەمەی تۆمان خوێندووەتەوە دەمانەوێ تەرجوومەی بکەین.

**– ئەمە مانای چییە، ئایا ئەدەبی ئێمە لەو ئاستەدا نییە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، تۆ ئەمە بۆچی دەیگەڕێنیتەوە؟**

+ دەسەڵاتی ئێمە لاوازە.

**– ئەمە چ پەیوەندیی بەدەسەڵاتەوە هەیە؟**

+ پەیوەندیی هەیە، ئێمە خاوەنمان نییە، نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە چەند ڕۆمانێکی بەختیار عەلی تەرجوومەی ئەڵمانیی کران، ڕۆمانی وی، کوردێک تەرجوومەی کردوون، لە کاتێکدا زۆرکەم کورد لە ئەڵمانیا هەن ئەڵمانیی بزانن، تا ئەوکاتە لە ئەڵمانیا هیچ کەس بەختیار عەلی نەدەناسی، هەتا ئەڵمانەکان گوتیان ئەوە ئەدەبیاتەکی باشە، ئەو نووسەرە لەنێو ئێمەدا بووە، کەچی نەماننناسیوە، هەتا کوردێک هات، نەک ئەڵمانییەک گوتی: ئەوە بەختیار عەلی ئێمەیە، ئەوە کێشەکەیە، کە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، ئەگەر دەسەڵاتی ئێمە، یان وەزارەتی ڕۆشنبیریی چالاکییەک لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەڵمانیا بکات، یان فەرەنسا، یان هەر وڵاتێکی دیکە، ئەوەی پێی دەڵێن (التبادل الثقافی- ئالوگۆڕی ڕۆشنبیریی) ئەوکاتە ئەو دەقە من حەز دەکەم ببێتە فەرەنسیی، داوای دەکەم، ئەوەش ڕێگەکەیە بۆ ئەوەی بە باشترین و خێراترین ڕێگە تەرجوومە بکرێت.

**– هەموو ئەو دەقانەی، کە بە کوردیت نووسیون، هەر خۆت کردوونتە عەرەبیی؟**

+ بەڵی هەمووی خۆم کردوومە، چونکە هەموو

جارێک دەڵێم لەخۆم زیاتر، کەسێک نییە، لە دەقی من تێبگات، من دەزانم چم نووسیوە، ڕەنگە زۆرجار وەرگێڕێک، لە ڕستەیەک تێنەگات و نەزانێت من مەبەستم چییە، ڕەنگە زمانی من لە زمانی وەرگێڕێک باشتر نەبێت، بەڵام من باشتر لەدەقی خۆم تێدەگەم و دەتوانم باشتر تەرجوومەی بکەم.

**– ئەی هەموو ئەو بەرهەمانەی بەزمانی عەرەبی نووسیوتن، هەموویان کراونەتە کوردیی، ئەگەر کراون، ئەوانیش هەر خۆت کردووتە؟**

+ بەڵێ هەموویان کراونەتە کوردیی و خۆشم کروومن، تەنیا یەکێکیان نەبێت من نەمکردووە (زەنگەکانی ڕۆما) من نەمکردووە نەمتوانی، بە ڕاستی ماندوو بووم، چونکە کارێکی قورسە ڕۆمان بە عەرەبیی بنووسی، پاشان وەرییگێڕیەوە سەر زمانی کوردیی، یان بە پێچەوانەوە. من ئێستا بڕیارم داوە چیتر ئەوە نەکەم.

**– تۆ پێتوایە چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەیە، تۆ خۆت بە سیاسییەکی ئەدیب دەزانی، یان بە پێچەوانەوە ئەدیبێکی سیاسیی؟**

+ ئەدەب سیاسەتە، زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت، کە ئایا پێویستە ئەدیب و نووسەر لە سیاسەت دووربن، یان نا، دەکرێ دوور لە حزبایەتی بن، بەڵام نابێ بەدەر بن لە هەڵوێست، دەبێت نووسەر هەمیشە خاوەن هەڵوێست بێت، پارت و لایەنێکی سیاسیی تاوانێک، زوڵمێک دەکات، دەبێ دەنگی من بەرز بێت. بەو هۆیەوە من ڕەخنەی زۆرم لە (پەکەکە) هەبوو، کریارەکانی پەکەکە لە ڕۆژاوا، لە باکوور، ئەوە وای کرد دەزگایەکی چاپەمەنی بە منی گوت: بەهۆی هەڵوێستەکانتەوە، ئێمە ئامادە نین کتێبی تۆ چاپ بکەین، چونکە زەرەر دەکەین،

**– بۆ هەڵوێستی تۆ چ بوو؟**

+ هەڵوێستی من توند بوو.

**– لە چ توند بوو؟**

+ لەخوێن ڕشتنی کورد بەدەستی کورد، ئەوەی ئەو دەساڵەی دوایی، کە لە ڕۆژاوا، لە کۆبانێ، لە عەفرین، لە عامودا، لە دێرک ڕوویان دا، چەندین چالاکوانی کورد خۆپیشاندەری کورد کەسی بێ




گوناح تیرۆر کران و کوژران. لە عامودە شەش کەس، کە یەکیان پیرەمێرد بوو گوللە باران کران، ناتوانم بێ دەنگ بم، من نزیکم لەو جوگرافیایە، لەو ڕووداوانە، لەو سیاسەتانە، من دەزانم، باش دەزانم، فام دەکەم و تێدەگەم، وەکو نووسەر، ڕۆماننووس، وەکو شاعیرێکی ئەم سەردەمە، دەبێ شتێک بڵێم. کاتێک، کە دەنگم بەرز و زوڵاڵ دەبێ موریدانی ئەو پارتە ئەو لایەنە حزبییە تورە دەبن، بۆ تورە دەبن؟ من نووسەرم، چەکم هەڵنەگرتووە، خەنجەرم لەدەست نییە، قەڵەم بەدەستم، ئێوە خوێن دەڕژێنن من مەرەکەب دەڕژێنم.

**– دەکرێ بزانین لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بیروباوەڕی تۆ چییە؟**

+ من کوردم، من کوردستانیم، دەوڵەتی کوردیی یەکێکە لەئامانجە گەورەکانی من، کورد هەر دەبێ دەوڵەتی هەبێ، دەوڵەت هەبێ تەواو، کێ ئەو ئامانج و ڕێبازە بەرز بنرخێنێ و بڵێت من بۆ ئەو ڕێبازانە تێدەکۆشم دەستخۆشیان لێ دەکەم.

سەرەتا من لایەنگری پەکەکە بووم، چونکە دەیانگوت: ئێمە سەبەخۆیی و دەوڵەتمان دەوێت. ئەو دروشمە گەورەیە وەکو موگناتیس سەرنجی منی ڕاکێشا و بەربووە گیانم، پاشان من دیتم، کە ئەوە درۆیە وا نییە، بۆم دەرکەوت، کە ئەوە پڕوباگەندەیەکی حزبییە.

**– یانی هیوایەتی تۆ، تەنیا دەوڵەتی کوردییە،**

**بەهەر چەشنێک بێت، ئەو دەوڵەتە ستەمکار بێ و دیکتاتۆر بێ، تۆ هیچ کێشەیەکت نییە؟**

+ ئا، ئا.

**– چۆن ئا، ئا؟**

+ هەر دەوڵەتی ئێمە ستەمکار نییە، سەرەتا دەمەوێت بڵێم بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتی دەسەڵات ستەمکارە، ڕەنگە تا ڕادەیەک یەکسانی هەبێت، چونکە ئۆپۆزسیۆن دروست دەبێت، دەبێ ئەو هەڵەیە نەکرێ، لەبەر ئەوەی دەسەڵات ئەو زوڵمە دەکا، دەکرێ دەستنیشانی هەڵەکان بکرێ، قەینا با دەوڵەتی کوردیی دروست ببێت، لەسەر دەستی ئەوەی هەیە، ئەو دەوڵەتە دەتوانێ بەدرێژایی مێژوو پێش بەکەوێت، ڕەنگە دەوڵەتێکی دیموکرات و باشی لێ دەربچێت، گرنگ ئەوەیە لەبن دەستی ئەو دوژمنانە دەردەچێت.

**– تۆ دەمێکە نەچوویتەوە ڕۆژاوا، ئێستە حەز دەکەی بچیەوە ئەوێ؟**

+ بیست و سێ ساڵە، لەوکاتی، کە لە کۆبانێ دەرچووم، تا ئێستە نەچوویمەوە ئەوێ، من حەز دەکەم بەڵام ناوێرم.

**– تۆ کەی و بۆ لە کۆبانێ دەرچووی؟**

+ ساڵی (٢٠٠٠) بوو، سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد تازە مردبوو، لە سوریا سەرۆک نەمابوو، ئامادەکاری بۆ کوڕی سەرۆک دەکرا، منیش نیەتم هەبوو دەرچم، لەڕەوشی سیاسیی بێزار ببووم، مەجالم نەبوو بەئازادیی بنووسم، بە کوردیی بنووسم، وەکو تەیرێک لە قەفەس دابووم، دەمویست بە ئازادیی بفڕم، بڕیارم دا و گوتم دەچمە ئەورووپا، لەگەڵ خێزانەکەم ڕێککەوتین، پشتی خۆم لە کۆبانێ کرد و چوومە ئەڵمانیا، لەوساوە من نەگەڕامەوە کۆبانێ، بەڵام چەند جارێک چوویمە باکوور، چوومە نزیکی سنوور، تەماشام کرد، تێرتێر گریام و فرمێسکم باراند و هاتمەوە.

**– تۆ ساڵی چەند زەماوەندت کرد؟**

+ ساڵی ١٩٩٩

**– چەند منداڵت هەنە؟**

+ دوو کچ، یەکیان ناوی (مەی)یە یانی شەراب، ئەوی دیکەش ناوی (پەری)یە

**– ئەو ناوانەت بە چ خەیاڵ و مەبەستێک لێناون؟**

+ من دەرچووی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیم، لە شیعری کلاسیکی کوردیی زۆر باسی (مەی) دەکرێ خانی و جزیری و نالی و هەموو ئەوانە باسییان کردووە، گوتم ناوی (مەی) لەنێو کوردان نییە، کەس ئەو ناوە دانانێت، ڕەنگە شەرم بکەن، ناوی (مەی- شەراب) لە منداڵەکانیان بنێن، پێشتر بڕیارم دابوو، ئەگەر کچم ببێت ناوی لێدەنێم (مەی) وەک بۆخۆشم زۆر حەز لە مەی دەکەم.

پەری-ش، لەنێو کوردانی ڕۆژاوادا ناوێکی زۆر دەگمەن بوو، منیش هەردەم لەدوای شتی دەگمەن دەگەڕێم، گوتم ناوی (پەری) هەم لەسەر زار سووکە، هەم خۆش و مۆسیقیشە.

**– ئەی ناوی جان دۆست، ناوی ئەسلی خۆتە، یان نازناوە؟**

+ ناوێ جان دۆست نازناوە، ئەگەرنا ناوی خۆم موحەممەد حوسێن بوو، هەر لەسەرەتای منداڵیم، کاتێک دەستم بە نووسینی شیعر کرد، ئەو نازناوەم هەڵبژارد، بە مانای هاوەڵی ڕۆح، کاتێکیش چوومە ئەڵمانیا ئەو نازناوەم کردە ناوی ڕەسمی خۆم.

**– سەرەتای ژیانت لە کۆبانێ و لە سووریا چۆن بوو، زیاتر خەریکی چ بووی، چۆنت دەگوزەراند؟**

+ لەسووریا، هەر لەکۆبانێ بووم، وەک لە کۆبانێ لەدایکبووم، تا ساڵی (٢٠٠٠) کە تەمەنم (٣٥) ساڵ بوو، لەکۆبانی دەرچووم، ئەوەند هەبوو بۆ خوێندنی بایۆلۆژی چوومە حەلەب. نزیکەی سێ ساڵ لە بەیروت سەرباز بووم، وەک سەربازێکی (ئارتێشی) سوریا، پاشان هەر لەکۆبانێ بوومە مامۆستای زمانی عەرەبیی و بایۆلۆجیا. پاشان کاروئیشی سەربەخۆم کرد، ڕۆژنامەنووس و نووسەر بووم، دوکانم هەبوو.

**– دوکانی وەکو چی؟**

+ لە کۆبانێ دوکانێکی بچووکم هەبوو، کەلوپەلی دوورمانم دەفرۆشت. ماوەیەکیش بوومە بازرگان.

**– باسی ڕۆژنامەنووسیت کرد، لە چ ڕۆژنامەیەک**

> **"پەنجا کتێبم خوێندەوە، بۆ ئەوەی ڕۆمانی مژاباد بنووسم، لەوەش زیاتر بۆ نووسینی ئەو ڕۆمانە چوومە مەهاباد"**

**و چۆن ئەو کارەت کرد؟**

+ ساڵی ١٩٩٢ چوومە ئیستانبوڵ، دواتریش چەند جارێکی دیکەش چووم، لەوێ بوومە پەیامنێری ڕۆژنامەی (وڵاتی مە) کە بەکوردیی دەردەچوو، پاش دروستبوونی کۆماری تورکیا یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بوو، بەئاشکرا دەردەچوو.

**– تۆ ئەوکاتە موسا عەنتەرت دەناسی؟**

+ پێش تیرۆرکردنی بەدوو مانگ، لە ماڵەوەی لە ئیستانبوڵ سەردانیم کرد، ئەو بەڕاستی کاریزمایەکی گەورە بوو، کاتێک کە چوومە خزمەتی هەستم پێکرد، کە ئەو مرۆڤە بۆ کورد تەمەن درێژ بێت، زۆر باسی مردنی خۆی دەکرد، هەر دەیگوت، ئەگەر ساغ بمێنم، نەکوژرێم، مردن نەبێت، دەبێت ئەوها بم. پێش ئەوەی بچمە لای کتێبێکی ویم خوێندبۆوە بەناوی (برینا ڕەش) ئەوە یەکەم کتێبی کوردیی بوو، کە خوێندمەوە، چونکە کتێبی کوردیی بەدەست نەدەکەوت.

**– باسی ئەوەش دەکرێت، کە ئەو کتێبەی موسا عەنتەر، یەکەم کتێبی کوردییە لە باکوور چاپ کرابێت؟**

+ بەڵێ یەکەم کتێبی کوردیی بوو، کە لە باکوور چاپکرا، لەپاش ئەوەی، کە کۆماری تورکیا دامەزرا.

**– تێگەیشتنت بۆ سەلیم بەرەکات چۆنە؟**

+ سەلیم بەرەکات کەسێکی گەورەیە، ئەگەر کورد نەبایە، ئێستە لەوڵاتانی عەرەبیی پەیکەری بۆ دروست دەکرا، من زۆر چوومەتە وڵاتانی عەرەبیی وەک: مەغریب، تونس، قاهیرە و ئیمارات، خوێنەری عەرەب زۆر حەزیان لە سەلیم بەرەکات-ە چونکە زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئافراندنێکی تایبەتە بە سەلیم بەرەکات، ئەگەر ئەو زمانە لەهەر کوێ بخوێنمەوە دەزانم، ئەوە سەلیم نووسیویەتی، پەنجە مۆری ئەوەی پێوەیە، هەموو گوناهێکی ئەوەیە، کە کوردە، من بۆ یەکەم جار ڕۆمانی (ئەلریش)ی ئەوم تەرجوومەی کوردیی کرد.

**– زیاتر بە کامە ڕۆماننوس سەرسامیت؟**

+ ئەوانەی لای من تایبەتن، سەلیم بەرەکات و ژۆزێ سارماگۆی پورتوگالییە.

**– ساراماگۆی، ئەوەی کە ڕۆمانی (کوێری) نووسیوە؟**

+ ئای، کە ڕۆمانی کوێری عەجیبە، ڕۆمانێکی دیکەشی هەیە بەناوی (قابیل) لای من ئەو ڕۆمانەی زۆر خۆشترە لە ڕۆمانی کوێری، هەرچەندە ڕۆمانی کوێری جیاوازە، بەڵام ڕۆمانی قابیل زیاتر لەمن نزیکە، چونکە لە فیکری ئایینیی وەرگیراوە و کردوویەتیە بنچینەی ڕۆمانەکەی، کەسایەتی قابیل کوڕی ئادەم، قابیل و هابیل. قابیل کاراکتەرێکی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کە لەڕێی ئەوەوە ڕەخنە لە دینداریی و دیانەت دەگرێت.

**– بۆ، تۆ کەسێکی ئاییندار بوویتە؟**

+ بەڵێ من ئاییندار بووم، مەلاش بووم.


**– هەربەڕاستی مەلا بووی، چۆن؟**

+ لەسەرەتای گەنجییەتیم مەلا بووم، چونکە باوکم مەلا بوو، باوکم منی ئامادەکرد ببمە مەلا، دەرسی قورئان، خوتبە و پێشنوێژی لە ڕۆژانی هەینی، هەمووی فێرکردم، ئیدی خوتبە، پێشنوێژ و بانگیشم دەدا، مەلای بەڕاستی بووم، بەڵام ئیجازەی مەلایەتیم وەنەگرتبوو. ئەوە بۆ من ئەزموونێکی باش بوو، حەزم لێ دەکرد سوودیشم لێ وەرگرت، چونکە مەلایەتی زانینە.

**– ئەی بۆ وازت لێ هێنا؟**

+ وازم لێهێنا، ڕۆژێک لەگەڵ باوکم قسەم

**"فەرهاد پیربال، فەیلەسوفە، شاعیرە، ڕۆماننووسە، مامۆستایە، کەوتۆتە حاڵێکی خراپ، چ دەبێ ئەگەر یارمەتی بدرێ"**



کرد و گوتم: بابە من حەزم لێیە واز لەخوتبە و پێشنوێژی بێنم، چونکە من گەنجێکم دەچمە بازاڕ پانتۆڕ لەبەر دەکەم، ستایلی من وایە، کە دێمە سەر مینبەریش دەبێت مەندیل لەسەر بنێم و کراسی سپی لەبەر بکەم، ئەوە لەگەڵ یەکدی ناگونجێن.

**- لێرە لە باشوور بەکێ سەرسامی و بەرهەمی کێ دەخوێنیتەوە؟**

+ من کوردیی ناوەڕاست، کەم دەخوێنمەوە، ناتوانم، زوو ماندوو دەبم، لاپەڕەک دوو لاپەڕە دەخوێنمەوە، تێناگەم، بێزار دەبم.

هەرچەندە لێرە هاوڕێم زۆرن، وەک بەختیار عەلی لە نزیکەوە دەیناسم، لە ئەڵمانیا چەند جارێک بینیومە، عەتا موحەممەد، ڕۆمانێکی ویم بە عەرەبیی خوێندۆتەوە، شێرزاد حەسەن، فەرهاد پیربال، چەند ڕۆمانێک و کورتە چیرۆکی ویشم خوێندوونەتەوە.

**- ناوی فەرهادت هێنا ڕات چییە لەسەری؟**

+ فەرهاد پیربال مرۆڤێکی گەورەیە، بەلام دەروونی تێکچووە، من بەڕاستی زۆر حەزم لە بەرهەمەکانی فەرهادە، کۆمەڵگەی کوردیی زوڵمی لێکرد. خۆشی زوڵمی لەخۆی کردووە، بەلام مرۆڤێک کاتێک، کە زوڵمی لەخۆی کرد، دەبێ دەستی بگری، نەک هۆکار بیت، کە زوڵمێکی زیاتر لەخۆی بکات. من دەبینم برادەران وێنەی دەگرن، ئەوە ئەگەر لە ئەوروپا بێت ڕێگە نادرێت، ئەو وێنانە بڵاوبکرێنەوە. فەرهاد پیربال، فەیلەسوفە، شاعیرە، ڕۆماننووسە، مامۆستایە، کەوتۆتە حاڵێکی خراپ، چ دەبێ ئەگەر یارمەتی بدرێ.

**- کۆمێنتی تۆ چییە لەسەر وەرگێڕان لە کرمانجییەوە بۆ سۆرانیی؟**

+ ئەوە جێگەی داخە، بەلام چی دەکەیت ناچارییە، ناکرێت چاوەڕێ بین تا هەردوولا فێری شێوەزاری یەکدی دەبین

**- بەرهەمی نووسەرانی سۆرانیش کراونەتە کورمانجیی؟**

+ بەڵێ هی شێرزاد حەسەن، فەرهاد پیربال، بەختیار عەلی و عەتا نهایی، ئەوانە هەمووی وەرگێڕدراونەتە سەر شێوەزاری کرمانجی.

**- لەنێوان هەردوو شێوەزاری سۆرانیی و بادینیی، تۆ کامەیان هەڵدەبژێری، پێت وایە کامەیان دەوڵەمەندترە؟**

+ سۆرانیی بە نووسین دەوڵەمەندترە، بەلام فەرهەنگی کرمانجیش دەوڵەمەندە، زۆر دەوڵەمەندە بەلام هەندێک شت هەن، من دەبینم کتێبی فەلسەفە لە سۆرانی زیاتر بەرهەم دێن و چاپ دەکرێن.

**- ئەمە بۆ وایە؟**

+ پەروەردە ڕۆڵی زۆری هەیە لە باکوور شێوەزاری کرمانجی زمانی پەروەردە نییە، زمانێکە هەر کەس بەشێوەی خۆی فێردەبێ.

**- بەلام زمانی کۆمەلایەتییە؟**

+ نا، هەتا زمانی کۆمەلایەتیش نییە، وەرە برۆ دیاربەکر، کە ئێمە دەڵێین پایەتەختی کوردستانی باکوورە لەبازاڕ و لەدەر و دەشت هەمووی بە تورکی قسە دەکەن.

**- لەئەڵمانیا خەریکی چ بوویت؟**

+ لەئەڵمانیا سەرەتا خەریکی یەکلاکردنەوەی کێشەی پەنابەری بووم، هاتوومەتە وڵاتێکی نوێ، زمان نازانم، ئەو کۆمەڵگەیە ناناسم بەمن ڕازی نیین، من هەر بیانیم، تا ئێستەش بیانیم، چاوم ڕەشە، پێستم سپی نییە، دواجار دەبێت، فێری زمان ببم، پاشان دەبێ ئیش بکەم، نابێ بێ ئیش بم، دەوڵەت بۆ هەرکەسێک، کە ئیقامەی وەرگرتووە پارەیەکی کەم تەرخان دەکات، بەلام بە چاوێکی زۆر کەم تەماشات دەکەن. هەر وەک ئەوان دەڵێن، دەبێ ئیشێک ببینمەوە، منیش دەستم بەئیش کرد

**- مەبەستت ئەوەیە کۆمەڵگایەکی داخراون؟**

+ داخراوە، بەڵێ داخراوە، زەحمەتە دەربازی نێو کۆمەڵگە ببی، کەم کەس هەنە لە وێندەر سەرکەوتن بەدەست بێنن، کەم کەس هەنە دەتوانن دەربازی ئەو کۆمەڵگایە ببن، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی، کە نەمتوانی، لەو کۆمەڵگەیە تێبگەم و بچمە نێویان.

"من کوردیی ناوەڕاست، کەم دەخوێنمەوە، ناتوانم، زوو ماندوو دەبم، لاپەڕەک دوو لاپەڕە دەخوێنمەوە، تێناگەم، بێزار دەبم"

# هونــــەر

- **هونەرمەند تایەری خەلیلی و تیپی هونەری چەوساوەکان**

جەمالی دەلاک

# هونەرمەند تایەری خەلیلی و
# تیپی هونەری چەوساوەکان

**لەپشتی هەر وێنەیەک، بە دڵنیاییەوە مێژوویەک هەیە، ڕۆژ و مانگ و ساڵی چرکاندن و کەسایەتییەکانی نێو وێنەکە، بەچی مەبەست و مەرامێک وێنەکە گیراوە؟**

جەمالی دەلاک

ئەو وێنەیەی لەبەر دییەی ئێوەی بەڕێزدایە، بەسوپاسەوە وەرگیراوە، بەڵام بەنووسین ئاماژە بە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان درابوو، هەرچەندە منیش کەوتمە هەمان هەڵەوە، تا برای هونەرمەند و مامۆستا و پێشمەرگە و ئەندامی دێرینی تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەندامی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان هونەرمەند (دلێر ئیبراهیم) بۆی نووسیم، کە هونەرمەندی پێشمەرگە تایەری خەلیلی لەگەڵ ئێمە (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان) کاری هونەریی نەکردووە، دواتر گەڕام و بیرم کردەوە ئەگەر تیپی مۆسیقای شەهید کارزان نەبێت، بێگومان ئەوە تیپی هونەری چەوساوەکانە، چونکە لەوێنەکەدا هونەرمەند (مەجید خۆشناو)ی ژەنیاری لەپشت هونەرمەند تایەری خەلیلی-یەوە ڤیۆلۆن دەژەنێ، پەیوەندیم پێوەکرد، وێنەکەشم بۆنارد، دەربارەشی پرسیارم لێ کرد ، وێڕای سوپاسگوزاریی بۆ ئەو یادەوەرییە جوانە، پێی ڕاگەیاندم: زۆر بیرم نەماوە ئەکرێ لە لالۆی هونەرمەند بپرسی ئەوە تیپی هونەری چەوساوەکانە و زانیاریی زیاتر لەلای لالۆی هونەرمەندە.

پەیوەندیم بە هونەرمەندی سروودبێژ لالۆ ڕەنجدەر-ەوە کرد، بە لوتف و خۆشەویستییەکی زۆرەوە وەڵامی دامەوە و زانیاریی لەسەر وێنەکە پێ دام و گوتی: (ئەوە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ لە سورداش، هونەرمەندی پێشمەرگە تایەری خەلیلی، لەگەڵ تیپی هونەری چەوساوەکان بەشداربوو)١

بەرلەوەی زانیاریی زیاتر لەسەر وێنەکە بنووسین لە دیدی هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەرەوە، دەبێت ئاماژەیەک بە ناسینی تیپی هونەری چەوساوەکان بدەم و بزانین ئەو تیپە هونەرییە بەرگرییە کێ بوون و بەرهەمەکانیان چی بوون؟

نووسەر و پێشمەرگە (دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس شەریف) ئەو تیپە هونەرییە بەوشێوەیە پێناسە دەکات و نوسیویەتی (تیپی هونەری چەوساوەکان لەساڵی ١٩٨٢ لەچەند پێشمەرگەیەکی هونەرمەند و کۆمەڵێک پێشمەرگەی هونەر دۆست پێکهاتبوو، بەپێچەوانەی تیپەکانی دیکە، ئەم تیپە گەڕۆک بوو، لە گوندە ئازادکراوە دوورە دەستەکانی دەستی ڕژێمی بەعس چالاکی هونەرییان ئەنجام دەدا، یەکێک لە چالاکییەکانی، لە کۆتایی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان بەسروودی شۆڕشگێڕانە دەڕازاندەوە و سروودبێژ (لالۆ ڕەنجدەر) داینەمۆ و دامەزرێنەری ئەم تیپە بوو، سروودەکانیان ئاوێتەبوو لەدەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی، ئازادبوون لەدانان و گوتنی جۆری سروودەکان، نموونەی سروودەکانیان (ئەنتەرناسیونال، ئەی شەهیدان، بەندینخانە، هەڕنە پێش، دەمی سەنگەر، پارتیزانیی، دایە ماڵئاوا،

ئاڵای سوور، کارگەرین جەنگاوەرین، دەبێ فاشییەکان، ڕێی خەباتمان، یازدە سوارەکەی، ئەی هاوڕێیان و وڕوکاس و سەرگەردان نیم)٢

دواتر هونەرمەندی سروودبێژ لالۆ ڕەنجدەر، زانیاری فرەتری دەربارەی وێنەکە پێدام و گوتی: تیپی هونەری چەوساوەکان، تیپێکی هونەری بەرگری گەڕۆک بوو. سەبارەت بەم وێنەیە، دەمەوێت باس لەو ئاهەنگ و ڕۆژە مێژووییە بکەم، ئەوانەی لەبیرم ماون، جگە لەبەندە، هونەرمەندان: مامۆستا مەجید خۆشناو ژەنیاری کەمانچە، ئەسکەندەر ژەنیاری ئۆکۆردیۆن، شێرزاد ژەنیاری زەڕب بوو، داناعەسکەر و شەهید عوسمانە بچکۆل و کۆمەڵێک پێشمەرگە کۆرس بوون، ئێمەش سێ سروودبێژ، بەسروودەکانمان بەشداریمان کرد.

لەو ئاهەنگەدا هونەرمەند تایەری خەلیلی سروودی (هێزی پێشمەرگە نابەزن)ی خوێند:

***(هێزی پێشمەرگە نابەزن هەموو شۆڕشگێڕن ئەمڕۆ***

***شەهیدبوونمان شانازییە دایکان بۆمان مەکەن ڕۆڕۆ)***



نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤، سورداش (تایەری خەلیلی لەگەڵ تیپی هونەری چەوساوەکان)

ئەو سرووده (ئاوازو هۆنراوەی هونەرمەند تایەری خەلیلی خۆیەتی) (ج،د).

هونەرمەند ناسری ڕەزازی، ئەویش بەسروودی (ئەی پێشمەرگەی هەڵمەتبەر) لەگەڵمان بەشداربوو.

***(ئەی پێشمەرگەی هەڵمەتبەر***

***ئەی جەنگاوەری دڵ ئاگرین***

***ئەی شۆڕشگێڕی چەک لەشان***

***بەبیروبڕوا پۆلاین)***

ئەم هۆنراوەیە هی فاتیح شێخولئیسلامی، ناسراو بە (چاوە)یە ئاوازەکەشی هی ناسری ڕەزازی)یە ( ج،د).

دواتریش من بەسروودی (ئەی بەندینخانە) بەشداریم کرد.

سروودی (ئەی بەندیخانە) هۆنراوەکەی هی هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەرە) لەدیدارێکمدا لەگەڵ هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر لەساڵی (٢٠٢١) سەبارەت بەو سرووده دەڵێت: (بەڵێ هۆنراوەکەی هی منە، دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێم، کە دوو کۆپلەی سروودەکە (شەهید شەماڵی باخ) بۆی زیاد کرد، ئەویش دەرئەنجامی ئەو زامە پڕ سوێیە بەو ڕۆحە پڕ ئازارەوە، کە (دکتۆر ڕێبازی) برای بەدیل گیراو لە قەسابخانەکەی مووسڵ لەسێدارە درا، شەهیدکردنی براکەی بووە هەوێنی ئەو دوو کۆپلەیە،

سەبارەت بە میلۆدییەکەی دەبێت بڵێم، کە من سوودم لە گۆرانییەکی هونەرمەندی خۆشەویست کاکە (حەسەن گەرمیانی) وەرگرت، گۆرانییەک بەناوی (زەردەی دەم کەل) هەندێک دەستکاریم کرد، ئاوازی ئەو گۆرانییە هی هونەرمەندی ژەنیاری گەورە و ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی مامۆستا (خالید سەرکار)ە.

لەکۆتایی یادەوەرییەکانیدا هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر، ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم کە (بەداخەوە لەگەڵ دەستپێکی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانمان کارەبایان لێ کوژاندینەوە، بەبێ ئامێرەکانی دەنگ ئێمە هەربەردەوام بووین و بەرهەمەکانمان پێشکەش کرد و لەلایەن جەماوەری ئامادەبووی ئاهەنگەکەشەوە پێشوازییەکی گەرممان لێکرا.

بەهیوای ئەوەی توانیبێتم زانیاریی لەسەر ئەو وێنەیەی هونەرمەند تایەری خەلیلی، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٩) ساڵ لەمەوبەر بە ئێوەی خۆشەویست ببەخشم .

- هونەرمەند (تاهیر حوسێن عەبدوڵڵا) ناسراو بە تایەری خەلیلی، لەدایکبووی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٥٦.

- هونەرمەند (ڕەنجدەر مستەفا عاسی) ناسراو بە لالۆ ڕەنجدەر، لەساڵی (١٩٥٦) لە خانەوادەیەکی هەژاری شاری کەرکووک چاوی بە تاڵیی و شیرینەکانی ئەم ژیانە پڕ مەینەتی و کوێرەوەرییە هەڵهێناوە.

- هونەرمەند (ناسر ساڵەح محەمەد ئەمین) ناسراو بە ناسری ڕەزازی، لەڕێکەوتی (١٩٥٥/٦/٢١) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە.

هونەرمەند (مەجید سەعید خدر خۆشناو) ناسراو بە مەجید خۆشناو، لە ساڵی (١٩٥٣) لەهاوینەهەواری شەقڵاوە لەدایکبووە.


هیوای تەمەنداری و ژیانێکی پڕ تەندروست و پڕ بەهەمی هونەری بۆ هونەرمەندان ( تایەری خەلیلی، ناسری ڕەزازی، لالۆ ڕەنجدەر و مەجیدخۆشناو ) دەخوازم.

هەولێر (٢٠٢٣/٥/٧)

**سەرچاوە :**

**١- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەندی سروودبێژ لالۆ ڕەنجدەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٢١**

**٢- کتێبی سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاریی کوردی لەکرمانجی خوارووداـ لاپەڕە ٢٠١٢**



# خوێندنەوەی کتێب

- ***ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی-ی و چەند سەرەقەڵەمێک***

ڕابەر ڕەشید


# ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی-ی و چەند سەرەقەڵەمێک

دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی «ئەودیو بێدەنگی»ی هیوا پشتیوان، وەکو خوێنەرێک، نەک شارەزا و پسپۆڕ، چەند سەرەقەڵەمێک دەربارەی ڕۆمانی ناوبراو دەخەمەڕوو، هیوادارم تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی، ببێتە هاندەرێک بۆ سەرجەم گەنجانی هاوتەمەنی کاک هیوا و ئەوانیش ئەسپی خۆیان لەم مەیدانە تاوبدەن و لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەیان بنەخشێنن.

نووسینی ڕۆمان هونەرێکە و هەموو نووسەر و ئەدیبێک ناتوانێت خۆی لە قەرەی بدات و لەنێو شەپۆلەکانیدا بکەوێتە باسکەمەلە و لەوبەری کەنارەوە سەرکەوتووانە ئارام بگرێت و خۆی نمایش بکات.

شارەزایانی هونەری ڕۆمان، ڕایانگەیاندووە، کە ڕۆمان وەک ڕەگەزێکی ئەدەبیی هونەرێکی تێکچڕژاو و ئاڵۆزە و پێویستیی بە سوارچاکی خۆیەتی، تاکو بتوانێت تیایدا سەرکەوتوو بێت.

ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتیی بریتییە لە: «ڕەگەز و نووسراوێکی ئەدەبیی درێژتر لە چیرۆک، یان گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێزانەی دووروودرێژە، لە کات و شوێنی دیاریکراو باس لە چەند کەسایەتی و ڕووداوێک دەکات. دەکرێ ڕۆمان خەیاڵی بێت، یان لە ڕووداوی ڕاستییەوە وەرگیرابێت و بە بەرگێکی ئەدەبیی ڕازاندرابێتەوە، چونکە تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکان نابنە ڕۆمان»



رابەر ڕەشید

لەنێو ئەو گێڕانەوانەش: هەڵبژاردن و ڕێکخستنی بیرۆکەکانی ڕۆمانەکە و زۆر خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی کاراکتەرەکان، سەرەکی و لاوەکییەکانیان، زمانزانیی و دەوڵەمەندیی نووسەر لە وشە و دەربڕین و گرنگیی کات و شوێن و بوونی چەندین پرسیاری وەڵامنەدراوە، لە کۆتایی هەر بەشێکی ڕۆمانەکە، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، ناونیشان و نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگی ڕۆمانەکەش، ئەمانە هەر هەموویان ڕۆڵی خۆیان لە نووسین و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو دەگێڕن. سەربارەی ئەوەی ماریۆ یارگاس یوسا لە کتێبی (چەند پەیامێک بۆ ڕۆماننووسە لاوەکان) لەپەیامی یەکەمیدا دەڵێت: «یەکەم هەنگاوی ڕۆماننووس خۆی لە بەرجەستەکردنی حەزو مەیلی نووسەر دەبینێتەوە، لە ئارەزووکردنی لە ئەدەب، ئەوەش لە میانی یاخیبوونی لە واقیع و ڕەتکردنەوەی ژیان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو ژیانە بە یەکێکی دیکەی باشتر، کە خودی ڕۆماننووسەکە دروستی دەکات». کە چەندین هەنگاو و خاڵی بنەڕەتی و مەرجی پێویستی دیکە هەن، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بنووسێت و ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەران، لەو هەنگاوانەش:

چیرۆکێک هەڵبژێرێت لەگەڵ خودی نووسەرەکەدا بگونجێت، واتە لە ناخی نووسەرەوە هەڵبقوڵێت و هەستی پێ بکات.

ڕووداوی ڕۆمانەکە هەڵقوڵاوی ئێشوئازاری نووسەرەکە، یان کەسانی دەوروبەری بن، بۆ ئەوەی بتوانێت داهێنانی تێدا بکات و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەکەوێتە نێو بابەتەکان.

چوونە نێو ناخی کەسایەتیی کاراکتەری ڕۆمانەکەوە، وەک ئەوەی خۆی ببێت بە کەسی دیکە، لە ڕووی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەوە.

بەخشینی توانای زۆر و پشوودرێژیی و بەهرەی سرووشتیی.

ئاوێتەکردنی واقیع و خەیاڵ.

دوورکەوتنەوە لە درێژدادڕیی وەڕسکەرانە، کە خوێنەر بێزار دەکات و لە بایەخی ڕۆمانەکەش کەم دەکاتەوە.

ئارامگیری و سووربوون لەسەر ئەنجامدانی

نووسینی ڕۆمانەکە و تەواوکردنی.

خوێندنەوەی بەردەوام و زۆری ڕۆمان و چیرۆک.

(ئەلیس هۆڤمان) بەوە ئامۆژگاری ڕۆماننووسەکان دەکات، کە لە کاتی نووسینی ڕۆمانێک، ڕۆمانی کەسی دیکە نەخوێننەوە، بۆ ئەوەی زمانی نووسەر تێکەڵ بە زمانی ڕۆماننووسێکی دیکە نەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێویستە بەر لە نووسینی ڕۆمانەکە، زۆرت خوێندبێتەوە.

ئەوەی گرنگە لە نووسین، ئاگاداربیت لەوەی نووسین هونەرە، نەک زانست.

ئاگاداربوون لە هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی.

پاشخانێکی دەوڵەمەند بە وشەو ڕێزمان و شێوازی دارشتن و زانیاریی گشتی.

مەرج نییە یەکەم ڕۆمان بۆ بڵاوکردنەوە بنووسیت، بەڵکو با یەکەم و دووەم ڕۆمانیشت وەکو ڕەشنووس و مەشق و ڕاهێنانی خودی خۆت بێت.

هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ نووسین، سبەینانی زوو بە باشترین کات دادەنرێت.

پێداچوونەوەی ڕۆمانەکە زۆر گرنگە، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی ڕەشنووسەکە، بە دڵنیاییەوە وشەو دەستەواژەی نوێ و لەوانەیە بیرۆکەی نوێش بۆ نووسەر بێت، یان هەندێک پرسیار پێویستییان بە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێت.

کەواتە ڕۆمانی «ئەودیو بێدەنگی» لە کوێی ئەم بنەمایانەی نووسین جێگەی خۆی دەگرێت؟ وەکو بەرهەمی گەنجێکی ئەم سەردەمەی نێو جەنجاڵییەکانی باشووری کوردستان لە چ ئاستێک دایە؟

هیوا پشتیوان لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی لە ساڵی ٢٠٢١ تەمەنی نۆزدە ساڵان بووە، ئەم تەمەنەش بۆ نووسینی ڕۆمان، لە ڕووی ئەزموونەوە زۆر سەرەتایە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و واقیعی هەنووکەیی باشووری کوردستان، کە گەنجان بە لێشاو بەرەو هەندەران لە پێشبڕکێی بەجێهێشتنی ئەم بەشەی نیشتمان دان، هەڵبەتە ئەمەش بێ هۆ نییە، کەچی هیوایەکی گەنج دێت و لە جیاتی ئەوەی ئەویش بێ ئومێدانە بەرەو هەندەران ڕەو بکات و خۆی بدزێتەوە، دێت، بیر لە گۆڕینی واقیعی تاڵی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە و لە ڕووانگەیەکی چینایەتییەوە بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانەکەی دادەڕێژێت و زۆرینەی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەی بە سەرەکی و لاوەکییەوە لە چین و توێژە هەژار و بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەستنیشان دەکات و زیرەکانەش لە ڕووی تەکنیکەوە ڕۆمانەکەی دابەشی سەر سێ هێڵ دەکات:




هێڵی سەرەکی: لە ٢١ بەش چڕی دەکاتەوە، وەکو هێڵی سەرەکیی ڕۆمانەکە ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن و کاراکتەرەکان نمایشی ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەگێڕن.

هێڵی گێڕانەوە بە فلاش باک، کە کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی فلاش باکەوە (گێڕانەوە) باسی خۆشەویستیی خۆی لەگەڵ ئەرسی دەکات، بۆ ئەمەش لە چوار قۆناغی جیاواز باسی ئەو خۆشەویستییە دەکات بە ناونیشانەکانی: ئەرسی چارەگی یەکەم، ئەرسی چارەگی دووەم، ئەرسی چارەگی سێیەم و ئەرسی چارەگی چوارەم.

هێڵی زیندەخەوی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، کە لە ڕێگەی ئەو زیندەخەو و خەیاڵانەوە لەنێو چەقی ڕووداوەکان دەخولێتەوە، وەکو: ئەودیو دۆزەخی نەبوونی، ئەودیو مەرگی خەونەکان، ئەودیو نەخۆشێکی بێ دەرد، ئەودیو مەرگ، ئەودیو زەنگی تەلیفۆن و ئەودیو بێدەنگی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵە سەرەکی و پێداویستییانەی مەرجن لە هەر ڕۆماننووس و ڕۆمانێکدا هەبن، ڕۆمانی «ئەودیو بێدەنگی» تا چەند توانیویەتی ببێتە مایەی سەرنجی خوێنەر؟ لە کاتێکدا ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی، یەکەم ڕۆمانی گەنجێکی زانکۆیە و لە دووتوێی

ڕۆمانەکەش چەند بابەتێکی گرنگی وەکو پێکهاتە و ژیانی چینایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە، پرسی نەتەوەیی و بارودۆخی دژوار و نائاسایی باشووری کوردستان، پرسی کۆچکردنی گەنجان بەرەو هەندەران، پرسی ڕاگواستن، ئاوارەیی و دەربەدەریی لەنێو نیشتمانی خۆت و پرس و قوربانییەکانی داعش و لەنێو ئەو هەموو گێژاوانەش، گەنجێکی زانکۆ جیاواز لە گەنجەکانی دیکەی ئەم بەشەی نیشتمان لە خەمی خوێندنەوە و کتێب و پرسی گەلەکەی هاتۆتە دەنگ و بە ڕۆمانێک، کاروانی ئەدەبی کوردیی دەگەشێنێتەوە.

**ئەو دیو بێدەنگی لە ڕووی زمانەوانی و داڕشتنەوە:**

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، هەست بە لەنگیی زمان و داڕشتن و ڕێزمان ناکات، مەگەر بە دەگمەن، بەڵکو بە زمانێکی سادەی پڕ لە وشە، زاراوە، دەستەواژە، دەربڕینی بە بڕشت و واتادار، گفتوگۆ و

> ***هیوا پشتیوان لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی لە ساڵی ٢٠٢١ تەمەنی نۆزدە ساڵان بووە، ئەم تەمەنەش بۆ نووسینی ڕۆمان، لە ڕووی ئەزموونەوە زۆر سەرەتایە***

مشتومڕ (دایلۆگ)ی نێوان کاراکتەرەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەشێوەیەک وا هەست دەکەیت نووسەری ڕۆمانەکە، کەسێکی زمانزان و خاوەن توانایەکی باشە لە بواری زانستی زمان، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەکانی (گەشتنامە، تەتەڵە، قۆشمەچی، دۆزەخ، مۆرە، تەڕەماش، سەیروسەمەرە، جەستەی تەنی، ڕایی دەکات، شپرزە، داخورپان، ئاشووب، مژۆڵبوون، بەرکەوتە، چەکەرە، بیانوو، بێ ئۆقرە، بێ حەوسەڵە، ئەفسووس، مۆتەکە، مینا، وەڕەز، دەستەوەستان، ئاتاج، گورز، سەراسیمە، گۆشەگیر، دەستوپێ سپی، بەلەنگاز، هەپروون هەپروون، خەیاڵپڵاو، شەقار شەقار، پەناگرتن، مکوڕ، تۆزقاڵێک، گەمژانە، بڕست، ناسۆری و ئاریشە) ئەمانە و چەندین وشە و زاراوەی ئەدەبیانەی دیکە، کە خوێنەر لە ڕۆمانی گەورە نووسەراندا دەیانخوێنێتەوە.

سەربارى بەکارهێنانی چەندین وشەی شێوەزاری کرمانجی وەکو (مینا، بەلەنگاز و ئاریشە)و چەندین وشەی دیکە.

لە ڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی دەستەواژەی پڕ واتاوە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەی، دەربڕین و دەستەواژەی ئەوتۆی نووسیوە، کە خوێنەر دەبێ لە ئاستیاندا ئیستێک بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکات، وەکو لە: لاپەڕە نۆ بەشی سێیەم: (ئەزیزی منی مامۆستا گیان، بەڵام باوەڕ بکە بۆمان نالوێ، باوەڕ بکە لە قەرز بێزارم، باوڕ بکە ئێستاش چاوەڕێی قەرزی پێرارم)

لێرە نووسەر پەنجە دەخاتە سەر ئەو برینە کێماوییەی، کە ساڵانێک مامۆستایان و تەواوی مووچەخۆران بە دەست وەرگرتنی نیوەمووچە و چارەگە مووچەوە تاڵاوی مەرگیان بە گەروودا کراو شەرمەزاری نانەواخانە و میوەفرۆش و دوکاندارەکانی گەڕەک و شار بوون، ئەمەش کاتێک مامۆستایەک دێت و داوای بایی پێنج هەزار نان لە وەستا فەرە دەکات، بەڵام ئەو بەو دەستەواژەیەی سەرەوە وەڵامی دەداتەوە و داوای لێبووردنی لێ دەکات، هەڵبەتە بایی پێنج هەزار نان، نیشانەی ئەوەیە، کە مامۆستا خاوەن خێزانێکی زۆرە و بەنیوە مووچەش پێڕاناگات، بۆیە داوای بردنی نان بە قەرز دەکات.

لاپەڕە١٢ بەشی چوارەم: «لە نزیک یەکێک لە باخچەکانی کۆلێژ، لەسەر ئەسکەملێک دانیشتوویت، کتێبێکت بە دەستەوەیە، نامۆ دەردەکەویت، دەزانی بۆ؟ چونکە کتێبت بە دەستەوەیە، ئێرە زانکۆیە، زانکۆ! شوێنی ڕابواردنی گەنجان و خۆنمایشکردنی کچانە، نووسینگەی هاوسەرگیرییە، شوێنی لووتبەرزیی مامۆستایانی زانکۆ و خۆدەرخستنیانە، ئێرە کەی شوێنی خوێندن و فێربوون و خۆ بەرەو پێشبردنە؟»

ئەم بۆچوون و دەربڕینە هەر لە ختوخۆڕایی نەبۆتە زادەی دەربڕینی بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرە، بە داخەوە، ئەوە دەسەڵاتێکی خۆماڵییە بە بەرنامە کاری لەسەر سووککردنی بەهای خوێندن و زانکۆو تەواوی بوارەکانی پێگەیاندنی مرۆڤ کردووە. ئاخر چ تاوانێکی گەورەیە، خوێندکاری زانکۆ بگاتە ئەو ئاستەی زانکۆ بە نووسینگەی هاوسەرگیریی بچوێنێت، نەک خۆپێگەیاندن و بە دەستهێنانی زانست و زانیاریی. یان هەڵسوکەوتی مامۆستایەکی زانکۆ وا لە خوێندکارێک بکات، وەکو پەرچەکردار تایەی ئۆتۆمبێلەکەی مامۆستاکەی پەنچەر بکات، وەک ئەوەی لە هەمان لاپەڕە و بەشدا دەڵێت: «بیرت دەکەوێتەوە، ئەوکاتەی ئەریوانی هاوپۆلتیان لە کۆلێژ دوورخستەوە، لەسەر ئەوەی تایەی ئۆتۆمبێلی یەکێک لە دکتۆرەکانی زانکۆی تەقاندبوو».

نووسەر لەبەرئەوەی دایکی کەرکووکی-یەو خەڵکی شارۆچکەی پردێیە، خۆیشی هاموشۆی ئەو دەڤەرەی زۆرکـــردووە، دەیـەوێ پرسی کـەرکـووک و ئاوارەیی کەرکووکییەکانیش بخاتە بەر سێرە نیگای شەنوکەوکردنی دۆزی شارێکی داگیرکراو، بۆیە لە ڕێگەی شەهرامی خوێندکاری زانکۆوە دەکەوێتە پەیدۆزی تاووتوێکردنی خەمەکانی ئەو شارە، بڕوانە لەسەر زاری شەهرام و لە ئەنجامی گفتوگۆی لەگەڵ هاوڕێیەکی، چۆن کەرکووک دەخوێنێتەوە: «ئێمەی کەرکوکی هـەر ئـاوا دەربـەدەر نەبووینە؟ شازدەی ئۆکتۆبەر گووی خستە ژیانمانەوە... لە ژیانم تەنیا دوو جار گریاوم! تەنها دوو جار! دە ساڵ دەبووم خانووەکەمان سووتاو ئاگری تێبەربوو، دایکم ڕزگاری نەبوو، سووتا، زۆر گریام زۆر، یەکەم ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی من بوو. دووەمیان شازدەی ئۆکتۆبەر.. ئاخ! ئەو ڕۆژە هەرچۆنێک بوو کەرکوکمان جێهێشت». «کورە سووتا! چۆن دایکم سووتا و ئیدی نەماو برینێکی لە سەر دڵی من دروست کرد، کەرکوکیش هەروا سووتاو ئیدی نەما». بەپێی تەمەنی شەهرام بێت، کە لە دە ساڵان خانووەکەیان سووتاوە و دایکیشی لەنێو خانووەکە سووتاوە، دەبێ لە کاتی کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١و دووبـارە داگیرکردنەوەی کەرکووک بووبێت لەلایەن سووپای بەعسەوە. زۆر زیرەکانەش مـەرگی دایکی و لـە دەسـتدانی کـەرکـووک لـە سایەی دەسەڵاتی حزبی کوردییەوە ئاوێتەی یەکدی دەکات، کەواتە کەرکووکیش هاوشێوەی دایکی لای کوڕە گەنج و خوێندکارێکی کەرکووکی گرنگە، وەلێ بزانە چۆن ئەو تاکە کارایەی کۆمەڵگەیان ئیفلیج و نائومێد کردووە.

لاپەڕە ٢٧ بەشی حەوتەم: هەڵتۆقانی لە ناکاوی هەندێک دەوڵەمەند لە هەولێر دەکاتە خاڵی مەبەست و لەوێوە دۆخەکە بـەر تیری نێو کەوانی توانجەکانی دەدات و دەڵێت: «یانی نازانم ئەم خەڵکە ئەم هەموو پارەیە بە چی پەیدا دەکات؟ چۆن وا زوو لە دەستی دەچێت؟ چەشنی پڕکردنی پەرداخێک ئاو، گیرفانی پڕ دەکات هـەروەک ئاوخواردنەوەش بە چەند چرکەیەک هەموو پارەکەی نۆش دەکات!» بۆ ئەمەش باسی بوونی کۆمپانیای بێ بنەما دەکات، کە چۆن قۆڵی چەندین کەسیان بڕیوەو دواتر هەڵاتوون و پارەی کەسیان نەداوەتەوە، یان چۆن کەسانێکی بێ کەسایەتی لە شار، دوای ئەوەی دەوڵەمەند دەبن، ئیدی دەبنە کەسایەتییەکی ڕێزداری شار.

لاپـەڕە ٣٣ «ئاوایە برا دونیا دونیای سەرمایەداری! پارەت نەبێت هیچی» لەهەمان لاپەڕە: لە گفتوگۆی نێوان شەهرام و ئیبۆی ئاگر و هەڵدێردا دەڵێت: «کاک هەڵدێر سبەی ڕۆژ ئەیەوێت کە زانکۆکەی تەواوکرد، ماستەر بخوێنێت! باشە کاک هەڵدێر پارەت نەبێت ئەتوانی ماستەر و دکتۆرا بەدەست بهێنیت؟ ها ئەتوانیت؟ ناوەڵا، برا لێرە گەر پارەت هەبێت، نەک ماستەر و دکتۆرا، هەرچی بڕوانامەیەک بتەوێت دەتوانی بەدەستی بخەیت..» بەداخەوە ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی بەشێکی زۆری ئەو هەموو کۆلیژ و زانکۆ ئەهلییانە بەدەستهێنانی بڕوانامە وەکو خواردنەوەی پەرداخە ئاوێکی لێهاتووە، بەڵام وەکو نووسەری ڕۆمانەکە دەڵێت: «ئەگەر پارەت هەبێت»

هەر لە هەمان بەش و هەمان لاپەڕە، شەهرام، کە کوڕە کەرکووکییەکی ئاوارەی دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرە و ئاوارەی هەولێر بووە. دەڵێت: «نەفرەت لە گۆڕی ئەوەی گوتی: پارە خۆشبەختی ناهێنێ، نەفرەت» ئەمە قسەی کوڕە



**هیوا پشتیوان، نووسەری ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگیی**

کەرکووکییەکی خوێندکاری زانکۆیە. تۆ سەیرکە چ واتایەکی مەبەستدار لە پشت ئەم دەستەواژەیەوە هەیە، کە گەنجێکی کەرکووکی سەر دەریای نەوت ئەوە واقعی حاڵی بێت.

لاپەڕە ٤٤ بەشی یانزە: «ئایە گەر شارێک هەبێت و دانیشتوانەکەی تێیدا لاڵبن و کەسیان نکارن زمان بۆ وتنی شتێک بەکاربهێنن!» تۆ سەیری واتا و مەبەستی پشت ئەم دەستەواژەیەوە بکەو بزانە چۆن لەو شارەدا ئازادیی ڕادەربڕین بڤەیە و مرۆڤ هەر قسە نەکات باشترە و لە شاری وادا زمان بەڵای سەرە.

لاپەڕە ٥٤ بەشی (ئەودیوی مەرگی خەونەکان): بڕوانە، لە ڕێگەی زیندەخەوی کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەوە، چۆن لێکچواندنێک لەنێوان دەریا، نەهەنگ، مرۆڤ و ژەمە خۆراکێک دەکات، کاتێک دەنووسێت: «ئەوەی ئێستا

**لە ڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی دەستەواژەی پڕ واتاوە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەی، دەربڕین و دەستەواژەی ئەوتۆی نووسیوە، کە خوێنەر دەبێ لە ئاستیاندا ئیستێک بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکات**

هیناویانە بەلەمێکی شڕی ڕاوەماسییە و ژەمێکی زۆر سووکە بۆ ئەم دێوە شینە فراوانەی بڕیاروایە بە نێویدا تێپەڕین».

لاپەڕە ٥٨ بەشی (ئەرسی چارەگی سێیەم): بڕوانە لە خۆشەویستیی ئەرسیدا هەڵدێری کاراکتەری سەرەکی چی دەڵێت: «وای ساردی چ ئازارێکە بۆ دڵی ئاشق! بە ئاشق بێت دولبەرەکەی بێت و چەقۆیەک بەنێو هەناویدا بکات، دوای ئەوە بێت و مشتێک خوێ بەسەر ئەو شوێن برینەیدا بکات، تەنهاو تەنها ساردی نەنوێنێت..» ئەم لێکدانەوەیە ڕێک لە ئێشوئازارو خەمی پیرە ئاشقێکی کەنەفت دەچێت، کە هەموو ژیانی لە خۆشەویستیی کەسێکدا بەهەدەر دابێت و دواتر دلبەرەکەی بێوەفایی لەگەڵ کردبێت.

لاپەڕە ٦١ بەشی سیانزە: «ئیشق و خۆشەویستی هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی نیوەکەی تری خود) وا دیارە نووسەر لە ڕووی سایکۆلۆجیشەوە زانیاریی هەیە، ئەگەرنا لە کوێ بتوانێت چەمکێکی وا هەستیار لە دووتوێی دەربڕینێک کۆ بکاتەوە؟

لاپەڕە ٦٣ بەشی چواردە: «خەمێک هەیە چەند ڕۆژێکە وەڕەزی کردوویت، چەند ڕۆژێکە گەدەت ناوە ناوە دەکزێتەوە» لە ناوەڕۆکی زانستییانە و تەندروستییانەی ئەم دەستەواژەیە بڕوانە، چۆن بوونی خەمێک، کە خەمی ئەرسیی دڵدارییەتی بە کزانەوەی گەدەیەوە گرێ دەدات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاستی ڕۆشنبیریی گشتیی نووسەر دەردەخات. پێشتر لە باری سایکۆلۆژیا، هەنووکەش لە بواری تەندروستییەوە، چونکە هۆکارێکی سەرەکیی کزانەوەی گەدە و نەخۆشییەکانی هەوکردنی گەدە، تێکچوون و شڵەژانی باری دەروونی کەسەکەیە.

لاپەڕە ٦٥ بەشی (ئەودیو نەخۆشێکی بێ دەرد): «لە کۆڵانی پزیشکانم، نەخۆش نیم و هەزار و یەک دەردم هەیە» بەڕاستی ئەم هەزار و یەک دەردە پانتاییەکی فراوان بۆ لێکدانەوەی خوێنەر بەجێدەهێڵێت، وای لێ دەکات هەڵوەدای خوێندنەوەی ڕستە و لاپەڕەکانی دیکەی ڕۆمانەکە بێت و لێی بێزار و وەڕس نەبێت.

لاپەڕە ٧٢ بەشی پازدە: لەسەر زاری مەلۆی قاچاخچییەوە دەڵێت: «هەرگیز بۆنی خیانەتتان کردووە ئێوە؟ بۆنی خیانەت لە بۆنی پیسایی هەرچی ئاژەڵ هەیە پیسترە» کە لە واتاو مەبەستی پشت ئەم دەربڕینەی ورد دەبیتەوە، لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، تۆ وەرە قاچاخچییەک ئازاری ویژدان وای لێ بکات، خیانەت بە پیسترین شتی سەر ڕووی زەوی بچوێنێت، ئەی دەبێ خیانەتە گەورەکانی دیکە شایانی چواندن بە چی بن؟!

لاپەڕە ٨١ بەشی شازدە: «مەردوومی بێهیوا، چ جیاوازییەکی لەگەڵ مردوودا نییە». نووسەر ڕاستگۆیانە دێتەگۆ و مرۆڤە بێ هیواکان بە مردوو دەچوێنێت، واتە ئەگەر مەردوومگەلێک هەبن و لە ژیاندا بێ هیوا بن، ئیدی دەبێ ئەوانە دەست لە خۆیان بشۆن، بەڵام ئەو هیوایەک دەداتەوە بەر ئەو بێ هیوایانە و وا لە کاراکتەری ڕۆمانەکەی دەکات، کە پیاسە بکات و بە پیاسە بیر لە هیواکانی بکاتەوە و لەگەڵ هاوڕێکانی و ئەوانەی لە دەوروبەرین بکەوێتە گفتوگۆ و زانیاریی تازە لە بارەی تەلاری زانکۆکەیانەوە دەست بکەوێت، کە کاتی خۆی زیندان بووە و خەڵکی تێدا لە سێدارە دراوە و تۆش ئەوێ بەجێدەهێڵیت و بابەتی زانکۆکەتان و زیندان و لە سێدارەدان و ئەو قوتابییەی گریا هەست و بیرت سەرقاڵ دەکەن.

لاپەڕە ٨٤ بەشی شازدە: «دەگریم بۆ باوکم.. بۆ

زانکۆیەک کە داهاتوویێکی خنکێنراوی تێدایە» دەبێ داهاتوویەکی خێنکێنراو چی بێت، جگە لەوەی ئەوانەی لەوێوە دەردەچن و دێنە نێو کۆمەڵگەوە کەسانێکی چەپێندراو و بێدەنگکراو نەبن، ئەگەر مەبەست ئەوە نەبێ، ئەی دەبێ چ واتایەک لە خۆبگرێت؟!

لاپەڕە ٨٥ بەشی حەڤدە: «لە وڵاتێکین جگە لە شکاندنەوەی یەکتری شتێکی تر نازانین» لەهەمان بەش و لاپەڕە: «پارەت نەبێت هیچ کەس بە مرۆڤت نازانێ» لەهەمان بەش، لە لاپەڕە ٨٦: «دەکرێت قۆشمەچیترین کەس، غەمگینترین کەسی دونیا بێت» گومان لەوەدا نییە، کە دەکرێ ئەم دەستەواژانە هەر یەکە و ببنە ناونیشانی بابەت و چیرۆک و ڕۆمانێک، ئاخر بۆچی لە وڵاتێک بژین تەنیا پیشەمان شکاندنەوەی یەکدی بێت، ئەوەی پارەی نەبێت بە مرۆڤی نەزانین و چۆن قۆشمەچیترین کەس غەمگینترین کەسی دونیا دەبێت؟ چ واتایەک لە پشت ئەم دەربڕینانەوە هەیە؟

لاپەڕە ٨٩ بەشی هەژدە: «سووتا... ئیبۆی ئاگر لە نێو ئاگردا سووتا!.. هەر وەکو چارەنووسی دایکی، هەر وەک چارەنووسی کەرکوک، چارەنووسی شەهرامیش سووتان بوو» نووسەر زۆر زیرەکانە چارەنووسی مەخمورییەک و کەرکووکییەک، کە هەردووکیان لەسەر بیرە نەوت و زێڕی ڕەشن، لە سایەی دەسەڵاتێکی خۆماڵی، لەنێو ئاگر و لە ئاوارەیی و لە کاتی پەیداکردنی پاروو نانێک دەسووتێن و دەبنە قەرەبرووت، لە ڕاستیدا ئەمە گرێچنێکی زیرەکانە و بەیەکدی بەستنەوەی وردی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە و چۆتە قووڵایی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و دێت و لە تابلۆیەکی سادەی ئاگرین، ئاگر لە ڕۆحمان بەر دەدات.

لاپەڕە ٩١ لە بەشی ئەو دیو مەرگدا دەڵێت: «ئەو خەمەی لە ناخی مندایە، نە بە هاوارو نە بە گریان دەرنابڕدرێت.. مینا چۆلەکەیەکی بەلەنگازی بەر باران... لەسەر تەنافێک وێستاوم و خۆم دەخۆمەوە» تۆ سەیرکە کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئاستی خۆخواردنەوە ئیدی ئومێدەکانی سست دەبن، وەلێ هێشتە چۆکی دانەداوە و بە یەکجاری خۆی بە دەستەوە نەداوە، وەکو ئەو چۆلەکەیەی، کە هەرچەندە لەبەر بارانیش تەڕ و خۆی کرووشکە کردبێت، بەڵام لەگەڵ هەر مەترسییەک لە شەقەی باڵ دەدات و دەست بە ژیان دەکاتەوە.

لاپەڕە ٩٢ بەشی فلاش باک ئەرسیی چارەگی چوارەم: «برۆ لە ناوەندی بازاڕ هاوار بکە، هەڕاجە وشە! وەرن وشەمان لایە، وشەی جوان و پەمەیی! بزانە لە کاژێرێکدا هەزار و یەک تف و نەفرەتت بۆ دێت یاخود نا؟» هەرچەندە وەڵامی ئەو بۆ ئەو قسانە خۆشەویستییە، بەڵام وەکو هەردی گوتەنی: «هەر بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە».

ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە نووسەر زیرەکانە و بە مەبەستەوە ڕێکەوتی مەرگی «مەشخەڵ» کە نموونەی گەنجی کوردی خێر لەخۆ نەدیوە، بە ڕێکەوتی یادەوەری تاڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە (٣/١٦) دەبەستێتەوە و ناچارکردنی گەنجانی شار و نیشتمانەکەی بە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەچوێنێت، تەنیا لەڕووی ساڵەکانەوە جیاوازییان هەیە، وەلێ پێیوایە ئەمە دووبارەبوونەوەی نەهامەتییەکانە، کە بەسەر میللەتەکەمان دێت و بەشێک لە تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان.

**نووسەر لەبەرئەوەی دایکی کەرکووکی-یەو خەڵکی شارۆچکەی پردێیە، خۆیشی هاموشۆی ئەو دەڤەرەی زۆرکردووە، دەیەوێ پرسی کەرکووک و ئاوارەیی کەرکووکییەکانیش بخاتە بەر سێرە نیگای شەنوکەوکردنی دۆزی شارێکی داگیرکراو**

### لە ڕووی پێکهاتەی کاراکتەرەکانییەوە:

لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە: بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت، سەرخانی کۆمەڵگە، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە، ژێرخانی کۆمەڵگە، کە مرۆڤ تێیدا دەژێت. نووسەر زۆربەی کاراکتەرەکانی لەنێو واقعی کوردەواری و نزیکی خۆیەوە هەڵبژاردووە و ڕۆڵی پێ سپاردوون و ئەوانیش گوێڕایەڵانە داواکانی نووسەریان جێبەجێ کردووە:

هەڵدێر کاراکتەری سەرەکی و خوێندکاری زانکۆیە و خەڵکی شاری هەولێرە، نووسەریش بە هەمان شێوە خەڵکی شاری هەولێرە، وێڕای ئەوەی خوێندکاری زانکۆیە، کە خودی نووسەریش خوێندکاری زانکۆیە، خەریکی کاری نانەواییە، نووسەریش لەنێو خێزانێک گەشەی کردووە، لە باپیرانییەوە خەریکی پیشەی نانەواییین. شەهرام، ئەگەر هەڵە نەبم هاوڕێی زانکۆیی خۆیەتی و وەکو کاراکتەرێک ڕۆڵی گەنجێکی کەرکووکیی پێ بەخشیوە، کە چۆن جارێکی دیکەش لە ئەنجامی

ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئاوارەی هەولێر بۆتەوەو لەبەر هەر هۆکارێک بێت توانای گەڕانەوەی نییە بۆ کەرکووک. ئیبۆی ئاگر، کوڕە مەخمووریيەکە. وەستا فەرەی نانەواش لەوانەیە کاراکتەری نانەوایەکی ناسیاوی خۆیان بێت. ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆ، کە هەر یەکەو خەڵکی شوێنێکن. حوسێنەسوور، لە خێزانێکی هەژار و نەدار و بەدبەختی ئەم نیشتمانەیە.

کەسایەتیی هەڵدێر زۆر لە کەسایەتیی خودی نووسەرەوە نزیکە، خوێندکاری زانکۆیە، بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ناچارە کاری شاگردی نانەواخانە بکات. مەلۆی قاچاخچی و شارۆچکەی پردێش دوو شوێن و کاراکتەری نزیکی واقیعی خودی نووسەرن، چونکە خۆی بە پردێ ئاشنایە و چەند قاچاخچییەکی خەڵکی پردێش هەن. پرسی خۆخنکاندنی حوسێنە سوور لە خانوویەکی تەواونەکراوی نزیک ماڵی خۆیان، کتومت ڕووداوێکی ڕاستەقینەی تەنیشت ماڵی باپیری نووسەرە، کە لە

**کەواتە نووسەر واقعی تێکەڵ بە خەیاڵ کردووە و زیرەکانەش گرێچنی کردوون و وەستایانەش هەنگاو بە هەنگاو بێ ئەوەی هەست بە درز و کەلێنێک بکەیت لەنێو ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی دەتبات**

شارێکی دیکە ڕوویداوە.

کەواتە نووسەر واقعی تێکەڵ بە خەیاڵ کردووە و زیرەکانەش گرێچنی کردوون و وەستایانەش هەنگاو بە هەنگاو بێ ئەوەی هەست بە درز و کەلێنێک بکەیت لەنێو ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی دەتبات، مەبەستیش بە دەستەوە دەدات، هەرچەندە کۆتایی ڕۆمانەکە پڕ لە خەم و ناسۆر و تراژیدیایە، چونکە ئیبۆی ئاگری مەخمووری و شەهرامی کەرکووکی لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکە لەنێو ئاگری خۆگەرمکردنەوەی پەیداکردنی پاروو نانێک دەسووتێن و دەبنە قەرەبرووت. هەڵدێریش، کە کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لە ئەنجامی نووسین لە بیرۆکەی خۆکوشتن دوور دەکەوێتەوە و دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە ئیدی «لێرە هیچ مەردوومێک لە وشە تێناگات، کەواتە هەرچی بنووسیت و بڵێیت بێسوودە و هەر بێدەنگییەکە جوانترە لە ئەودیو بێدەنگی».

**لە ڕووی هەڵەی ڕێنووسەوە:**

تا ڕادەیەک هەڵەی چاپی کەمە، بەڵام بێبەشیش نییە لە هەڵە بۆ نموونە:

ل٢٣ول٢٦ دێڕی ٢٤و٥ خوێندەوەی: خوێندنەوەی، ل٢٥ دێڕی١٩ کەوتە لەرز: کەوتنە لەرزین، ل٥٢ دێڕی٢١ دوای وشەی: دوا وشەی، ل٥٣ دێڕی٩ لەگەڵی: لەگەڵ، ل٨٨ دێڕی٤: مزگەوتەکان: مزگەوتەکە، ل٨٨ دێڕی١٦: هەوڵەکانی: هەواڵەکانی، ل٩٤ دێڕی١٤ داوای: دوای، ل١٠٣ دێڕی٢٢ سیری: سەیری.

**لە ڕووی نەخشەسازیی ناوەڕۆک و بەرگەوە:**

١١٠ لاپەڕەیە.

قەبارەی لاپەڕەکانی (A٥)ە، واتە (١٤،٨سم×٢١سم).

قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆک: تا ڕادەیەک وردەو چاوی خوێنەر ماندوو دەکات.

نەخشەسازیی ناوەوە: زۆر بە سادەیی کراوەو بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

نەخشەسازیی بەرگ: سەرنجڕاکێش نییە و ڕەنگی بەرگەکەی و ڕەنگی ناونیشانی ڕۆمانەکە زۆر لە یەکدییەوە نزیکن، چونکە ڕەنگی بەرگی کتێبەکە ڕەشێکی کاڵە و ڕەنگی ناونیشانەکەش ڕەشێکی تۆخە، واتە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر چاوی بینەر نابێت، کەواتە ڕەنگی بەرگی کتێبەکە و ڕەنگی ناونیشانەکە زۆر لە یەکدییەوە نزیکن، کە ئەمە پێچەوانەی هونەری بەکارهێنانی ڕەنگە.

قەبارەی ناونیشانی ڕۆمانەکە و قەبارەی ناوی نووسەر لەیەک نزیکن، هەرچەندە لەڕووی ڕەنگەوە جیاوازییان هەیە.

پانتاییەکی زۆری بەرگەکە بە بەتاڵی هێشتراوەتەوە، کەچی ناونیشانەکە و ناوی نووسەر و ئەو مۆنتیڤەی کە پێ دەچێت تایبەت بە ناونیشانی ڕۆمانەکە کێشرابێت، پاڵەپەستۆیەکی زۆریان کردۆتە سەر یەکدی. کە دەکرا کەمێک لەیەکدی دووربوونایە.

ناوی وێنەکێشی مۆنتیڤەکە نەنووسراوە.

ڕۆمانی ئەودیو بێدەنگی لەلایەن ماڵی کتێب بە سپۆنسەری «سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەورووپی- ETTC» چاپکراوەو نرخی ٣ هەزار دینارەو لە چاپخانەی تاران چاپکراوە و لە کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٩١)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

# لەبری بیرەوەریی

- **لەگەڵ ڕووداوەکان - بەشی (٢)**

دکتۆر جەمیل عیسا

- **بیست و هەشت کاتژمێر لە شارەکەی حەمۆڕابی و نەبوخزنەسر**

محەمەد گۆران






**دکتۆر**
**جەمیل عیسا**

**بەشی**
**دووەم**

## چۆن بووم بەپێشمەرگە

کارێکی وا ئاسان نییە، کەسێک دایک و باوک و کەسوکاری بەجێ بهێڵێت، ئەگەر پاڵنەرێکی نیشتمانپەروەریی و لەخۆبووردن نەبێت. هەمووومان دەزانین پێشمەرگایەتی ژیانێکی کوولە مەرگی و بەرخوودانە، ژیانێکی سەخت و دژوار، ژیانێکی ئەوتۆیە هەمووکات دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکەیت، کە ڕەنگە شەهید بیت، دوژمن هیچ بەزەییەکی بە پێشمەرگە و کەسوکارەکەی نایەتەوە، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدایە هەموو کاتێک لەناویان بەرێت و ڕیشەکێشیان بکات.

ئەو کاتەی بوومە پێشمەرگە، ساڵێک بوو زانکۆی بەغدام تەواو کردبوو، لە ماڵەوەش لەگەڵ کەسوکارەکەمدا بەردەوام خەریکی کاری ڕەنجبەری و کشتوکاڵ و تووتن و بەروبوومی دیکە بووین.

ژیانی لادێ و جووتیاری لەو سەردەمانە سەخت و دژوار بوو، ژیانێک بوو لەتاریکستانی بێ کارەبا و بێ ئاوی خواردنەوەی خاوێن و ماندوو بوون و شەونخونی، بۆیە دەکرێ بڵێین ژیانی پێشمەرگایەتی لەم ژیانەیان خۆشتر بوو.

بیری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی و خۆشەویستی خاک و وڵات زیاتر پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر ببنە پێشمەرگە ڕوو لە شۆڕش بکەن.

شۆڕشی ئەیلول، بەحقیقەت شۆڕشێکی گرنگ و چارەنووسساز بوو، چونکە لەدوای شێخ مەحموودی نەمر لە کوردستانی باشوور، پێش ساڵی (١٩٦١) هیچ جووڵانەوەیەک و شۆڕشێکی دی بەرپا نەبوو بوو، لە (١١)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) بڵێسەی شۆڕش لەهەموو ناوچەکانی کوردستان لە دژی ڕژێمی (عبدالكريم قاسم) گڕی سەند، بەهۆی ئەوەی بەدەم داخوازییەکانی گەلی کوردستانەوە نەهات و داواکاریە ڕەواکانی میللەتی کوردی ڕەتکردەوە.

حکوومەت دەستی بە بۆردوومانکردنی ئەو ناوچانە کرد، کە بنکە و بارەگای پێشمەرگەی لێ بوو. لە شاری کۆیە بە فڕۆکە بۆردوومانی (مەریێن قەدیشە) و پردی تۆپزاوەی لە گوندی تۆپزاوە کرد. پێشمەرگە بارەگایان لەنێو مەریێن قەدیشە بوو، بەسەرۆکایەتی مەحموود ئاغای کاکە زیاد غەفوری، عەزیز ئاغاش یاریدەدەری بوو.

وەرز، وەرزی پایز بوو تووتن و شینایی بەرەو کۆتایی دەچوو، خەڵک هەموویان شڵەژابوون، چونکە پێشتر شتی وایان بەچاوی خۆیان نەدیتبوو، هەربۆیە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن ڕووی لەشاری کۆیە کرد.

(حەنا کەریم ئیسحاق) یەکەم پێشمەرگەی مەسیحیی بوو لە گوندی هەرمۆتە، لەگەڵ هێزەکەی مەحموود ئاغای غەفووری دابوو، تفەنگێکی سێتیری پێ بوو.

ئەوکات شۆڕش چەکی باشی نەبوو، ئەوەی هەشبوو چەکە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانیی و ئینگلیز بوو، زۆرجار لەکاتی هێرشبردن بۆسەر بنکە و بارەگای پۆلیس چەکیان بە چەنگ دەکەوت، وەکو چەکی (سێتیر، ئینگلیزی، پۆلۆنی،

ماوزێر و تفەنگی تری ڕاوکردن) بەڵام ساڵ بەساڵ ئەو چەکانە زیاتر دەبوون بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە فراوانتر دەبوون. ئەو بارەگایانەش زیاتر لەنزیک شاری کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان بوون.

گوندی حاجی قەڵا یەکێک بوو لەو بارەگا سەرەکیانەی دەوروبەری کۆیە و گوندەکانی دەوروپشتی بوو بوونە شوێنی حەوانەوە و هەواڵپرسین و گۆڕینەوەی نامە و پەیوەندیکردن، گوندی هەرمۆتەش هەمووکات پڕ بوو لەپێشمەرگە، خەڵکەکەش هاوکاری و نان و پێداویستی و پێخەو و کەرەستەکانی بۆ دابین دەکـردن، نامەی پێشمەرگە زۆر دەپێچرایەوە، هاوشێوەی چوکلات و بەتێپ گرێ دەدرا بۆ ئەوەی بە بچووکی لەنێو باخەڵ بشاردرێتەوە، هـەر هێزێک تەتەری خۆی هەبوو، لە گوندەکانیش، بۆ خرکردنەوەی ئازووقە، دابەشکردنی پێشمەرگە و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بنکە و بارەگاکان لێپرسراوی حزبییان دانابوو.

شەوانە، بۆ خواردن و نووستن و هەواڵپرسین و نامە ناردن و چەک گۆڕینەوەو بردن بۆ نێو شار بەدەیان پێشمەرگە دەهاتنە گوندی هەرمۆتە، ئەو ئەرکانەیان خستبووە سەر شانی ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە. ئەو ساڵانە (وەستا بویە ـ بویا کەریم زەرد) لێپرسراوی گوندی هەرمۆتە بوو، چالاکانە کاری خۆی ڕادەپەڕاند.

ئاگری شـۆڕش تا دەهـات گەشتر دەبـوو، پێشمەرگە بەرگری زیاتری دەکرد و شەڕی ئازایانەیان بەرانبەر سووپای عیراق دەکرد، تا ساڵی (١٩٦٣) بەم شێوەیە بەردەوام بوو.

لە (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) ئینقلاب (کودەتـا) بەسـەر عەبدولکەریم کرا و بەعسییەکان هاتنە سـەر حوکم، ئەمانە بە دڕندەترین شێوە، دژی شۆڕش و نەتەوەی کورد هاتنە مەیدان، حوکمی عورفی و عەسکەرتاری و شۆڤێنی و نەتەوە پەرستی عەرەبی بەعسیانە زیاتر ڕەنگی دایەوە، لە کۆیە تەها شەکرچی گەروە ئەفسەر و ئامر لیوای (١٤)ی پیادە بوو. لـەرۆژی (١٩٦٣/٧/٧) کۆمەڵە کەسێکی بێتاوانی لەو شارە گرت و لەدینگەی ناو شاری بەستانەوە و گولله بارانی کردن دوو لەو کەسانە مەسیحی بوون بەناوەکانی (حنا یووسف توما) وە (حنا عەبدولکەریم) و شەهیدکران ژمارەی شەهیدەکان (٦) کەس بوون.

ئەو دڕندەیە ڕۆژانە بەنێو شاری کۆیە دەسووڕایەوە و خەڵکی بێتاوانی گولله باران دەکرد، دەستی لەهیچ نـەدەپـاراسـت، لـە کوشتنی شـوان، گـاوان، ڕەنجبەر و کـرێکار، خەڵکێکی زۆریـش گیـرابـوون ڕەوانـەی بەندیخانەکانی کەرکووک و باشووری عێراق کرابوون.

هەر لەو ماوەیە (حەرەس قەومی) کە ئەمانەش بەشێک بوون لەمەنزومەی بەعسییەکان، بۆ تاڵانکردن ڕوویان کردبووە کوردستان، لە دەشت و چیاکان خەریکی بردنی مەڕومالات، مانگا، ئێستر، کەر بوون، هەرچی ڕەشەوڵاخ هەبوو دەیانبرد و ڕاپێچەکی باشووریان دەکرد.

ئەو ڕۆژەی، کە ئەمانە هاتنە شاری کۆیە و دەوروبەری، خەڵکلەدەشتودەربوون،مەڕومالاتی(گوندیهەرمۆتە)یان ڕاپێچ کرد. زیاتر لە پێنج سـەد سـەر مـەڕی (کەریم ئیسحاق) و پێنج سەد سەر مەڕی (موسا حنا)یان برد، هەرچی گا و ڕانی گوندیش بوو هەموویان پێچایەوە.

**حەنا کەریم ئیسحاق یەکەم پێشمەرگەی مەسیحیی بوو لە گوندی هەرمۆتە، لەگەڵ هێزەکەی مەحموود ئاغای غەفووری دابوو، تەفەنگێکی سێتیری پێ بوو**

حەرەس قەومییەکان ئەوپەڕی بێ ئەخلاق بوون، هەموو کەسێکیان دەپشکنیەوە، تەنانەت ئەگەر یەک عانەشت پێ بوایە دەیانبرد، تاڵانی ماڵەکانیشیان دەکرد، گوارەیان لە گوێچکەی ژنان دەپچڕاند، هەرچی بازنە و ئاڵتوونیش بەر دەستیان بکەوتایە لە ژنانیان دەسەند. حکوومەتی عێراقی ڕێگەی پێدابوون بەناوی (سەر بۆ من و ماڵ بۆ ئێوە)

بەم شێوەیە ئەو حەرەس قەومیانەی بەردابووە گیانی خەڵکەکە، کە زۆربـەیان لە چاوچنۆکەکانی حەویجە، مووسڵ و دەوروبەری کوردستان بوون.

هەر لەو سەردەمانە لەساڵی (١٩٦٤) عەبدولسەلام عارف خۆی کرد بە سەرۆکی عێراق و بەعسییەکانی وەلانا، حوکمی نەتەوایەتی (قەومچیاتی) قەومی عەرەبی پەیڕەو دەکرد.

مفاوەزاتیش لەگەڵ کورد کرا، بۆ ماوەیەک بارودۆخەکە هێور بووەوە، تا ئەوکاتەی بەرووداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە، عەبدولسەلام عارف کۆتایی بەژیانی هات، دوای ئەویش (عەبدولڕەحمان عارف)ی بووە سەرۆک کۆمار، ئەو کەسێکی نەرمونیانتر بوو، بەڵام کێشە و شۆڕشی کورد هەر بەردەوام بوو، نەتوانرا چارەسەر بکرێت.

لەساڵی (١٩٦٤) پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە دوو بەش، بەشێکی بەناوی باڵی مەکتەبی سیاسیی و ئەوی دیکەشیان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمیان ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال ڕابەڕایەتیان دەکرد بەناوی (جەلالی) ناوبانگی دەرکرد، ئەوی دیکەش بەناوی (مەلایی) ناوبانگی دەرکرد.

باڵی مەلایی و جەلالی دژ بەیەک بوون، تا وای لێهات (جەلالییەکان) ڕوویان کردە ئێران و لە شاری (هەمەدان)

**قائمقام پیاوێکی کوردپەروەر بوو بە ناوی (عەلی سلێمان بەهاری) ڕێنمایی کردین و کاراسانی بۆ کردین و نووسراوی بۆ کردین بۆ دائرەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر کار و پیشەی پێشوومان**

مانەوە، تا ئەوکاتەی دەستیان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ حکوومەتی عێراقی.

لەساڵی (١٩٦٨) ئینقلابی بەعسییەکان بەبێ خوێن ڕشتن، بەسەر عەبدولڕەحمان عارف سەرکەوت، بۆیە ناویان نا بە (ثورة بیضاء) واتە شۆڕشی سپی گوایە خوێنی تیا نەڕژا.

ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، بەعسییەکان کەوتنە مفاوەزات لەگەڵ کورد.

لە (٢٩)ی حوزەیرانی (١٩٦٩) بەیانێکیان دەرکرد بەبەخشینی هەندێک لەمافی نەتەوەیی بە کورد و لەگەڵ باڵی (جەلالی) ڕێککەوتن، تا ئەوکاتەی شوێن پێی خۆیان قایم کرد، ئینجا کەوتنە جموجۆڵ و دژایەتی کردنی میللەتی کورد، شەڕی سوپای عێراق و پێشمەرگە گەرمتر بوو، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو

لە ئازاری ساڵی (١٩٧٠) حکوومەتی عێراق لەگەڵ کورد پەیماننامەی (١١)ی ئازاری مۆرکرد و ددانی نا بە حوکمیزاتی بۆ گەلی کورد. ئەم پەیمانە لەلایەن مەلا مستەفا و سەددام حوسێن مۆرکرا، کە بووە هۆی جۆشوخرۆش و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی لەنێو خەڵک، بۆ ماوەی چوار ساڵ کوردستان ئارام بووەوە.

لەو ماوەیەدا ڕێگاوبان و قوتابخانە و خزمەتگوزاری پێشکەش بەخەڵک و شارو گوندەکان کرا، بەڵام حکوومەتی عێراقی هەموو بڕگەکانی بەیانەکەی جێبەجێ نەکرد.

لەو ماوەیەدا هەردوو باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕێککەوتنەوە، ڕێکخستنەکان توندوتۆڵ کران و باڵی مەلایی و جەلالی کۆتایی پێهات.

لەحوزەیرانی ساڵی (١٩٧٢) حکوومەتی عێراقی هەڵسا بەخۆماڵی کردنی نەوت. ئەمە وای کرد کە حکوومەت تەقەشوف بکات بۆ دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت، تا وای لێهات عێراق بوو بە بەرهەمهێنی نەوتی خۆی. ئەمە بووە هۆی غرور و چاو سۆربوونی حکوومەت و جارێکی دی بەگژ کورد دابێتەوە.

لە (١١)ی ئازاری (١٩٧٢) حکوومەتی عێراقی تاکلایەنە یاسای حوکمیزاتی دەرکرد و ئەنجوومەنی تەشریعی و تەنفیزی دامەزراند و هەولێری کردە بەپایەختی حوکمیزاتی.

لەئەنجامی ئەمەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ڕابەرایەتی شۆڕشی دەکرد ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی بەغدایان ڕەتکردە و شۆڕش جارێکی دی سەری هەڵدایەوە و فەرمانبەر و مامۆستا و خێزانەکان و خەڵکێکی زۆر بوون بەپێشمەرگە و شارەکانیان بەجێهێشت. هەندێک لەدەزگاکانی پۆلیس و دەسەڵاتداران بارەگایان پێچایەوە و بەگەڵ شۆڕش کەوتن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی دی کوردستان بکەوێتەوە ژێر باری قورسی شەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، شکستی گەورە بەر حکوومەتی عێراق کەوت، کوژراو و زیانی دارایی و ئابووریی زۆری لێ کەوتەوە. ئەمەش حکوومەتی عێراقی ناچارکرد لەگەڵ شای ئێران ڕێک بکەوێت. لەکۆنگرەی

(ئۆپیک) لەجەزائیر بەسەرپەرشتی (هواری بۆمدیان) سەرۆکی ئەوکاتی جەزائیر، پەیماننامەی جەزائیر لە (١٩٧٥/٣/٦) لەنێوان عێراق و ئێران ئیمزا کرا، ئەمەش دوای دەستبەرداربوونی عێراق لەنیوەی ئاوی (شط العرب) و هەندێ ناوچەی دی لە ناوچەکانی سەر سنوور بۆ ئێران، لەبەرانبەر ئەوەشدا ئێران دەستبەرداری پشتگیری شۆڕشی کورد بێت، لەپێناو دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد.

(موحەمەد ڕەزا شا) شای ئێران بانگهێشتی مەلا مستەفای کرد بۆ تاران و دەقی پەیامەکەی پێ ڕاگەیاند، کە دوو ڕێگاتان لەبەردەمە، یان تەسلیم بوون و کۆتایی هێنان بەشەڕ و پێکدادان، یان بەردەوام بوون لەشۆڕش کردن، پێی ڕاگەیاند، کە ئێران لەمەودوا هیچ یارمەتییەکیان نادات، بەڵکو بەپێی پەیماننامەکە لەدژی شۆڕش ڕادەوەستی و هاوکاری سوپای عێراق دەکات، لەبارەی زانیاری لۆجستی و ئیستخباراتی، هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی کورد.

جەنابی مەلا مستەفا دەستبەرداری چەک بوو، شۆڕش دامرکایەوە و بەهەزاران پێشمەرگە بە ماڵ و منداڵەوە خۆیان بەدەستەوە دا و تەسلیم بەرژێمی عێراق بوونەوە، بەشێکیشیان چوونە ئێران، بەشێکی دیکەش ڕوویان کردە وڵاتانی دەرەوەو (ئەوروپا و ئەمریکا) بەشێکیش لەسوریا گیرسانەوە.

ئەم ڕۆژانە، بەڕۆژە ڕەشەکانی گەلی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە شۆڕش لەو پەڕی بەهێزی دابوو، بەڵام بەچرکە ساتێک هەرەسی هێناو لەنێوچوو.

ئەو سەردەمانەی شۆڕش هەرەسی هێنا (هینری کیسنجر) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، کە بەیەکێک لە بەهێزترین وەزیرەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە دادەنرێت و یەکێک بوو لەو کارەکتەرانەی هاوکاری شای ئێران و عێراق بوو.

حکوومەتی عەسکەرتاری بەعس زۆربەی خێزانەکانی گواستەوە ناوەڕاست و باشووری عێراق، فەرمانبەر و مامۆستاکانیشی بەرەو ئەو ناوچانە گواستەوە، بەمەش نەوەستا، بەڵکو کەوتە چۆڵکردنی گوندەکانی سەر سنوور و ئاوەدانی لەو ناوچانە نەهێشت، پەیمانی لەگەڵ تورکیاش بەست بۆ هاتنە ژوورەوەی وڵات تاکو چل کیلۆمەتر. سەرەڕای ئەوەش کەوتە گیانی هاووڵاتییان و گرتن و تۆقاندن و ئیعدام کردن بوو بە بەشێک لە پیشەیان (تەعریب، تەبعیس و تەهجیر) سێکوچکەی بەعسییەکان بوو.

لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەمانگی ئازاری ساڵی (١٩٧٥) من گەڕامەوە کوردستان، کاروانی خەفەتباریم خستە سەرشان و لەگەڵ هەڤاڵەکانم لەئۆردوگای زێوە بەڕێکەوتین بەرەو شاری سەردەشت و بێوران، بەرەو سنووری کوردستانی عێراق، نەهاتینە شاری قەڵادزێ، بەڵکو بە چیاکان، بەپیادە ملی ڕێمان گرتەبەر، هاتینە چیای ئاسۆس، بەو کێوو هەردەدا تاوەکو گەیشتینە گوندێکی ناوچەکە، شەو لەوێ ماینەوە و دواتریش بەڕۆژی ڕووناک هاتینە سەر زێی بچووک و لەگوندی (تۆربە) پەڕینەوە بەری خۆراوا، بەهەوراز و نشێوەکانی (کلکە سماق) سەرکەوتین و بەرەو دەشتی کۆیە شۆڕبووینەوە، ڕێگەوبانەکان تەنیا پیادە بوو، ڕێگەی ئۆتۆمبێل وەکو پێویست نەبوو. بەرەو ئێوارە گەیشتینە گوندی (شەوگێڕ) ئەو شەوە لەوێ نووستین.

**لەساڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) گواسترامەوە بۆ ئامادەیی کوردستان لە هەولێر، لەوێش بەردەوام بووم لەسەر کاروچالاکی ڕێکخستن، بەتایبەتی سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکانی نێو شاری هەولێر**

پرسیاری شاری کۆیە و ناوچەکەمان کرد دەربارەی خۆ بەدەستەوەدان (تەسلیم بوون) ئێمە هەر بەو لاڕێیانەدا دەڕۆیشتین، بۆ ئەوەی تووشی هیچ مەفرەزە و هێزێکی حکوومەت نەبین، ئەوەشمان لەخەیاڵ دابوو، کە ئەگەر زانیمان گیران و بەندکردن هەیە، یەکسەر بگەڕێینەوە ئێران و بەرەو وڵاتێکی ئەوروپا، یان ئەمریکا بڕۆین، چونکە بەتەواوەتی نائومێد بوو بووین. هەر لە ڕێگەی گەڕانەوەمان دەمان بینی، کە چۆن پێشمەرگە بەخاو و خێزانەوە دەگەڕێنەوە عێراق.

بۆ بەیانیەکەی چووینە نێو شاری کۆیە، چووینە قائیمقامیەتی قەزای کۆیە، قائیمقام پیاوێکی کوردپەروەر بوو بە ناوی (عەلی سلێمان بەهاری) ڕێنمایی کردین و کارئاسانی بۆ کردین و نووسراوی بۆ کردین بۆ

دائیرەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر کار و پیشەی پێشوومان. ئەو کۆمەڵە هەڤاڵە هەموومان مامۆستا بووین: بەندە، موحەمەد حەسەن حەویزی، عەدنانی حاجی سەعید، حەسەن فەرەج، ئەکرەم فەرەج و چەند کەسێکی دیش. هەموومان گەڕاینەوە سەر کاری مامۆستایەتی خۆمان بەناوی (العائدون الی الصف الوطنی) واتە: گەڕاوەکان بۆ ڕیزی نیشتمانیی.

گەڕامەوە سەر پیشەکەم لە ناوەندیی تەق تەق، بەردەوام بووم لەوانە گوتنەوە، بەڵام هەموو کات لەژێر چاودێری دەزگاکانی سیخوڕی دابووین، لەپشووی هاوینی هەر ئەو ساڵە لەڕێی شەهیدی سەرکردە (جەعفەر عەبدولواحید و حەمید بلباس) چوومەوە نێو کاری ڕێکخستن.

بیرمە یەکەم پێگەیشتنمان لە گازینۆی (ئافە)ی برای تایەر تۆفیق بوو. ئەو گازینۆیە (چایخانەیە) دەکەوێتە بەرانبەر پەرتووکخانەی گشتیی کۆیە، کە شوێنەکەی ئێستە بۆتە باخچەی شەهیدانی قورەبەرازە.

**لەڕێی شەهیدی سەرکردە (جەعفەر عەبدولواحید و حەمید بلباس) چوومەوە نێو کاری ڕێکخستن**

شەهید جەعفەر عەبدولواحید، کوڕێکی چاوشینی سپیلکەی جوان، بەژن مام ناوەند، برادەرم بوو، هەر لەسەردەمانی شەستەکان، لە بەغدا پەیوەندی و دانیشتنمان بەیەکەوە هەبوو، پیاوێکی ڕۆح سوک، دەنگخۆش و مۆسیقا ژەن بوو، برای خالد دلێری شاعیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیر بوو.

کاری ڕێکخستن بۆ ئەو سەردەمانە زۆر زەحمەت بوو، چونکە هەمیشە لەژێر چاودێری دابووین، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئێران گەڕابووینەوە، سەددام و حکوومەتی بەعس هەلەکەیان قۆستبۆوە، کە (شۆڕشی کورد) کۆتایی هاتووە و مومکن نییە جارێکی دی پێشمەرگە بچێتەوە شاخ و شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە. سەدامی خوێنڕێژ دەیگوت: ئەگەر دار خورما لەسەر سەرم بڕوێت، جارێکی دی پێشمەرگە لەو شاخە نابینێت. خەیاڵی خاوبوو نەیدەزانی بڵێسە و ژیلەمۆی بن ئاگر وا خەریکە جارێکی دی دەگەشێتەوە و شۆڕش سەر هەڵدەدات. ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) دروست بووە و شانە هۆشیارەکانی کۆمەڵە ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندن دان.

مام جەلال لە سوریا، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، پەیامی دامەزراندنی (ی.ن.ک) لە (١٩٧٥/٦/١) بڵاوکردەوە، تا چەخماخەی شۆڕشی لێی دا و گڕ و گڵپە و بڵێسەی هەموو کوردستانی گرتەوە. هێزی پێشمەرگە دامەزرا، ڕۆژ بەڕۆژ ئەو هێزە لە زیادبوون بوو: یەکێتیی، سۆشیالیست، پاسۆک و قیادە موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا وای لێهات هێزەکان گەورەو فراوانتر بوون، بەڵام هەر هەموویان لەژێر یەک چەتر و سەرکردایەتی نەبوون.

ئەمەش بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێت لە لاوازبوونی شۆڕش و پەرتەوازەیی گەلی کوردستان، کە وای کرد دەوڵەتە ئیقلیمییەکان دەست بخەنە نێوکاروباری حزبەکان.

لەساڵی (١٩٧٦) بەناوی بەرگریکردن لەفەڵەستین حکوومەتی عێراق دەستی کرد بەهەڕەشەکردن لە ئیسرائیل، سوپای ئیحتیاتی بانگهێشت کرد، منیش لەگەڵ (سەلیم حەنا کەریم، کامل حەنا سلێمان و فەرەج عەزیز بگرس) بووینە سەرباز، ئەوانەی موالیدی (١٩٥٠) بووین، چەند مانگێک لەپارێزگای ڕمادی سەر سنووری ئوردن ماینەوە، دواتریش گەڕاینەوە و تەسریح کراین و گەڕاینەوە سەر پیشەی مامۆستایەتی، لە ئامادەیی کۆیەی کچان بووم بەمامۆستا.

لەدوای ئەوەی شەهید (جەعفەر عەبدولواحید) و هاوڕێکانی لەسێدارە دران، کۆمەڵی لەهەڤاڵەکانم لەشاری کۆیە دەستگیرکران و کەوتنە نێو بەندیخانە، ژیان و گوزەرانی خەڵک کەوتە بەر هەڕەشەی بەعسی و سیخوڕەکانیان، هەربۆیە هەستم کرد لەشارێکی وەکو کۆیە زەحمەتە بحەوێمەوە، ناچار بووم خۆم گواستەوە بۆ شاری هەولێر، باش دەمزانی برا گەورەکەشم لەڕێکخستن دایە لەگەڵ شەهید سەلیم حەنا کەریم، وەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات و بۆ ئەوەی لەبەر چاوی سیخوڕەکان دوور بکەومەوە لەساڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٠) گواسترامەوە بۆ ئامادەیی کوردستان لە هەولێر، لەوێش بەردەوام بووم لەسەر کاروچالاکی ڕێکخستن، بەتایبەتی سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکانی نێو شاری هەولێر.

# بیست و هەشت کاتژمێر
# لە شارەکەی حەمۆڕابی و نەبوخزنەسر

محەمەد گۆران

لەو گەشتە بیست و هەشت کاتژمێرییە زۆر جێگەمان بینی و سەرمان بەزۆر شوێندا کرد، سەرەتا بەشاری (حیللە) سەنتەری پارێزگای بابل دەستمان پێکرد، دواتر کۆشکی (سەددام حوسێن) سەرۆکی پێشووتری عێراق، کە بەرانبەر کۆشکەکەی (نەبوخزنەسر)ی دواین نەمروودی بابل دروستی کردبوو، پاشتر بۆ ئاسەوار و شوێنەواری بابلی کۆن، گوندی ڕۆستەمیَ و شارەدێی (کفل) و دواتریش بەیادی گۆرانیبێژی ناوداری عێراقی (نازم غەزالی) چووینە شاری موسەیب و پیاسەیەکمان بەسەر «جسری موسەیب»دا کرد.

## بابل و هەولێر

لەهەفتەی یەکەمی ئەم مانگەدا، ڕۆژی پێنجشەم بەیانییەکەی لەهەولێرەوە بەرەو شاری بابل کەوتینە ڕێ، کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە شاری (حیللە)ی سەنتەری پارێزگای بابل. لەدەروازەی شارەکە، پانتاییەکی پڕ لەسەوزایی، زانکۆی حکوومی و ئەهلی، دەیان باڵەخانەی تازە دروستکراوی یەکەی نیشتەجێبوونمان بینی، ئەم دیمەنە ڕێک پێچەوانەی دیمەنی ناوەڕاستی شارەکە بوو، شەقامی خۆڵاویی و باڵەخانەی کۆن و شارێکی بێ خزمەتگوزاریی و خەڵکێکی هەژار!

چێشتخانەی هەولێر (مطعم اربیل) سەرنجی ڕاکێشاین و بۆ نانی نیوەڕۆ چووینە ئەوێ، ئێمە وامانزانی خاوەن و ستافی شوێنەکە هەولێرین بەڵام وا دەرنەچوو، تەنیا چێشتخانەکە ناوی هەولێر بوو! خواردنەکەیان مامناوەند بوو، دوای نانخواردن هەستاین و چووینە چایخانەیەکی نزیکی ئەوێ، لەئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی حیللی، کە لەوێ دانیشتبوو، زانیمان کە لەو شەقامەی پشتمان گەڕەکی کوردان (حی الاکراد)یش هەیە و کاتی خۆی چەند خێزانێکی کورد لەوێ ژیاون.

لەو چەند کەسەی، کە لەحیللە قسەمان لەگەڵ کردن، زۆربەیان چ لەکۆن و چ لەئێستادا هەولێریان بینی بوو، لەوەش سەرنجڕاکێشتر، بەشێکی یەکجار زۆر لەسەیارەکانی ئەو شارە، تابلۆی ژمارەکەی، ناوی هەولێری بەسەرەوە بوو! بۆ ئەمە پرسیارمان لەڕۆژنامەنووسێکی کورد کرد کە ساڵانێکە لەبەغدا دەژی، ئەو گوتی هۆکارەکەی ئەوەیە، کە سەیارەی ژمارە هەولێر بەبەراورد بەهەمان مۆدێل بەڵام ژمارە بەغدا، یان شارەکانی خوارووی عێراق، ژمارە هەولێر هەرزانترە و ئەمە هۆکارەکەیەتی، بەڵام من پێموایە ئەگەر ئەمەش ڕاست بێ، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، کە بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی ئەوێ، هەفتانە و مانگانە هاموشۆی هەولێر دەکەن و بۆ ئاسان تێپەڕ بوون لەبازگەکانی هەرێم و هەولێر، تابلۆکەیان بەو ناوە دەرهێناوە.

## قوتابخانەی حەمۆڕابی

لەچایخانەیەکی گەڕەکە کۆنەکاندا، پیرە پیاوێکی بێ ددان بەڵام دەم بەخەندە و قسەخۆش، کە زانی ئێمە کوردین، داوای لەچایچییەکە کرد، چای حامز (لیمۆ)مان بۆ بهێنێ، هەر



دیمەنی پاشماوەی کۆشکێک لە شاری حیللە

بەپێوە کەوتینە دەمەتەقێ و قسەکردن: پیرە پیاو قۆڵێکی خۆی هەڵکرد و شوێنی برینێکی نیشانداین! باسی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەکرد کە چۆن وەک سەربازێکی سوپای عێراقی هاتۆتە کوردستان، لەشەڕی نێوان دوو هۆزی کورد، کە ئەو و هێزەکەی وەک ناوبژیوان چوونەتە نێوانیان گوولەیەک بەر باسکی کەوتووە و تاکو ئێستاکە شوێنەوارەکەی ماوە!

گەڕەکە کۆنەکانی حیللە هاوشێوەی گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر (خانەقا و تەعجیل و سەعدوناوە و عارەبان) بوو، بێگومان هەر وەک چۆن لە حیللە گەڕەکێک بەناوی کوردان هەیە، ئاواش لەهەولێر گەڕەکێک بەناوی عارەبان هەیە! سەرکەوتین و لەنێو کۆڵانە کۆنەکان (قوتابخانەی حەمۆڕابی کوڕان) سەرنجی ڕاکێشام و وێنەیەکم لەبەر دەرگای مەکتەبەکە چرکاند. حەمۆڕابی خۆی خاوەن بیرۆکەی دروستبوونی قوتابخانەیە لەمێژوودا، هەر لەسەردەمی ئەویشدا بۆ یەکەمجار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێ یاسا داڕێژران کە بە «یاساکانی حەمۆڕابی» دەناسرێنەوە و بووە هەوێنی هەموو ئەو یاسایانەی دواتر نووسرانەوە.

هەروەک چۆن پاشا و خوداوەندەکانی میسر بە «فیرعەون» ناونرابوون، پاشا و فیرعەونەکانی بابل و ئاشووریش بە «نەمروود» ناو دەبران. حەمۆڕابی بەناوبانگترین ئیمپراتۆر و نەمردووی بابلە و لەنێوان




نووسەر لەبەردەم قوتابخانەی حەموڕابی، کە لەساڵی ١٩٣٤ دروستکراوە

ساڵانی ١٧٩٥ – ١٧٥٠ پ.ز حوکمڕانی بابلی کردووە، بێگومان ئەگەر بەراوردی مێژووی کۆچکردنی حەزرەتی ئیبراهیم لەشاری ئورفا بەماوەی حوکمڕانی حەمۆڕابی بکەین، باشتر لە کێشمەکێشی نێوان حەزرەتی ئیبراهیم و نەمروود تێدەگەین!

## پیاوانی حیللە، هەیاسی بیر خستمەوە!

پۆشاکی پیاوانی حیللە، تیشێرت و تراکسۆد و نەعلێک، تاکو تەراش لەجیاتی (تراکسۆد) سێچارەکی لەبەرە، زۆر بەکەمی پیاوێک دەبینی کراس و پانتۆڵ و پێڵاو، یا وەک دەڵێن جلێکی فەرمی لەبەردا بێت. بۆیە کاتەک لەنێو بازاڕەکە پیاوێکی قات و ڕیبات لەملم بینی یەکسەر بە (نازم دڵبەند)م گوت: ئەوە مامۆستایە؟ گوتی: چۆن دەزانی؟! مەسەلەی (هەیاس)م بۆ گێڕایەوە:

وتم تۆ لەمن باشتر دەزانی جاران لەهەولێر ئەگەر ئەفەندییەک دۆخی ماددی زۆر باش نەبووایە نەیدەتوانی قات و ڕیبات بپۆشێ. لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەهەر هۆکارێک بێت هەیاس لای فەرمانگەی کارەبا (بازاڕی نیشتمان) لەیەکێ لەو قات لەبەرانە توورە دەبێت، زۆر خراپی لێ دەدات و هەموو لەشی بەخوێندا دەهێنێ، بەو حاڵەوە کابرای ئەفەندی لەسەر زەوی جێدێڵێ و وردە وردە بەرەو گەڕەکی تەعجیل شۆڕ دەبێتەوە و بەو کەسانەی کە لەڕێگە تووشیان دەبێت و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن، دەڵێ «ئەمڕۆ مەچوونە بازاڕ لەحکوومەتم داوە!».

هەیاس، کەسێکی بیرکۆڵ نەبوو، وەک ئەوانەی ئێستە پێیاندەڵێن «خاوەن پێداویستی تایبەت» بەڵام لەجۆری جلوبەرگ و قسەکردن و هەڵسوکەوتیدا، کەسێکی تایبەت بوو، بۆیە وەک چۆن هەیاس دەیزانی ئەوەی فەرمانبەرێکی پلە باڵای حکومەت نەبووایە توانای کڕینی ئەو قاتانەی نەبوو، منیش بەبەراورد بەپیاوانی دیکەیان، زانیم کابرای شیکپۆشی حیللە، مامۆستایە!

بەو ماوە کورتەی لەحیللە مامەوە، درکم بەوەکرد کە شاعیران پێگەی تایبەتیان لای خەڵک هەیە، لەفلکەیەکی باشووری شارەکە، باخچە و سەوزاییەکی زۆر، کە شوێنی دانیشتنیشی هەبوو و چەند شەقامێکی بەیەکەوە دەبەستەوە، پەیکەرێکی گەورە بۆ شاعیر (سەفیەدین حیللی) کرابوو، شەقامێکی دیکەی گەورەم بینی بەناوی شاعیر (موزەفەر نەواب) کرابوو.

حیللە، شارێکی پڕ لەچاپەخانە و تەژی لەخەڵک، (چا)

یەکەیان لەدەمی مندا تامی لەوەی لای خۆمان خۆشتربوو، ڕەنگی چاکە خەستتر و تامێکی قووڕس و تایبەتی هەبوو. لەچێشخانەکان سەرنجم دا قەبارەی (سەموون)یان لەلای خۆمان گەورەتر بوو. هیچ دوکانێکی مەیفرۆشی و یانەی خواردنەوەی شەوانەی لێ نەبوو، بەڵام وەک پرسیمان، بۆ خەڵکێک بیەوێ بخواتەوە، پەیداکردنی مەشرووب کارێکی قووڕس نییە.

لەهەمووی سەیرتر، حیللە بەهۆی نزیکی لەبەغدا و کەربەلا، هەموو ئەوانەی ڕۆژانە بەگەشت دەچنە ئەو شارە بۆ نووستن دەگەڕێنەوە بەغدا، یان کەربەلا، هەر بەو هۆکارەش (هۆتێلی بابلی گەشتیاری) کە پێدەچێ بەنیازی پێنج ئەستێرە دروستکرابێ بەڵام بەهۆی نەبوونی میوان، لەئێستادا چۆڵە و بووەتە کەلاوە! دەتوانین بڵێین: حیللە شارێکی بێ هۆتێلە!


بەڵام باشبوو، بەهەوڵ و هیممەتی (سمکۆ عەبدولکەریم) دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر، دواجار توانیمان لەباشووری شارەکە (هۆتێل ئیسرا) بدۆزینەوە و ئەوێ بکەینە شوێنی حەوانەی ئەو شەوەمان.

**گوندی ڕۆستەمییە**

نانی بەیانی ڕۆژی هەینیمان لەهۆتێل ئیسرا خوارد، لەکاتی نانخواردنی بەیانی چ لەحیللە و چ لەبەغداش، تێبینی ئەوەم کرد، خەڵکی ئەوێ پاش حازرکردنی هێلکە و ڕۆن، بەر لەخواردن هەندەک بیبەری ڕەشی پێدا دەکەن. دوای نانخواردن خۆمان خڕ کردەوە و بەرەوە گوندی ڕۆستەمییە بەدووری بیست کیلۆمەتر لە خوارووی شاری حیللە، کەوتینە ڕێ.

لەڕێگەدا بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئێمەی کورد لەشارەکانی کوردستان، بەتایبەت ئەوانەی خوارەوەی بەغدا و باشووری عێراقی نەبینیوە، وادەزانی ئەو ناوچانە هەموو بیابان و لمە! بەڵام وا نییە، سرووشتێکی زۆر جوان و دڵگری هەیە، لەوەش سەرنجڕاکێشتر هیچ سیمایەکی سیستەمی سەرمایەداری پێوە نییە، سرووشت وەک خۆیەتی و هێشتە نەکراوە بەباڵەخانەی ئەلیکۆبۆن، لە بەنزیخانەکان، ئەوەی لەهەرێم لتری بەنۆسەت دینارە لەوێ نیوە قیمەتە و ئەوەشی لەکوردستان پێی دەڵێن نایاب و لتری بەهەزاروسێسەتە لەوێ بەشەشسەت و پەنجا دینارە، جادە سەرەکییەکانی ئەوێ خالییە لەکامیرای پۆینت تو پۆینت.

چیرۆکی گەشتەکەی ئێمە لەهەولێرەوە بۆ ئەو ناوچەیە، لەبنچینەدا بەمەبەستی دیتنی گوندی (ڕۆستەمییە) بوو. خانەوادەی (سمکۆ عەبدولکەریم) لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ بۆ ئەم گوندە دوور دەخرێنەوە. ئەو برادەرەی ئێمە (سمکۆ) دوای زیاتر لە ٤٧ ساڵ، هەستی نۆستالیژیانەی ئەو و ئێمەشی لەگەڵ



پەیکەری سەفیەددین حیللی (١٢٧٨-١٣٤٩) کەوتۆتە سەرووی شەقامی موزەفەر نواب لەشاری حیللە

خۆی بردە ئەوێ.

سمکۆ عەبدولکەریم ساڵی ١٩٧٦ قۆناغی یەکی سەرەتایی لەو گوندە خوێندووە، ئەوان لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی دیکەی کورد، ساڵێک و چەند مانگێک لەو گوندە وەک دوورخراوەیەک ژیاون و دواتر لەلایەن حکوومەتی عێراقی، ڕێگەیان پێدراوە بگەڕێنەوە شاری هەولێر.

ڕۆستەمییە ناوچەیەکی گەورە و تەژی لەدارخورما، لەماوەی ئەو ٤٧ ساڵە زۆر لەقەبارەی خۆی گەورەتر ببوو، بەهۆکاری ئەوەی ئەو برادەرەمان لەو کاتەدا تەمەنی زۆر بچووک بووە و هاوڕێیەکی تایبەت و نزیکی نەبووە، بۆیە لەو گوندە کەس وماڵێکی دیاریکراو نەبوو بۆی بچین. لەسەیارە دابەزین، ماوەیەک وەستاین و سەیری درێژایی و پانایی گوندەکە، بازاڕە خۆماڵییەکەی کە شوێنی ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیان بوو، کرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەش، ئەو برادەرەمان بەدەست ئاماژەی بۆ شوێنە جیاجیاکانی گوندەکە دەکرد کە چۆن لەوێ یاریان کردووە، ئێوارانیش هاتوونەتە کوێی گوندەکە و چاوەڕوانی باوکیان کردووە کە لەدوای تەواوکردنی ئیش بەپەستێک لەحیللە گەڕاوەتەوە. مرۆڤ کائینەکی سەیرە! چەند حەز بەگەڕانەوە بۆ منداڵی و دەسپێکی ژیانی دەکات، مەملەکەتی نەشونمای منداڵی، چەند سەرنجڕاکێش و پڕ حەسرەتە، ئەگەر نیشتمانی خۆشت نەبێ!

گوندی ڕۆستەمییەمان جێهێشت و هەندێ خوارتر چووین، گەیشتینە شارۆچکەی (کفل) لەو شارە کەژاوەی زۆری



دیمەنی ناوەوەی کۆشکەکەی سەددام کە ساڵی ١٩٨٦ دەست بەدروستکردنی کرا و ساڵی ١٩٩٤ تەواوبوو

سەیارە بەرەو شوێنە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف دەچوون و قەرەباڵغییەکی زۆریان دروستکردبوو. ئێمەش هێندە تێکەڵ بەسرووشت ببووین، چیدی حەزمان بەژاوەژاو نەمابوو، بۆیە ئەوێمان جێهێشت و بەرەو شاری دێرینی بابل گەڕاینەوە.

## کۆشکەکەی سەددام

شاری مێژوویی بابل بەدووری هەشتا کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری بەغدای پایتەخت. لەدەرگای سەرەکی شارەکە، گەشتیارەکان دەبێ پلیتێکی هەزار دیناری ببڕن و لەگۆڕەپانێکی تایبەت بەو شوێنە سەیارەکەیان ڕاگرن. کاتێک دەچیتە ژوورەوە، بەر لەشارە مێژووییەکەی بابل، کۆشکەکەی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشووتری عێراق کە ماوەی ٣٥ ساڵ چ وەک جێگر چ وەک سەرۆک کۆمار ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ حوکمی لەوڵاتی نێوان دوو ڕووبار کرد، سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیەوە ڕادەکێشێت.

عێراق خاوەنی شارستانییەتی سۆمەری و شارستانییەتی بابلی و شارستانییەتی ئاشوورییە، بەڵام واپێدەچێ لەهەر سێ شارستانییەتەکە، سەددام حوسێن زیاتر سەرسام بووە بەشارستانییەتی بابلی و نەمروودەکانی، هەربۆیە کۆشکەکەی خۆی بەرانبەر کۆشکی نەمرووودەکان و لەوانیش بەرزتر دروستکردووە، هاوکات لەساڵی ١٩٨٧ەوە تاکو لەسەر حوکم لادرانی لە ٢٠٠٣ ساڵانە (میهرەجانی بابلی نێودەوڵەتی) بۆ مۆسیقا و هونەرە میللییەکان، لەشارە مێژووییەکەی بابل، ساز و ئامادە کراوە و دەیان تیپی هونەریی و کلتووریی لەوڵاتانی عەرەبیی و ئەورووپیی و ئاسیایی، نمایشی مۆسیقا و هونەر و کلتووری خۆیان دەکرد. دواجار میهرەجانی بابل، خوێندنەوەی کتێب و نمایشی فیلمی سینەمایشی گرتەخۆ و دوای وەستانی لەساڵی ٢٠٠٣ەوە کە نزیکەی بیست ساڵی خایاند، لەم یەک دوو ساڵەی دوایی دیسانەوە بەگوڕوتینێکی دیکەوە دەستی بەکارەکانی خۆی کردۆتەوە.

کۆشکەکەی سەددام حوسێن، کەوتۆتە دەستەچەپی شاری مێژوویی بابل و لەسەر گردێکی دەستکردی ٣٠ مەتری دروستکراوە، بەئامانجی ئەوەی لەکۆشکەکانی حەمۆڕابی و نەبوخزنەسر بەرزتر دەرکەوێ! کۆشکەکە لەلایەن ئەندازیارانی عێراقی لەساڵی ١٩٨٦ دەست بەدروستکردنی کراوە و ساڵی ١٩٩٤ تەواو بووە، کەلوپەلی بەکارهاتووی کۆشکەکە لە ٩٠٪ی لەناوەخۆ دابینکراوە و دیوارەکانیشی لەبەردی کوردستان دروستکراوە.

کۆشکەکەی دیکتاتۆری عێراق، کە کەوتۆتە سەر لقێکی ڕووباری فورات، لەئێستادا کەلاوەیەکە و مرۆڤ کاتێ گوزەرێک بەناویدا دەکات و سەیری کۆلەگە ئەستوور و بنمیچی بەرز و نەخشێنراوی ژوور و هۆڵە زۆرەکانی دەکات، جەبەڕووتی ئەو پیاوەی بۆ دەردەکەوێ!

## شاری مێژوویی بابل

لەگەڵ (نازم دڵبەند) کاتێ هەڵکشاین و گەیشتینە سنووری شاری مێژوویی بابل و شوێنەوارە کۆنەکانمان لێ بەدەرکەوت، هەستێکی سەیر دایگرتین، وەک ئەوەی لەدۆزەخ ڕزگارمان بووبێ بمانەوێ بچینە فیردۆس، بەڕێگایەکی ڕێک و زۆرسەخت سەرکەوتین تاکو گەیشتینە سەرەوە، (نازم دڵبەند) سێجار بەربۆوە و خۆی بەمنەوە گرتەوە و جلەکانمان بەتایبەت هی ئەو، هەمووی بووە تۆز و خۆڵ، دواتر زۆر بەو دیمەنەی خۆمان پێکەنین کە بۆچی وەها پەلەمان کرد و لەڕێگەیەکی تەخت و ئاسانتر نەچووینە ژوورەوە!

شارستانییەتی بابل دوای سۆمەری و پێش ئاشوورییەکانە، بابلییەکان لەڕووی کلتوورەوە لەسەرەتا زۆر کاریگەربوونە بەسۆمەرییەکان، هەر وەک دواتر ئاشوورییەکان لەزۆر ڕووەوە کەوتنە ژێر کاریگەریی بابلییەکان. نەمروودەکانی بابل زۆرن، بەڵام تەنیا ناوی دووانیان دەهێنرێ، لەقۆناغی یەکەم (حەمۆڕابی) لە ١٧٩٢ پ.ز بەو لاوە توانی پایەکانی شارستانییەتەکە جێگیر بکات و دوای شەڕێکی خوێناوی زۆر شار و مەملەکەت بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە و یاسایەکی مەدەنی بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی دابنێ. لەقۆناغی سێیەمی بابل، نەمروود (نەبوخزنەسر) لە ٥٦٢ پ.ز بەو لاوە، ئەویش توانی بابل بگەیەنێ بەلووتکە و بیکا بەهاوشێوەی ئەمەریکای ئێستاکە، هەر لەسەردەمی ئەویش باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و دەروازەی عەشتار و ئەو شوێنەوارانەی کە ئێستاکە ماون، بنیات بنرێ. ماوەی حوکمرانی شارستانییەتەکەش لەبەینی هەردوو نەمروودی بابلی (حەمۆڕابی) و (نەبوخزنەسر) ١٢٣٠ ساڵیان نێوانە.

دوای خاپوورکردنی (نیپوری) دوا شاری شکۆداری سۆمەرییەکان لەلایەن ئەکەدییەکانەوە، شاری بابل لەتەنیشتییەوە بەهەمان کلتوور و زمانی ئەکەدییەوە قۆناغی یەکەمی شارستانییەتی خۆی دەستپێکرد، دواتر لەساڵی ٢٠٠٠ پ.ز بەو لاوە ئیدی لەلایەن خانەوادە تازەکانی بابل، بەڕێوەبەرایەتی شار کۆنترۆڵ کرا و ڕەوشێکی نوێ هاتە ئاراوە، بەڵام زمانی ئەکەدیی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزیی ئێستاکە دەکرێتە زمانی نوێ و فەرمی شارستانییەتەکە، دەتوانین بڵێن کە لەسەرەتاوە شاری بابل تەواوی کلتووری شاری نیپوری هەرس کردووە، کە دواترین شاری کلتووری سۆمەرییەکان بوو، قۆناغی یەکەمی بابل لە ١٥٩٦ پ.ز لەلایەن کاشییەکانەوە، کە هێزێکی بەبنەچە هۆزی (خوری) بوونە کۆتایی پێهێنراوە.

بورج و شوورەکەیی و بەکارهێنانی ٧٢ زمان لەشارستانییەتی بابل ئەفسانە نییە، بەڵکو بەڕاستی کردنی ئەفسانە بوو. مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت) دەڵێ: «بابل تاکە شارە لەجیهان، کە بەهۆی پانی و فراوانی شوورەکەیەوە، ئەسپ و عەرەبانەکان، دەتوانن بەسەریدا بڕۆن».

بابل لەقۆناغی دووەمی شارستانییەتی خۆیدا ١٦٠٠ – ١٣٠٠ پ.ز لەنێو جۆرێک لەڕێککەوتن و سازش لەژێر فەرمانڕەوایی یەکێتییەکی سیاسیی، وەک گەورەترین ناوەندی کلتووریی و بازرگانیی سەردەمی خۆی بەردەوام بووە و بەڕێوە براوە، ڕۆڵی ناوەندی نێودەوڵەتی شارستانییەتی سەردەمی خۆیشی بینیوە، کە دەتوانرێت بووترێ لەم قۆناغەدا بابل شوێنی سەرجەم کارە پیلانگێڕییەکان، ڕێککەوتنە بازرگانی و سیاسییەکان بووە و هاوشێوەی لەندەنی ئێستاکە بووە.

لەقۆناغی سێیەمی بابلدا، ٦١٥ – ٣٣٠ پ.ز شارستانییەتەکە گەیشتە ترۆپک و بابل بەڕێککەوتن لەگەڵ میدییەکان توانیان لە ٦١٢ پ.ز شارستانییەتی ئاشووری (نەینەوا) لەسەر نەخشە بسڕنەوە. هەر لەم قۆناغەشدا بوو کە (نەبوخزنەسر)ی پادشای بابلییەکان، لەساڵی ٥٨٧ پ.ز هێرشی کردە سەر جووەکان و بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی بەدیلکراوی بردە بابل، کە لەنێو جووان بەنەفییە چل ساڵییەکە بەناوبانگە، دواتر لەپاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بابلییەکان بەدەستی کۆرشی پادشای ماد پارس، جووەکان لەبەندی بابلییەکان ڕزگارکران و بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە، هەرچەندە کە ئەخمینییەکان ڕێگەیان بۆ جووەکان خۆشکرد، کە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، بەڵام بەشێکی زۆر لەجووەکان لەسەر ئارەزووی خۆیان، هاتوونەتە ناوچە کوردییەکان و لەکوردستاندا ماونەتەوە.

بەمجۆرە قۆناغی سێیەمی شارستانییەتی بابلی لە ٣٣٠ پ.ز کۆتایی پێدێ، ئیدی لەم مێژووە بەدواوە، میزۆپۆتامیا

ورده ورده ڕۆڵی ناوەند بوون لەدەست دەدات، دوای ئەوەی نزیکەی ١٥ هەزار ساڵ لەدۆڵەکانی دیجلە و فورات، وەک مەڵبەندی سەرەکی مێژوو، کلتووری مرۆڤایەتی پێگەیاند و بەتەواوی جیهاندا بڵاوی کردەوە.

**دەروازەی عەشتار**

لەکاتی گەڕان و سوڕاندا بەنێو هەیکەل و دیوارە ڕووخاوەکانی شارەکەدا، (تیمێکی گەشتیاریی یابانی) لەگەڵ ڕێبەرێکی شوێنەواریی لەسوچێکی شارەکە وەستا بوون و ڕێبەرەکە باسی یەکە بەیەکەی شوێنەکانی دەوروبەری بۆ دەکردن و وەرگێڕێکی یابانیش کە زمانی عەرەبیی دەزانی، قسەکانی بۆ دەکردنە یابانیی و ئەوانیش زۆر بەوردی گوێیان لەقسەکانی ڕێبەرەکە ڕاگرتبوو. لەنێو قسەکانیدا ڕێبەرەکە باسی یەک لەشوێنەوارەکانی شارەکەی کرد و گوتی بەڵام ئێستە نەماوە و لەیەکێ لەمۆزەخانەکانی بەریتانیایە! (نازم دڵبەند)یش، یەکسەر گوتی ئەی بۆ داوا ناکەن بیگەڕێننەوە؟! ڕێبەرەکە هیچی نەوت!

پاشماوەکانی شاری مێژوویی بابل بەشی هەرە زۆری ئەوانەن کە نەمروود (نەبوخزنەسر) لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا دروستی کردوون، وەک باخچە هەڵواسراوەکانی بابل کە یەکێ لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهانە، هەردوو کۆشکەکەی خۆی، دەروازەی عەشتار کە ئەمیش تاکو سەدەی شەشەمی زایینی یەکێ بووە لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکە و پاشتر لابراوە و (منارەی ئەسکەندەرییە)ی خراوەتە شوێنی، هەروەها شەقامی کەژاوەکان و زۆر شوێنەواری دیکەش. پاشماوەی شوێنەوارەکانی سەردەمی حەمۆڕابی و نەمروودەکانی دیکەی بابل، کەوتوونەتە ژێرەوەی ئەوانەی نەبوخزنەسر دروستی کردوون.

تاکو ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز، پێش ئەوەی بەربوومی دانەوێڵە و ئاژەڵداری کەلەکە بێت، ژن سەروەر و خوادەوەند بوو، بەڵام دواتر پیاو بەفێڵبازیی خۆی، توانی دەست بەسەر سەروەت و سامانی زیادە و خودی ئافرەتیشدا بگرێت، ئەگەرنا بەر لەم مێژووە، لەهەموو شارستانییەتەکان (ژن) وەک دایکە خواوەند دەپەرسترا. لەئارییانی ئەستێرە (ستار) لەسۆمەری (ئینانا) لای سامییەکان (عەشتار) و لای هیندییەکان (کالی) و لای یۆنانییەکان (ئەفرۆدیت) و لای ڕۆمەکان (ڤینۆس) و لای فینیقییەکان (عەشترۆت) لای هەر نەتەوە و شارستانییەتەک بەجۆرێک دایکە خواوەند ناوی هاتووە. هەر بۆیە نەبوخزنەسر، پاش سەرکەوتنی لەشەڕەکان و دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتەکی بەهێز، ساڵی ٥٧٥ پ.ز لەباکووری شاری بابل، دەرگای دەروازەی شارەکەی بەناوی (عەشتار)ەوە دروستکردووە و ساڵانە لەوێ ئاهەنگی سەری ساڵی بابلی کراوە. چونکە (عەشتار) لای بابلییەکان خوای جوانی و خۆشەویستی، شەڕ و ئاشتییە.

لەماوەی ئەو ٢٨ کاتژمێرەی لەناو سەنتەر (حیللە) و شاری بابل گەڕاین و سوڕاین، یەک ئافرەتی «ئەلمۆدە و سفوور»م نەبینی، بیرم لەوە دەکردەوە، کە چۆن شارستانییەتەکان دەستکاری ئاراستە و جیناتیان کراوە، لەشاری بابل، کە ماوەی هەزاران ساڵ



وێنەی تیمێکی گەشتیاری بۆ شوێنەوارەکانی بابل

(ژن) دایکە خواوەند بووە و لەلایەن پیاوەوە پەرستراوە، دواتر چۆن پیاو بەسەر ژن زاڵ بوو و دەستی بەسەر هەموو شتێک داگرتووە!

## شوێنەواری بابل چۆن دزرا؟

دەرگای دەروازەی عەشتار و شەقامی کەژاوەکان کە بەرزییەکەی پەنجا مەتر و پانییەکەشی هەشت مەترە، ساڵی ٥٧٥ پ.ز دروستکراوە و لەسەر دیوارەکەشی کە بەمەرمەڕی شین و سیرامیکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕووخامی سپی کراوە و وێنەی ٥٧٥ ئەژدیها و شێر و پڵنگ و ئاژەڵی خورافی لەسەر نەخشێنراوە، ئێستە هەر هەموو لەمۆزەخانەی (بێرگامۆن)ە، لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا.

عوسمانییەکان بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی بەچەند ساڵەک، دوای ئەوەی درک بەوە دەکەن وا خەریکە مێژووەکەیان لەوڵاتی نێوان ڕووبار (میزۆپۆتامیا) دەپێچرێتەوە، لەو ماوەیەدا دەروازەی عەشتار و شەقامی کەژاوەکان دەفرۆشێتە ئەڵمانیا و ئەوانیش بەشێوەیەکی ورد و بەرنامە بۆ داڕێژراو، کەرپووچ بەکەرپووچی شارستانییەتی نەبوخزنەسر لێک هەڵدەوەشێننەوە.

شوێنەوارناسی ئەڵمانی (وۆڵتەر ئەندرێ) لەماوەی دوو ساڵ ١٩١٠ – ١٩١٢ خۆی و تیمەکەی، سەرەتا ڕووپۆشە شین و ڕەنگاوڕەنگییەکی دیواری دەروازەکەی عەشتار و شەقامی کەژاوەکان لێکتری جیا دەکەنەوە، دواتر



موحەممەد گۆران، نازم دڵبەند، سمکۆ عەبدولکەریم
لەبەردەم دەروازەی عەشتار

هەموو کەرپووچەکان ڕەقەم دەکەن و بەشێوەیەکی ورد و ئەندازەیی هەڵی دەوەشێننەوە. دوای ئەوە، ڕووپۆشە ڕەنگاڵەیی و کەرپووچەکان هەر هەمووی لەسندووقی خەڵووزی بەردین دەکرێ و بەنهێنی دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی (یوسفییە) و خەڵکی ناوچەکەش وا تێدەگەیەنرێن، کە سندووقەکان خەڵووزی بەردین. دیسانەوە بەبەرنامەیەکی زۆر چڕوپڕ و نهێنی، لەماوەی دوو ساڵ ١٩١٢ – ١٩١٤ تەواوی سندووقەکان لەکەلەک باردەکەن و لەڕووباری فوراتەوە بەرەو کەنداوی عەرەب دەیپەڕێننەوە، لەوێشەوە لە پاپۆڕە ئەڵمانییەکانی بار دەکەن و دەیگوازنەوە بۆ مۆزەخانەی (بێرگامۆن)



وێنەیەک لە دەروازە و پاشماوەی شوێنەواری عەشتار لە مۆزەخانەی (بێرگامۆن) لە ئەڵمانیا

لەبەرلین.

بێگومان ئەڵمانەکان بەئاگاداریی و ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان ئەو کارەیان کردووە، چونکە دواتر ئینگلیزەکانیش دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنیان بۆ عێراق، بەشی خۆیان لەشارستانییەتی بابل گواستەوە مۆزەخانەکانی بەریتانیا و سوپای ئەمەریکاش دوای هاتنی بۆ عێراق لە ٢٠٠٣ ئەوانیش لەڕێگەی تیمەکانی شوێنەواری خۆیانەوە بەشێکیان گواستەوە بۆ ئەمەریکا. واتا ئەوەی کە ئێستە ماوە و لەبابل وەک پاشماوەی شارستانییەتی نەبوخزنەسر و حەمۆڕابی نمایش دەکرێ، بەشی هەرەزۆری «تەقلید و دەستکردە« و لەسالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، دروستکراوەتەوە!

**نازم غەزاڵی و جسری موسەیەب!**

لەسەر لقێکی ڕووباری فورات و لەچێشتخانەی بابل نانی نیوەڕومان خوارد، شوێنەکی زۆر هێمن و پاکوخاوێن، خواردنەکانیشیان خۆشبوو، لەلیستی خواردنەکان «مەتر کەباب»م بەرچاوکەوت، یەکەمجاربوو ببینم کەباب بەمەتربێ، نرخەکەی بەرامبەریشی نووسرابوو: سەت هەزار دینار.

ئەوێمان جێهێشت و بەیادی گۆرانبێژی ناوداری عێراقی (نازم غەزاڵی) و گۆرانییەکەی بەسەر کچە ڕووخسار جوانەکەی (جسری موسیب) بەرەو موسەیەب و دیتنی پردەکەی ئەوێ کەوتینە ڕێ. پێویستیشمان بەپرسیارکردن لەکەس نەبوو، سمکۆ عەبدولکەریم لەگەڵ شۆفێری کردنەکەی، بۆ هەر شوێنەک چووباین، مۆبایلەکەی دەردەهێنا و ماپەکەی دەکردەوە، ئیدی دەمانتوانی بەئاسانی ئەمسەر و ئەوسەری وڵات تەی بکەین! ڕاستییەکەی وەک چۆن گەشتەکە لەسەر پێشنیازی ئەو بوو، هاوکات سپۆنسەری ماددی و مەعنەوی سەفەرەکەشی گرتە ئەستۆی خۆی.

بەجادەیەکی پڕ لەسەوزایی و دارخورما بەرەو موسەیەب هەڵکشاین، جادەکە بەتەنیشت لقێکی فوراتەوە شۆڕ دەبۆوە، ناوچەکە دیمەنێکی هێندە جوان و دڵگیری هەبوو، حەزم نەدەکرد ڕێگاکە وا زوو تەواو بێت. لەڕێگادا بیرم لەوە دەکردەوە: لێرە ژیان، مرۆڤەکان، سرووشت، وەک خۆی ماوەتەوە و سیستەمی سەرمایەداریی هێشتە کاریگەرە قووڕسەکەی نەخستۆتە سەر ژیان و مرۆڤەکان، بەڵام ئێمە لەهەولێر، هێندە شەکەت و ماندووین، تەنانەت پێکەنینیشمان بیر چۆتەوە!

لەموسەیبەب بەر لەوەی بچینە سەر جسرەکە، گەڕانێکی ناوشارمان کرد و لەشەقامێکی سەرەکی لەچایخانەیەک لاماندا، شاگردی چایخانەکە کوڕێکی پاکستانی بوو، ماوەیەک دانیشتین و سەیری دەوروبەرمان کرد، دواتر چووینە سەر جسرەکە و هەرسێکمان (نازم دڵبەند و سمکۆ عەبدولکەریم و خۆم) چەند وێنەیەکمان بۆ یادگاری چرکاند و کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەرەو بەغدای پایتەخت شۆڕ بووینەوە.



نازم دڵبەند، موحەممەد گۆران لەسەر پردی موسەیەب

# وێستگەی دیوان

- **(ا) پرسیار (ئەیام ئەکرەم)**
- **دیوانی هەولێر (نوری کنێری هەولێری)**

نازم دڵبەند

- **گۆشەی دیوان (یادی شەوێ لە شەوانی پیرە هەولێرێ)**

ئا: جەمالی دەلاک

- **لە زمانی خۆیانەوە (عادل عەبدوڵڵا موحەممەد)**
- **بیگ بن، سیمبوولی مێژوویی لەندەن**

خەلیل عەبدوڵڵا

- **ساڵۆنی لاپەڕە (٩)**

# لە فیلمی ١٩٨٨ چیت بەسەرهات؟

لە فیلمی ١٩٨٨ هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێ، ئەو دەمە من لە دەرەوەی شارم، بەم هۆیەوە باری دەروونیم تێک دەچێت، دوای ئەوەی خەڵکەکە، ئەوەی بەرنەکەوتوون، هەربابایە شار بەجێ دێڵن، من بەتەنیا دەگەڕێمەوە نێو شاری هەڵەبجە.


دەچمە دائیرەیەکی ئەمن، قیناعی لێیە، قیناعەکەی لەسەردەکەم، ئەو شوفێرەری لەگەڵم بووە ئەویش دەمرێت، بەتەنیا دەڕۆم، بەدوای ماڵی برام دەگەڕێم، برام کێیە (شەماڵی عەبە ڕەش)

براکەم دەمرێت، منیش بە خەفەتباریی و دەروونێکی شێواوەوە بە کۆڵانەکانی ئەو شارە خامۆشەدا دەسووڕێمەوە و دواجار بە نائومێدییەوە بەرەو سنووری ئێران بەڕێ دەکەوم.

فیلمێکی زۆر زەحمە، من گرێبەستی چل ڕۆژم لەگەڵ کرابوو، وابزانم ماوەی وێنەگرتنی تەواوی فیلمەکە چل و پێنج ڕۆژی خایاند، من لە پازدە دیمەندا دەردەکەوم. لە یەکێ لە دیمەنەکان، سێ سەد کۆمبارس بەشدارییان تێدا کردووە.

وێنەگرتن و مۆنتاژیشی تەواو بووە. دەقی فیلمەکە لەنووسین و دەرهێنانی هێژوان زەندیی و بەرهەمهێنانی ڕێمان شەوکەتە، کاری بەڕێوەبەری وێنەگرتنەکەی لەلایەن هومان بێهمان ئەنجام دراوە. ماوەکەشی سەعات و نیوێک دەبێت.

لەنێو ستافی فیلمەکە تەنیا من هەولێریی بووم.




فیلمەکە باس لە زستانی ساڵی ١٩٨٨ دەکات، چەند چیرۆکێک لەخۆ دەگرێت کە ڕوودواوە ڕاستەقینەکانی ئەو سەردەمەی هەڵەبجە دەگێڕنەوە، بەڵام دواجار جەوهەری فیلمەکە باس لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکات.

من زۆر لەخۆم ڕازی بووم ستافە هونەرییەکە پێیان دەگوتم مونافست نییە، پێچەوانەی سروشتی خۆم ڕۆڵەکەم زۆر تراژیدییە یەک دیمەنی کۆمیدیای تێدا نییە.

دەمێکە گەیشتوومەتە ئەوباوەڕەی دەتوانم ڕووخسارم بگۆڕم لە کۆمیدیاوە بۆ تراژیدیا، ئێستە لەم فیلمەدا سەد دەرسەد توانیتم ئەو ڕۆڵە بینم، کە بۆم دانرابوو، زۆریشم پێ سەیر بوو، منیان بۆ ئەو ڕۆڵە دەستنیشان کردبوو، هەر چەندە هەڵسەنگاندنیشیان بۆ کردم، ئەگەرچی من پێشتریش بەشداری فیلمی سینەماییم کردووە، ئەوە چوارەم فیلمی سینەماییە من بەشداریی تێدا دەکەم.


**ئەیام ئەکرەم**

نازم دڵبەند

# نوری کنێری هەولێری

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو مێژووەی (هەولێر)ییان، هەمیشە ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبووە لە پێناسەکردنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی. ئەوەتا یەکێک لە خانەوادەکانی هەولێرێ شایەدحاڵی ئەم مێژووەن، سەرباری زوڵم و چەوساندنەوەیان وازیان لە جوامێریی خۆیان نەهێناوە.

> “(نوری کنێر) کەسایەتیەکی کوردپەروەر، چاونەترس، ئازا و وڵاتپارێز بووە، بۆیە چەندینجار بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی تووشی گرتن بووە و لە کاری فەرمانبەریێتی دوورخراوەتەوە”



ڕۆژگارێک ئەم قەڵای هەولێرە سەرچاوەی زانست و مەعریفەت و شەوچەرەی شیعر بووە، شەوانەی دیوەخانەکانی (مەلا فەندی و جەمیل ئاغا.... هتد) دەنگی زرەی فنجان و سەدای دەنگی (شەهابە) و گۆڕینەوەی بیروڕاکان بووە.

لەساڵی (١٩٣٧) پیاوێکی لێهاتووی ئەم قەڵایە (موختارە فەندی) کە یەکەمین کەسە شەهادەنامەی یاسای هێناوەتەوە و بۆتە پارێزەر،

ئەوساکە پێیان دەگوت (ئاوقات)

لەساڵی (١٨٧٥)ی زاینی لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر لە دایکبووە و دوای ئەوەی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیی کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانیی لە عێراق هێنرا و ساڵی ١٩٢١ هەولێر بە فەرمی کرایە موتەسەرفیەت (ئەحمەد عوسمان)یش بە یەکەم موتەسەریفی هەولێر دانرا.

(موختارە فەندی)یش بووە یەکەم (بەڕێوەبەری تاپۆی هەولێر) بۆ بەڵگەش دەکرێ بگەڕێینەوە سەر ئەو نووسراوانەی، کە لەو سەردەمە لەم فەرمانگەیە دەرچوونە ناوی (موختارە فەندی) لەسەرە.

هەر لەو سەربەندەدا کاسایەتییەکی وەک (نوری محەمەد عەبدوڵلا ساڵح بەقاڵ) ناسراو بە (نوری کنێر) لەساڵی (١٩١٧) لەقەڵاتی هەولێرێ لەدایک دەبێت، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەهەولێر تەواو کردووە، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە بەغداو لەکۆلێژی (الشریعە - دار العلوم) وەردەگیرێ. لە (١٩٤١/١١/٢) بەسەرکەوتوویی کۆلێژ تەواو دەکات و لەساڵی (١٩٤٤ - ١٩٤٥) بۆ یەکەمجار وەکو (مدیر التحریرات) لەموتەسەرفیەتی هەولێر دادەمەزرێ.

(نوری کنێر) کەسایەتیەکی کوردپەروەر، چاونەترس، ئازا و وڵاتپارێز بووە، بۆیە چەندینجار بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی تووشی گرتن بووە و لە کاری فەرمانبەرێتی دوورخراوەتەوە.

لەساڵی (١٩٦٣) کە ئەوکاتە (مدیر التحریرات)ی سلێمانی بووە، بەتۆمەتی هاوکاری کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەلایەن (زعیم بکر صدقی) حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ. بەتایبەتی کاتێک دەزانرێت، ئەوشەوەی، کە (مام جەلال) چووەتە شاخ لەماڵی ئەوان بووە، ئەمشەوە هەر بەتاخمە تەراشی (نوری کنێر) ڕیشی تاشیووە، بەڵام دواتر لەلایەن (باقر دجیلی) حوکمەکەی کەمکراوەتەوە.

> **"بەهۆکاری ئەوەی ئەمشەوە (مام جەلال) لەماڵی ئەو بووە، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە"**

دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەی دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگاکانی (بەعقوبە) و (تکریت) لەوێش لەدیوانی پارێزگا دەبێتە بەڕێوەبەری کارگێڕیی، لەدواییشدا لەبەر ڕاستگۆیی و دەستپاکی خۆی لەپارێزگای (سەماوە) دەبێتە (معاون محافظ)، بەڵام ئەو هیچ کاتێک گوێی بەپلە و پۆست نەداوە، بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆحی کوردایەتی هەمیشە نزیکی (حزبی هیوا) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە.

(نوری کنێر) هاوڕێی نزیکی (مام جەلال، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، عەونی یووسف، حاکم جەلیل هوشیار، هادی چاوشلی، عزەدین فەیزی، موحسین دزەیی، فەتاح جەبار ئاغا، زێوەر خەتاب، موسا سەمەد، یەحیا سەلیم و شێخ جەمال) و زۆریتر بووە.

بنەماڵەی (کنێر) یەکێکە لەو بنەماڵە دێرینانەی شاری هەولێر، لەکۆنەوە لە (قەڵات) بووینە، باپیرە گەورەیان (حاجی عەبدوڵلا کنێر) هەر لەساڵی (١١٩٩)ی کۆچی لەدێی (ئەشکەوت سەقا)دا کاری وەبەرهێنانی کشتوکاڵ و زەوی و زارو ئاژەڵداری کردووە، لەسەردەمی بابانەکاندا خەریکی کاروانسەرای بازرگانی دەرەوەی وڵات بووە و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی مەڕوماڵاتی کردووە، (نوری کنێر) لەناوەڕاستی هەشتاکان خانەنشین دەکرێت و لەساڵی (١٩٩٢) دوای ڕاپەڕین ماڵاوایی دەکات و لەگۆڕستانی (ئیمام موحەممەد) دەنێژرێ.

گۆشەی دیوان

ئا: جەمالی دەلاک

# یادی شەوێ لە شەوانی پیرە هەولێرێ

شاعیرانی نەتەوەکەمان لەسەدەی پێشوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان تەنیا پەیوەست نەکردووە بەو ژینگە و جوگرافیایەی تێدا ژیاون، نەخێر بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە شار و شارۆچکە و گوندەکانی وڵات بڵاوبۆتەوە، منەوەرانی نەتەوەکەمان لەبواری ئاییینی و ئەدەبیي و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیی پەیوەندییەکی لێوان لێو دۆستانە و دڵسۆزانەیان لەگەڵ یەک هەبووە و درێژەیان بە پەیوەندییەکانیان داوە و ئاشنای ژیان و بەرهەمی یەکدی بوونە، کاتێک هۆنراوەی (دوو دولبەر)ی شاعیری نەتەوەکەمان (ڕەمزی مەلا مارف)م خوێندەوە زۆر کاریگەری لەسەر دانام و خولیای ئەوە کەوتە مێشکمەوە دەبێت چ چیرۆکێک لەپشتی ئەو هۆنراوە بەرز و جوان و ناسکەوە خۆی حەشار دابێت، هانام بردە بەر قاپی لێوڕێژ لەمیهرەبانی و زمانشیرینی مامۆستای ئازیزم (فەوزی ڕەمزی) کوڕی شاعیر، لەبەر جوانی و بەرزی هۆنراوەکە و ئەو چیرۆکە جوانەی کە لێوڕێژە لەهەستی پێوەندی نێوان مرۆڤە میهرەبانەکان و ڕێز و خانەدانیی و میواندرایی و خانەخوێی، مامۆستا فەوزی بەوشێوەیە چیرۆکی پشتی هۆنراوەکە و بەشێک لەژیانی خۆیی و باوکی ڕەوانشادی بۆ گێڕامەوە:

دوو شیعری (ڕەمزی مەلامارف) هەیە، کە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم، هەم کات و هەم شوێنەکەی:

من (فەوزی ڕەمزی مەلا مارف) لە ئێوارەیەکی دەمەو پایزی ساڵی (١٩٤٤) لە گەڕەکی (عارەبان) لە شاری هەولێری قەڵاو منارە چاوم بە ژیان هەڵهێناوە.

ئەوکات باوکم لە هەولێر فەرمانبەری وەزارەتی دارایی بوو، کە زیاتر بە (دایرەی ئیستیلاک) دەناسرا.

باوکم لەبەرەی باوکانی لە بنەماڵەیەکی ئاییینی بوو، کە بە بنەماڵەی مەلایانی ناوچەی (سیوەیل)ی بن بناری چیای (سورکێو) ی سەربڵند دەناسران. باوکیشم (مەلا مارفی



ڕەمزی مەلا مارف

قازی) لە شارەکانی ئامێدی و ڕانیە و چەمچەماڵ و سلێمانی حاکمی شەرع بووە و لەبەرەی دایکانیشیەوە لە بنەماڵەی موفتی چاوماری سلێمانییە. (بێخود)ی گەورە شاعیری لاهووتی دەبێتە خاڵی، بۆیە هەر بەو ماوە کەمەی کە لە هەولێر دەبێت توانیویەتی لەگەڵ زۆربەی بنەماڵە ئایینیی و ڕەسەنەکانی شارەکە دۆستایەتییەکی گەرموگوڕ ببەستێت، بەتایبەت لەگەڵ بنەماڵەی بڵندپایەی بەهەشتی (مەلا ئەفەندی) لە مەجلیسەکانیان بە خوێندنەوەی شیعر و باسگەلێکی ئەدەبیی و کۆمەڵایەتی، ئەو دانیشتنەیان گەرموگوڕتر دەکرد، هەر ئەمەیش وایکردبوو کە (ڕەمزی) لە کۆڕی ماتەمی (ئەفەندی) بەم شێوەیە فرمێسکی شینی بۆ هەڵبڕێژێت، چونکە خۆی بە قەرزار و منەتباری ئەو مرۆڤە زانا و دانا و ئەدەبدۆست و خێرخوایە دەزانێ گەر لاواندنەوەیەکی شایستەی پێشکەش نەکات.

ئەوەتا بەم شێوەیە سەیلی سرووشکی وەک هاژەهاژی زاب هەڵدەڕێژێت:

## شینی مەلا ئەفەندی هەولێر

***تەمی ماتەم(١) بە چەشنێ ئاسمانی دڵمی داپۆشی***
***کە زۆروکەم لە ساحەی سینەما باسی نەما خۆشی***
***گڕی کوورەی دەروونم کڵپەکڵپی دۆزەخی دەرخست***
***خورەی لافاوی چاوم هاژەهاژی زابی داپۆشی***
***نەما هۆش و شکا شووشەی شعوری دڵ کە پێی زانی***
***ئەفەندی، مەی لە دەس ساقیی ئەجەل وەرگرت و وا نۆشی***
***لە سینەی هەڵکزاوا قەلبی مسکین بوو بەکۆی زوخاڵ***
***لە گۆمی خوێنی چاوا، جانی شیرین کەوتە بێهۆشی***
***شکا پشتی فەقیر و باوەگەورەی عالمانم ڕۆی***
***کە داکی خاکی زاڵم ئەو بزورگەی(٢) گرتە ئاغۆشی(٣)***
***لە بۆ ساڵی وەفات و گەوهەری نایابی تاریخی***
***لە بەحری ئەبجەدیدا هەر کە ڕۆچوو دڵ بە خامۆشی***
***دوڕڕی ئەم میسرەعەی هێنایە دەر ئەو شەوەش (ڕەمزی)***
***(مەلا گچکی لە ناوەندی جنانا(٤) دی بە دڵ خۆشی)***

( ١٣٦١-ی کۆچی)

دوابەیتی نێوان دوو کەوانەکە دەبێت هەر بەو شێوەیەی، کە شاعیر خۆی دایناوە بنووسرێت ئەوجا ساڵی کۆچەکردنەکە بە ڕاست دەردەچێت (واتە دەبێت هەندێک وشە بە ڕێنووسی کوردیی کۆن بنووسرێتەوە) بەڵام گەر وەک ڕێنووسی سەردەمیانە بمانەوێت خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئەوا بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

((مەلا گچکەی لە ناوەندی جینانا دی بە دڵ خۆشی))

کۆکراوەی پیتەکانی نێو ئەو دوو کەوانەیە بە پێی ئەژماردەی ئەبجەدی دەکاتە ساڵی کۆچی ڕەوانشاد .

٧١ + ٥٣ + ١٦١ + ١٠٥ + ١٤ + ٤١ + ٩١٦ = ١٣٦١ کۆچی.

١- ماتەم: شوێنی شین و گریە، ٢- بزورگ: گەورە،
٣- ئاغۆش: باوەش، ٤- جنان: بەهەشت .

هەروەها ڕاستییەک هەیە، کە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم ئەویش ئەو هەڵبەستەیە، کە بەناوی (دوو دولبەر، یا یادی شەوێ لە شەوان) باسی لێوەبکەم چ وەک کات، چ وەک شوێن:

شەوێک ڕەوانشاد (عیززەدینی مەلا ئەفەندی هەولێر) ئاهەنگێکی قەشەنگ دەگێڕێ بۆ باربووی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر (ڕەمزی)یش یەکێک دەبێت لە بانگهێشت کراوان، چونکە ئەوکات باوکم فەرمانبەری دایرەی ئیستیهلاک (دارایی) دەبێت لە هەولێر و دۆستایەتییەکی گەرمی دەبێت لە تەک ناوبراوی بەهەشتی.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە خۆشتر و پڕ باربووتر بێت بۆ یانەکە، ئەوا دوو کیژی (ئارتێست)ی جوان لە میسلەوە (موصل) دەهێنن بۆ سەماکردن و گۆرانی چڕین.

پاش ماوەیەک کاک (عیززەدین) و هەندێک لە دۆستان هانی دوو تاترۆکە دەدەن، کە لە لای ڕاست و چەپی (ڕەمزی) دابنیشن تا بیجوولێنن، بەڵکو هەستی شیعری تێدا بجوولێت و بە شیعرێک ئاهەنگەکە خۆشتر و پڕجۆشتر بکات، بەو دەنگە پڕسۆزەی خۆی، کە لە کەم شاعیردا هەبووە شیعرێک

بخوێنێتەوە.

پاش کەمێک هەردووکیان بەو شێوەیەی، کە خۆیان لێی شارەزان و پیشەیانە، ڕاست و چەپ لە (ڕەمزی) دەگرن و دەکەونە گاڵتەوگەپ و غەمزە و لەمزە!

پاش کەمێک (ڕەمزی) بە برادەرانی دەڵێت بنووسن، ئیدی ئەو شیعرە پڕ جۆشە دەڵێت و گشت برادەرانیش دەڵێن:

کاکە (ڕەمزی) گیان، دە ئاخر ئێمەیش هەر ئەوە مەبەستمان بوو، کە چۆن بتوانین هەستی شیعری بەڕێزتان بجووڵێنین.

وەک دەیانگێڕایەوە، بە چەپڵە و هاتوهاواری هەربژی وەڵامیان دایەوە و ئاهەنگەکە خۆشتر ڕێڕەوی خۆی گرت.

## هۆنراوەی (دوو دولبەر)

***لە مابەینی دوو دولبەر دام و حەیران و دوودڵ ماوم***
***کە دڵ ئاخۆ بە کامێکیان بدەم لەم بەینەدا ماوم***
***بە زۆری حوسن و بازوی نەوجەوانی خۆی ئەوی ئەولام***
***کەمەندی زوڵفی خاوی خستە ئەستۆی فکری شێواوم***
***بەکابەی(١) ڕوومەت و تاقی خەمی ئەبرۆی ئەمی ئەملاش***
***لە ڕێگەی عەقڵی دەربردم ، لە جادەی دینی لاداوم***
***لە فیتنەی چاوی سەرخۆشی ئەوی ئەولا نیە باکم***
***بە غەمزە و ناز و ئاوازی ئەوی ئەملایە کوژراوم***
***ئەگەر لوتفی ببێ یا زەڕڕەیی ڕەحمی لە دڵدابێ***
***ئەزانێ بۆ بە حەسرەت وا لە ڕۆژی کوڵمی ڕاماوم***
***بە زاهیر گەرچی کوشتەی لامل و کاکۆڵی پەخشانم***
***لە مەعنادا ئەسیری زوڵفی ئاڵۆز و ژاکاوم***
***ئەبێ ئەم جێ یە جەننەت بێ کەوا پڕ حۆریە یاخۆ***
***شەوە و من خەو ئەبینم، یا پەرین و دێنە بەر چاوم***
***بە یادی چاوی مەستی بادە نۆشیم هێندە پێ خۆشە***
***ئەڵێی ڕۆژی ئەزەل وەک نەشئە هەر بۆ بادە خوڵقاوم***
***ئەمن تەیرێکی برسی و خاڵی دانەو زوڵفی هەر وەک داو***
***بە هۆی ئەو دانەوە (ڕەمزی) سیفەت لەم داوە ئاڵاوم.(*)***

## ڕەمزی مەلامارف

ناوی موحەممەد کوڕی مەلامارفی قازییە، ساڵی (١٩٠٤) لەبنەماڵەیەکی ئایینیی لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەتەمەنی (٥) ساڵی خراوەتە بەرخوێندن، زیاتر لە حوجرەکان بووە، دواتر خراوەتە قوتابخانەی (ڕوشدییەی عەسکەری)

لەبەرئەوەی تاقانەی خانەوادەکەی بووە لەو قوتابخانەیە (ڕوشدییە) دەرهێنراوە و لەقوتابخانەی موڵکی دانراوە ، دوای ئەوەی پۆلی چوارەمی سەرەتایی تەواو دەکات، جارێکی دیکە دەخرێتەوە حوجرە و لەقوتابخانە نارەسمییەکان درێژە بەخوێندن دەدات تا ئەو سەردەمەی ئینگلیز ناوچەکە داگیر دەکات، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی ناسناوی (ڕەمزی) بەسەردا دابڕاوە، ڕەمزی پەیوەندییەکی پتەوی بەشۆڕشەکەی شێخ مەحموودی حەفیدەوە هەبووە، لەسەر ئەو پەیوەندی و هەڵوێستی کوردانەی زۆر جار کەوتۆتە زیندان و ماڵەکەی تاڵان کراوە،

ڕەمزی لەتەمەنی منداڵییەوە بەهۆی ژینگەی بنەماڵەییەوە بەهرەی شیعری تێدا دەرکەوتووە و خزمەتێکی گەورەی بەئەدەب و شیعری کوردیی کردووە.

ڕەمزی شاعیری کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر لە ساڵی (١٩٥٨) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هەوڵیانداوە یەکێتی نووسەرانی کورد دابمەزرێنن، ئەم شاعیرە بەرزەی نەتەوەکەمان لەڕێکەوتی (١٩٧٦/٧/١٨) لەتەمەنی (٧٢) ساڵیدا بۆهەمیشە چاو لێکدەنێ و ژیانئاوایی لە وشەو وێژەو زمانی شیرینی کوردی دەکات و لە گردی سەیوانی سلێمانی ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان دەکرێت، درووود و سڵاو بۆگیانی پاکی ڕەمزی شاعیر و گڵکۆکەی غەریقی ڕەحمەتی پەروەردگار بێت.

**(*) ئەم غەزەلە لە ڕۆژنامەی ژینی ژمارە ٧٤٧ ی/ ١٩٤٤/٥/٢٩ دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (٧) ساڵی (٦) ی مانگی تەموزی (١٩٤٥) یشدا بڵاوکراوەتەوە. لە ژێر ناوی (یادی شەوێ لە شەوان).**

**١- کابە: ماڵی خوایە لە مەککە.**

## له زمانی خۆیانەوه

# عادل عەبدوڵڵا موحەممەد:

# بەدەیان جار گریاوم، بۆ ئەوکاتانەی بەبێ خوێندنەوه بەسەرم دا تێپەڕیوه



ئـەوەی ڕاسـتـی بـێ سـەرەتـایـی بەرکەوتنم لـەگـەڵ کتێب دەگـەڕێـتـەوه، بـۆ نـزیـکـەی پـازده بـەهـار لـەمـەوبـەر. هۆکارەکەشی هونەری ئەو گێڕانەوه ئەفسووناوییه بوو، که مامۆستای مێژوومان ڕووداوەکانی مێژووی بۆ دەگێڕاینەوه، بیرمه بەدرێژایی کاتی وانەکانی مێژوو هەموو لەشم دەکرده گوێ، له کتێبه مێژوویەکانەوه دەستم بەخوێندنەوه کرد، بەڵام ئێسته وەک پێویست نایان خوێنمەوه. لەوساکەوه تا ئێسته، پەنجەکانم بەر سەدان هەزار کتێب کەوتوون. ئێسته جگه له مرۆڤێکی بارگاوی به کتێب، هیچ پێناسەیەکی دیم لێ ناوەشێتەوه.

کاتێک هاتمه نێو دنیای کتێب و خوێندنەوه، ئینجا زانیم چەندین ساڵه، من لەچ بێ ئاگاییەک ژیابووم. حەزرەتی لێڤ تۆڵستۆی، وتەیەکی جوانی هەیه دەڵێ: له دونیادا هیچ چێژێک نییه کێبرکێ لەگەڵ چێژی خـوێـنـدنـەوه

بکات. کتێب بێ هاوڕێی کردم، بێ کاتی کردم، بێ پارەی کردم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەزارەها خەونی پێ دام، دوو باڵی پێ دام، گەشتی دەیان شاری پێ کردم، ناوماڵی هەزارەها هەژار و خوا پێداو، ژێر پێخەفی کیژۆڵەی جوان، دەیان نووسەری شارەکانی دونیای پێ ناساندم. کتێب منی لەو ژیانە بە زۆر سەپێن دراوە ڕزگار کرد. کتێبەکان لە مادە کیماوییەکان دەچن، بکەوێتە سەر هەر کەللە سەرێک دەیگۆڕن.

بەدەیان جار گریاوم، بۆ ئەوکاتانەی بەبێ خوێندنەوە بەسەرم دا تێپەڕیوە. ئەخەر من عاشقی کتێبم، هیچ ڕۆژێک لەم پازدە ساڵەم بەبێ خوێندنەوە بەسەر تێنەپەڕیوە. لە دونیای خۆمەوە بۆم دەرکەوتووە، ئەوانەی ناخوێننەوە چەندە بستەباڵان لە خەیاڵ و ئێستاتیکا. پێم وایە مرۆڤ بێ خەیاڵ دوورە لە مرۆڤ بوون، مەزنترین شت بۆ مرۆڤ خەیاڵە، مرۆڤ گەر نەخوێنێتەوە لەکوێوە خەیاڵی بۆدێ! بۆرخیس پێی وایە خەیاڵ: واقیع ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە هونەر. من لەسایەی کتێبەوە بوومەتە، مرۆڤێکی پرسیارکەر. دەخوێنمەوە دەخوێنمەوە، تا ئەوکاتەی لاشەیەکی سارد و سڕ لەژێر قاچەکانتان دەکەوێ. ئەوانەی دەمناسن بە مرۆڤێکی فزوولی لێم دەڕوانن، بەڵام قەی چییە. هەمیشە خۆم بچووک دەکەمەوە و خۆم دەخەمە، نێوان وشەکانی ڤلادیمیر نابۆکۆڤ کاتێ دەڵێ: فزوولێتی سەربەخۆبوونە لە پاکترین شێوەدا.

ڕەنگە شێوازی خوێندنەوەم، جیاوازبێ تارادەک لە خوێنەری کورد. من ڕۆژانە کەمترین کات چوار دەمژمێر دەخوێنمەوە و دەنووسم، هەندێک کات هەشت دەمژمێر. لەیەک کات ژانرەکانی فەلسەفە، ڕۆمان، چیرۆک، مێژوو، ڕەخنە، شیعر... هتد. جگە لە پەرەپێدانی مرۆیی و بیرەوەرییەکان.

بەیانیان بە فەلسەفە خوێندنەوە، دەست بەژیان دەکەم. شەویش شیعر، کاتەکانی من لە بیست و چوار دەمژمێر سێ شتە کار، خەو،

> **کاتێک هاتمە نێو دنیای کتێب و خوێندنەوە، ئینجا زانیم چەندین ساڵە، من لەچ بێ ئاگاییەک ژیاوم**

خوێندنەوە و نووسین. بەڵام پرۆسەی نووسین زۆر ماندووم دەکات. هەندێک کات وشەکان خۆیان لێم بزردەکەن، مێشکم دەکوشم، وەک چۆن کورە هەرزەکارێک لە یەکەم ژواندا مەمک دەکوشێ. سەرچاوەی ئیلهامی من حەمامە، کاتێک لەژێر ڕەشاش دەوەستم، هەست دەکەم وشە گەورەکان لە کونە بچووک بچووکەکانی ڕەشاشەوە، خۆیان بۆ ناو کەللەی سەرم هەڵدەدەن. تاوەکوو(ڕۆمانی کۆماری میم) نووسی، وەک ماسی لەنێو ئاو دەژیام. پێم وایە وەستان، لە ژێر ئاو ئیلهام بەمرۆڤ دەبەخشێ. نووسینەکانم هیچ ئامۆژگارییەکیان تێدانییە، ئەوەی نووسیومە و ماوە بینووسم، تەنیا و تەنیا لە خۆبەتاڵکردنەوەک زیاتر هیچی دی نین، چونکە من مرۆڤێکی ئامۆژگاری کەرنیم، بانخوازیش نیم. لەگەڵ ئەوەش بەهۆی کارەکەمەوە، ڕۆژانە چەندین خوێنەر ڕێنموونی دەکەم، کتێبی باشیان بۆ پێشنیاز دەکەم. چەندین گەنجی جوان هاوڕێمە، ڕێنموونیان دەکەم، کتێب دوای کتێب چی بخوێننەوە. جانازانم لە دوارۆژدا چ بوونەوەرێکیان لێ دەردەچێ!

## پرۆفایل

عادل عەبدوڵلا موحەمەد/ ١٩٩٢/٠١/٠١

دەرچووی بەشی ژمێریاری، ئێستاش خوێندکاری ماستەرە لەبەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕووسیا

دوو ڕۆمانی چاپ کراوی هەیە

١- پەپوولەکانی ناو دۆزەخ، ٢٠١٩

٢- کۆماری میم ٢٠٢٣

# بیگ بن، سیمبوولی مێژوویی لەندەن

خەلیل عەبدوڵلا



بەریتانیا دەوڵەتێکی مەزنە، ڕووبەرەکەی ٢٤٢٤٩٥ کیلۆمەتر چوار گۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانیشی زیاتر لە ٦٧ ملیۆن کەسە. بەریتانیا ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانو یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هەیە.

زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییەو لە پاڵ زمانە فەرمییەکانی (رووسی، چینی، فەرەنسی، ئیسپانیو عەرەبی )دا یەکێکە لە زمانە فەرمییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو لە کاروباری فەرمی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا بەکاردێت. ڕۆژی کۆچی دوایی نووسەرو ئەدیبی ناودار (ولیەم شکسپیر)، کە دەکاتە ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ١٦١٦، کراوەتە ڕۆژی جیهانیی زمانی ئینگلیزی وەک ڕێزلێنانێک لەو کەسایەتییە کولتوورییە مەزنە.

ئەو وڵاتە لە قۆناغە جیا جیاکانی مێژوودا، ڕۆڵی دیاری هەبووەو بەشێکی زۆری وڵاتانی سەر گۆی زەوی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون، هەر بۆیەش بە بەریتانیای مەزن، یاخود ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێئاوا نابێ، ناسرا بوو.

بەریانیا خاوەن مێژوویەکی دێرینە، خاوەنی چەندین شوێنی کولتووریو کەلەپوورییە، کە هەندێکیان لە لیستی کەلەپووریی جیهانی یونسکۆدا دانراون، کاتژمێری بیگ بین یەکێکە لەهێماو ڕووخسارە مێژوویی وکەلەپوورییەکانی ئەو وڵاتە، من دەمەوێت لەم وتارەدا تیشک بخەمە سەر تاوەری کاتژمێر (کە دواتر بە تاوەری ئەلیزابێس ناسرا)و کاتژمێری بیگن بن و زانیاری تەواو لە بارەی ئەو سیمبولە مێژووییو کەلەپوورییەی لەندەنو بریتانیاوە بخەمەڕوو، بەخوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری



دیوانی ئازیزی ئاشنا بکەم.

کاتژمێری بیگ بن، بەهێماو ڕووخساری کەلەپووریو گەشتیاریی شاری لەندەن ناسراوەو مێژوویەکی دێرینی هەیەو بۆ ١٦٤ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

تاوەری ئەو کاتژمێرە دەکەوێتە بەشی باکووری کۆشکی وستمنسەریی تەلاری پەرلەمان لە سەر ڕووباری تایمزی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

دروستکردنی تاوەرو کاتژمێرەکە نزیکەی ١٣ ساڵی خایاندووەو لەرۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٨٥٩دا تەواو کراوەو بە فەرمی کراوەتەوە، لەو کاتەوە بە تاوەری کاتژمێر یاخود بیگ بن ناسراوە.

ساڵی ٢٠١٢ لە یادی یۆبیلی ئەڵماسیی دەستبەکاربوونی شا ئەلیزابێسی دووەمدا، بە ڕەسمی ناوەکە بۆ تاوەری ئەلیزابێس گۆڕا، بەڵام هەر بە ناوە کۆنەکە ناوی دێت.

بیگن بن، دەنگی زەنگی گەورەی ئەو کاتژمێرەیە، کە هەر چارەکە سەعاتێک جارێک لێ دەدات. لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ ڕادیۆی (بی بی سی) لەسەری سەعاتەکانو لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵەکانی زەنگی ئەو کاتژمێرەی بە شێوەیەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ دەگواستەوە و هاووڵاتیان لە هەموو کوچە و قوژبنێکی جیهانەوە، بەو دەنگە ئاشنا دەبوون و کاتژمێرەکانیان لەگەڵ زەنگی بیگ بن میقات دەکرد.

بنجامین هـۆڵ وەزیـــری نیشتەجێکردنی ئەو سەردەمەی بەریتانیا، سەرپەرشتی پڕۆژەی دیزاینو دانانی کاتژمێرەکە و تاوەرەکەی کردووە، بنجامین هۆڵا، جەستەیەکی گەورەو باڵایەکی بەرزی هەبووەو ناسناوەکەی بیگ بن بووە، هەر بۆیەش کاتژمێرەکە بەو ناوەوە ناونراوەو ناسراوە.

کاتژمێری بیگ بن بەگەورەترینو وردترین ئامێرو پێوەری کات لە جیهاندا دادەنرێت.کێشی کاتژمێری بیگ بن ١٢ تەنو نیوە، ڕووی کاتژمێرەکە ٢٣ پێو چێوەکەی ٧ مەترو درێژی میلەکانی (٩،١٢) پێیە، هەموو کاتژمێرەکە لە ٣١٢ پارچە شووشە پێکهاتووەو ٢٨ گڵۆپی گەورەی بەهێزی تێدایە کە شەوان دادەگیرسێنو کاتژمێرو تاوەرەکە ڕووناک دەکەنەوەو دیمەنێکی جوانو سەرنجڕاکێشیان پێدەبەخشن.

لە قۆناغە مێژووییەکان چەند جارێک ئەو کاتژمێرە بەهۆی بارینی بەفرو سەرماو سۆڵەو نیشتنەوەی باڵندە لەسەر میلەکانی کاتژمێرەکەو نۆژەنکردنەوەوە، وەستاوەو لە کارکەوتووە.

بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٤٩ بۆ ماوەی ٤١ خولەک کاتژمێرەکە وەستا،ئەوەش بەهۆی ئەوەی باڵندەکان لەسەر میلەکانی کاتژمێرەکە هەڵنیشتبوون.

سەری ساڵی ١٩٦٢ بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرو سەرماو سۆڵەوە، کاتژمێرەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەک وەستا.

ساڵی ١٩٧٦ هەندێ ئامێری کاتژمێرەکە تێکچوو، بەوەش کاتژمێرەکە وەستاو دواتر چاک کرایەوە. ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی یەک هەفتە وەستاو دواتر چاک کرایەوە.

ڕۆژی٢٧ی ئایاری ٢٠٠٧ بۆ ماوەی سێ مانگ وەستاو دواتر لە ڕێی ئەندازیارانی پسپۆڕەوە چاک کرایەوە.

ڕۆژی ١٤ی ئابی ٢٠١٧، ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا لە کۆبوونەوەی فەرمیی خۆیدا، بڕیاری نۆژەنکردنەوەو وەستاندنی کاتژمێرەکەی داو لە ٢١ی ئابی هەمان ساڵ، کاتژمێرەکە لە کار کەوتو وەستاو دەست بە نۆژەنکردنەوەی کاتژمێرەکە کراو ماوەی پێنج ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا کاتژمێرەکە بێدەنگ بوو، تەنها چەند جارێک بۆ چەند بۆنەیەکی تایبەت بە ئامێری کارەبایی ئیشی پێکراو دەنگی بیسترا، ئەویش بۆ بەرێکردنی تەرمی ئەلیزابێسی دووەمو ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی زایینی بوو.

ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، دوای پێنج ساڵ لە بێدەنگ بوونی کاتژمێرەکە، بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار نۆژەنکرایەوەو بەدەنگو سەدا گەورەکەی جارێکی تر شاری لەندەنی ڕاچڵەکاند.


ئەوە ماوەی ١٦٤ ساڵە کاتژمێری بیگ بنو تاوەرەکەی دانراوەو بوونەتە سیمبوولی مێژووییو کەلەپووریو گەشتیاریی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، ساڵانە بە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆی بەریتانیاو کوچەو قوژبنی وڵاتانی دیکەی جیهانەوە سەردانی ئەو کاتژمێرو تاوەرە دەکەنو بە دیمەنە جوانەکانی سەرسام دەبنو کاتێکی خۆش بە سەر دەبەن.


# سالۆنی لاپەڕە (٩)

ئا: ڕەوەست نەوزاد

**لە درێژەی کۆڕەکانیدا سالۆنی لاپەڕە ٩ی ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان لە ماوی ٢٠٢٣/٨/٢٦ تا ٢٠٢٣/٩/١٦ ئەو کۆڕانەی ڕێکخست:**

**٢٠٢٣/١٠/٢١**







بە بەشداری هەریەک لە ستران عەبدوڵڵا و دکتۆر تارق جەوهەر سارمەمی ناساندن و خوێندنەوە بۆ کتێبی راگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١) لە نووسینی دکتۆر ئەرسەلان بایز کرا.
هەر لە میانی کۆڕەکە نەوزاد عەلی ئەحمەد لە ڕێی ڤیدیۆی تۆمار کراوەوە بەشداربوو.


**٢٠٢٣/١٠/١٤**



کۆڕێک بۆ شێرزاد هەینی نووسەر و وەرگێر بەناونیشانی (لەئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی نوێ) هەر لە میانی کۆڕەکەدا چەند دانەیە لە کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانی بەخشییە ئامادەبووان، ناوبراو لە ئێستەدا خاوەنی ١١٩ بەرهەمی چاپکراوە، بە نووسین و وەرگێڕان.

## ٢٠٢٣/١٠/٧







مەڕاسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان - شاخ لوتکەی دیموکراتییەتی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان) لە نووسین و ئامادەکردنی ئەحمەد عارف

## ٢٠٢٣/٩/٢٣



کۆڕێک بۆ مامۆستا عەبدولواحد موحەممەد بەناونیشانی (پەروەردە و گرنگترین کێشەکانی و باشترین چارەسەر)

## ٢٠٢٣/٩/١٦




ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشی گەنجانی مەڵبەندی ٣ هەولێر خولێکی فێربونی مۆنتاژ و گرافیکی بۆ ژمارەیەک فێرخوازکردەوە و بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو. لەلایەن شارەزای بواری مۆنتاژ هەدیر موحەممەد قوربانی وانەکان بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی گوترایەوە. دواتریش لە رێورەسمێکیدا بڕوانامەی خولەکە بەسەر بەشداربووان دابەش کرا.

# پاییز بێ ژەنەڕاڵە

ئۆغر هاوڕێ گیان بەم ئێوارەیە
هەواڵی مەرگی شاعیر چەند تاڵە
شار لە «غوربەتا» پرسە دەگێڕێ
ئیتر پاییزیش بێ ژەنەڕاڵە

**(ساڵح بێچار)**

قەهار شێخانی

موحەممەد عومەر عوسمان یاخود ژەنەڕاڵی پایین، یەکێکە لە شاعیرە هەر دیار و بەرچاوەکانی نێو دنیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی.

ژەنەڕاڵی پایین، لە غوربەتا سینەی پڕ بوو لە ئاهی سەرد، چاوەکانی پڕبوو لە باران، عومریشی وەک بەفری بەرهەتاو بوو، بۆیە هەردەم بەشوێن مردنا ڕای دەکرد، کەشتی وێڵی حەزەکانی لە کەنار هیچ دەریایەک لەنگەری نەدەگرت، ڕۆژانی بەختەوەری بۆ ئەو زۆر کورت بوو، بەڵام ڕۆژانی کوێرەوەرییەکانی نەدەبڕایەوە.

بۆیە هەمیشە چەمی عاتیفەی دەڕشتە بەر پێی گزنگ، خەڵکی بەشێتیان ئەدا لەقەڵەم کەچی ئەو (با)ی دەخوێندەوە و پاییزی تەفسیر دەکرد و زمانی ئاوی دەزانی و کتێبی بێ مروەتی مرۆڤەکانی دەور دەکردەوە .




ژەنەڕاڵی پاین، باڵای حەزی ئەوەندە بەرز بوو، کاتێک بەژێر سێبەری یادەوەرییەکانیدا دەڕۆیشت سەری لە هەوری بێتاقەتی دەخشا و شانی بەر شانی گۆرانییەکی غەمگین دەکەوت و گیرفانی پاڵتۆکەی پڕبوو لە حەسرەت.

ئەو هەموو ئێوارەیەک بە مەلکەندییدا ڕەت دەبوو، دەچووە شەعب لەتەک خەیاڵ دەدانیشت و خێرا خێرا ژیانی دەکێشا، چای تاڵی بەقەندی موحیبەتی دەخواردەوە، لە شەقامی مەولەوییدا پیاسەی دەکرد، لە پیرمەسور خۆی لە مردن ون دەکرد.

حمە عومەر، لە پاییزدا پرسەی بۆ گەڵا دەگێڕا، هەردەم هاموشۆی ماڵی بارانی بێ ناسنامەی دەکرد، بەخامۆشی دەسووتا، جەستەی شەکەتی ئەدایە بەر شەستە بارانی بەهاران، کاتێک لە پەنجەرەی تەنیاییەوە سەیری هەڵوەدایی کۆتری دەکرد، هەموو ڕۆژێ ڕێژنەی نیگای دەگرتە شەپۆلان و بەچاوی دڵ دەیبینی چۆن نەورەسەکانی موحیبەتی لە کەنار دەریای شینەوە بەدوای ئارامیدا دەگەڕێن.

ژەنەڕاڵ، جگە لە خشەی گەڵا و گڤەی (با) ی کۆچەری و دەنگی سەگوەڕ و گرمەی هەوری ڕۆژانی نەهامەتی و بارینی بەفری نیوە شەو و مەشخەڵی دەستی جەفا و ناڵەی کزەی غەریبی و لە دەرگا دانی باران و خورەی چەم هیچ شتێکی دی نەدەبیست، لەگەڵ ئەوەش هەردەم چاوی دەگێڕا بۆ بینینی باڵای بەرزی کچە قەرەجێکی ئەسمەر و خانمی سورپۆش و پەریزادەی باوبۆران و ئێوارەی ئەرخەوانی و خوێنی سوتاو و سۆزی تاڤگە.

حمە عمر عوسمان، بە هەق ژەنەڕاڵی پاییز بوو، ژەنەڕاڵی مەیدانی شەری ژیان، ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و ملیارەها گەڵای وەریو، ژەنەڕاڵێک ئەستێرەکانی سەرشانی چەند گەڵایەک بوون بەڕەنگی زیو، شمشێری دەستیشی لقی درەختێکی ڕزیو بوو، درەختەکان لە خۆشەویستیان نازناوی ژەنەڕاڵیان پێ دابوو، ئەویش نازناوی شەهیدی دابوو بەگەڵای وەریو، بۆیە لە یەک کاتدا خۆی کۆرپەی گەڵاڕێزان و هەر خۆشی باوکی پاییز بوو.

ئێستەشی لەگەڵدابێ، لە حەوشەی ماڵی شیعری ژەنەڕاڵدا ڕۆمانسیەتی پاییز و گمەی کۆتر و چۆراوگەی باران و گەڵای وەریو و نمەی ئەشک و پەنجەرەی شکاو و ئەستێرەی سەرشان و عیرفانیەت و شیعرییەت دەبینرێت.